ئەزموون و کەس

خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی

ڕیبوار سیوەیلی

ئەزموون و کەس

(خوێندنەوەیەك بۆ کۆمەڵێك کەسایەتی)

ڕێبوار سیوەیلی

کوردستان ٢٠١٣

ناوی بەرهەم: ئەزموون و کەس
(خوێندنەوەیەک بۆ کۆمەڵێک کەسایەتی).

نوسەر: ڕیبوار سیوەیلی (١٩٦٩-)

دیزاین: لوقمان ڕەشیدی

تایپ: نوسەر

تیراژ: ٧٥٠ دانە

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، زنجیرە: (٧)

بڵاوکردنەوەی: دەزگای زەریاب. Zeryab Publisher
بە هاوکاری گۆڤاری (سڤیل)

چاپخانە: ڕۆژهەڵات، هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٥٠٩)ساڵی ٢٠١٣ی دراوەتێ.

پێڕست

پێشەکی

مرۆڤ بوونەوەرێکی کراوەیە. هەم لە بەخشین و هەم لە وەرگرتندا. سرووشتیترین دۆخی مرۆڤبوون ئەوەیانە کە دەبەخشێ و وەردەگرێ. منداڵیی، بەپێچەوانەی تێگەیشتنی باوەوە، ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ زیاتر دەبەخشێ و کەمتر وەردەگرێ. بەخشینەکانی بێمەرجن و تەنیا ئەو کاتەش وەردەگرێ کە پێویستی پێیەتی، یان بۆخۆی ناتوانێ ئەو شتەی دەیەوێ، بەدەستی بهێنێ. بەخشینی بێمەرج، بنەمای یەکەمی هاوچەشندۆستی و ئەویندارین. ئەوەی لە گەورەییدا زۆر دەبەخشێ، یان لە منداڵیدا مەحرووم بووە، یان زۆری وەرگرتووە. وەلێ لە گەورەساڵیدا مرۆڤ، بەپێی ئەو ئەزموونانەی لە ژیان و واقیعەوە فێریان بووە، کەمێ مەیلی بەلای وەرگرتندا زیاد دەبێ. بۆیە خۆپارێزی وەک دۆخێکی سایکۆلۆژی و کۆنپارێزی (کۆنسێرڤاتیزم) وەک ئایدیۆلۆژییەک، لەوێدا مەترسیدار نین، کە هەر یەکەیان بەجیا مرۆڤەکان ڕام و دەستەمۆ بکەن، بەڵکو

ئەو کاتە مەترسیدارن کە مرۆڤ، یان تاکەکەس لە یەک کاتدا هەم خۆپارێز بێ و هەم کۆنپارێز.
ئەوانەی لە گەورەساڵیی خۆیاندا بەردەوام دەبەخشن، ڕەگێکی قووڵ دەیانبەستێ بە منداڵییەوە، چونکە وەک گوتم: لەناو قۆناغەکانی تەمەندا، تەنیا لە سەردەمی منداڵیدا مرۆڤ بێمەرج، بێ چاوەڕوانی بێ هیچ پاداشتێک دەبەخشێ. بەمجۆرەش لە منداڵی و لە دایکایەتیدا یەک گەورەیی هەیە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە پلەی کەماڵ، ئەویش ئەو بەخشینەیە کە منداڵ و دایک لێکدی نزیکدەخاتەوە. ئەگەرچی هەموومان ڕۆژگارێک منداڵ بووین و بەخشندە، وەلێ هەموومان نابینە داییک. داییک بوونەوەرێکی ئەوەندە ئۆرگیناڵ و دانسقەیە، کە خەسڵەتی کەسایەتییەکەی تەنیا لەگەڵ سیفەتی یەزدان و سرووشتدا، بەراوورد دەکرێن: ئەوان ئافەریدە و بەدیهێنەرن. بۆیە بەلای منەوە دایکایەتی پلەی یەکەمی مرۆڤبوونە و منداڵێتیش پلەی سەرەتا. مرۆڤ لە سەرەتادا منداڵە و لە دایکایەتیشدا، دانسقە و بێنموونە. ئێمە کاتێ کڕنووش بۆ یەزدان و سرووشت و داییک دەبەین، هیچ کردەیەکی ملکەچانەمان ئەنجام نەداوە، لەبەردەم دانسقە و تاک و بێنموونەدا، لەبەردەم خوڵقێنەردا، سەری دانەویو، خۆی لە کەماڵ و جوانیی ڕەها نزیکدەخاتەوە. مرۆڤی سەرەتا و سەرخستنە سەر بەدی ڕەق، منداڵ و سەر خستنە سەر کۆشی داییک و ئیماندار و سەر خستنە سەر تاتەنوێژ و جۆرەکانی، لە بنەمادا یەک کردە ئەنجام دەدەن: ستایشی گەورەیی و مەستبوون بە عەشقی کەماڵ و دانسقەییەوە.
دایکایەتی پلەی یەکەمی مرۆڤبوون و منداڵییش پلەی سەرەتا. بەڵام لە نێوان دایک و منداڵیدا جیاوازیی هەرە سەرەکی ئەوەیە، کە قۆناغی منداڵی کۆتایی پێدێت و دایکایەتی، بێکۆتا. بۆیە ئەوانەی لە

گەورەساڵیی خۆیاندا لە بەخشین ناکەون، ئەو مرۆڤانەن کە هەم سیفەتی دایکیان تێدایە و هەم منداڵی.
من لەم زنجیرە وتارەدا، سەری کڕنووش بۆ ئەو کەسایەتیانە دادەنەوێنم کە هەر کامێکیان بە گوێرەی خۆی و بە شێوەی جیاواز، بەهۆی کەسایەتی و بەرهەم و بیریانەوە، یارمەتیانداوم تا بەشێ لە مرۆڤبوونی خۆم لە هەموو ئەو خۆپارێزی و کۆنپارێزییانە ڕزگار بکەم، کە دەشیا بەم یان بەو پاسا و یەخەم بگرن. ئەو کەسایەتیانەی لەم زنجیرە وتارانەدا بەسەریان دەکەمەوە، هەندێکیانم لە نزیکەوە ناسیون و هەندێکیانیشم لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە دۆزیونەتەوە و هەرگیز نەمدیتون. چونکە زۆر پێشئەوەی بیانبینم، کۆچیانکردووە. بەڵام قسەی هیچ کەس و زەمانێک لەسەریان، نەچۆتە مێشکمەوە. من ئەو کەسانە بەوجۆرە ستاییش دەکەم کە بۆخۆم ناسیومن و پێموایە لە شێوازبەخشین بە ڕۆح و کەلتووری ئێمەی کورد و مرۆڤایەتی، لە سەدەی بیستەم و ئێستاشدا، دانسقەن. من دەمەوێ باس لەو پەیوەندییە ناسکەی نێوان خۆم و ئەوان بکەم، کە لە سەدان و بگرە هەزاران سەرچاوەوە ڕایەڵ بووە. نامەوێ ئەوەی من بە ئەوانەوە دەبەستێتەوە بەسەر پەیوەندی گشت خوێنەرەکانم و ئەواندا، بگشتێنم، بەڵام مەبەستمە لە میانەی گێڕانەوەکاندا سوودێک بەو کەسانە بگەیەنم کە پێیانوایە پێگەیشتنی خۆیان بەندە بە بەخشندەیی ئەوانیترەوە.
ئەو کەسایەتیانەی لەم بەرگەدا ناویان هاتووە، تەواوی ئەو کەسایەتیانە نین کە لە پێگەیاندن و بەخشین لە ژیانی مندا ئامادەییان هەبووە، ئەمە تەنیا سەرەتایە بۆ دروستکردنی فەرهەنگێکی کەسناسی، کە پێویستە زۆر فراوانتر بێت.
ئەوەی زیاتر وایکرد من کار لەم کتێبەدا بکەم، ئەم خاڵانەی

خوارەوەیە:

١. پێکەوەنانی کولتوورێکی ڕۆشنبیریی ئاشتیخوازانە کە فێرمان بکات، هیچ مرۆڤێک لەو پێگەیە و لەو ناونیشان و سیفەتانەدا کورت و بچووک نەکەینەوە، کە پێوەی ناسراون و بەهۆیەوە لە ڕووی مەعنەویەوە چەوسێنراونەتەوە. دەکرێ زیاد لە گۆشەیەکمان هەبێت بۆ ئەوەی لێوەی تەماشای مرۆڤێک بکەین.

٢. پێکەوەنان و دروستکردنی کولتوورێکی دیمکراتیک بەتایبەتی لە بواری ڕۆشنبیریدا بە ڕەتکردنەوەی هەر حوکمێکی پێشینە لەسەر کەسەکان و لایەنەکان و بیروڕا و ئایینەکان دادەمەزرێ. دیموکراتیزەکردنی بواری ڕۆشنبیریی سەرەتایە بۆ کردنەوەی کۆمەڵگا و ڕۆشنبیریەکەی و دامەزراندنی فرەیی و جیاوازیی. ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە لەم کتێبەدا کاری پێکراوە.

٣. رەنگە ئەم کتێبە بیەوێت یارمەتیدەرێک بێت بۆ ئەوەی نەوەی نوێ ئاگاداری کۆمەڵێ کەسایەتی و ئەو ڕۆشنبیریی و چالاکیانە بێت، کە ئەم کەسایەتیانە لە چوارچێوەیاندا خەباتیان کردووە.

ڕێبوار سیوەیلی
٢٠١٣

ئاشتکردنەوەی سیاسەت و عەشق

ئیحسان نووری پاشا:

ئەو کاتەی لە زستانی ئەمساڵدا(٢٠٠٨)، لە شکری تورک دەستدرێژی کردەوە سەر خاکی کوردان، کەس ئەوی لەبیر نەبوو. کەس نەیدەزانی ئەو نیوسەدە زیاتر بەر لە ئێستا، ڕووبەڕووی هەمان لەشکر ببۆوە و بەچاوی خۆی و لە نزیکەوە شەڕانییەتی سووپایەکی دیتبوو، کە لەسەر هەر شتێ هەڵوێستەی کردبا، لەسەر بەلاشەکردنی مرۆڤی کورد، نەیدەکرد. ئەومان لەبیر نەبوو کە چۆن باسی ئەو ئەزموونانەی خۆی بە جوانترین و ئینسانیترین زمان کردبوو، بەبێ ئەوەی ڕق و کینە لە قسەکانیدا بچێنێ و بەبێ ئەوەی وەک سەرکردە خۆ بەکەمزانەکانی ئەمڕۆ، دیپلۆماسیەت و شەرمنیی سیاسی، مافی میللەتەکەی و گەورەیی نەتەوەیی خۆی بیر بباتەوە و لەبەردەم خەڵکیشدا بە دروشمی هەستبزوێن، لێمان بچنە سەنگەرەوە. ئەو زۆر هەوڵیدابوو، لەجیاتی کوشتنی سەربازانی تورک و کورد بە دەستی یەکتر، خۆی و سەرۆک کۆماری تورک

لە مەیدانی جەنگدا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە. هەر بۆیەشە لە زۆرینەی کتێبەکانی مێژووی سیاسیی کوردا، ناوی هاتووە بەبێ ئەوەی ئەو ناوهێنان و باسانە ببنە هۆی ئەوەی بیناسی. ئەوت نە لە کتێبەکاندا بۆ دەناسرێ و نە لە مەیدانی جەنگ و نە لەناوبانگیدا وەک شۆڕشگێڕ و ڕابەری شۆڕشی ئاگری داغ، لە چیای ئارارات.
ئەو، پێشتر لە سووپای تورکدا بەپلەی بەرزەوە، دژایەتی جەندرمەی عوسمانیی کردووە و پاشان کە بێوەفایی حکومەتی نوێی تورکیای بۆ ئاشکرا دەبێ، پەنا بۆ ئاگر و ڕاپەڕین دەبات و یاخی دەبێ و ئاڵای نیشتیمانەکەی لەسەر چیای ئارارات، هەڵدەکا.
ئەو لە دوای کشانەوەی لەشکری تورکان، بەپێچەوانەی سیاسیە دووڕوو و ترسنۆکەکانی ئێستامانەوە، هەرگیز سوپاسی ئەو حکومەتە شەڕانییەی نەدەکرد، چونکە ئەو سەرکردە مەزنە هەرگیز بەرژەوەندی نەتەوەیی میللەتەکەی نەکردە قوربانی بەرژەوەندی گرێبەستی کۆمپانیاکان. لەسەردەمی ئەودا، هێشتا شەراکەتی ئابووری سنووری بۆ ئەخلاقی سیاسی دانەنابوو.
زۆر پێشتر و لە ساڵی ١٨٩٢ لە شاری بەتلیس، لە کۆڵان و ماڵی ئەلی قولی سەر بە تیرەی حسە سووری جبرانی، لە دایک دەبێ. لە ئەرزنجان و ئەستەمبووڵ خوێندنی سەربازی تەواو دەکا، دەچێتە نێو سوپای عوسمانلییەوە، دەچێتە یەمەن و لە جەنگی یەکەمی جیهانی و شەڕی گورجستاندا بەشداری دەکات. بەڵام ئەو دواجار لە «کۆماری نوێی تورکیای مەزن» و پەیمانەکانی بۆ نەتەوەی کورد، بێئومێد دەبێت و پەیوەندیی بە شۆڕشگێڕانی میللەتەکەیەوە دەکات و لەوێشەوە ژیانی پڕ دەبێ لە بەسەرهات و ئاوارەیی و تەنیایی. دواجاریش، مەرگ تاکو دوورترین کوچەکانی غوربەت و تاراوگە شوێنی دەکەوێت و لە تاران، لە کۆڵانێکی نێوان شەقامی

(جمهوری) و (ئینقلاب)دا و لە ماڵێکی کرێنشیندا، یەخەی دەگرێ.
ئەو ئێوارەیەی کە دەچێتە دەرێ بۆ پیاسە و شتکڕین، ماتۆڕێک
لەو پیاوە ناسک و عاشقە دەدات و ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە ناو
ئەو ژوورەی کە تیایدا، بەپشت سەرییەوە، (درووشمی خۆیبوون)
ی هەڵواسیبوو. بەڵام ئەو ئاڵایەی لەسەر ئارارات هەڵیدەکا،
ئەمووستیلەکانی پەنجەیی و خەونی سەربەخۆیی بە میرات بۆ دوا
ڕۆژ جێدەهێڵێ..
ئیحسان نووری پاشا، یەکێکە لە مرۆڤە زۆر گەورەکانی نەتەوەی
کورد. گەورە، بە مانا مەعنەوی و سیاسی و مرۆییەکەی. ئەو هەر لە
تافی لاوێتییەوە شەیدای خانمێکی توورک ئەسمەر دەبێ و تا مردن
لێی جیانابێتەوە و هەرگیز ناچاری ناکات زمانی کوردی فێر بێ.
ئیحسان نووری لە شۆڕشەکەیدا تێکدەشکێ و دواجار لە باوەش و
ئامێزی یاشارخانمدا خۆی دەگرێتەوە. مێژوو فڕێی دەداتە دەرەوە
و بە مەرگ و نائومێدی دەسپێرێ و یاشارخاتوون دەیهێنێتەوە ناو
ژیان و ئومێدی پێدەبەخشێتەوە. بایەخی چیرۆکی خۆشەویستی و
هۆگریی ئیحسان نووری پاشا و ئەم خانمە بەیەکتر، هیچ کەمتر نییە
لە بەسەرهاتی خەباتە سیاسیەکەیان. ئەو یەکەمین سەرکردەیەکی
کوردە، کە بە خۆشەویستی ئینسانیانەی هاوسەرەکەیەوە دەچەسپێ
و لە باوەشی ئەودا چیرۆکە دووروودرێژەکەی خۆشەویستی خۆی
بۆ نیشتیمان و کوردەکان دەهۆنێتەوە.٠من هەرگیز نەمدەزانی
سیاسەت و عەشق دەتوانن ئەوەندە تێکەڵ و ئەوەندە بۆ یەکتر
پێویست و ئەوەندەش بەیەکەوە جوان بن. بەبێ ناسینی یاشارخانم
لە ژیانی ئیحسان نووری پاشادا، لەمانای خۆشەویستی بۆ مرۆڤ
و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان تێناگەین و لەگەڵ ناسینی ئەو دوو
مرۆڤەشدا، هەم بیروڕامان لەسەر سەرکردەی سیاسی لە نمونەی

ئیحسان نووری و هەم لەسەر مرۆڤی تورکی وەک یاشارخانم، بەتەواوی دەگۆڕێ. هەر بۆیەشە لەبۆ ئەوانەی سەرکردەپەرستی خۆیان و عەبدایەتیان بۆ سەرکردەی سیاسی بەبێ ناسینی ڕاستەقینەی کەسایەتیِ ئینسانیانەی ئەو سەرکردانە بیناکردووە و، بۆ ئەوانەش کە نیشتیمانپەرستیی خۆیان لەسەر بنەمای ڕقبوونەوە لە نەتەوەکانیتر دامەزراندووە، ئیحسان نووری پاشا و یاشارخانم، دوو قوومبەلەن و بەڕوویاندا دەتەقنەوە. ئەوانەی کە لێبووردەیی لە سیاسەت و مرۆڤ لە ئەخلاق دابڕ دەکەن، بەو هەموو قینەوە، ناتوانن بەرگەی ئەو تەبایی و هەڵکردنە بگرن، کە لە پێکەوەبوونی ڕاستەقینەی مرۆڤانەدا بەرجەستە دەبێ و لەسەرووی هەر سنوورێکی سیاسی و ڕەگەزی و ئایدیۆلۆژییەوەیە.
ئەوکاتەی یەکەم بەرهەمی ئیحسان نووری پاشام خوێندەوە، لە سەفەرێکی دوورودرێژی خۆشەویستییەکی بە ئاکام نەگەیشتوو، گەڕابوومەوە. شکست و دڵشکان و تەنیایی، وەک سێبەرێکی قوورس لێم جیا نەدەبوونەوە. ئا لەوکاتەدا ئیحسان نووری پاشا، بە هانامەوە هات و لە «بیرەوەریەکان»یدا باسی سەرکەوتن و تێکشکانەکان و ئیرادەی خۆی بۆ دەکردم. ساڵ ٢٠٠١ و شوێن پیرە هەولێر و دنیاش گەرم. لەسەر بەرگی کتێبەکەشی وێنەیەکی دوو قۆڵیی خۆی و یاشارخانمی لێدرابوو، کە ساڵەها لەوەدوا زانیم ئەو وێنەیەیان ساڵی ١٩٦٢دا، لە ورمێ گرتووە و ئەو جلوبەرگەی بەریشیان لەو ماڵەی لە ورمێ تیایدا میوان بوون، خواستووە. ئەوان لە ئەستەمبووڵ یەکتر دەناسن و لەوێش وێنەیەک دەگرن، پاشان لە چیای ئاگری وێنەی تر و لە تارانیش چەندانیتر: لە هەموو وێنەکاندا، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی زەبری ڕۆژگارەوە، قنج و بڕوابەخۆبوو، سینەیان کەمێ هێناوەتە پێش و دەستیان بۆ دواوە و بزەیەکی

شاراوە لەسەر لێویان. نمونەی دوو ئەڤینداری ڕاستەقینە، کە دوای تێکشکان و پشتڕاستکردنەوە، پێماندەڵێن: (ئەمە ئێمەین پێکەوە). ئەخلاقی عاشقانە، ئەوەیە هەمیشە دەردەکانی خۆی بشارێتەوە تاکو ئەوانیتر لە عەشق بێزار و نامۆ نەبن. عاشقان قوربانین و عەشقەکەیان سەرمەشق. ئەوکاتەش کە وەفدی حکومەتی تورکیا دەچن بۆ ئارارات تاکو قەناعەت بە ئیحسان نووری و هاوەڵە خەباتگێڕەکانی بهێنن بۆ تەسلیم بوونەوە، ئەوان یەک وەڵامیان هەیە: ئێمە دەمانەوێ وەک کورد بژین، نەک کۆیلە. «شەکانەوەی ئاڵای کوردستانی ئازاد». کاتێکیش لە کۆتایی دیدارەکەدا لە خودی ئیحسان نووری پاشا دەپرسن: «بە چ شێوەیەک دەتوانین ڕاستەوخۆ یارمەتیت بدەین؟ ئیحسان نووری لە وەرامدا وتبووی: هاوسەرەکەم ڕەوانەی سووریە بکەن». لەوپەڕی سیاسەتەوە بۆ ئەو پەڕی عەشق و دروستکردنی پردێک لە نێوان ئەرکی نەتەوایەتی و وەفای تایبەتی، لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا، کە پاشتر لە نەرێتی سیاسیانەی سەرکردە کوردەکاندا چ لە ئاست نیشتیمان و چ لە ئاست هاوسەرەکانیاندا بە دەگمەن دووبارە بۆوە.

بیرەوەرییەکانی ئیحسان نووری پاشام وەک دەقێکی دانسقەی سیاسی خوێندەوە کە چاوەڕوان بووم سەرکردەیەکی کورد، تیایدا باسی خەباتی خۆیی و هاوسەنگەرەکانیم بۆ بکات. نمونەی ئەو جۆرە ئەدەبیات و بیرەوەری نووسینە لە ڕاپەڕین بەدواوە ئەوەندە زۆر بووە، کە نەدەکرا چاوەڕوانییەکێ ترم هەبێ. بەڵام هەر زوو تێگەیشتم ئەم کتێبە زۆر تایبەتمەندە و نووسەرەکەیشی تەواو جیاوازە لەو سەرکردانەی کە پێشتر ناسیبوومن و دەبوو بیانناسم. چونکە من ناسینی سەرکردە، بە ناسینی سایکۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی نەخۆشەوە دەبەستمەوە، کە دواجار قەبووڵی دەکات

سەرکردە ببێتە ستەمکار و جەللاد و ئەو سایکۆلۆژیایەش هەر چەپڵەی بۆ لێبدات. میللەتێک لەسەر ڕیتمی ئەو چەپڵانەی بۆ سەرکردەکانی خۆی لێیان دەدا، قەبری خۆی هەڵدەکەنێ و ڕۆحی خۆبەکۆیلەکردن لەو چاوپۆشینەی میللەتەوە دروستدەبێ، کە لە ئاست هەڵەی سەرکردەکانیدا، نابینای دەکات..
وەلێ بە پێچەوانەی زۆرینەی بیرەوەری نووسەکانی ئەم ڕۆژگارەوە، نووسەری ئەو کتێبە بە ئەخلاقێکی سیاسیانەی بەرزەوە، کە پڕە لە لێبووردەیی و هاوچەشندۆستی، لە وێنەی گێڕەرەوەیەکی مەزندا دەردەکەوێ، کە باوەشی بە دنیایەکدا کردووە و دەیەوێ ڕێبگرێ لە هەڵوەشانەوە و لێکترازان. بۆیە ئەو کتێبە بەر لەوەی کتێبێکی سیاسی بێت، کتێبێکی ئەدەبییە و لەناو ژانرە ئەدەبییەکانیشدا لە ڕۆمانەوە زۆر نزیکترە. وەسفەکانی ئیحسان نووری، پاڵەوانە سەیر و سەمەرەکانی، میتافۆرە زۆر و دیمەن و نۆڕینەکانی لە دیدی سرووشت و بێگیان و پاڵەوانەکانیەوە، خەسڵەتێکی شعریانەی بەرزی پێدەبەخشن:
«لە یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی زستاندا بوو. چیای ئاگری کراسە سپییەکەی لەبەر کردبوو. دەتوت کفنی ئەو ژن و منداڵانەیە کە لە بیاباندا سینگی زیوینیان بە نووکی نێزە شەق کراوە. لاشەی زیوینیان ببووە خۆراکی دڕندە و باڵندەکانی کە لە خۆی کۆکردبوونەوە و ئەویش لە ژوور هەورە کەڵەکەبووە خۆڵەمێشییەکانەوە تەماشای کوشتارگایەکی خوێناویی دووری دەکرد و فرمێسکە سپییە درشتەکانی بەسەر زەویدا دەڕژاندن. هاوارە ترسناک و ناڕێکوپێکەکەکانی، کە لەبەریەککەوتنی بایە توندەکان بە دیواری درزە قووڵ و ترسێنەرەکاندا لە دایک دەبوون و لە گەرووی گیراویەوە دەهاتنە دەرەوە، نەفرەتی لە چەرخی

گەردوون دەکرد».
ئیحسان نووری لەگەڵ ئەوەشدا کە پیاوێکی جەنگاروەر بوو، بەڵام شەیدای شەڕکردن نەبوو. ئەو بەردەوام پێی وابووە دەکرا گفتوگۆ و دانووستان ڕێگە بە دروستکردنی سەنگەرەکان بگرن. هەر بۆیەشە «تەقەی تفەنگ و دەستڕێژی شەستیرەکان»، ئارامیان لەبەر دەبڕی و کاتێ وەسفی ئەو بارودۆخانە دەکا، وەک ئەوەیە لە میانەی باسکردنی ڕژانی بەیانیانەی دڵۆپێک شەونمی پاییزانەوە، باسی ئاخیرەتی بەهاری دنیات بۆ بکات:
«بەیانییەکی پایز بوو. هەوا بە یادی بەرەبەیانیانی بەهار، شەونمەکانی بە زەویدا دەپژاند، چیمەنە ژاکاوەکان شەونمەکانیان وەکو دڵۆپی مرواری و فرمێسک لەسەر ڕوومەتی زەردهەڵگەڕاویان بەرەوخوار خلۆر دەکردەوە. خۆر تازە تیشکەکانی بەرەو زەوی داشکاندبوو، کە چەند تەقە تفەنگێک . بەرز بوونەوە. بەدوای ئەوەشدا دەستڕێژی شەستیرەکان بیسرا».
لە هەناوی ئەم دێڕانەدا وەرسییەکی پڕ لە کۆژانی کوردیانە بەرامبەر بە جەنگە سەپاوەکان و ناچاریی بەرگریکردن لە خۆ، دەبینرێ. ئەم هەموو تێکەڵکردنی هەستە بە شتەکان و زەردهەڵگەڕاوی و شۆڕبوونەوەیە، لە ویژدانی کوردیانەوە نەبێت لە کوێوە دێت، کە بەو پەڕی جوانییەوە ناهاوسەنگیەک لە نێوان بەرزبوونەوەی گوولە و بارینی شەونمدا دروستدەکات؟ ئیحسان نووری پاشا، لە یادگارە ڕۆمانەکەیدا، هیچ کاتێک هونەری جوانکاری گێڕانەوە ناکاتە قوربانیی بیروباوەڕەکانی. ئەو کارێ دەکات سیاسەتمان خۆش بوێ و لە گێڕانەوە سیاسی و سەربازییەکانیدا، حەقیەقەتی جوانیی و هەستی مرۆڤانە نەشارێتەوە. لە بنەمادا ئیحسان نووری پاشا لە سیاسەتی کوردیدا، پەیڕەوکاری نەریتی سیاسەت بۆ ئاشتییە نەک

بەقوربانیکردنی ئاشتی لە پێناوی ئایدیۆلۆژیای سیاسیدا. ئیحسان نووری، وەک ڕەشید نەجیب ئەو دوو کەسایەتیەی کوردن، کە دەکرێ پێیان بگوترێ پێش گاندی، «گاندیانە بیریان دەکردەوە». ئەو لە چاوەڕوانیکردنی لێبووردەیی ستەمکاردا وەڕسیی خۆی لە خەباتەکەی نەدەشاردەوە، چاوەڕێی دەستکەوت نەبوو، نەیدەویست پەیکەری بۆ بکرێ، بەڵکو بەلای ئەو و ئاراراتیەکانی هاوەڵییەوە: «لێبووردن بۆ تاوانباران شایستەیە، بەڵام ئێمە تاوانبار نین. ئێمە مافی داگیرکراوی مرۆیی خۆمان دەوێت، نەک لێبووردن. بەڵکو ئێمە دەسەڵاتی بەخشینمان هەیە».

ئەمەیە خاڵی هەرەگرنگی جیاوازیی نێوان ئیحسان نووری و سەرکردەکانی ئێستامان سەبارەت بە لێبووردەیی و پیشاندانی گیانی برایەتی و سنگفراوانی و ئاشتەوایی: ئەو لە بڕوابەخۆبوونەوە بڕوای بە ئاشتەوایی هەیە و ئەمان لە ترس و شەرمەوە. ئەو بەڕاستی و بە کردەوە لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆیدا دەژیا و لە نزیکەوە وەسفیدەکردن، ئەمانەی ئێستا پتر سەرکردەی سەر شاشەن و لە بۆنەکاندا خەڵکیان بیر دێتەوە. ئەو لە دڵدا جێگەی خۆی کردبۆوە، ئەمان لە تەماشادا. ئەو دواجار وەک کرێچییەک، وەک ساکارترین مرۆڤێک، وەک عاشقێک و وەفادارێک، کۆتایی بەژیانی هات و ئەمان وەک ئەو خاوەنماڵە پیرانەی کە لەسەرەتای مانگەوە داوای کرێ دەکەن. ئیحسان نووری پاشا لە ڕووی سیاسیشەوە، پتر لە سەرکردەکانی ئێستا لە ڕۆحی ئێمەوە نزیکە، چونکە ئەو بەر لە چەندین دەیە، بە ئاماژەدان بە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کوردی عێراق و بۆ ڕێزگرتن لە هەستی نەتەوەیی کورد، دەینووسی: «هەستی کوردەکان بەتەواوی مانا کوردانەیە و هیچ ڕەهەندێکی عێراقیانەی نیە»، کەچی ئەمانەی

ئێستا لەم نزیکەوە، ناتوانن شعووری برینداری میللەتی خۆیان لە ئاست عێراقێکدا، ببینن، کە هیچ مژدەیەکی، نەک هەر بۆ کوردەکان، بەڵکو بۆ نەتەوەکانیتریش پێنییە. ئیحسان نووری پاشا لەو دوورەوە چەندە زیندووە و سەرکردەکانی ئێستاش لەم نزیکەوە، چەندە مردوو.

ئەو هەتا مرد لە ماڵێکی بەکرێدا بوو، کەلوپەلی ماڵەکەی بریتبوون لە: بەفرخەرێک، تەلەفزیۆنێک، چەند پارچەیەک قاڵی، هەندێ مۆبیلیات و شتی دیکەی ئاسایی، لەگەڵ ڕادیۆیەکی بچکۆلەدا، کە بەردەوام لەلای خۆیەوە دایناوە و وەک نەوەی باوکمان چاوەڕوان بووە، ئاخۆ هەواڵەکان چ شتێکی لەسەر چارەنووسی نەتەوەکەی بڵاو دەکەنەوە. ئیحسان نووری بەر لەوەی لە ٢٥ی نەورۆزی ١٩٧٦دا، لە نەخۆشخانەی (سینا)ی تاران، کۆچی دوایی بکا، پێشتر میراتییەکەی خۆی بەمجۆرە بەشکردبوو: ئاڵای نیشتیمان و شۆڕشەکەی بۆ کوردەکان و هەموو داراییەکەشی کە تەنیا بریتیبووە لە هەزار و سەد و پەنجا ڕیاڵ، بدرێتە هاوسەرە میهرەبانەکەی: یاشار توکتامش جبرانی، ئەو خانمەی، ئیحسان نووری پاشا توانیبووی لە باوەشیدا سیاسەت و عەشق پێکەوە ئاشتبکاتەوە..

هەولێر ١١-٣-٢٠٠٨

ئەو سەرچاوە پڕبایەخانە لە پشت نووسینی ئەم وتارەوەن:

- بیرەوەرییەکانی ئیحسان نوری پاشا. و. وریا قانع، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١
- ژنرال احسان نوری پاشا. رحیم شنۆیی محمودزاده. چاپخانه ایلیا، تهران؟، ٢٠٠٧
- وقایع ارارات: کاوه بیات. نشر شیرازه، تهران.

ئەستێرەیەکی کشاو:

د. کەمال مەزهەر

هێشتا هیچ کتێبێکیم نەخوێندبۆوە، بەڵام لەڕێگەی بەرهەمەکانییەوە، کە لە گۆڤاری (کاروان)ی هەشتاکاندا بڵاویدەکردنەوە، ناسیم و هەر زوو زانیم یەکێکە لەو نوسەرانەی دەتوانم بۆ پێگەیاندنی خۆم، هانای بۆ ببەم. پێشتر هەندێ بەرهەمیم هەبوو، وەک (تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا)، بەڵام یەکەم بەرهەمی کە خوێندمەوە و زۆری پێبەخشیم بریتیبوو لە (کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا)، پاشان (مێژووەکە)ی و (ڕێنیسانس) و ئەو نامیلکەیەی لەسەر ئافرەتانی کورد، نووسی. وەلێ بەبڕوای من ئەو بۆمبایەی لەو کاتەدا تەقاندییەوە و کەسی نەهەژاند، بریتیبوو لەو پێشەکییە شاکارەی بۆ کتێبی (میر)ی نووسی و تیایدا ستایشی هزری مەکیاڤیللی کرد، وەک مژدەیەک بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن. من ساڵەها لەوەدوا کتێب و بابەتی زۆرم لەسەر مەکیاڤیللی و هزری سیاسی ئەو

بیرمەندەی ئیتالیا خوێندنەوە، لە وانەی چەند پرۆفیسۆرێکی بواری سیاسەتدا بەشداریم کرد و گوێم بۆ گرتن، بەڵام هیچیان ئەوەندەی مێژوونووسەکەمان نەیانتوانی لە نییەت و گوتاری سیاسیی مەکیاڤیللی نزیک بکەونەوە. ئەو لەوێ، چرایەکی بۆ بیری سیاسیی داگیرساند، کە نادانی هیچ سیاسەتمەدارێکی ئێستای کورد، نەیتوانی بیکوژێنێتەوە. من کە ئێستا بیر لە ڕەوتی سیاسیی ئەو ساڵانەی دوای ئەو نووسینەی مێژوونووسەکەمان دەکەمەوە، کاتێ بیر لەئەو نشووستییە ئابڕووبەرە یەکبەدوای یەکانەی کایەی سیاسی کوردی دەکەمەوە، کاتێ بیر لەو پەیامانەی مەکیاڤیللی دەکەمەوە، کە میری مێژوونووسەکانمان لەو نووسینەیدا بەبیرمان دەهێنێتەوە، یەک ڕاستیم بۆ ئاشکرا دەبێ: سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا لە جەهالەتێکی تاریکدا ئەو ڕووناکاییەی نەبینیوە کە مێژوونووس لە تاریکترین بارودۆخەکاندا هەڵیکردبوو. نەخوێندنەوەی ئەو پێشەکییەی کەمال مەزهەر بە بیر و بۆچوونی هەموو سیاسەتمەدارەکانی ئێمەوە دیارە، ئەوان هێشتا لە حوجرەی سیاسەتی پێش (میر)دان و هەر لەبەر ئەوەشە ئەمان سیاسەت ناکەن. بەڵام ئەمە لە بایەخی ئەو دەقە کەمناکاتەوە و ئێستا لەهەر وەختێ زیاتر پێویستیمان پێیەتی.

کەمال مەزهەر ئەحمەد: بۆ من لە ئەستێرەیەک دەچێ لەسەروەختی کشانا. دیمەنی ئەم ئەستێرانەم لە ئاسمانی ساماڵی شەوانەی گوندەکەماندا زۆر بینیون. من چەندە پابەندم بەو گوندە و ئەستێرە کشاوەکانیەوە، کە فێریانکردم دەبێ بەردەوام سەفەر بکەم و بەدوای پانتایی ئاسمانیی تردا بکشێم، ئەوەندەش زیاتر خۆم بە قەرزداری هەر دێڕێکی ئەم پیاوە مەزنەی کورد دەزانم، کە هەرگیز کوردایەتی بەوجۆرە نەکرد، کە دواجار کوێرم کات و نە لە مرۆڤدۆستیشدا کوردبوونی خۆی بیرچۆوە. سرووشتی ئەستێرەی

کشاو، دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕووناکە لە نێوان دوو پنتی تاریکدا و پاشان دیار نەمان. کەمال مەزهەر بەهەر بەرهەمێکی کە خوێندبێتمەوە، چرایەکی بۆ هەڵکردووم و تا بەرهەمێکی دیکەی، نەمدیوەتەوە.

من، هەرگیز لە نزیکەوە بە خزمەتی نەگەیشتووم، لەبەرهەمەکانی ئەودا، جگە لە مێژوونووسێکی دیدەفراوان، بیرمەندێکی لێبووردە و ڕیوایەتگەرێکی سەرنجڕاکێشم ناسیوە. من بەخوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو، بە پیاسەکردن بە ناو ڕستە و دەربڕینە ڕوونەکانیدا بەردەوام هێمن بوومەتەوە. ئەو لەسەر زۆر کارەسات و قۆناغی مێژوویی خوێناوی نووسیوە، بەڵام لێوانلێو لە هێمنی و بەدوور لە گرژی و هاندانی خوێنەر بۆ توندڕەوی. پرۆسەی خوێندنەوەی نووسینەکانی ئەم پیاوە بڵندە، جگە لەو زانیارییە زۆرە فرە دەنگانەی لە سەرچاوە زۆرەکانییەوە، پێمی بەخشیوە، بەردەوام هاوشانیش بووە بە ڕاهێنانێکی ڕۆحی و کاریگەریی بۆسەر ناخم. من لە ئەنجامی خۆ تەسلیمکردن بە هەزاربەهەزاری گێڕانەوەکانی، هەرگیز هەستم بە نادڵنیایی نەکردووە و بە تووڕەیی و بوغزەوە لێیان نەهاتوومەتە دەرەوە. نووسەری مەزن لە عەودالبوونیدا بۆ گەیشتن بە حەقەیقەت، پتر پێویستی بە خستنەڕووی بەڵگەی عەقڵانی هەیە، تاکو هاندان و چاوبەستکردن.

لە سلێمانیی هەشتاکاندا، لە تەنیاییە خوێناوییەکەی شەوانی بەعسدا، ئەوم ناسی و هەرگیز لە نزیکەوە نەمبینیوە: بەڵام ئەودەم بە خوێندنەوەی کتێبی: (کوردستان لە ساڵەکانی..)، تێگەیشتم دەیەوێ ئەو دەستە ئاشکرا بکات، کە کورد لە هاودەردەکانی دابڕ دەکات. ئەو بەر لەوەی بیەوێ پاساو بۆ ڕۆڵی کورد لە کوشتاری ئەرمەندا بهێنێتەوە، مێژوویەکی هاوبەشی بۆ ئەرمەن و کوردەکان نووسییەوە:

مێژووی هاودەردی و بەقوربانیبوونی هاوبەش. ئەو، لەو کتێبەدا زیاتر ئەرمەنییە تا کورد، بەڵام کوردبوونەکەی مرۆڤدۆستی و هاوچەشندۆستی لێدەبارێ. من ڕۆژگارێ ئاواتم دەخواست ئەم بیرمەندە مەزنە بەو زمان و گێڕانەوەیەی شاکارێکمان بۆ بنووسێ لەسەر (گاندی) و ئێستاش ئاواتم ئەوەیە خودا لە عومری من هەڵگرێ و بیخاتە سەر هی ئەو، بەڵام بەو مەرجەی ئەوەندەم تەمەن بمێنێ کە گاندییەکەی بخوێنمەوە..

نەوەی نوێ بەبێ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەم مرۆڤە، بەشێ لە ناسنامەی خۆی بۆ نادۆزرێتەوە، کە لە مێژووی هاوبەشدا بۆی پاراستووین. من زۆر بەدەگمەن نووسینێکیم خوێندۆتەوە، کە تیایدا خۆی بە بڕیاری پێشینەوە بەستبێتەوە، ئەو نەرێتخواز نیە و نەرێتشکێنە، بەڵام دوای توێژینەوە و ڕامان. لە چنینی دەقەکانیدا، لە ڕستەبەندی و تێکهەڵکێشانی بابەت و هێنانەوەی گوتەزای کەسانیتردا، ئەوەندە کارامەیە کە خوێنەر وا هەستبکات لە یەک کاتدا دەقێکی مێژوویی بە دیدێکی ئێستاتیکیانەی بەرزەوە دەخوێنێتەوە. مێژوو بۆخۆی بەدوای ڕاستیدا وێڵە، بەڵام هەرگیز ڕەهەندی ئیستاتیکی لە نووسینەوەی مێژوو بە زمانی ئێمە، دابڕ نەبووە: میر شەرەفخان بۆخۆی دەستپێشخەری یەکەمە، ئەم ڕەوتە لەلای گەورە مێژوونووسانی وەکو: ئەمین زەکی بەگ و حوسێن حوزنی و عەلائەدین سەجادی (لە مێژووی ئەدەبەکەیدا)، بەردەوامی وەرگرتووە، بەڵام بەرجەستەکردنی ڕاستی بە زمانێکی ئێستاتیکیانە، هونەری کەمال مەزهەر ئەحمەدە.

بەڕاستی خۆبینینەوە وەک خوێنەری بەرهەمەکانی ئەم مێژوونووسە، خۆبینینەوەیەکی چێژبەخشە: بەپێچەوانەی زۆربەی نووسینە ئەکادیمیە وشکەکانی زانکۆکانی کوردستان، مێژوو لەسەر زاری

ئەم حەکایەتخوانە ئەوەندە تەڕدەبێتەوە، کە مەلەکردن تیایدا زۆر خۆش بێت: ئەو لە لاپەڕە جیاوازەکانی مێژووی کوردا، هەر جارەی دەمانباتەوە بۆ لای نیشانەیەک، کە لە شێوەبەخشین بە شوناسی ئەم نەتەوەیە گرنگیی تایبەت بەخۆیان هەیە..

من بە منداڵی لە شەوانی گوندەکەی خۆماندا: (بارێی بچووک)، ئەستێرەی کشاوم زۆر بینیون. سرووشتی ئەستێرەی کشاو، جگە لە جوانییە پڕ جموجووڵەکەیان، بریتیە لە ڕووناککردنەوەی نێوان دوو پنت. مێژوونووسەکەمان هەمیشە لە نێوان نەزانییە زۆرەکانم و بەخشینە مەزنەکانیدا، چرایەکی گەشی بۆ هەڵکردووم. چرایەک، کە ڕووناکاییەکەی لە ڕۆحی گەورەی مرۆڤێکەوە دێت، کە پڕە لە سنگفراوانی و متمانە و هاوچەشندۆستی..

٢٠٠٨/١/١

هێمن:

ئەییووبی شیعر

چەنـد جارێک و لـە چەند قۆناغێکی تەمەنمدا شـیعرەکانی هێمن و بەتایبەتـی ئەو پێشـەکییەی کە بۆ (تاریـک و ڕوون)ەکەی بەناوی (لەکوێـوە بۆ کـوێ؟)، نووسـیویەتی، خوێندۆتـەوە. یەکەمجار کە خوێندمـەوە، کەمـێ ئەو پیاوەم زیاتر ناسـی کـە ناوێکی دوور و درێژی هەبوو: (سـەید موحەمەد ئەمینی شێخەلیسلامی موکری) و دواجار وەکخۆی دەڵێ: شـاعیری ئەو سـوبۆ ئەو پیاوە هەیە، ئەو نـاوە دووورودرێـژەی لە کـۆڵ دەکاتەوە و دەیکاتـە (هێمن)، بەڵام هێمنی ناکاتەوە.

هێمن لە سـەردەمێکی زۆر جەنجاڵـدا ناوێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە تـا کەمێ ئـارام بێتەوە. بەڵام دواجار ئەو نـاوە ئەوەندە بەناوبانگ و کاریگەر دەبێ و یاسـاخ، کە خاوەنەکەی شاربەدەر و قاچاخ بکا. ناو، زۆر جار نەک قەدەری مرۆڤ دەستنیشاندەکات، بەڵکو بۆخۆی شـێوەژیانێک بەسەر تاکەمرۆڤدا دەسـەپێنێ، کە تەواو پێچەوانەی

مانای خۆیەتی. من مرۆڤی زۆرم ناسیون ناویان بەختیار، شاد و خەندە بووە و کەچی لە ژیانی خۆیاندا زۆرکەم بەختیار و شادمان و خەندەدار بوون. هێمن پیاوێکە لە خۆشەویستی ژندا ناکام، لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ساماندارییدا: بێتەماع و لە ژیاندا تاسەر ئێسکان لادێ پەرست: (خەڵکی کانگای وەفا) و لە خۆشەویستی بۆ شیعر و نیشتماندا: پادشا و لە دەرد و ئازارچەشتنیشدا: ئەییووبێک بوو. بەڵام هەرگیز چێژی لە ئازار نەدەبینی:

ستەمکاری منی دوور خستەوە لەو یارە شیرینەم
ئیتر من چۆن ڕقی زۆرم لە ئازار و ستەم نابێ؟

کە دڵنیام ئەگەر لە ئێستا و لەگەڵ ئێمەدا بژیابایە، لەو هاوشارییانەی زیاتر ڕێزمان لێنەدەگرت، کە لە وڵاتی خۆیاندا کردوومانن بێگانە. باش بوو هێمن بەر لەو نامۆبوونە کۆچی دوایی کرد، کە ئازادی و نیشتیمان و دیموکراسیەتی درۆزن، دروستیدەکەن. وەلێ ئەو زمانێکی غەریبانەی بۆ هەموو هاوشاری و هاونیشتیمانیەکانی خۆی بەجێهێشت، کە پاشتر لە وڵاتی خۆیاندا، بە دەردی هێمن چوون:

خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی!؟
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
ڕوو لە هەر لایەک دەکەم نامۆیە بۆم.

شیعری هێمن، هەم شیعری دڵێکی ناسک و هەم شیعری مەسەلەیەکی ئینسانی و نەتەوایەتی گەورەیە. هەم بۆنی هەناسەکانی هێمنیان لێدێت و هەم ڕەنگی نائومێدی و هیوای سەرکەوتنەکانی نەتەوە:

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕ هەستی من؟!
چۆن لە ئەژنۆ بینەوە دوو دەستی من؟!

شـیوەنی مـن شـیوەنی ئینسـانیە
بانگـی ئـازادی و گـرۆی یەکسـانیە
شـیوەنی مـن شـینی کـوردی بێ بەشـە
ئـەو گەلەی حاشـا دەکەن لێی و هەشـە.

هێمن لە بنەمادا شاعیرێکی پەرتەوازەیە، شەپرێوە، نائارامە و دەڵێی مێـژوو وەک مورتازێکـی هیندۆسـی بە زۆر مەحکومـی کردووە، لەسەر سەدان نووکی تیژی (شە)یەک ڕابکشێ بە بێئەوەی بیەوێ، یان بخوازێ وەڕسـیی و کۆڵنەدانی پێـوە دیاربێ. لە ئەنجامی ئەو هـەدادان و سـەبرە ئەییـووب ئاسایەشـەوە، هێمن هەمـوو گیانی و سـەراپای ڕۆحـی کـون کوون بـووە. ئەو مێژووی ئینسـانێکی بریندارکـراو، بێنازکراو، دڵشـکێنراو، لە قومارا دۆڕاو بەرجەسـتە دەکات. کاتێکیـش قومارکەران لە ئاوارەییدا وێڵی دەکەن، ئەو تەنیا یادوەری خۆی بەدەستەوە ماوە. بۆیە وەک منداڵێک دەیەوێ خۆی ژێر بکاتەوە و بەیادهێنانەوە و چەپککردنی پنجی گیا و گوڵە نێرگز و وەنەوشـەی لێرەوارانی کوردستان و دانانیان لەسەر برینەکانی، ڕۆحی خۆی هێور دەکاتەوە. ئەوەندە نیشتیمان و مرۆڤی وڵاتی خۆی خۆشدەویست، کە دەیتوانی بەئاسانی «هەموو باغی بەهەشتی خودا بکاتـە قوربانی ئەو کچە لادێییەی کە بۆ نوێژ ڕادەخا بەرهەڵبێنێ». ئامادەیی ئەو هەموو گژ و گیا و ناوی ڕووەک و گوڵ و کانیاوانە، ئەو هەموو ئەشـکەوت و زەندۆڵ و پەسـێوانە، ئـەو هەموو لێڕ و چڕ و بەسـتێن و چۆمانە، لە شـیعری هێمنـدا، ئاماژەیە بەوەی کە ئەم شـاعیرە هەسـتێکی قووڵی هەبوو بەرامبەر بە سـتەمکاری و داگیرکردن و پەرتەوازەیی و لەو ڕێگەیەشەوە دەیویست پانتاییەک دروستبکاتەوە، کە بۆنی نیشتیمان و قەڵەمڕەوێکی خۆمانەیی لێبێت. ئەو بەیانکەری جوانیناسی شکستە لە شیعری ئێمەدا. هێمن دەیویست

لە ڕێگەی ئامادەکردنەوەی زۆرترین شتگەلێ کە پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەبوو، تەقەڵ تەقەڵ پارچە لەتوپەتەکانی ڕۆحی خۆی و پەرتەوازەییەکانی خۆی بدووریتەوە. لێرەشەوە زۆر لە جودایی و دابڕان و دوورکەوتنەوە دەترسا و لە ئاستی جوداییدا زمانی دەشکا، بۆیە دەینالاند. نالین دۆخێکی زمانە، کە تیایدا زمان مانا ڕۆژانەییەکانی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە زمانی ئازار و دەردی پەتی. ناڵەی جودایی، ناڵەی مرۆڤێکە لە دەمی ڕۆچوونیدا بەناو تاریکاییەکدا کە دەیگەیەنێ بە جودایی و ئەویش نەیدەویست جودا بێت. ئەو دەیویست لە نێوان (تاریک و ڕوون)ی ژیاندا، بەشی ڕووناکی بەرکەوێ.

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا، چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە، نەی، نەیکردووە.

چەند ڕەهەندێک لە شیعر و ژیانی هێمندا هەن، کە وێکچوونێکی سەرسووڕهێنەری لەگەڵ مرۆڤی کیاکەگۆردی، فەیلەسووفی دانمارکیدا بۆ دروستدەکەن. ئەو فەیلەسووفە، کە بۆخۆی لەتوپەتبووی سەردەمێکی دلڕق بوو، ئەزموونی ژیانی مرۆڤ دابەشدەکاتە سەر سێ قۆناغ، یان پلەی ژیان، کە بریتین لە قۆناغی: ئێستاتیکی، قۆناغی: ئەخلاقی و قۆناغی: دینی. هەریەکێ لەم سێ قۆناغە جۆرە شێوازێکی ژیانکردن بۆ تاک دیاری دەکەن و هەریەکەیان پەیڕەوکار و بەرجەستەکەری فەلسەفەیەکی ژیانن. لە قۆناغی ئێستاتیکیدا، چێژ و ئارەزووپەرستی و گەڕان بەدوای حەزە هەنووکەییەکاندا دەبێتە خولیای سەرەکیی تاک، بەبێ ئەوەی بیر لە داهاتوو بکاتەوە. ئەو ئارەزووپەرستیە تاک لەتوپەت دەکات

و دواجار تەنیا و وەڕسی دەکات، سەرەتا لە دنیای دەوروبەری و پاشان وەڕس دەبێ لە خودی خۆی و ئەمەش سەرەتایە بۆ خۆویرانکردن و لەدەستدانی ژیان. لە قۆناغی ئەخلاقیدا، تاک هەموو وزەی خۆی لە ئامانجێکی ئەخلاقی و وەئەستۆگرتنی دەروەستی و بەرپرسیارێتیدا چڕ دەکاتەوە. تاک لەم قۆناغەدا هەردەم لەگەڵ مەرگدا دەستوپەنجەی نەرمدەکات و هەر ڕۆژەی بەو جۆرە دەژی کە دوایین ڕۆژی ژیانێتی. لە قۆناغی دینیشدا، تاک ئەو بەرپرسیارێتیە، لە بەرپرسیارییەوە بەرامبەر بە ژیان و خودی خۆی، هەڵدەگێڕێتەوە بۆ بەرپرسیارێتی و دەروەستی لە ئاست خودا دا و ئەو دەکاتە ئامانجی خۆی..

هێمن هەر زوو لەژێر هەلومەرجەکانی ژیان و بە ئارەزووی خۆی قۆناغی ئیستاتیکی و ژیانێکی ڕووت و ڕواڵەتپەرستی، جێدەهێڵێ و لە ئاست خودی خۆی و ئەوانیتردا خۆی بەرپرسیار دەکات. لە قۆناغی دواتریشدا ئەو بەرپرسیاریەتیە لە بەرپرسیارییەوە بەرامبەر بە خودا، هەڵدەگێڕێتەوە بۆ بەرپرسیاری و دەروەستی لە ئاست کێشەیەکی ئینسانی و مرۆییدا، بەمجۆرەش لەلای هێمن، نیشتیمان جێگەی خودا دەگرێتەوە.

بۆ یەکەمجار ناوی هێمنم ئەوکاتە بەرگوێ کەوت کە هێشتا لە کۆڵان بەدوای تایەی عەرەبانەدا ڕاماندەکرد. شوێنی چەقاوەسوویمان سەر سەدەکەی مەجید بەگ بوو، لە سلێمانی. ساڵەکەم بیر نییە، بەڵام ئەو ڕۆژەی بەدوای پێچکەی گارییەکدا، کە بەهۆی پارچە تەلێکەوە پاڵمان پێوە دەناو بۆخۆشمان کە هێشتا پاتەی لاستیکی گوندمان لە پێدا بوو، بەدوایدا ڕاماندەکرد، بۆ یەکەمجار ناوی (هێمن)م هاتە بەر گوێ. لە قوتابخانەی ئەمین زەکی بەگ ڕەتماندابوو، گەیشتبووینە لای ئەو دیوارەی کە ئێستا بینایەی کۆلێژی زانستەمرۆییەکانی

زانکۆی سلێمانیە. ئەوسا ئەوێ گۆڕەپانێکی قوڕاوی بوو. دیواری زانکۆ لە خوارتر و بینیمان خەڵکانێکی زۆر بەمدیوی دیوارەکەدا و ڕوو لە مەیدانی زانکۆ، خۆیان هەڵواسیوە. دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بوو. برسـیمان نەبوو، وەلێ وامانزانی شتێ لەوێ دابەشدەکرێ و بەپەلـە خۆمـان گەیاندێ و چەپ و چیڕ، دوای ئـەوەی تایەکانمان لە ملمانکرد و تەلی لێخوڕین بەدەسـتمانەوە، بەدەسـتەکەی ترمان لەنـاو ڕیزی ئەوانەی خۆیان بە دیوارەکەوە هەڵواسـیبوو، بەدیوار هەڵگەڕاین و پرسیمان ئەوە چییە؟
هێمن شیعری دەخوێندەوە. هێمن چەپڵەی بۆ لێدەدرا و ئەو شتەش کە دابەشدەکرا و دەشیا وەریبگرین، سۆزی بێبڕانەوەی شاعیرێک بوو، کە سـاڵەها لەوەدوا زانیم نیشـتیمانێکی بـە کۆڵەوەیە. نازانم چەندە بەوجۆرە ماینەوە، بەڵام بۆ ئێمەی منداڵ ئاسـان نەبوو زۆر لەو شـوێنە سـەختە بمێنینەوە. ساڵانیتر، لە شـوێنیتریش شیعری هێمنـم بەرگوێ کەوتن. حەمەجەزای گۆرانیبێژ، ناڵەی جوداییەکەی بەسـۆزەوە خوێندبـوو، وەلـێ هیـچ سـۆزێ نەدەگەیشـتە دەنگە تەڵخەکـەی هێمـن خۆی. نامۆیـی و خەم ئەوەنـدە ڕۆحی هێمنیان پێکابوو، کاتێ ئەو ڕۆحە دەیویسـت لە زیندانی جەسـتە ماندوو و پیربووەکەی بێتەدەرێ، لە خیزەی سـنگی منداڵێکی سـەرما بردەڵە دەچوو. لە ڕاستیشدا هێمن هەتا ما، ڕۆحی منداڵانەی خۆی لەدەست نەدا، ئەگەرچی سـەردەمی پیریی ئەو تـا دەهات ئەوەندە پیاوانە و نێرانـە و توندوتیـژاوی دەبوو، کە ئیدی بە ئاسـانی ڕێگەی نەدەدا ڕۆحێکی جوانپەرست و منداڵانە و ئەییوبیانە تیایدا بمێنێتەوە..
هێمن لەسـەردەمێکدا ژیا کە ئەو نەقشی مرۆیانەی خۆی تێدا بینی، بەڵام ئەو هەرگیز سەردەمەکەی خۆی نەژیا، ئەو ژیانی ڕاستەقینەی هەڵگرتبوو بۆ ڕۆژگارێک کە تیایدا بە ئازادی ڕاستەقینە بگات. هێمن

خەونی خۆشـــی دەبینیـــن، خۆزگەی زۆری هەبـــوون و ئارەزووی فڕینی دەکرد. ئەو مرۆڤ بوو بە هەســـتیارییەکی قووڵەوە، گەلێکی ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابواردبوو، دەیویست کەرامەتی ئینسانیانەی خۆی و ڕەگەزەکەی لە سەوداپەرســـتی ڕۆژگار قوتار بکات، بەڵام هەردەم ئەم پرســـیارەی لە زەییـنـدا بوو: ئاخۆ مەرگ مەودای دەدا ببینێ سەردەمێکی تر؟

ئێمــە لەوســـەردەمەدا دەژیـن کە هێمن خۆزگەی بۆ دەخواســـت و پرســـیاری لەبـــارەوە دەکرد، بـــەڵام لانیکەم دەتوانیـــن بەدڵنیاییەوە بڵێین: ئەو سۆزە مرۆییەی ئەو لەم سەردەمە لیخن و دووڕووییەدا هێمنیان دەکوشت. هەروەکو چۆن شیعری ڕاستەقینەشی کوشتووە. هێمن نەیدەتوانی بەو ڕۆحە ئەییوبییەوە، بەو مووچەیەی نووسەران بژی، کە دواجار بڕییان..

گەڕانەوە بۆ نیشتیمانی منداڵییەکان

ئیبراهیم باڵدار

ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت کە دەڵێت: کتێب پەنجەرەیەکی ترە بۆ ئاشـنا بـوون لەگەڵ جیهان، ئـەوە لە دایکبوونی ئێمە و ئاشـنا بوونمـان بـە جیهـان و ژیانمان لە نـاو جیهاندا، لـە خوێندنەوەی یەکەم کتێبەوە دەسـتپێدەکات. بـە مانایەکی تر: ئێمە کاتێک لەدایک دەبین لەڕووی بایۆلۆژییەوە دێینە ناو جیهانەوە، بەڵام ئەوە یەکەم کتێبە کە ئێمە بە جیهان ئاشـنا دەکات و ژیانمان پێدەناسـێنێ. لەم تێڕوانینـەوە ئێمە چەندە کچ و کـوڕی دایک و باوکمانین لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، ئەوەندەش لەڕووی ئاشنابوونمان بە جیهان، ئەوەی مرۆڤێکیـن کە یەکـەم کتێبی ژیانی زۆربەمـانَ لەبەرهەمی خامەی ئـەوە: (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) ناوی ئەو کەسـەیە و کتێبەکەیشـی: (ئەلـف و بـێ ی نوێ)یە. ئەلف و بێی نـوێ بەرلەوەی ئەلف و بێی نوێـی زمانێک و کەلتوورێک بێ، ئەلف و بێی نوێی ئاشـنابوون بە جیهانێکـە و دەروازەیەکە بـۆ هاتنە ناو ژیانێکـی منداڵانەوە. بۆیە

خوێندنـــەوەی ئەم کتێبە بەبـێ ئەو هەســتیاریە منداڵانەیە کارێکی وشــک دەردەچێـت و پێویســتە لــە هەمــوو خوێندنەوەیەکــی ئەم کتێبەدا، بەشــێ لە ئیشــکردنمان بریتبێ لە گەڕان بە دوای منداڵیی لەدەســت دەرچووی خۆماندا، منداڵییەک، کە بۆی هەیە نیشانەکانی لەنــاو لاپــەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەو کتێبەدا پارێــزراو بن، دەنا لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا پاشماوەیەکی لێ بەجێ نەماوە. ئەگەر وەک داهێنان تەماشای کتێبەکەی باڵداری نەمر بکەین، ئەوە ئــەم کتێبــە لــە ژیانی مرۆڤــی کــوردا هەمــان گرنگیی هەیــە، کە ســاتەوەختی ئــادەم هەیەتی لــە ناولێنانی بوونەوەر و شــتەکاندا. بەمانایەکی تر، ئەگەر شتەکان و بوونەوەرەکان لەو کاتەوە بوونی خۆیــان بەدەســت هێنابێت، کە ئــادەم لە پۆلی یەکەمی ســەرەتایی ژیانــی خۆیــدا ناوی بــۆ دۆزینــەوە، ئــەوە بوونی ئێمە لــە ژیانی خۆماندا ئەو کاتە دەســتیپێکردووە، کە کتێبەکەی باڵدار دەروازەی جیهانمان بەســەردا دەکاتــەوە و شــتەکان و بوونەوەرەکانمان بۆ نــاو دەنێت. کردەی باڵدار لــە ژیانی ئێمەدا، کردەیەکی داهێنەرانەیە کــە دەیەوێـت بە (ئەلــف و بێیەکی نوێ) لە جیهاندا لــە دایکببین و ژیانمان پێ ئاشــنا بکات. کردەی داهێنەرانە هەمیشــە پێویســتی بە زمانێکــی نــوێ و ئەلــف و بێیەکــی نــوێ هەیە، بێگومــان ئەلف و بێیەکــی نوێ لەبەرامبەر زمان و ئەلــف و بێیەکی کۆندا، کە چیدی ناتوانێـت ببێتــە پرد لەنێــوان ئێمــە و جیهاندا. ئەو کەســانەش کە هەڵدەســتن بە داهێنان، واتە بە ڕزگارکردنی ئێمە لە زمانێکی کۆن و کۆچپێکردنمــان بــەرەو ئەلــف و بێــی زمانێکــی نــوێ، هەڵگری خەونی فڕین و دەربازبوونن و چارەنووسیشیان بەپێی لێکدانەوەی (گاســتۆن باشــلار) بۆ ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانی سرووشت: (ئاگر، خاک، ئاو، با)، دەچێتەوە ســەر ڕەگەزی (با). لەلای باشــلار

توخمــە سرووشــتیەکان ڕەنگدانەوەیەکــی قووڵ و پــڕ مانایان لە ژیانــی مرۆڤــدا هەیە و داهێنەریش ئەو کەســـەیە، کە سرووشــتی داهێنانەکەی لەگەڵ خەســڵەتەکانی یەکێک لەو توخمە سرووشتیانە بگونجێنــێ. ئیبراهیم باڵــدار، چ لە ناوەکەیدا و چ لــە داهێنانەکەیدا، هەڵگری خەســڵەتەکانی (با)یە. خەیاڵی ئەو، خەیاڵە لەســـەر بنەمای سرووشــتی (با)وە دروســتبووە و یەکێک لــەو وێنایانەی ڕەگەزی (با)ش لە زەینی مرۆڤدا دەیانســـازێنێ، خەونی فڕینە. هەوا ئازادییە و ئازادبوونیــش جۆرێکــە لــە فڕین و خۆ گواســـتنەوە لە شـــتێکی کۆنــەوە بــەرەو شــتێکی نوێ. لە شــوێنێکی ئاشــناو دیــارەوە بۆ جێگەیەکــی نائاشــنا و نادیــار، تاکــو لــەوێ ســەر لە نــوێ ژیان دەســتپێبکاتەوە. (ئەمەیە ســیحری ســەفەری تۆی گوڵالەســوورە لەسەر پشتی (با) بۆ ناو بەینی دوو تاشە بەرد!). لەبەر ئەوە ئەلف و بێــی نوێ زمانی خوڵقێنەرێکە، دەیەوێ لە کۆنەوە بمانگوێزێتەوە بۆ دنیایەکی نوێ، لە شــوێنە بەرتەســکەکانی واقیعەوە بۆ کەلێن و قوژبنــە فرەمەوداکانــی خەیاڵ، بۆ ناو ئازادییەکی فراوانتر.. ســەیر نیــە کــە ئەرکــی ئــەو گواســتنەوە و فڕینە لــە داهێنــان و کردەی خوڵقێنــەردا، یاخود لە کردەیەکدا کە نزیکــە لە کردەی یەزدانیەوە، بــە زمــان ســپێردراوە. واتە زمــان کراوەتــە پــردی پەیوەندی و خوڵقێنــەر لــە ڕێگــەی ئەلف و بــێ و ووشــەکانەوە پەیامی خۆی ئاراســتە دەکات. زمانیــش هەڵگری هەموو ئــەو پەیامانە بووە، کە لەلایەن داهێنەرەکانەوە ئاراســتەی مرۆڤ کراون و وشەکان کلیلی کردنــەوەی دەرگاکانی جیهان بوون: (ووشــەکان ســەرەتا بوون) وەک لــە تەوراتــدا هاتووە. ئەو جیهانەی باڵــدار لە ڕێگەی ئەلف و بێ نوێکەیەوە دەرگاکەیمان بەســەردا دەکاتەوە، ڕاســتە جیهانێکە کەســمان تیایــدا نەژیاویــن و کەســمان لــە قارەمانەکانــی نــاوی

نەچووین، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئەو کتێبە خەیاڵی هەموومانی بزواند تا هەوڵبدەین، تا ژیانی خۆمان لەو ژیانە ڕەنگاوڕەنگە نزیک بخەینەوە کە لە (ئەلف و بێی نویێ)دا هەیە. لە ڕاستیدا ژیان بۆ منداڵەکانی ناو کتێبەکەی باڵدار، لە چاو ئەو ژیانەدا کە ئێمە منداڵیی خۆمانی تیا ژیاین، ژیانێکی نمونەیی و یۆتۆپیاییە. ئێمە کەسمان لە منداڵیماندا جلوبەرگی وەک منداڵەکانی ناو جیهانی ئەلف و بێی نوێمان لەبەردا نەبوو، وەلێ خۆزگە خواستن بۆ لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگانە، بوو بە خۆزگەی ناو سەرە بچکۆلەکەی هەموومان. درەخت و میوە و سەگ و دۆ و دادە و پشیلە و ڕیشۆڵە و مامۆستا و باوک و ماڵ و یارییەکانی ناو ئەلف و بێی باڵدار، هیچیان لەو درەخت و میوە و سەگ و پشیلە و ڕیشۆڵانە نەدەچوون، کە لەژیانی ئێمەدا هەبوون. هەروەها بە ڕێکەوت دادە و باوە و مامۆستاکانی ناو ژیانی خۆمان هێندەی ئەوانەی ناو جیهانی ئەلف وبێی باڵدار، میهرەبان بوون، بەڵام جیهان و شت و کەسەکانی ناو کتێبەکە نمونە و خۆزگەیەک بوون لەبەر دەممانددا. ئەو کتێبە فێری نەکردین چۆن جیهانی خۆمان بناسینەوە، بەڵکو جیهانی خۆمانی لەلا نامۆکردین چونکە هیچ شتێکی، تەنانەت ڕەنگی سەوزایی چیا و ڕەنگاوڕەنگیی تۆپ و پەپوولەکانیشی لە هی جیهانی خۆمان نەدەچوون. کەواتە ئەم کتێبە بەجۆرێ لە جۆرەکان فێری کردووین بە دوای جیهانێکی ئەڵتەرناتیڤدا بگەڕێین و لێرەشەوە یەکێک لە ئامانجە پەروەردەییەکانی خۆی پێکاوە کە بریتیە لە ڕۆشنەگەرکردنی مرۆڤ و هاندانی بەرەو دۆزینەوەی دنیایەکی تر، جیاواز بێت لەوەی تیایدا دەژی. ئەم کتێبە لەوێدا جەوهەری پەروەردەییبوونی خۆی ئاشکرا دەکات، کە نەک هەر تەنیا منداڵیی ئێمەی دنە دا بۆ

خوێندنەوە، بەڵکو هانیشـیداین تیایـدا بژین وەکو جیهانێکی جیاواز لـە واقیعـی دەوروبـەری خۆمـان. (هەمـوو لـە بیرمانـە کاتێ لە قوتابخانـە دەگەڕاینـەوە، بە هەڵمی پەنجەرەکە دەماننووسـی: دارا دوو داری دی!) و ئیدی لە شوێنی ئەو پیتانەوە کە ئەو ڕستەیەمان لەسـەر هەڵمەکە پێدەنووسین، تەماشای دنیای دەرەوەمان دەکرد. بـە مانایەکـی تر: ئەگەر ئـەم کتێبە بە تێڕوانینی باڵـدار بۆ ژیان و بوون لەقەڵـەم بدەین، ئەوە دەتوانین هەوڵـە داهێنەرانەکەی باڵدار لەچەنـد تەوەرێکـدا بخەینـە بەربـاس. واتـە ئەگـەر ئـەم کتێبـە پەنجەرەیـەک بێـت بۆ ئاشـنابوون لەگـەڵ جیهان، ئـەوە جیهانی پێشنیارکراوی باڵدار، بەشێوەیەکی زۆر پەروەردەییانە و لە ئاستی دەرککردنـی منداڵ بـۆ ماناکانی ژیان، ئەم خەسـڵەتانەی هەیە کە هەوڵـدەدەم لێرەدا بـە کورتی بەرهەمیـان بهێنمـەوە و تەئویلیان بکەم: یەکەم: بوون لە جیهاندا لە لای باڵدار، ژیانی ناو سرووشـت دەگرێتـەوە. بە خۆڕایی نیـە یەکەم وانەی ناو ئەم جیهانە بریتیە لە ئاشـناکردنی منداڵ بە (دار). هەڵبەت دار وەک نوێنەری سرووشت و پاشـانیش وردە وردە ئاژەڵ و باڵندە و چیاکانیش وەک بەشـێک لە سرووشـت دەناسـێنێ و مەودای دەرککردنـی منداڵ لە جیهانی دەوروبـەری خـۆی بەرفـراوان دەکات. کەواتـە باڵـدار بـاس لە جیهانێکـی نامومکین نـاکات، بەڵکو دەستنیشـانکردنی ئەو بۆ ئەو شـوێنەی کە دەشێت بوونی ڕاستەقینەی خۆمانی تێدا بەرینە سەر، دەستنیشـانکردنێکی واقیعبینانەیە نەک ئایدیالیسـتانە. ئەو شـوێنە جیهانـی سرووشـتە نەک بەهەشـت، دنیایەکە دەشـێت ئەزموونی بکەین، نـەک دنیایەکی وێناکـراو کە گریمانـەی ئەزموونکردنی لە ئـارادا نیـە و بێگومان لە پشـت ئەمـەوە ئامانجێکـی پەروەردەیی عەقڵانیانـە هەیە، ئەمـەش وایکردووە زمانی کتێبەکـەی باڵداریش

زمانێکی واقیعیانەی ڕۆژانەیی بێت، نەک زمانێکی ئایینیانەی ئایدیالیزە کراو. دووەم: بوونی واقیعی، بوونە لەگەڵ ئەوانیتر و لەگەڵ مرۆڤەکانی تر. بۆیە وانەی دووەمی ناو کتێبی ئەلف و بێی نوێ بریتیە لە ئاشناکردنی ئێمە بە (دارا) و ئاشتکردنەوەی لەگەڵ (دار)دا: دارا داری دی (ل: ٦). واتە دروستکردنەوەی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و سرووشتدا. هەڵبەت لە ئاستی دیداریدا (مرئی) پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، لە وێنەی سەر بەرگی کتێبەکەوە دانی پێدا نراوە، بەڵام لە ئاستی نووسین و تێکستەکەدا، (مێ) هەتا وانەی هەشتەم ناوی نیە! تەنیا لەوێدایە کە (زارا)مان لەسەر ئیقاعی ناوی (دارا) پێدەناسێنێ. لێرەدا دوو خاڵ تێبینی دەکرێت، کە لە واقیعیبوونی جیهانبینی کتێبەکە کەم دەکەنەوە: ئەلف: جیهانی ناو کتێبەکەی باڵدار بە وێنەی جیهانی بەهەشتیی ناو کتێبە ئاییینیە مەزنەکانی وەک تەورات و ئینجیل و قورئان، جیهانێکە یەکەمجار ماف بە نێرینە دەدات تیایدا بژی و جیهانێکی پیاوسالاریە. بوون یەکەمجار بوونی نێرە و پاشان دەبێتە بوونی مێ. شەرعیەت یەکەمجار هی پیاوە پاشان ئافرەت شەرعیەتی بوونی خۆی وەردەگرێ و بوونی ئەو دەبێتە بوونێکی پەراوێزی. بێ: لە نێوان گۆکردنی ناوی (دارا) و (زارا) و مۆسیقای هەردوو ناوی (ئادەم) و (حەوا)، یان (ئیڤا)دا، لێکچوون و نزیکایەتی هەیە و لە هەردوو حاڵەتیشدا مێیینە دەکەوێتە پاش نێرینەوە. سێهەم: بوون لەناو جیهاندا، بوونە لەناو ژیانێکی سرووشتیدا و بوون و ژیانە لەگەڵ ئەوانیتر و ئاژەڵ و باڵندەکاندا. بەڵام خۆشترین ئاست و ساتەوەختی ژیان بۆ منداڵ، ئەوەیە کە ئەو ژیانە پڕ بێت لە یاری. یاری بەشێکی گرنگ و چێژبەخشە لە ژیانی دارا و زارا و هاوڕێکانیاندا، کە دەتوانین ئەم ڕاستیەش هەر لە

وێنەی بەرگی کتێبەکەوە تێبینی بکەین و پاشان لە وانەکانی (٢، ٣، ٤، ٦، ٨ هتـد.) و گەلێ وانەی تـردا بەڵگەی بۆ بهێنینەوە. کەواتە لە تێڕوانینە پەروەردەییەکەی باڵداردا یاری و وازیکردن هەم بەشێکە لە ژیان و هەم جۆرێکیشـە لە پەیوەنـدی نێوان مرۆڤەکان پێکەوە. بەڵام هەموو ژیان وازی نییە و بۆی هەیە ژیان (داو) و (ڕاو)یشـی تێـدا بێـت، وەک لە (لاپـەڕە: ٧ و ٢١)دا دەبینرێت. سـەیر لەوەدایە ئـەوەی داو دەنێتەوە و ڕاو دەکات، دارایە نەک زارا. واتە ڕەگەزی نێرە نەک ڕەگەزی مێ و لێرەشـدا جیهانبینی باڵدار لەسـەر مێ، لە جیهانبینـی ناو چیرۆکی ئـادەم و حەوای کتێبە ئاسـمانیەکان جیا دەبێتـەوە. چونکە لـەو بەسـەرهاتەدا ئەوەی دەبێتە سـەرچاوەی خراپە، یان هەڵەکردن، حەوایە نەک ئادەم. جێی سـەرنجە کە باڵدار لە تێڕوانینە پەروەردەییەکەی خۆیدا تێڕوانینێکی پیاو/نێرسـالارانە لەسـەر مێ فێـری منداڵ ناکات، کە بێگومان ئـەو تێڕوانینە لەکاتی نووسینی بەرهەمەکەی و هەتا ئێستاش لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەسەر مێ باڵا دەسـتە. کەواتە ئەوە مەرجێکی پەروەردەییانەی باڵدارە بۆ بەرهەمهێنانی تێکسـت بۆ منداڵ، کە نابێت لایەنگیرانە بێت و فەزڵی ڕەگەزێک بدات بەسـەر ئەویتردا. چوارەم: لـەلای باڵدار یەکێک لە ئەرکـە گرنگەکانی فەلسـەفەی پەروەردە بریتیە لـە بەرهەمهێنانی مەعریفـە لەسـەر جیهـان و دەستنیشـانکردنی گۆڕانـکاری و جموجووڵەکانی نـاو دنیای دەوروبەر. (لێرەدا باڵدار بەئاراسـتەی ئەو کۆمەڵە فەیلەسـووفانەدا کار دەکات، کە لە مێژووی فەلسەفەدا بە فەیلەسـووفانی سرووشـت ناو دەبرێن و کاریـان ئەوە بوو لە سرووشـت و دیـاردە و دەرکەوتەکانـی وردببنـەوە و لەوێـوە مەعریفەیـەک لەبـارەی سـەرەتای گەردوونەوە بەرهـەم بهێنن). ژمـارەی ئـەو بابەتانـەی کتێبەکەی باڵـدار، کە تیایاندا وەسـف و

دەستنیشـانی دیـاردە و گۆڕانەکان دەکرێت، لـە ئەلف و بێی نوێدا کەم نین و هەر یەک لە وانەکانی: (دۆ ڕژاوە ل: ٥١، داری درێژ ل: ٧١، بـاران دەبارێـت ل: ٤٢، گڤەگڤـی بـا ل: ٨٤) بەڵگـەی ئـەم بۆچوونـەن. واتـە منداڵ لەڕێـی ئەم وانانـەوە لـەو گۆڕانکاریانە ئاگادار دەکرێتەوە کە لە دەوروبەری ڕوو دەدەن و ئەمەش دەبێتە هـۆی دروسـتکردنی پەیوەندییەک لە نێوان منـداڵ و دەوروبەری.
پێنجـەم: بـوون لەناو جیهاندا، بوونێکی بـێ ئامانج نیە و هەر تەنیا لە سەرگەرمبوونی تاکەکەس بە یاری و ناسین و دەستنیشانکردنی مـرۆڤ بۆ دیـاردەکان و گۆڕانەکانـدا، کورتنابێتـەوە. بۆیە ئەگەر یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی پەروەردەکردن، دروستکردنی مەعریفە بێـت لەسـەر ژیـان لەلای منـداڵ، ئـەوە ئامانجی ئـەو مەعریفەیە پێویسـتە پەروەردەکردنی هەستی بەرپرسیاری و دەروەستی بێت لەلای ئەو منداڵە. باڵدار ئەم هەسـتە لەسـەر پرانسیپی (تێگەیشتن) و (پێویسـتییەوە) دروسـتدەکا، نـەک لەسـەر پرانسـیپی ترس و گوناهبارکـردن و سـزادانەوە. واتە باڵدار، وەزیفـەی پەروەردە بە دروسـتکردنی ترس و گوناە و سـزا بڕینەوە دەستنیشـان ناکات. بەڵکو منداڵ هاندەدات پەیوەندییەکی هاوکارانە لەگەڵ سرووشـتی دەوروبەریدا دروستبکات و ئەم پەیوەندیەش ببێتە هۆی تێگەیشتنی مـرۆڤ، یان منداڵ لە دەوروبەرەکەی. لە وانەی (ئاودان، ل: ٨١)دا، زارا و ئازاد دەڕۆن دار ئاو دەدەن، لە وانەی (نازێ: ل ٨١) و (دار دەڕوێنـم ل: ٩١)دا، نـەورۆز و نازێ دەچـن دار بڕوێنن. لە وانەی (پشـە سـپی، ل: ٣٣)دا، زەینەب نان و پەنیر دەداتە پشـە سـپی و داوای لێدەکات لێی نەترسـێ. لە وانەی (ووسبە ل: ٦٢) و لە وانەی (مـرۆڤ ل: ٧٤)دا، هەریـەک لە دارا و ئازاد (دیسـانەوە دوو نێر!) دەیانـەوێ ئـازاری مەلەکان بدەن، بەڵام هەردووکیان دەسـت لەو

کارە هەڵدەگرن چونکە وەک (نەسرین/ ڕەگەزی مێ) پێیان دەڵێت: (برام مرۆڤ وا ناکات، مرۆڤ ئازاری مەل نادات). لە هەندێ وانەی دیکەدا، مرۆڤ نەک هەر تەنیا ئازاری گیاندارەکانی دی نادات، بەڵکو ڕۆڵی ناوبژیکەریش لە نێوانیاندا دەگێڕێت و بەرپرسیارییەکی زیاتر دەگرێتە ئەستۆی خۆی، کە باڵدار بە زمانێکی شەففاف و نزیک لە دنیای منداڵییەوە، دەری بڕیوە. یاخود منداڵ فێر دەکات خۆی تێکەڵ بەهەموو ناکۆکیەک نەکات و مەرج نیە ببێتە لایەنێک لە لایەنەکانی ناکۆکی: لە وانەی (شەڕە مریشک ل: ٣٠) و لە وانەی (قەلەڕەش ل:٩٥)دا مرۆڤ ناوبژی دەکات و لە وانەی (سێ سەگ ل:٤٣)دا، کە بە هەرسێکیان کەرویشکێک ڕاو دەنێنن، بێ لایەن دوەستێت و تەنیا داوا دەکات لەو دیمەنە ڕابمێنین و هیچیتر. شەشەم: لە جیهانە پەروەردەییەکەی باڵداردا، منداڵ هەر تەنیا بوویێکی پاسیڤ و وازیکەر و بەرپرسیار نیە. بەڵکو کەسێکی چالاک و بکەرێکی خاوەن هەڵوێست و بەرهەمە. واتە باڵدار بە ئەرکی پەروەردەی دەزانێ کە منداڵ هانبدات بۆ نواندنی چالاکی و کارکردن، چونکە ئەو ئەرکی پەروەردەکردن هەر لەو خەسڵەتانەدا کورتناکاتەوە، کە پێشتر باسمانکردن. بەڵکو وەک دەردەکەوێ، پەروەردە لەلای باڵدار هێزێکی هاندەریشە بۆ چالاکی و دروستکردنی ڕۆحی یارمەتیدان. لە وانەی (سێو ل: ٧٢) ئازاد سێو بۆ نەسرین لێدەکاتەوە و لە وانەی (نانی ساج ل:٩٤)دا، نەسرین نان دەکات و لە وانەی (کاری ناو ماڵ ل:٦٦)دا، نەسرین چا لێدەنێ و نێرگز بەدەم سترانبێژییەوە پیاڵەکان دەشوات و لە وانەی (گوڵ چاندن ل:٣٧)دا، جوامێر داوا لە نێرگز دەکات ڕێگەی بدات یارمەتی بدات و گوڵەکانی دەستی بۆ هەڵگرێ. بەمجۆرەش باڵدار بوونی ناو جیهانە تایبەتی و منداڵانەکەی دەکاتە بوونێکی

چالاک و بەرهەمهێن و ڕۆحی یارمەتیدانیش دەکاتە خەسڵەتی بنەڕەتی ناو ئەو جیهانە.
حەوتەم: ئەگەرچی ڕەگەزی حەکایەتکردن و گێڕانەوە (Narration) لە کتێبە نایابەکەی باڵداردا زۆر ئاشکرا و دیارە و دەکرێ ئەم کتێبە وەک ڕیوایەتێک لەسەر ژیانی کۆمەڵە کاراکتەرێک بخوێنینەوە، بەلاّم ژمارەی ئەو وانانەی تیایاندا گێڕانەوە (سرد) دەبێتە بابەتی سەرەکی، لە هەموو وانەکانی تر زیاترە. ڕۆڵی گێڕانەوە لەلای باڵدار هەرتەنیا مەسەلەیەکی تەکنیکی نیە، کە ئەو وەک پەروەردەکارێک تیایدا شارەزایی تەواوی هەیە. بەڵکو گێڕانەوە بەشێکی گرنگە لە سازدانی ئەو جیهانەدا کە باڵدار وەک جیهانێکی پەروەردەیی ئەڵتەرناتیڤ پێشنیاری کردووە. گێڕانەوە لەم بەرهەمەدا ئەرکێکی پەروەردەیی جێبەجێ دەکات، کە بریتیە لە پەیوەندی دروستکردن لە نێوان ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا. بە مانایەکی دی: بوون لە فەلسەفە پەروەردەییەکەی باڵداردا خاوەنی مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی کە پڕە لە بەسەرهات و ئەزموون، کە دەشێت منداڵ لێیانەوە فێر ببێت و بەهۆیانەوە بەرچاو ڕوون بێت. باڵدار بە پێچەوانەی حەکایەتە فۆلکلۆری و باوەکانەوە، لە گێڕانەوەکانیدا (بە دەگمەن نەبێت) پشت بە ئامۆژگاریکردن و پەند دادانی منداڵان نابەستێت. بەڵکو ئەو لە گێڕانەوەکانیدا ڕووداوێک، یان زەمەنێک بەیاندەکات بەبێ ئەوەی بە باش، یان بە خراپ حوکمی بەسەردا دەر بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە باڵدار، خەسڵەتێکی گرنگی فەلسەفەی پەروەردە ڕەچاو دەکات، کە بریتیە لە دروستکردنی ئیمکاناتی هەڵبژاردن لەبەردەم منداڵدا و خستنەڕووی ڕووداوێک لەبەردەم لێکدانەوەکانیدا. وەلێ بڕیاری هەڵبژاردن بۆ منداڵەکە خۆی دەهێڵێتەوە: ئایا ئەو ڕووداوە، یان کردەوەیە دووبارە دەکاتەوە،

یـان نـەء؟ لە وانەی (گونـدی ئێمـە ل:٣٦)دا، گێڕانەوەکە هاندان و حوکمدانـی تێدایە و باس لە گوندی ئێمە دەکات کە: (گەلێک جوانە، چونکـە گوندێکی ڕەنگینی کوردسـتانە)، بەڵام لە وانەی (سـەردان ل:٨٦) و لـە وانـەی (ترێ ل:٩٦)و هەروەها لە وانـەی (نیگارەکانی نێرگز: ل٧٧-٨٧)دا، کە باس لە چیرۆکی گورگ و بزن دەکات، هاندان و حوکمدانی تێدا نیە و گێڕانەوەکە تەنیا بە بەیانکردنی بارودۆخەکە گیرسـاوەتەوە. بەهێزترین دۆخی گێڕانەوە لە دوایین وانەی کتێبی ئەلـف و بێی نوێدا بەدی دەکەین، کە بریتیـە لە پێداچوونەوەیەکی گشـتی بـە کۆی ئـەو ماوەیـەدا، کـە وەک (مێـژووی هاوبەش)ی منداڵەکان دروسـتبووە. منداڵەکان لـە یادکردنەوەی ئەو مێژووەدا، ژیانێکیان بە بیردێتەوە کە پڕە لە پەیوەندی و یاریکردن و ئاشنایەتی و بەرپرسیارێتی و چالاکی نواندن، کە ئەوانی لە توندوتیژی دوور خسـتۆتەوە. هەربۆیەشە لێرەدا، باڵدار بە وریاییەوە بابەتی کۆتایی سـاڵ دەکاتە وانەی خۆشەویسـتی و ئەمەگـداری. واتە لە ڕێگەی ڕیوایەتکردنـەوەی ڕابـردووی هاوبەشـەوە، ڕۆحـی لێبووردەیی لـەلای منداڵ پتەو دەکات. بێگومـان ئەمەش ئەو خاڵە جەوهەریەی پەروەردەیە کە ئێسـتا لە سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا بەتەواوی ونبـووە، چونکە ئـەوە خۆزگەی هەر قوتابـی و فێرخوازێکە، زوو کۆتایـی سـاڵ بێـت و ڕزگاری ببێت لـەو پەیوەندیـە گرژانەی کە دەیبەسـتن بەو شـوێنەوە کە ناوی: قوتابخانەیە! هەرچۆنێک بێت باڵـدار بەداهێنانی ئەم بەرهەمە دەرگای جیهانێکی تایبەتی لەسـەر منداڵیـی هەمووماں کردەوە. ڕاسـتە بەرهەمەکە هەندێ ناکۆکی لە خۆی گرتووە و کەم کوڕی هەیە کە لە خوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێـدەدەم، بەڵام چەندین نەوە لـە کۆمەڵگای کوردیدا (پۆلی یەکەمی سـەرەتایی ژیانی خۆیان) لەم بەرهەمەوە دەستپێکرد. لە کتێبەکەی

باڵـداردا، هەنـدێ ناکۆکـی هەسـتیان پێدەکرێت کە دەمـەوێ بەم شێوەیە ئاماژەیان پێبدەم: - یەکەم ناکۆکی لە نێوان دەقەکان و ئەو نیگارانەدا بەرچاو دەکەوێت کە بۆ وانەکان کێشـراون. لە کێشـانی نیـگاری جـل و بەرگەکاندا، بەزۆری کـەش و هەوایەکی مۆدێرنی شاریانە لە پێشچاو گیراوە، لە کاتێکدا کە شوێنی ڕووداوەکان لادێ و گوند و سرووشتە. ئێمە ئێستا پاش چەندین ساڵ تێدەگەین، ئەو خانمەی نیگارەکانی کێشـاون، کورد نەبووە و ئەورووپی بووە و بە هەمان بونیادی زەینی خۆیەوە تەماشای ژیانی کوردەواری کردووە کە شوێنی ڕووداوەکانی ناو ئەلف و بێی نوێیە. یەکێک لە خەسڵەتە باشـەکانی ئەم ناکۆکیە ئەوەیە کە نیگارەکان بەهۆی جوانیی ڕەنگ و گۆشەی ڕوانین (پێرسپێکتیڤ) و هێڵی ڕێک و هتد وە، کەماڵێکیان بەخشیوە بە هەموو شتێک و ئەمەش وایکردووە، خەیاڵی منداڵ زۆر بەهێزتر بکەوێتە کار، لەوەی کە دەقە نووسراوەکان دەیخوازن. ئەمە جگە لەوەی کە سرووشـت و دەوروبەر لەو نیگارانەدا ئەوندە پاکژ دیـارە، کە مرۆڤی بینەر نایەوێت بۆ سـاتێک لێی دوور بکەوێتەوە و حـەزی کۆپیکردنـەوەو لەبـەرا ڕەسـمکردنەوەی تێدا دروسـت دەکات. (یەکێک لە ساتەوەختە خۆشەکانی منداڵیم ئەوەبوو، بەهۆی نەوتاویکردنـی پەڕەیەک کاغەز و دانانی لەسـەر نیگارەکانی ئەلف و بێی نوێ، بکەومە خەتکێشانەوەی نیگارەکان و ڕەنگکردنەوەیان، ڕەنگە ئەمە یەکەمین مەشقکردن بوو بێت بۆ فێربوونی قۆپیکردن و دزی و بەموڵکایەتیکردنیش!).. - ناکۆکی نێوان وێنەی جل وبەرگی قارەمانەکانی ناو ئەلف و بێ و دەوروبەری سرووشتییان، دەمانباتە سـەر ناکۆکیەکی تر، کە ئەویش خۆ سـاخ نەکردنەوەی باڵدارە لە نێوان کەلتووری لادێ و کەلتووری شاردا. ئایا باڵدار لە کوێی ئەم دوو کەلتوورەدا وەسـتاوە و دەیەوێـت لە ڕێگەی بەرهەمەکەیەوە،

نرخ و بەهای کامیان فێری منداڵ بکات؟ - ئەگەرچی ئەم کتێبە بە ڕۆحێکی پەروەردەییەوە نووسراوە و دەقێکی سکۆلاریانە و عەقڵانیانەیە و لێرەشەوە زمانی ئایینی تیایدا ونە، بەڵام جەستە تیایدا ئامادەیی نیە، کە ئێمە دەزانین ونبوونی جەستەش پەیوەندی بەو سانسۆرەوە هەیە کە ئایین لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەسەر جەستە دایناوە. بۆچی لەم کتێبەدا، جەستە وەک بابەتێکی پەروەردەیی و مەعریفی ونە؟ بۆچی وانەیەکی تیادا نیە باس لە جەستەی نێر و مێ و جیاوازییەکانیان بکات؟ بۆچی پێمان ناڵێت ئێمە چۆن لە دایک بووین و لە کوێوە هاتووینەتە جیهانەوە و میکانیزمەکانی دروستبونی مرۆڤێک کامانەن؟ بێگومان بەشێکی ئەم پرسیارانەش لەو قۆناغەی تەمەنی منداڵدا سەر هەڵدەدەن کە باڵدار کتێبەکەی ئاراستە کردوون و کەچی لە قۆناغی زانکۆییشدا و لە وانەی ئەناتۆمی بەشی پزیشکیشدا، بێ وەڵام دەمێننەوە.. - ئەگەرچی لە کۆی وانەکانی ناو کتێبەکەی باڵداردا، دارا، بەوجۆرە دەردەکەوێت و دەناسێنرێت، تا ببێتە مرۆڤێکی نمونەیی و چاولێکراو، بەڵام پرۆسەی گەشەکردنی کەسایەتی(دارا) بەرەو شوێنی مەترسیدارمان دەبات. دارا لە زۆر شوێندا کاراکتەرێکی پێچەوانەی چاوەڕوانیەکان وەردەگرێت و لە هەندێک شوێنیشدا تەواو شەڕانی خۆی دەناسێنێ. بۆ نمونە: لە وانەی (تەیارە ل: ٥٢)دا، دارا تەیارەکەی دەباتە ناو دارەکانەوە و ئەوانیتر هاندەدات بیدۆزنەوە تاکو ببێتە هی خۆیان. لە وانەی (ووس بە ل: ٦٢)دا، دیسانەوە دارایە کە دەیەوێت ئازاد دنە بدات بۆ دەرهێنانی تەیرەکان لە هێلانەکەیان. لە وانەی (هێلکە ل: ٨٣)دا، نەسرین داوا لە دارا دەکات هێلکەیەکی بۆ بهێنێت، بەڵام ئەو دەیەوێت بۆی بهاوێژێ! هەروەها لە وانەی (کەڵەباب و قاز ل: ٢٤) دا، دارا خەریکی بەشەڕدانی کەڵەباب و قازەکانە! ئەمە جگە لەوەی

لە وانەی (گا بەڵەک ل: ٥٥)دا، بەناوی پاسەوانیکردنی گوڵەکانەوە دەیەوێت گوریس بکاتە ملی ئەو گایەی کە ئەو بە (بڵح) ناوی دەبات. ڕاستە دارا لە هەموو وانەکاندا دارایەکی شەڕانی نیە، وەلێ زۆربەی ئەو میکانیزمانەی شەڕانیەتی دارایان لەسەرەوە دروستبووە، لە کەسایەتی ئێمەدا ڕەنگیان ئاوەتەوە! دواجار دەتوانم بڵێم: ئەگەرچی پرۆژەکەی باڵدار بە پلەی یەکەم پرۆژەیەکی پەروەردەیی و فێرکاریانەیە، وەلێ لەوەدا کە ئەم بەرهەمە دنیای هاوبەشی منداڵیی چەند نەوەیەکی مرۆڤی کورد بوو، توانی زۆر لەو ئامانجە سیاسیانەش بەدی بهێنێت کە شۆڕشەکانی کورد هەوڵیان بۆ دەدا. باڵدار نەک لە ڕێگەی سیاسەتەوە، بەڵکو لە ڕێگای هووشیارکردنەوە و پەروەردەوە، شۆڕشی خۆی بەرپا کرد. بەم مانایەش ڕۆڵی ئەو کەمتر نیە لە ڕۆڵی هیچ شۆڕشگێڕێکی دی سەدەی بیستەمی ئێمەی کورد، بەتایبەتیش لە سازدانی ناسنامە و زەمینەیەکی هاوبەشی گەشەکردنی عەقڵی لەسەر بنەمای یادوەرییەکی بەکۆمەڵی. وازهێنان و بەلاوە نانی ئەو کتێبە، هیچ ناگەیەنێت جگە لە سڕینەوەی ئەو یادوەرییە هاوبەشانەو تێکدانی ئەو زەمینەیەی کە ناسنامەیەکی بە بوونی ئینسانیانە و کوردانەمان دەبەخشی. بەبڕوای من کارکردن و مشتومال کردن و گۆڕانکاری لە کتێبەکەی باڵداردا، کارێکی پێویستە، بەڵام لابردن و پاسیڤکردنی، وەکئەوەی لە لەلایەن هەردوو وەزارەتی پەروەردەی دوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێم و هەندێ ناوەند و کەسایەتی ئەکادیمییەوە کاری بۆ کراوە، جگە لە (هەڵەیەکی پەروەردەیی)، هیچیتر ناگەیەنێت و ئەمەش دەریدەخات کە سیستەمی پەروەردەیی و هزری پەروەردەیی لە وڵاتی ئێمەدا، لە چ تەنگژەیەکدایە. واچاکە نەوەی ئێمە، لە ڕێگەی خوێندەوەی ڕەخنەییانەی ئەم کتێبەوە و بەدوور لە نۆستالیژیا

و ڕابردوو پەرستی، نەهێڵێت (نیشتیمانی منداڵییەکانمان) لێزەوت بکرێت و هێزی باڵگرتن و فڕینمان لێبسەنرێتەوە. لێگەڕێ ئەمەش جیاوازییەکی دیکەی نێوان ئێمە و ئەوان بێت..

هەولێر: ٢٠٠٣

خودایە،
ئەو حەسەن زیرەکەت بۆ
لێسەندینەوە؟!

پێنج ساڵ پێشئەوەی لە دایک ببم، سەردانی گوندەکەی ئێمەی کردووە و چەند شەوێک لەوێ میوان بووە و گۆرانیی گوتووە. بەڵام من بۆخۆم لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیمدا، لە ڕادیۆی دەنگی کرماشانەوە ناسیم، کاتێ لەدوای دەنگە سیحرییەکەی کابرایەک، کە جگە لە شوکروڵای بابان کەسیتر نەبوو، گۆرانی دەچڕی. زیرەک، زۆر پێش لەدایکبوونی من هاواری کردبوو، بەڵام دڵنیام تا بمێنم دەنگی ئەو لە ڕۆحمدا دەزرینگێتەوە. ئەو مرۆڤێک بوو، هەژاری و کۆژان و ئازار دروستیانکرد، کەچی نەتەوەکەی خۆی بەجۆرێ دەوڵەمەند کرد، میراتێکی ڕۆحیی ئەوتۆی بۆ بەجێهێشتین، کە لە مێژوودا نمونەی نەبوو. لەوە دەچێ حەسەن زیرەک بە مانایەکی سیمبولیکیانە ئەو دەنگە ئومێدبەخشە بێت، ڕووبەڕووی سنوورێکی دەستکرد، کە لە شەڕی چاڵدێرانەوە لە نێوان کوردی خۆرهەڵات و باشووردا دروستکرابوو، بەرز دەبێتەوە. ئەو لەسەردەمێکدا کە

کوردی خۆرهەڵات لەمدیو قاچاخ و هی ئێرە، لەوێ قاچاخکرابوون و سـنوورەکان پڕکرابوون لە گوزارشچی و جاسووس و تادەهات وڵاتـی ئێمـە بەهـۆی سیاسـەتی شـۆڤێنیانەی ڕژێمـی ئێرانـی و عێراقـی، دوولـەت و پارچەپارچە دەکرا و کوردانیـان لێکتر دوور دەخسـتنەوە، حەسـەن زیرەک پردێکی لە ئاواز دروسـتکرد و بە گۆرانـی و ئامادەییەکانی خۆی لەمدیو لـەو دیو، هەوڵیدا تاکو ئەو دابڕانە سیاسی و دەستکردە، نەبێتە دابڕانێکی ڕۆحی و کەلتووری و مەعنەوی.
میراتی حەسـەن زیـرەک بە پلەی یەکـەم میراتێکی ئیسـتاتیکی و هونەرییـە، ناوەڕۆکی ئەم هونەرە باس لـەو بارودۆخانەی ڕۆحی مـرۆڤ دەکات، کـە بـە پلـەی یەکـەم زادەی ژیـان و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیانەی هونەرمەندەکەیە و بە پلەی دووەمیش ئەو ناوەڕۆکە بـاس لە ناخی مرۆڤ دەکات وەکئەوەی کە کائینێکی هەسـتەوەرە. ئێمـە لە ئێسـتادا ئەو شـێوە ژیـان و بارودۆخـە کۆمەڵایەتیەمان تێپەڕاندووە کە بۆتە ناوەڕۆکی بەشێکی زۆری هونەرەکەی حەسەن زیرەک. ئێمە ناچار نین عەوداڵی گەڕانەوەبین بۆ ئەو شێوازە ژیانە. ئەو شـێوازە ژیانە بەهای خۆی لە سـەردەمی خۆیدا بوو، وەلێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێ بەهای دیکە، چ لە ژیان و چ لە هونەر و گۆرانیدا، خۆیان سەپاندووە. بەم مانایە ڕۆژگاری ناو گۆرانییەکانی حەسـەن زیرەک و خودی ئەم هونەرمەندە بۆ ئێمە بەسـەر چووە، ئەگەرچـی لەهەرلا دەبینیـن و گوێمان لەدەنگی ئەوانەش دەبێت کە بە شێوازێکی نۆستالیژیانە یاد و لاسایی حەسەن زیرەک دەکەنەوە. وەلێ ئەوەی کە ئیستاتیکای حەسەن زیرەک تا هەنووکەش لەگەڵماندا دەژی و بـۆ حاڵەتـە ڕۆحییەکانمان پێویسـتە، بەڵگـەی ئەوەیە کە ئەو بەشـەی دیکـەی هونەرەکەی ئەم پیاوە، تـا لووتکە لە ناخێکی

مرۆڤانـــەوە هەڵقـــوڵاوە و بەردەوام گفتوگۆ لەگـــەڵ ئەو ڕەهەندەی ناخماندا دەکات، کە وازهێنان لێی ئاســـان نیە. بەم مانایەشیان بێت، حەســـەن زیرەک تا ئەو کاتەی ئێمـــە ناخمان زیندووە، ئامادەییەکی بەردەوامی لە ژیانی ئێمەدا هەیە..

حەســـەن زیـــرەک یەکەمیـــن نیە، باســـکردنی ئـــەو وەک «یەکەمین هونەرمەنـــد» کـــە وایکـــرد و واچـــوو، بێمانایـــە، چونکـــە لەگـــەڵ گریمانەکردنـــی ئەودا وەک «یەکەمین»، دەبێت باس لە دووەمین و سێیەمینەکانیش بکەین و ئەوکاتەش بریقە و باقی «یەکەمین» کاڵ و کاڵتـــر دەبێتەوە. بەڵام ئەو بـــەردەوام و لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار و وردبوونـــی زەوقـــی تایبەتیمـــان لەژێر زەبری هونـــەری بازاڕیی بێڕۆحدا، بریســـکە و کاریگەریی زیاتر و بایەخدارتر دەبێت. هەموو ئەم قسانە پێماندەڵێن: حەسەن زیرەک، ئەو پیاوە «نەخوێندەوارە»، «شایەرە»، «لۆتییە»ی ڕۆژگارێکی دوور و درێژ لە پێناوی نان و ژیان و هونەردا ئەمدیواو دیوی دەکرد، ئەو مرۆڤەی پۆلیســـەکانی سەرسنووری عێراق و ئێرانی دەستکرد، لەسەر خاکی کوردستان، کەلەبچەیـــان لەدەســـتدەکرد و ئەو کەســـەی عەقڵیەتـــی هەڕەمەکی کۆمەڵایەتـــی کورد، ســـەدان توانج و ئیدیعایەیان بۆ هەڵبەســـتبوو، لـــە مەجلیســـەکاندا ســـووکایەتیان پێدەکـــرد و کەســـایەتی خۆی و هاوســـەرەکەیان برینـــدار دەکـــرد، بە عارەقخۆر و ســـووک ناویان دەبـــرد، هونەرمەندێکـــی دانســـقە و بێنمونە و ئۆریگینـــاڵ بوو. ئەو ســـاتەوەختی دانســـقەیی لە مۆســـیقا و گۆرانیی کوردیدا چەسپاند، بەدەگمەن نەبێ، لاســـایی کەسی تری نەکردەوە، بەڵام لەشکرێ لە لاســـاییکەرەوەی دروستکرد و خەسڵەتی چیاییانە و بەهاریانەی لە گۆرانی کوردیدا بەجۆرێ چەسپاند، کە هەمیشە وابزانین لوتکەیەک هەیە پێویســـتە بچینە ســـەری و بەهارێک بەڕێوەیە پڕە لەسەیران.

ئەو لە پێدەشــت و گەرمەسێردا خەیاڵی ئەوەت دەخاتە زەینەوە کە هەست بە فێنکایەتی بکەی. لە بەردەلانیی چیاکان و بایەرترین عەردا، بیرۆکــەی هەڵقوولانی کانیاوێکت لەلا دروســتدەکات. با نەچووبیتە کرماشــان، وەلێ ئەو کرماشانت لەلا شیرین دەکا، لە تەنیاییەکانی غەریبایەتــی، هاودەمێکــە پــڕت دەکات لە ئیرادە و نۆســتالیژیا. لە بێکەســی و زویربوونەکاندا هەمیشــە دەتهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە هەمیشــە (ســەبری و لەیلا و خاتوونێک) هەن تۆراون و دەبێ ئاشتیان بکەینەوە. زیرەک لە لوتکەی ناوبانگیدا و لەناو کۆمەڵگایەکی نێرســالار و ئافرەتکوژی داخراودا، لای لایە بۆ خانمێکی ســوورە گــوڵ دەکات و داوای لێدەکات ببێتە خولامی تاکو بەســەر پەنجەی جۆلانــەی بۆ ڕابژێنێ بە جۆرێ کە لە خەوی هەڵنەســتێنێ. ئەو لە جیاتــی پاڕانەوە لە خودا بۆ چوونە بەهەشــت، هاوار دەکا: (خوایە هەڵکەی بای شەماڵی/با دەرکەوێ خەت و خاڵی)، و لە خەڵوەتەکانی ڕۆحیشدا پەنا بۆ مانگ دەبات و باسی هاودەردی خۆی و ئاسمان دەکات و کاتێ بیرۆکەی مەرگیش یەخەی دەگرێ: دەچێتەوە ســەر گردی (ناڵە شکێنێ) بەرامبەر بە بۆکانێ، لەوێ ئارامگایەک بۆخۆی چێدەکات.

یۆنانیە کۆنەکان سێ جۆر پۆلێنکردنیان بۆ کاری هونەری هەبووە: تەخنە، میمیســیس و پۆیســیس. تەخنــە لەلای ئــەوان زاراوەیەکە، ئاماژە دەکات بۆ پرۆســەی کارکردن و دروســتکردنی شــتێک بە تەمــای ئامانجێــک. بــۆ نمونە دارتاش کورســی بــە ئامانجی ئەوە دروســتدەکات کە لەبار بێت بۆ ئەوەی لەسەری دابنیشین. کورسی باش، ئەنجامی تەخنە و پیشــەی باشــە و ئامانجی کەســێکیش کە پیشــەکەی کورسیی دروستکردنە، ئەوەیە کە کورسی بکاتە ئامراز و شوێنێکی ئاسوودە بۆ دانیشتن. بەم پێیە زاراوەی تەخنە ئاماژەیە

بە مەهارەت و لێهاتوویی تەخنەکار (مرۆڤی پیشـەیی) لە کارەکەی خۆیـدا. پۆلێنـی دووەم (میمیسـیس)ە: ئێمە لە زمانـی خۆماندا لە جیاتی زاراوەی میمیسـیس، وشەی لاسـاییکردنەوە، یان گێڕانەوە بەکار دەهێنین. لاساییکردنەوە و گێڕانەوە لە مانای کۆمەڵایەتیانەی خۆیاندا خۆش بەرگوێ ناکەون. تەنانەت بۆی هەیە بە کەمایەسـی بۆ لاسـاییکەرەوە دابنرێ و ببێتە شـوێنی گاڵتەجاڕی. پێکەنین لەم بـارەدا، زیاتر لەوەی دەربڕینی دۆخێکی سـایکۆلۆژی بێت، دەبێتە ئامرازێک بۆ شـکاندنی ئەوەی پێی پێدەکەنین. لە تێگەیشتنە یۆنانیە کۆنەکەدا، میمیسـیس دوو جۆری هەیە: یەکەم، هەموو بەرهەمێکی هونەری جۆرێکە لە میمیسـیس، واتـە دووبارەکردنەوە. بەتایبەتی دووبارەکردنەوەی، یاخود تەقلیدکردنەوەی شتە ئاساییەکان، وەک تەقلیدکردنەوەی پەیکەرێ لە وێنەکێشاندا، یان دەنگێکی سرووشتی لە گۆرانی و مۆسـیقادا. بەڵام میمیسـیس لەمانای دووەمیدا بریتیە لە خسـتنەڕووی کاراکتەر و کەسایەتی ناو بەرهەمە هونەرییەکان وەکئەوەی کە گوایە ڕاستەقینەن.

هەرچی زاراوەی پۆیسیسە، لەلای یۆنانەکۆنەکان بەمانای (ئەفراندن) دێت لە پەیوەندی بەکاری هونەرییەوە. ئەوان دەیانگوت هونەر وەک (پۆیسـیس) واتە ئەفراندنـی کاری هونەری لە نەبوونەوە بۆ بوون. شتێ کە نەبێت و نمونەی نەبێ و هەرگیز بوونی نەبووبێت، دابهێنرێت و بوونی پێببەخشـرێ و بکرێتە نمونەی ئەفراندن و داهێنان، ئەوە (پۆیسیسـە). هونەرمەندە گەورەکان، یان داهێنەرەکان ئەوانەن کە بەهـۆی کاری هونەرییـەوە، ژیانێک، بەرهەمێک لـە نەبوونەوە، لە نادیـارەوە بەرهەم دەهێنن و بوون و ئاشـکرایی و بەرجەسـتەیی پێدەبەخشـن. بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێت، هونەرمەند لە ساتەوەختی داهێنان و خەڵقکردندا، هیچ نمونەیەکی پێشتری ئەو بابەتەی نییە کە

لە بەرهەمەکەیدا دایدەهێنێ و مانای پێدەبەخشێ. پێدەچێت وشەی ئەفراندن، یان داهێنان و بەدیهێنان، لەمانای پۆیسیسەوە نزیکتر بن. کەواتە دەتوانین بڵێین: وشەی (پۆیسیس) ئاماژەیە بە داهێنان، وشەی (تەخنە) ئاماژەیە بە پیشەیەک و وشەی (میمیسیس)یش ئاماژەیە بە کاری هونەری.

بەپێی ئەم پۆلێنکردنە حەسەن زیرەک، کەمتر لاساییکەرەوەیە و ئەو کاتەی لاسایی دەکاتەوە، لاسایی کەسایەتیەکی وەکو سەی عەلی ئەسغەری گەورە هونەرمەند دەکاتەوە: (ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارەکەن..)، بەڵام لاساییکەرەوەیەکی خراپە. لەبەرامبەر ئەمەشدا، ئەو لە بەشێکی هەرە زۆری کارەکانیدا، تەخنەکارێکی کارامەیە و بەدڵنیاییشەوە بەردەوام: ئەفرێنەرێکی مەزنە. ئەو بەدیهێنەری ڕەوتێکی نوێیە لە گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا، کە بۆ قسەکردن لەسەر لایەنە مۆسیقاییەکەی پێویستە گوێ لە پسپۆڕانی ئەو بوارە بگرین. وەلێ هەمووومان دەتوانین سەبارەت بە کاریگەریی دەنگ و مۆزیک و گۆرانیەکانی ئەم مرۆڤە لەسەر ناخی خۆمان، قسەی خۆمان هەبێ. ئەم قسەکردنەش لەسەر حەسەن زیرەک، لەلایەکەوە گرنگی و بایەخ و پێویستیی هونەری ئەو بۆ سەر ڕۆح و جیهانی ناوەکیمان ئاشکرا دەکات و لەلایەکیتریشەوە، وەڕسیی ئەم ساتەوەختەمان لەلافاوی ئەو هەموو بەرهەمە بۆ ئاشکرا دەکات، کە تەنیا بۆ مەسرەفکردنی ڕۆژانە بەرهەمهاتوون و بەدەگمەن تینوێتیمان دەشکێنن. پشتگوێخستنی هونەری حەسەن زیرەک بە کەناڵ و میدیا بە کلیپ مەستبوو و بێهۆشکراوەکانی کوردستانەوە، زۆر دیارە. ئەوان بە نومایشدانەوە گیرۆدەبوون و لە زۆرینەی کاتدا لە هونەر و جوانی بەتاڵ. من ئەوەندەی گۆرانیبێژ دەبینم کە گرێ و هەستکردن بە کەمایەتیەکانی

خـۆی نومایـش دەكات و لە كەنار سـیمای «كچـە جوانەكەی ناو كلیپ»دا سـیما و سـەلیقەی خۆی دەخاتە پەراوێزەوە، بەزەییم بە داهێنەرێكی گەورەی وەك زیرەكدا دێتەوە، كە نە دەنگی لەو كەناڵ و میدیایانەوە دەبیستم و نە سیمایشی دەردەكەوێ. باشتر، چونكە بیركردنـی ئـەو ناچـارم دەكات، خۆم لەو تەلەفزیـۆن و ڕادیۆیانە بدزمـەوە و لەگـەڵ ئاوازەكانـی ئەودا گەشـتێك لەگـەڵ دەنگێكدا بكەم، كە بێگومان لە سـەدەیەكدا بەرجەستەكەر و پەروەردەكەری هەسـتی جوانیناسـانەی مرۆڤێكە، كە سەدەی كوشتن و هێرشێكی هەمەلایەنەیـە بۆسـەر ئەم مرۆڤـە. بەڵام دواجار زیـرەك جەنگی خـۆی دەباتەوە، ئـەو جیهانی ئێمـە وەك جیهانـی هونەری خۆی ڕەنگاوڕەنـگ دەكات: جـارێ دەژی و چەندجـار دەمـرێ، گاهـێ دەگـری و گاهێ دەتـۆرێ و گاه هەڵدەپەڕێ، جاری وایە نائومێد و زۆرینـەی جارانیش پڕ لە مەسـتی و هیوا. ئەو كوڕی سـەردەم و نەتەوەكەی خۆی بوو: بەرگریی لەبەرامبەر ناهەمواری ژیانیدا كرد و هەرەسی لەگەڵ هیچ هەرەسێكدا نەهێنا و مایەوە. بەڵام هەمیشە ژیان پەرست و لە عەشقدا مەست و بێئۆقرە و نامۆ مایەوە. دڵنیام حەسـەن زیرەك ئێسـتا لەناوماندا ژیابایە، یان بەتەواوی لە هونەر دوور دەكەوتەوە، یانیش هونەری بازاڕی و شاشـە، دەیقۆسـتەوە و لەگـەڵ «كچەكەی كلیپ»دا، كە بێگومان كورد نەدەبوو، خەریكی تۆران و ئاشـتبوونەوە و جیابوونەوە دەبوو. ئەو ئێسـتا لێرەبایە، دەمـرد. بـەڵام نەك شـوققە و هوتێلیان بەنـاوەوە نەدەكرد، بەڵكو ناوەكەشیان لەسەر كوێرە شەقام و دێبەرە پاركێكیش نەدەنووسی، چونكە لەگەندەڵكردنی گۆرانی و مۆسـیقای نەتەوەكەیدا بەشداریی نەكردووە.

خودایـە كـە تـۆ لە سـەردەمی هـەرەس و هێرشـەكاندا بۆسـەر

نیشـتیمان، حەسـەن زیرەکـت بەو کوردانـە بەخشـی، چۆنە ئاوا لەسـەردەمی هەرەسـی ڕۆح و بێزەوقیدا، لێت سـەندنەوە و کلیپ بارانـت کردن؟ خودایە غەزەبی ئەو کلیپانەیان لەسـەر هەڵگرە، کە هونەری ڕاستەقینەیٚ بیر بردوونەتەوە و لەهەر کات زیاتر تەنیاتری کردوون. خودایە، با ئەو حەسەن زیرەکە بێتەوە.

له ستايشی ژنانه‌یيدا

که‌ژاڵ ئه‌حمه‌د:

مێژووی وڵاتەکەمان تا سەدەی بیستەم چەند خانمە ناودارێکی پێبەخشیوین، کە بە دووبارە و چەندبارەکردنەوەی ناوەکانیان لە بۆنەکاندا، هەم یادیان کراوەتەوە و هەم ئەوەندەش بە گوێمان ئاشنا بوون، کە ئیتر تەنیا لە ڕووی عادەتەوە ناوەکانیان دووبارە دەکەینەوە و یادگارەکانیشیان فەرامۆش. وەلێ لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، بەتایبەتی لە هەشتاکانی هەمان سەدەوە، چەند ناوێکی دیکە بەناو هەزاربەهەزاری یادوەری پیاوانەی ئێمەدا، خۆیان دەگەیەننە سەدەی بیست و یەکەم و شایەتی لەسەر قەهر و ستەمکارییەکی بێوێنە دەدەن کە لەناو مێژووی نەتەوەیی ئێمەدا، بەسەر هاوڕەگەزەکانیاندا سەپێنراوە. ئەم دەنگانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا ئەوەندە زاڵ و زوڵاڵن، کە مرۆڤ، یان (من)ی نێرینەی میراتگری باوکسالاری، بە گوێڕادێران بۆیان، لە قورسایی ئەو ستەمە تێدەگەم کە لەناو مێژوویەکدا بەسەریاندا سەپاوە، بەبێ ئەوەی

بەشــداریم تێدا کردبێ، بــەڵام مێــژووی هاوڕەگەزەکانی منە. منی نێرینەیی میراتێکی خوێناوی و شــەرمەزارانەی بۆ بەجێهێشتووین، کە تەنیا گەورەیی و خۆگری ئافرەتانی کورد بەرگەی دەگرن.
لەو ڕۆژانەی پێشوودا لە بەشێکی ئەو گفتوگۆیانەدا ئامادەبووم کە لە ئەنجومەنی وەزیران ســەبارەت بە گۆڕینی یاسای باری کەسی هاتنە ئەنجام. لەوێبووم و بە گوێی خۆم گوێم بۆ ئەو خانمە کوردانە گرتبوو کە لەدەنگیاندا حوزنی ســەدان ســاڵەی چەوســاندنەوەیان بەرجەســتە دەکرد. ئەوان لەوێ ڕووبەڕووی هێرشێک دەبوونەوە کە ڕەنگە هەزاران ســاڵ بێت، لەوانەیە لە سەردەمی ئیمبراتۆریەتی (میدیا)وە، کرابێتە ســەریان و تا ئەم ساتەوەختەش بەردەوام بێت. بەبینین و گوێگرتن لەو خانمانە، لەلایەکەوە هەستی شاگەشکەبوون و لەلایەکیتــرەوە هەســتی بچووکبوونەوەی هێواش هێواشــی ئەو (من)ـە مێژووییەی نێرینەیم لەلا دروستدەبوو، کە هەمیشە دووری خســتومەتەوە لە بینین و ناسین و ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەتانی وڵات و خانمــە هاوزمانەکانــم. مــن لــە ناوەڕاســتی گفتوگۆکانــدا هۆڵەکەم بەجێهێشت و تا بڵێی مەست و شاگەشکە، چونکە دەمزانی ئیــدی ســەردەمی نوێنەرایەتیکردنی مێینەیی لەلایــەن پیاوەوە، لە کۆمەڵــگا و لە ڕۆشــنبیریی ئێمەدا بەرەو کۆتایــی دەچێت و ئەگەر نێرینەیی باوکسالارانە لە سەدەی بیستەمدا ڕۆحی مرۆڤانەی ئێمەی کــوردی بە زۆر شــێوە کوشــتبێ، ئەوە لەم ســەدەیەدا کوردەکان بە تەســلیمبوونیان بە ئەقڵی مێینەیی، چانسێکی گەورەی بوونەوە بــە مرۆڤیــان لەبــەر دەمدایە. ســەدەی بیســت و یەکەم ســەدەی سەرهەڵدانەوەی مرۆڤێکی دیکەی کوردە، کە ئەمجارەیان بەدەستی مێینەکان لەو میراتە کوشندەیە ڕزگاری دەبێ، کە نێرسالاری بۆی بەجێهێشتووە.

(حەکایەتەکان دەگێڕنەوە، دوایئەوەی کوردەکان لە ئەزموونکردنی هەموو ئەو بەڵایانە بوونەوە کە خودا و ئاسمانان بۆیان ناردبوونە خوارەوە، کەوتنە دروستکردنی دۆزەخێک بۆ ئافرەتانیان و ئەوەی لە میراتە دێرینەکەی نێرسالاری و باوکسالاری بۆیان مابۆوە و ئەوەشی لە توانایاندا هەبوو، بەسەر ژنان و ئافرەتانی خۆیاندا هێنا. هەزارانیان خەتەنە کردن، هەزارانی تریان بە زۆر بەشوودان و بە سەدانیان ناچارکردن خۆیان بسووتێنن و سەدانی تریان تێزابڕێژ کردن و چەندانی تریشیان ناچارکردن لەژێر دەواری ڕەشی کۆیلایەتی بێهاوسەری (بێوەژنکۆشی)دا بمێننەوە و ئەوانەشیان کە بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، ناچاربوون لە کاتی جوتبووندا بە کرۆشتنی لێوی خۆیان ئەو ئازارە لەبیری خۆیان بەرنەوە، کە لە ئەنجامی هێرشی پیاوە ترسنۆکەکانی ناو جێگاوە، دووچاری دەبوون. هەر بەمەشەوە نەوەستان و ئەوان کەوتنە شکاندنی ئاوێنەکان، کوێرکردنەوەی کانییەکان و تەقاندنەوەی ئارایشگاکان و دواجار یاسایەکیان دارشت تاکو زۆرترینیان بەناوی فرەژنییەوە، بکەنە کۆیلە).

لەناو ئەو ژنانەدا کە لە ئاست ئەو شاڵاوانەدا هەوڵی ڕزگارکردنی خۆیاندا، چەند دانەیەکیان سەنگەری شیعریان هەڵبژاردبوو و ئەو هونەرەیان کردە پانتاییەک بۆ بەرجەستەکردنی خودی خۆیان، کە پڕبوو لە خۆزگە و ویستی توانەوە لەناو کوپێک قاوەدا. باسی کەژاڵ ئەحمەد دەکەم، ئەو خانمەی کە قسە لەسەر هەر شتێ بکات، وەک ماچەکانی بۆ ژیان، شیرینتری دەکات و وەک پرانسیپێکی بنەمایی، هەموو حوزنێک دەگەڕێنێتەوە سەر بنەچەی خەندەیەک تاکو پێشکەشی تۆی بکات. ئەم خاتونی ڕووخۆشییە، لە سەردەمێکدا شیعری کردە سەکۆی پەڕینەوە بۆ ناسینی (ئەو)،

بـۆ میهرەبانکردنـەوە و بـە مرۆڤکردنـەوەی، کە ئیتـر پیاو ببووە ئاسـن و بەرد. هەر لەبەر ئەوەشـە کە من بـەردەوام کەژاڵم وەک تەنیاترین مێینەی ئەم وڵاتە بیر دەکەوێتەوە، کە عەشـق و باجێک ئەو لە پێناوی بەرجەستەکردنی دەنگی مێینەیی خۆیدا بەخشی، بە تێپەڕینی ساڵەکان کردیانە ئەنفالکراوترین شاعیر.

نازانـم کەی و چۆن یەکترمان ناسـی و هەرگیز لە نیوکاتژمێریش زیاتر پێکەوە دانەنیشـتین، بەڵام دەزانم ئێمە سەر بەهەمان نەوەی کەرنەڤاڵ و خوێنین. سەر بەو نەوەیەین کە ئەو ڕۆژەی دەچووینە ژووانی خۆشەویستەکەمان، بەسەر مەرگیدا دەکەوتین و ئەو کاتەش لـە کەرنەڤاڵدا و لە ڕیزی شـاییدا دەریاندەهێناینە دەرەوە، بۆ ئەوە بـوو غەرقی نـاو خەمێکی خوێناویمان بکەن. کەسـیش لەو نەوەیە لە کەژاڵ وردتر و کچانەتر و ڕاسـتگۆیانەتر باسی ئەو کەرناڤاڵ و خوێنەی لە شـیعرەکانیدا بۆ نەکردین. ئەو کە هەر «بە بەرسیلەیی عاشـق بوو»، شـیعری ئێمەی پڕکرد لە دڵخۆشـیی کورتخایەن و لـە کۆژانی باڵابەرز. لە نێوان ئـازاری مێیینەیی خۆی و خۆزگەی مرۆڤانـەدا، پردێکـی لـە وشـەی بوێری دروسـتکرد. ئـەو پیاوی خۆشویسـت و پیاوەتی لە پێکرد. ئەو ستایشی مێژووی هاوبەشی کرد و لە نووسـینەوەی مێژووی مێیینەییدا، ڕیسوای کردین. ئەو لە سـەردەمی بەعسـدا دەستی بە دەمییەوە نەگرت و لە سەردەمی ئازادیشـدا خۆی شـەرمکووژ نەکرد. لە شـیعری کەژاڵدا گوێمان لـە نووزە و پاڕانەوە نییـە، هێندەی ئەوەی مرۆڤێک ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، کە وابزانین پێویستیمان بە دەستە میهرەبانەکانی هەیە تا سارێژمانکاتەوە لە خۆشەویستی.

نازانم کەی و چۆن و لە کوێ بۆ یەکەمجار یەکترمان ناسی، وابزانم

لە ژوورەکەی خۆی بوو لە (پاشـکۆی کوردسـتانی نوێ)ی ساڵی دوو هـەزار و دوو؟، بـەڵام زۆر پێش یەکتر ناسـین بۆ یەکەمجار لە پاسـێکدا بینیم. لە پاسـێکی پۆڵۆنیدا کە بە جادەی سـەهۆڵەکەدا دەیگواسـتینەوە بـۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان. پاسـەکە فۆرمی ئێمـەی گرتبوو، نێرینەیی لەبەر دەڕژا و یـەک ئافرەتیی تیا نەبوو، جێگەش نەمابوو. کەچی ئەوەندەمان نەزانی وەسـتا و دەنگیی وتی: ئـا زەحمـەت نەبـێ جێی ئـەو ئافرەتە بکەنـەوە. ئەو بـە هێمنی و لەسەرخۆ و هووشیار هاتە سەر و لە کورسییە سێ نەفەرییەکەی پاڵی دەدا بە پشـتی شـۆفێرەکەوە، دانیشت و منیش وەک هەمیشە، هەسـتی غەریبایەتیم لە شـاری سلێمانی و ترسـی خۆشاردنەوەم لە مەفرەزەکانی تەفتیش، بە کراسـە سپی و پانتۆڵە ڕەساسییەکەی پەیمانگامەوە، ڕایانپێچابوومە کورسـیی دوای دواوەی پاسەکەوە. دیمەنی لادیوار و سەقفی پاسەکە پڕبوون لە وێنەی گۆرانیبێژە تورک و فارس و هیندییەکان و سـەردەمەکەش عاشقی ئەو پۆستکارتانە بوو، بەتایبەتی ئەوانەیان کە ئەگەر لەلاوە تەماشات کردبان، تیلەی چاویـان لێدادەگرتی. سـەردەمەکە سـەردەمی قسـەکردن نەبوو، بەعـس زمانی ئاماژەی زاڵکردبوو بەسـەر زمانی گۆکراودا: دەمی کراوە پڕ دەکرا لە فیشـەک. بۆیە سەفەری ناو ئەو پاسانە چێژێکی تایبەتیان هەبوو. هەمیشـە دەتتوانی لە تەنیشـت ئەو کورسـییەی لە ناو پاسـەکەدا لەسەری دانیشـتبوویت، بە تەماشاکردنی وێنەی کچێ، گووگووشێ، سپیلکانیک و مەهەستییەک و بەبێدەنگی خەمی تەنیایـی خـۆت بڕەوێنیتەوە. ئـەو وێنانە ئەوەنـدەی ئامادەیی ئەو کەسـانەی لـە ڕۆژگاری گەنجێتی و ناوبانگی خۆیاندا بەرجەسـتە دەکرد، ئەوەندەش زیاتر خۆزگە و چەپاوەکانی نێرینەی سەردەمێکی بەرجەستە دەکرد، کە نمونە ئایدیاڵیەکانی مامە ڕیشە و مام ڕۆستەم

و داریووش، ستار و ئیبراهیم تاتڵیساز بوون و ناسری ڕەزازیش بەجۆرێ ڕۆحی کردبوو بە بەری «بیست و حەوت ساڵە»کەی (بێکەس)دا، کە باری گرانی بیست و حەوت سەدە دیلێتی بەبیر دەهێنایەوە.

بە هاتنی کەژاڵ بۆناو پاسەکە، شەپۆلێ لە بێدەنگی هەموومانی لە لێژایی بەردەم تەلاری ژووری بازرگانی شۆڕکردەوە خوار. هەستم بە نەرمبوونەوەی پاسەکە دەکرد. ئەو کەمێ نەرمە عارەق لە گەردنی نیشتبوو، ملوانکەیەک لە ملی و جووتێ گوارەی شۆڕ لە گوێدا و بزەیەکی هەمیشەیی لەسەر لێو. پاش کەمێ زۆر بە لەسەرخۆییەوە کیفی پارەکەی کردەوە و ویستی خۆی باداتەوە تاکو کرێی پاسەکە بدات، بەڵام لەو کاتەدا دەستی ئەو پیاوەی کە ئیتر دەبوو تا ویستگەی داهاتوو بە پێوە لەلای دەرگاکەوە بوەستێ، لەشێوەی پاڕانەوەدا کرێکەی لە کەژاڵ وەرگرت و دایە دەستی شۆفێرەکە. (لەبەرامبەر بەخشندەیی مێینەدا، دەستگرتنەوە، پیاو لە نێرێتی و هەتیویی ڕزگار دەکات). کەژاڵ، وەک ئەوەی هەستیکردبێ تازە بەهاتنی ئەو، کەس تەماشای وێنەکانی ناو پاسەکە ناکات، کیفەکەی داخست و لە پەنجەرەکەوە بە ئارامی نیگای بڕییە دەرەوە. نازانم ئەو هەموو تەماشایە دڵی خۆشکردبوو، یان نەیدەتوانی لەبەرامبەر نیگای داریوش و ستارە دڵشکاوەکانی ناو پاسەکەدا، بەرگەی ئەو هەموو بۆکڕووسی ئاهە بگرێ..

ساڵەها لەوەدوا، ئەوکاتانەی لە دانمارک لەناو شەمەندەفەرەکاندا شیعری کەژاڵم دەخوێندەوە و هەستمدەکرد ئەوانەی ئەمبەراوبەرم لە سیمای خۆرهەڵاتیانە و غەریبانەی لاوێتیم دەڕوانن، بە نیگای کەژاڵی ناو پاسەکەوە، دەمڕوانییە ئەو دیو پەنجەرەی شەمەنەفەرەکە. نازانم ئەو چی دەبینی و تەماشای چیدەکرد، بەڵام وێدەچێ نیگای

تاقەکچێکی ناو پاسە پۆلۆنیەکانی ئەوسای سلێمانی، زۆر دوور نەبێ لە نیگای پەنابەرێکی شەرم لەخۆکردوو لە شەمەنەفەرێکی وڵاتی غوربەتدا. ئەگەرچی ئەوان لە ڕەگەزدا جیادەبنەوە و مێژوو یەکێکیانی کردۆتە جەللاد و ئەویتریشیان بە قوربانی، وەلێ لە ئاستی تاکەکەسیدا نیشتیمانی ڕاستەقینەی هەردووکیان و کچ و کوڕە هاوشێوەکانیان غەریبایەتیە و هەستکردنیانە بە نامۆییەکی کوشندە، کە وایان لێدەکات هەمیشە لەدەرەوەی ئەو واقیع و دەوروبەرەی تیایدا دەژین، لە دەرەوەی پەنجەرەکان، بۆ نیشتیمانی ڕاستەقینەی ڕۆحیی خۆیان بگەڕێن. کەژاڵ ئەحمەد نیگایەکی بەردەوامە لە ناخێکی هەستیارەوە بۆ دەرەوەی واقیعێک، بۆ ئەو دیو پەنجەرەکانی سەفەر، کە حورمەت و ئازادیی ئەو تیایدا ناگاتە کەمترین ئاستی ئەو مافانەی هەر پەنابەرێک لە هەندەران بەدەستیان دەهێنێ. کەژاڵ هەرگیز نەبووە پەنابەری هیچ وڵاتێکی تر، شیعری ئەو لە چوارچێوەی ئەو ئازادیە شەرمنانەی (بەندەری بەرمۆدا) و (نیشتیمانی تیرۆر)ەدا لە شەقەی باڵیدا، کە پڕ بوو لە وادەکانی نەهاتن و ناوازەترین ئازارەکان و پیاوە ئاسنینەکان. کەس لە پاسەکەدا ئەوی نەدەبینی، چونکە هەمووان تەماشایان دەکرد. کاتێ لە ساڵی دوو هەزار و دووشدا لە ژوورەکەی خۆی، لە کوردستانی نوێ بینیمەوە، ئەو بە چاوە گەشەکانییەوە، لە پشت مێزەکەیەوە هاتە بەرامبەرم دانیشت و جاروبار دەستی خۆی بە عەلادینەکە گەرم دەکردەوە. بۆساتێ بیرمکردەوە: ئەوە هەمان ئەو چاوە پڕنیگایانەن کە ساڵەها لەوەپێش لە پەنجەرەی پاسە پۆلۆنیەکەدا قەتیس مابوون و ئەوەش هەمان ئەو دەستانەن کە هەرگیز واژووی شەڕێکیان نەکرد. کەژاڵ ئەحمەد، ئەو کچەی لە ڕۆژگارێکدا کە دەمانویست زۆرترین درۆمان لەگەڵ بکرێ، ئەو ڕاستگۆیی هەڵبژارد.

پێکەنین و ئازادی:

عەلادین سەجادی

یەکەم ناسینم بۆ مامۆستا عەلادین سەجادی و (ڕشتەی مرواری) ییەکەی، ڕێکەوتی قۆناغی موو لێهاتن و دەنگ گڕی و زیپکە دەرهاویشتنم بوو. ئەو قۆناغەش قۆناغێکی ئاسایی گەورەبوون و سەرەتای شەرمکردنەوەیە لە گۆڕانێک، کە هەروەکچۆن قەبوولکردنی لەلایەن دەوروبەرەوە بێکێشە نیە، ئا بەوجۆرەش شاردنەوەی لە کەسانیتر، ئاسان نییە. ئاخر، مرۆڤ تا دوێنێ دەنگێکی ناسک و ئاسایی هەبوو، کەچی ئەمڕۆ کە قسان دەکا وەک ئەوەیە دارێک لە تەنەکەی بخشێنی. جاران ڕووخسارێکی ئارام و ساف و ئەمێستاش زیپکە و دوومەڵ بەجۆرێ دایانپۆشیوە، کە مرۆڤ فریای تەقاندن و سڕینەوەیان ناکەوێ و زۆرجارانیش لە پێناوی شاردنەوە و ئاساییکردنەوەیان، لەگەڵ لەتە ئاوێنەیەکی شکاو، پەنا بۆ ئاودەستی مزگەوتێک یان کونجێکی ماڵ دەبات تا لەخۆی و گۆڕانە ناوەختەکانی لەشی خۆی بڕوانێ. ئەوە دۆخێکی

ناکۆمەڵایەتـی گووشـارهێنەرە، کـە هەمـوو هەرزەکارێـک پیایدا تێدەپەڕێ، ئەگەرچی هەموومان نامانەوێت بیرمان بکەوێتەوە. وەلێ من ئەو ڕۆژگارە تەنیاییە دوور لە کۆمەڵیانەی گۆشـەوکەنارەکانی ماڵ و ناو ئاودەستێ مزگەوت و کەلێن و پاسارەکان بەبیری خۆم دەهێنمـەوە، تـا بزانم چۆن توانیم خۆم لە شوناسـێک ڕزگار بکەم کە دەکرا بەسـەرمدا بسەپێ و شوناسێ دروست بکەم، کە بۆخۆم پێویستیم پێی هەبوو دروستیبکەم. ئا لەو قۆناغەی ژیانمدا، لە نێوان تێڕوانینی خۆم بۆخۆم و تانە و تەشەری ئەوانیتر لە سیما و دەنگ و ڕووخسارم، عەلادین سەجادیم ناسی و هەر زوو زانیم ئەو مەلایەکی خۆشخوان و دەوروبەر ئاوەدان و زانایەکی گەورەی وڵاتەکەمە. لە پێش (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی و پاشـان بەرهەمەکانیتریدا، لەگەڵ (ڕشـتەی مرواری)یەکەی گۆشەگیریم کردبووە پیشە و بەو پێکەنینـەی لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو زنجیرە کتێبەوە لە ناخمدا دروسـتدەبوو، هەم خۆم و هەم قسەی ئەوانیترم بیر دەچۆوە. ئەو پێکەنینە دەسـتێک بوو، فریادڕەسـێک بوو منی لە ناخی تراژیدیای گۆڕانە بایۆلۆژیەکانی لەشـی خۆم و ئەو سـاتەوەختانە دەردەهێنا کـە بەهۆیانەوە ئەمن دەبوومە قەشـمەجاڕ و جێگەی گاڵتە پێکردن و توانـج لێدانی ئەوانیتر. من بەو گۆشـەگیرییەم، لـە ناخدا گەورە دەبووم و وردە وردە کەوتمە سـەرئەوەی نەک هەر تەنیا پێبکەنم و لەو عەبووسییەی شـەرمکردنەوەلەخۆم، تیامدا دروستیکردبوو، ڕزگارم ببێ، بەڵکو ئیدی دەمتوانی قاقا بەخۆشم پێبکەنم و بوێریی ئەوەم هەبێ، قسـە و توانجی ئەوانیتر لە هەڕەشـەی دەرەکییەوە، بکەمە سـاتەوەختێکی شـادی ناو ناخی خۆم، کە تیایدا منیش وەک ئەوانیتر هەم پێبکەنم و هەم بەخۆشم پێکەنینم بێت. ئیتر بیرکردنەوە لە تانە و تەشـەری ئەوانیتر، دڵی ئـازار نەدەدام و خەفەتم بەخۆم

نەدەخوارد، بەڵکو لە ناخی ناخەوە دەمدایە پێکەنین و «حیلکەحیلک».
ئەوکاتەش پێیاندەگوتم: لێیگەڕێن، شێت بووە..
ئــەوە سرووشــتی مرۆڤە کە دەتوانــێ پێبکەنێ. بــەلام من پێموایە پێکەنیــن، ئەوەنــدەی توانایەکی سرووشــتی مرۆڤە بــۆ دەربڕینی شادی ئەوەندەش زیاتر کەلتوورێک هەیە ستایشی پێکەنین دەکات و مرۆڤەکان لەسەر ڕووخۆشیی و شادی و پێکەنین، پەروەردە دەکا.
مــن بڕوام وایە مرۆڤ بە زۆر بهێنرێتە پێکەنین جوانترە لەوەی بە سرووشتی خۆی مڕومۆچ و ڕووگرژ و عەبووس بێت. هەموو ئەو فەیلەســووف و بیرمەندانەی لەبارەی پێکەنینەوە بیریانکردۆتەوە و نووســیویانە و لەوانەیە پێکەنینیشــیان گرتبێ: (هۆبز، شۆپنهاوەر، فرۆید و برگســۆن..)، باس لەو ڕاستییە مرۆییە دەکەن و لە هەوڵی وەلامدانەوەی پرســیاری لەم بابەتەن: ئایا چ شــتێ ئێمە بە پێکەنین دەهێنــێ؟. پێکەنیــن لە ئەنجامی پووچی و بێمانایی و شــتی ناکۆک و چاوەڕواننەکــراوەوە بێت، یــان پەرچەکردارێکی عەقلانی یاخود ســۆزگەرایانەی مــرۆڤ بێــت، یانژی لــە ئەنجامی بێدەســەلاتی و بێتوانایی و هەرشــتێکیترەوە بێت، بەشــێکە لە سرووشــت و ناخی هــەر مرۆڤێک. تەنانەت ئــەو مرۆڤانەی هەرگیــز نایانەوێ پێبکەنن و حەزناکەن پێکەنینەکەیان ئاشــکرا ببێــت، دەتوانن پێبکەنن. بەلام وەک کۆلاکۆڤســکی فەیلەســووفی پۆڵۆنی دەنووسێ: خۆشتەبعی، قۆشمەیی و شیرینزمانی، دیاردەیەکی دەگمەنە و پەیوەستە بەوەی تاکەکەس چەندە دەتوانــێ مەودایەکی گاڵتەجاڕانە لەخۆی بگرێ و لە دوورەوە بەخۆی پێبکەنێتەوە: «جیاوازیی کەســێکی قۆشــمە و قســەخۆش لە هەرکەســێکی تر کــە دەتوانێ پێبکەنێــت، ئەوەیە کە هــەر مرۆڤێ دەتوانێ بەو نوکتانەی گوێی لێیان دەبێ، یان بۆخۆی دەیانگێڕێتــەوە بداتــە قاقــای پێکەنین، وەلێ تەنیــا ژمارەیەکی کەم

دەتوانــن و بوێــری ئەوەیــان هەیە بەخۆیــان پێبکەنــن». ئەمەیان هونەرە..
عەلادین سەجادی، ستاییشــکەری بێنمونەی کەلتووری پێکەنینە لە دنیای ئێمەدا. لەپێش ئەودا، دەنگی قاقای شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەلا ئەحمەدی نالبەند، لە بادینان، هاتوونەتە گوێم و کەلێکیش لەگەڵیاندا پێکەنیوم. وەلێ لە سەدەی بیستەمدا کەسێکی دیکەی وەک عەلادین سەجادی لە بواری تۆمارکردن و بەرجەستەکردنی گوتاری پێکەنیندا، نایەتەوە بیرم. پەیکەری ئەو پێویستە بەرجەستەکەری کەسایەتیەک بێت کە بە گێڕانەوەکانی، بە ڕشتەی مرواریەکانی، نەتەوەی خۆی هێناوەتــە پێکەنین، بەجۆرێ کە بە تەماشــاکردنی ئــەو پەیکەرەی ورەی بەردەوامی و ویســتی ئازادبوونمان لــە دووبارەبوونەوە و ڕووخان، تێدا زیندوو بکاتەوە..
لەپاشــاندا و لە قۆناغێکــی دیکەی تەمەنمدا، کە دەبــوو پێبکەنم بۆ ئــەوەی نەمرم، کاتێ هەمدیســان ڕشــتەی مرواریــم دەخوێندەوە، عەلادین ســەجادیم وەک یەکەمین مرۆڤێک دەهاتەوە پێشــچاو کە بە ڕیوایەتکردنی ئەزموونە ڕۆژانەییەکانی ژیانی کوردی پێدەکەنێ و لە هەمان کاتیشــدا دەمانخاتــە پێکەنین و بەخۆمانپێکەنین دەکاتە ســەرچاوەی شــادیی و خۆشــتەبعی و خۆشــحاڵیمان. لێرەشەوە، ڕشــتەی مرواری ڕەوایەتیدانــە بە ڕەهەنــدی کۆمیکیانەی ژیان و گێڕانــەوەی ئەزموونــە لــە فۆرمێکــی شــادیبەخش و کۆمیدیانەدا. عەلادین ســەجادی بــە تۆمارکردنی ڕەهەنــدی کۆمیکیانەی ژیانی کوردەواری، ئەو گۆشــەگیرییەی کوردمان بەدەســت تراژیدیاکانی ژیانــی مێژوویــی خۆیەوە پیشــاندەدا، کــە لە قۆناغــی تێپەڕین لە شوناســێکەوە بــۆ بەدەســتهێنانی شوناســێکیتر، لەجیاتــی ئەوەی دووچــاری خەمۆکی بــکات، دەبێتە قاقا و پێکەنین و خۆشــتەبعی.

ئەو ئەزموونانەی سەجادی تۆماریان دەکات، ئەزموونی ئاسایی مرۆڤی ئاسایی ناو واقیعێکی تاڵ و ژیانێکی جەبریانەن، کە تەنیا کار و زەحمەتکێشان و عەرەقڕشتن، سەرچاوەی مانەوەی نین، بەڵکو پێکەنین و گاڵتەجاڕیش بەو ژیانە و لەناو ئەزموونەکانی ئەو ژیانەدا، بەشێکی گرنگن لە بەرگریکردن لە خۆ و بەرزکردنەوەی ورەی مرۆڤ بۆ بەردەوامی و مانەوە. پێکەنینی میللەتێک لە ڕۆژگارە تاڵ و لەناو ئەزموونە تراژیدیاکانییەوە، ئیرادەی ئەو میللەتەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی بۆ ئاشکرا دەکات: پێکەنین و کەلتووری شادی، بەشێکی گرنگن لە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی، چونکە دۆخی عەبووسی و تووڕەیی و خۆ مۆنکردنەوە، دۆخێکی نائازادانەن و مرۆڤ لەسەر بوون بە ستەمکار ڕادەهێنن. لە کاتێکدا پێکەنین و شادی و خۆشڕوویی، سرووشتێکی کۆمەڵایەتیانەی هەیە و بانگهێشتێکی هەمەلایەنەیە بۆ پێکەوەبوون و لەگەڵ یەکتر بوون. هەر لێرەشەوە، خەندە و ئەو شتانەی دەمانهێننە پێکەنین، فرە ڕەهەندن و عەبووسی و گرژوومۆنیش تاکڕەهەند. پێکەنین گەرمکەرە، خرۆشێنەر و کۆکەرەوە و تەبایی دروستکەرە. مۆنی و عەبووسی، ساردکەرەوە و چەپێنەر و پەرتەوازەیی دروستکەرن. هەموو ئەوانەی لە ساتەوەختێکدا ڕۆحی شەڕانگێز و ستەمکارانەی چەپاوی خۆیان بەشێوەیەکی نائاگایانە بەیان و بەرجەستە دەکەن، قریوەی پێکەنین بە «حیلکەحیلک» و «هەراهەرا» و «قریووهوور» وەسف دەکەن. لەکاتێکدا ئەوانەی لە مانای ئازادیَ و تەبایی تێدەگەن، هەمیشە پێکەنین و پێکەنیناویکردن و بەشادی ژیان، بەشێکە لە خەباتەکەیان. لەناو سەنگەرەکانی جەنگ و ژیانی پێشمەرگەی جاراندا، بەردەوام پانتاییەکی فراوانی دروستکردنی نوکتە و قسەی خۆش و پێکەنینهێنەر ئامادەیی هەبووە و ئەو کەلتوورەش ورە

و وزەیەکــی زۆری پێبەخشــیون تاکــو بەرگەی مەرگەســاتەکانی ئەزموونەکەیان بگرن.
ســەبارەت بــە پەیوەندیــی پێکەنین و ئــازادی، میکاییــل باختین لە یاداشــتەکانیدا نووسـیویەتی: «تەنیــا کەلتــوورە دەقبەســتوو و ســتەمکارییەکان بەشــێوەیەکی تاکڕەهەنــد شــێلگیرن. توندوتیژی پێکەنین ناناسێ. پێکەنین ڕێگای مرۆڤ داناخات، بەڵکو مرۆڤ ئازاد دەکات». با بپرســین: ئاخــۆ پێکەنین چ پەیوەندییەکی بە ئازادییەوە هەبــێ؟ پێکەنیــن دەنگی کەرناڤاڵ و شــایی و ئاهەنگەکانە و مانای ئازادیش لەو بۆنانەدا فراوانترە وەک لە مانای ئەو چەمکە لە ژیانی ڕۆژانەدا. مرۆڤ ناتوانێ هەموو ڕۆژێکی شایی و ئاهەنگ بێت، بەڵام بــۆی هەیە قۆناغێکی ڕەنجکێشــان لە ئاهەنگێکــدا، کە تەنیا ڕۆژێک دەخایەنێ، کورتبێتەوە. وەلێ ئەو ڕۆژە لە ژیانی مرۆڤەکاندا مەزن و بەنرخە. باختین نوســیویەتی: «هەرشــتێ بەڕاســتی مەزن بێت، دەبێ ڕەگەزێکی لە پێکەنین تێدابێ، دەنا هەڕەشــەئامێز، مەترسیدار و بە ئەرک، یان سنووردار دەبێ».
هیچ کەس لە کوردەکان، لەســەدەی بیســتەمدا وەک ســەجادی لە مانای پەیوەندیی پێکەنین و ئازادی تێنەگەیشت و هیچ کەسیش وەک ئەو، ئەو ڕۆژانەی لە ژیانی مرۆڤی کوردا نەمر نەکردن، کە تیایاندا ئــەو میللەتە پێکەنیوە و ئازاد بووە. ســەجادی مێژوویەکی دیکەی کوردەکانی نوسییەوە، کە تیایدا ئەوانی نەک وەک مرۆڤی عەبووس و تووڕە و تۆڵەستێن بەرجەستە کردووە، بەڵکو وەک بوونەوەری قۆشــمە و قســەخۆش و بەرهەمهێنەرانی پێکەنین و شادی ناساند، وەک تینووە ڕاســتەقینەکانی ئــازادی و وەک ئەو مرۆڤانەی کە بە هــۆی کەلتووری پێکەنینــەوە لەناو ژیانێکی داگیرکــراودا، ئیرادەی خۆیان بۆ ژیان ئاشکرا دەکرد. نرخی ڕشتەی مرواری لە ڕۆژگاری

ئەمڕۆکەدا، کە پێکەنینمــان بیرچۆتەوە، لەهەر کات زیاترە. ئەویش بە پێنج بەڵگە:
یەکــەم: پێکەنین لــە زەمەنی نایەکســانیدا، بەدیهێنــەری جۆرێ لە یەکســانیە، بەتایبەتی لە ئاســتی دەروونی و مەعنەویدا. من بۆخۆم پێموایــە هەمیشــە هــەژاران لە پێنــاوی ژیانــی مادیدا، لــە هەوڵی گەیشتن بە یەکســانیدان لەگەڵ دەوڵەمەندان، وەلێ دڵنیام هەژاران لــە دەوڵەمەندەکان زیاتر پێدەکەنــن. بۆیە ئەوە دەوڵەمەندەکانن کە پێویستە لە پێناوی ژیانی مەعنەویدا فێری پێکەنین و تریقەی هەژاران ببن و خۆیان یەکسان بکەنەوە. بەهەمان شێوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەمیشە دەنگی پێکەنینی پیاوان بەرزترە لە قاقای خەندەی ئافرەتان، وەلێ ئەگەر خانمەکانی ئێمە زیاتر لەوەی دەگرین، پێبکەنن، دەنگیان ئاوەدانی بە وێرانە دەبەخشی.
دووەم: لــە ڕۆژگاری درۆکردن و دووڕوویــی و مەراییکردندا، کە هەموویان بواری ئاشتی تەســکدەکەنەوە و فیتنەیی و دووبەرەکی و پەرتەوازەیــی لە ژیانی مرۆڤدا دەخوڵقێنن، پێکەنین یارمەتیدەری مرۆڤــە بــۆ کرانــەوەی بــەرەو ئەوانیتــر و ڕاســتگۆیی و متمانــە دروســتکردن. مرۆڤ کە پێدەکەنێ جوانە و جوانییش بەخشــینەوە و بەخشندەیی ئەو هەستە ڕاستگۆیانەیە کە مرۆڤی پێدەناسرێتەوە. مــرۆڤ لە ناســینەوەدا، لەوەی کە چۆن مرۆڤــە و ماهییەتی چییە، دەبێتە جێگەی متمانــە و یەکڕوویی جێگەی دووڕوویی دەگرێتەوە و ئەوکاتــەش دەتوانین بەو جۆرە لەگەڵ یەکتردا بژین، کە بۆیەکتر پێویستین، نەک زیادە. بەهەشتی یەکترین، نەک دۆزەخ.
ســێیەم: لــە ڕۆژگار و پاشــماوەی ڕۆژەکانی جەنگ و شــەڕەکان (شــەڕی سەنگەر و شەڕی دەروونی)، مرۆڤ پێویستییەکی زۆری هەیە بە پێکەنین. چونکە ئاشــتی لە پێکەنین، لەو بزە و خەندەیەوە

دەستپێدەکات، کە لایەنەکان دەیبەخشنە یەکتر و زمانی پێکەنین، فۆرمێکی زمانیی پێش ئاخاوتن و گوتنە. منداڵ بەرلەوەی قسان بکا، بۆ پڕکردنەوەی ئازارە بایۆلۆژییەکانی و بێدەسەڵاتی خۆی، دەگری، وەلێ بۆ سەلماندنی خۆی وەک هەستەوەرێک، پێدەکەنێ و دەتریقێتەوە و بەوەش ژیانی ئێمە دەوڵەمەند دەکا و ئاشتی و ئاوەدانیمان بەسەردا دەبەخشێتەوە..

چوارەم: کۆمەڵگای ماتەمگێڕ، ئەو کۆمەڵگایەی بەهایەک بۆ عەبووسی و تووڕەیی دادەنێ، کۆمەڵگایەکی تاکڕەهەند و تاک دەنگە، وەلێ پێکەنین کرانەوەی کۆمەڵگایە بەرەو فرەڕەهەندی و فرەدەنگی. وەک کۆلاکۆڤسکی دەڵێ: ئەوکاتە پێکەنین گرنگیی خۆی هەیە کە دڵنیامان کاتەوە لەوەی ئەگەر واقیع هێندە بە جیدی نەگرین و بەردەوام لە پرسەکانیدا دانەنیشین، ئەوەندەش هەڕەشەئامێز و مەترسیدار نیە. نوکتەکانی سەردەمی بەعس و ئۆردوگاکانی ستالین و قۆشمەیی زیندانیە سیاسیەکان لە ژوورەکانی چاوەڕوانی سێدارەدا، بەڵگەی ئەو قسەیەن.

پێنجەم: ئیمان و بڕواهێنانیش پەیوەستییەکی جەوهەرییان بە پێکەنینەوە هەیە. لە ئاییندا جیهان شوێنی تاقیکردنەوە و دەرد و ئازارە و ئەگەر خۆمانی بەدەستەوە بدەین، زۆر بواری شادی و پێکەنینمان بۆ ناهێڵێتەوە. بەپێی تەورات و قورئان، یەزدان و خودا بۆخۆی جەوهەرێکی خۆشڕوو و شادمانانەی هەیە: (قل بفچل الله و برحمته فبژالک فلیفرحوا). شاعیرانیش گوتویانە:

(به جهان خرم از انم که جهان خرم از اوست
عاشقم بر همه عالم که همه عالم از اوست).

بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا عەبووسان بە ناوی ئایینەوە، پێکەنینمان لێقەدەخە دەکەن، پێویستە ئەسڵی شادمانی یەزدانییان

بیر بخەینەوە و بە پێکەنینەوە، لەباری قورسیی ژیان و ئازارەکانمان کەمبکەینەوە. لە گوتاری سەجادیی نەمردا، ستاییشکردنی پێکەنین، بەشێکە لە ستاییشکردن و پەیوەندیی نێوان یەزدان و مرۆڤ. مرۆڤی بڕواداری ڕاستەقینە، پێش هەمووشتێ خۆشتەبع و قسەخۆش و پێکەنینهێنەرە. ڕێگای پەیوەندیگرتن و چوونەوە لای خوا، بۆ سەجادی زۆرن، پێکەنین خستنەسەر زار و شادومانکردنی خەڵک یەکێکە لەو ڕێگایانە کە سەجادی ئەو پەیوەندییەی ناوەناوە: ڕشتەی مرواری.

٢٠٠٨/٤/٢٨ هەولێر

پانتاییەک بۆ تراژیا و کەرنەڤاڵ

ئەحمەد سالار

پێشئەوەی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەدیداری شاد بم، لە مەجلیسەکانی ماڵی خۆماندا، شەوانە ناوی دەهات و لە مەدحەوە تا هێرشی دەکرایە سەر. پاشان لە نومایشی (پیسکەی تەڕپیر)دا ناسیم و دوایئەوەش لە هۆڵی نەقابەی کرێکاران گوێم بۆ کۆڕێکی گرتبوو لەسەر مێژووی شانۆ، یان بابەتێکی تر بوو، کە ئیتر لەبیرم نەماوە.

ئەحمەد سالار ناوێکی ئەوەندە درەوشاوەیە، کە مرۆڤ پاش گوێبیستبوونی چەندجارەی ئەم ناوە، ڕووناکییەکی ئەوەندە بە تینی بیردەکەوێتەوە، گەرمایی دەخاتەوە ناو تاریکترین دڵێک، کە بڕوای بە داهاتوو نەماوە. هیچ شتێ لەو مرۆڤە سەلارەدا ئەوەندەی ئیرادە مەزنەکەی بۆ بەردەوامی و ماندوونەناسییەکەی لە کارکردندا، سەرنجڕاناکێشێ. ئەو تاقگەیەکە، نە کەمدەکا، نە لێڵ دەبێ و نە بەدەوری خۆیدا پۆنگ دەخواتەوە، ئەو لە ڕێکردنی بەردەوامی

خۆیدا، پاکژی بە هەموو ئەو گیانانە دەبەخشی، کە گەرد لە ڕۆحیان نیشتووە و ئومێد لە دڵیاندا نەماوە. لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، کاتێ لـە ژووری مامۆسـتاکانەوە بـە پلیکانەکاندا دەهاتە سـەر، هەستمدەکرد زەویەکەی ژێرپێیشی وەک ئێمەی قوتابی، دڵی خۆی ڕاگرتووە، تا ئەو مامۆستایە بەسەریدا بڕوات. پێشئەوەی لە دەرگا بێتە ژوورەوە، دەنگ و (نوور) و قورسـاییەکەی لە دڵ و نیگاماندا بـوو، کاتێ بۆخۆشـی دەردەکـەوت، وەک ئەوە وابـوو، دیمەنەکە بچێتە ناو چوارچێوە و قاپی خۆیەوە. یەکەم قسەی (ڕۆژتان باش) بـوو، کـە ئێمـە واماندەزانی ئەو دەسـتەواژەیەش لـەو ڕۆژگاری بەعسـەدا، مانایەکی بەرگریکەرانەی هەیە چونکە لە زمانی ئەوەوە دەیبیستین..

لە پۆلدا وانەی (مێژووی شـانۆی) پێدەگوتین، بەتایبەتیش جەغدی دەکردەوە سـەر شـانۆی گریکیی کۆن، کە بـەلای ئەوەوە لوتکەی ئەو هونەرە بوو. ئەو هەمیشـە لە ئاسـتی لوتکەشدا قسەی دەکرد. سـالاری مامۆسـتا، ئەوەندە دڵسـۆزی هونەرەکەی و شـارەزای بەهرەی خۆی بوو، کاتێ باسـی یۆنانی کۆنی بۆ دەکردین، ئێمەی دەبردە کەشـوهەوایەکی ئەوەندە ئەفسـووناوییەوە، کە حەزبکەین هەر لەوێ نەیەینەوە بەشـکم ئەسـخلیۆس، یان سۆفۆکلیس لێمان پەیـدا ببێ و باسـی فەلسـەفەی تراژیدیامان بۆ بـکات. من ئەگەر بۆخۆم لەو سەفەرە خەیاڵییەمدا نووسەری شانۆیی (ئۆدیب پاشا)م دەبینی، لێمدەپرسـی: باشە کاتێ چارەنووس بۆ ئۆدیبی بڕیوەتەوە کـە باوکـی بکوژێ و لەجێی ئەو ببێتە پاشـا و دایکـی خۆی مارە بکاتەوە، بۆچی ئەو دەمەی غەیبگۆکان ئاشکرای دەکەن کە تاوانبار لـە کۆشـکدایە، ئۆدیـب ئەوەندە سـوورە لەسـەر گـەڕان بەدوای ڕاسـتیدا؟ ئاخر ڕاسـتیی سـەرت دەخوات. ئێسـتە تۆ کە پادشای،

ژیان و گوزەرانت دەسووڕێ، ژن و منداڵی خۆت هەیە و میللەتێکی دەستەمۆی ملکەچت بۆ هاتۆتە سەر چۆک، وەک هەر پاشایەکی تر، بخۆ و بکە و بژی، چتداوە لە حەقیقەت و دۆزینەوەی؟ کوا لە مێژووی پاشاکاندا پێشینەی گەڕان بەدوای ڕاستیدا هەیە؟ من دەمەوێ بزانم نوسەری ئەو تراژیدیایە لە خۆشەویستییەوە بۆ حەقیقەت ئەوکارە دەکات، یان لە خۆشەویستییەوە بۆ ئۆدیب وەک پاشایەکی نمونەیی؟

هەرگیز ئەوەندە لە ژیانی تایبەتیی ئەحمەد سالار نزیک نەبوومەوە، تا بتوانم لەو هاوسەنگییە تێبگەم کە ئەو لە نێوان کۆنیی شانۆ و بۆنی عەترەکانیدا دروستیکردبوو. لە نێوان تراژیدیاکان و خەندە و قۆشمەییەکانی خۆیدا. لە نێوان شکست و کەرنەڤاڵەکانیدا. ئەو هەمیشە باسی قارەمان و ئەفسانە و تراژیدیا کۆنەکانی بۆ دەکردین، بەڵام بەردەوام بۆنی خۆش و ئەمرۆیی و گەنجانەی لەخۆی دەدا و وەک مامۆستایەکی کەشخە، سەرەمان دەبەست تاکو لە میانەی گوێگرتنمان بۆ زانست و گوتەکانی، بە بۆنی شەماڵی عەتر و هاژەی سنگفراوانییەکەی، مەست بین.

ئەو کاتانەی بیر لە یەکەمین یەکترناسینم لەگەڵ ئەحمەد سالار، دەکەمەوە، سەرم دەسووڕمێ لەوەی ئەو هەموو ئومێدە چیبوو لە ناخی مندا چاندی. دڵنیام بەشێکی پەیوەندیی هەبوو بە دۆخیی عاشقیی ئەوەوە: هێندە نەبوو نەجیبەخانی کردبووە دەزگیران، یان هاوسەری خۆی. من پاشتر زانیم هەموو عاشقەکان ئومێدبەخش و لالێکەرەوەن. بەشێکیشی پەیوەست بوو بە سرووشتی خۆیەوە کە حەزی لە ڕووخاندن و ساردکردنەوەی کەسەکان و بەتایبەتی گەنجەکان نەدەکرد. لە ڕۆژگارێکدا کە هیچ داهاتوویەک نەبوو، من نامیلکەی (ئەفسانەی خۆشەویستی)م پێشکەشکرد و ئەو بە

قسـەکانی پڕیکردم لە داهاتوو. پێشـنیاری کرد فیلمنامەی (پایسکل دز)ی (ڤیتۆریـۆ دیسـیکا)م بـۆ بهێنـێ و منیش بیکەم بـە کوردی. ئەگەرچی بێگومان پێشـنیارەکەم پەسـەند کرد، بەڵام لە سـەرەتادا لەمانای گەورەیی ئەم پێشـنیارە تێنەگەیشـتم کە خرابووە بەردەم منی شازدە، حەڤدە ساڵ. پاشتریش کاتێ بیرم لێدەکردەوە، ئەوەی بەلامـەوە خۆش بوو تەرجەمەکردنی شـاکارێکی سـینەمای ئیتالیا نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو کە ناوی من و ئەو دەچوونە پاڵ یەکترەوە. کاتێ دەقەکەشم تەرجەمە کرد، ئەو پێشەکییەکی ناسکی بۆ نووسی، کە پڕ بوو لە وشـەی جوان و ستایشـکردنی هونەری سـینەما، بە تایبەتـی ڕیالیزمـی ئیتالیا. من ئـەو دەقەم بەدرێژایی سـەفەرێکی سیازدە ساڵان پاراست، ئەگەرچی هەرگیز دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بۆ نەهاتە پێش..

ئەو پۆلەی ئەو وانەی تێدا دەگوتەوە، مامۆستای جیاوازی بۆ دەهاتن: هەیانبـوو بە هەڕەشـەی ئەوەی ئەگەر بیسـمیلا لەسـەر کاغەزی تاقیکردنەوەکان نەنووسـین، سـفرمان دەداتێ، دەمکوتی دەکردین. هەیانبـوو بە درووشـمەکانی بەعـس دەیتۆقاندین، تیاشـیاندا بوو ئەوەندە لە خۆی بایی بوو، لاساییکردنەوەی زۆر ئاسان بوو..

مامۆستاکان جۆراوجۆرن، هەیانە بە تووڕەبوون و گرژی، نەزانیی خۆی دەشـارێتەوە. تیایاندایە دیواری ئەوەندە پان و بڵندت لەگەڵدا دروستدەکات، کە وابزانیت وەستای خانەنشینکراوی دیواری چین، یان هەرەمەکانی میسـر بووە. بەڵام ئەحمەد سـالار نوقڵێ بوو کە دەتخسـتە زارتـەوە، حـەزت نەدەکرد هەرگیز تامەکـەی لە زمانت دەرچێ. لە قسەکردندا هێمن، لە گوێگرتندا قووڵ تەماشای دەکردی و لـە پەرسـڤدانەوەدا پەیامبەرانە دەهاتە زمان. ئـەو لە یەک کاتدا کاریگەریی هونەری، ئەخلاقی و سیاسیشـی لەسـەر ئێمە دانا بوو،

بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە، من شەیدای سنگفراوانیەکەی بووم و ساڵەها لەوەدواش لەسەر زاری فەیلەسووفێکی ئێرانییەوە زانیم، ئەو خەسڵەتەیان پەیوەندیی بە دانایی و بەخشندەییەوە هەیە. دانا ڕاستەقینەکان سوکراتیانە بیر لە ژیان دەکەنەوە: ئەوان دەزانن کە نەزانن، بەڵام لەناو ئەوانەدا دەژین کە نازانن نەزانن. بۆیە مامۆستا سالار زۆر وریایانە و بە ئیحتیاتەوە قسەی دەکرد و کەمتریش بیروڕای ڕاستەقینەی خۆی دەردەبڕی. ئەو هەمیشە وایدەکرد و وایپیشاندەدا کە تەنیا ڕەهەندی هونەریانەی شانۆ بۆ ئەو گرنگیی هەیە و واتدەزانی بە زۆر دەیەوێ سیاسەت و شانۆ لەیەکتر دابڕێ، بەڵام ئەو لەپاڵ ئەم درووشمە گوتارەدا، شانۆی وەک پانتاییەکی هووشیارکردنەوە و بێدارکەرەوە و پەروەردەکار بەکار دەهێنا. سالار بەبێ ئەوەی بیەوێ هونەر بکاتە قوربانیی سیاسەت و دایبەزێنێتە سەر ئاستێکی بازاڕی، بەجۆرێکی دیکە گەمەی سیاسەتی لە شانۆدا پەرەپێدا: ئەو دەیویست دەنگ و لەشی مرۆڤی کورد لەسەر شانۆ، گەورەتر لە قەبارەی خۆی پیشانبدات، تاکو بتوانێ بەرگەی ئەو بچووککردنەوە و پێشێلکارییانە بگرێ کە ڕۆژگارەکە سەپاندبووی. ئەو کاتێ لەسەر شەقامەکان و لەناو شوێنە گشتییەکاندا دەیبینی، گەردنی بەرزی مرۆڤ ناچار بە ملکەچی و سەربەرەژێری دەکرێ، لەسەر شانۆ گەردنی مرۆڤی بەرز و قنج و بڕوابەخۆبوو، پیشاندەدا. ئەو ڕۆژگارە ڕەشانە ڕقیان لە بەرجەستەیی لەش و سنگی دەرپەڕیو دەنگیَ هەڵبڕیو، دەکرد، کەچی ئەو لەسەر شانۆکانی جەستەیەکی قەبە و سنگی پان و پۆڕ و دەنگێکی بەرزتر لە ئاسایی بەکار دەهێنا و چپەچپ و سەر بردنە ژێرسەری یەکتر و لەژێر لێوەوە وریتەوریتکردن، لە نومایشەکانیدا نەبوو، یان زۆر کەمبوو.

ڕۆژگاریکی تر کاتێ بەدەم تەماشاکردنی نومایشە تۆمارکراوەکانیەوە، بیرم لەم ڕەهەندانەی هونەری مامۆستا سالار دەکردەوە، بۆ ئەوە دەچووم ئەم خەسڵەتەی لە کەلتووری یۆنانیی سەردەمی زێڕینی شانۆ و هەروەها سەردەمی ڕێنیسانسەوە وەرگرتبێ. چونکە لە هەردوو ئەو قۆناغەدا، هونەر کار لەسەر بەرجەستەکردنی ئیرادەی مرۆڤ و سەروەریی لە ژیان، لەسەر بنەمای گەورەکردنی قەبارەیەوە دەکات. مرۆڤی یۆنانی سەردەمی پریکلیس شا، مرۆڤێکی بڕوا بە خۆبووی سنگ بەرجەستەی سەر بڵندە، نەک مرۆڤێکی بەزیوی بەسەرخۆدا شکاوە. ئەمەش لە هونەری یۆناندا ڕەنگیداوەتەوە و وەک مرۆڤێکی بڕوابەخۆبووی نەترس بەرجەستە کراوە. لە قۆناغی ڕێنیسانسیشدا، کاتێ ویستیان ویستی خۆیان بۆ ژیان و خۆشەویستیان بۆ بەردەوامبوون پیشانبدەن، هەر گەڕانەوە سەر ستایلی یۆنان و ئەوییان کردە پێشنمونەی خۆیان. لە هونەری ئەحمەد سالاریشدا بەردەوام (گەڕانەوە) هەیە، وەکئەوەی ئەو لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەو شتانەی بۆیان دەگەڕێتەوە، سەرمەشقێک ببینێ کە لە ڕۆشنکردنەوەی ڕۆژە تراژیدیاکاندا ببێتە گرێکەرەوە و چارەساز. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە تەماشای گەڕانەوە بەردەوامەکانی بۆ بابانیەکان و نالی و بەیت و داستان و سرووت و سێمبوولە کوردییەکان و بابەتە فۆلکلۆرییەکان، لە بەرهەمەکانیدا بکەین. هەندێ جار بیر دەکەمەوە، مامۆستا سالار، لە بەشێ لە بەرهەمە هونەرییەکانیدا بە هەمان نیگای ڕێنیسانسیانەوە بۆ یۆنانی کۆن، دەڕوانێتە سەردەمی بابانیەکان و بەرجەستەکردنەوەی کەسایەتی نالی. لە ڕاستیشدا نالی بۆ یەکەمجار پانتاییەکی بۆ پێکەوە ژیانی تراژیدیا و کۆمیدیا، شین و کەرنەڤاڵ لە دنیای ئێمەدا دروستکرد و هەر ئەویش سەرمەشقی سالار بووە لە هێنانی ئەو

پانتایـی پێکەوەژیانە بۆ ناو شـانۆ. لەسەرەتاشـەوە گوتم: سـالار هەمیشە لە ئاستی لوتکەدا قسەی دەکرد، بەڵام پێویستە بشزانین کە ئەو بەزۆری دەچووە ژێر کاریگەریی لوتکەکانیشەوە، هەر بۆیەشە هونەری ئەو، بەردەوام ڕەسەن و نەمر و جوانە.

دره‌وشانه‌وه‌ی ناو تاریکه‌سه‌لات..

مه‌لا عه‌بدولکه‌ریمی موده‌ڕیس

ئایا ئەگەر مامۆستای مودەڕیس شیعرەکانی (نالی) و (مەحوی) و (مەولەوی) ڕاڤە نەکردبان و ماناکانی لێک نەدابانەوە، ئێستا من چ مرۆڤێکی دەستەپاچە و نەزان و نامۆ دەبووم بەرامبەر بە بوونی خۆم و دەوروبەر و یەزدان؟
ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە زۆرجار لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانی (نالی) و (مەحوی)دا، بەتایبەتی لەو سیازدە ساڵەی هەندەران، کاتێ لەدوای سەفەر بەناو هەزاربەهەزاری بەیتە شیعرێکدا، بەدەستی خاڵی دەگەڕامەوە و ئەمجا پەنام دەبردە بەر لێکدانەوەکانی مامۆستا و بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکان، لەوێوە ڕووناکاییم وەردەگرت، ئەوپرسیارەی سەرەوە بە خەیاڵمدا هاتووە. ئەو پرسیارە دەشێت پرسیاری نەوەیەکیش بێت لەو نوسەرانەی کە سەرەتای یەکەمین ئەزموونەکانی نوسین و بیرکردنەوەیان لەپاش بڵاوبوونەوەی ئەو کارانەی مامۆستا و کوڕەکانیەوە دەستیان پێکردووە و بەم پێیەش

بەشـێکی زۆری ئەو نەوەیە ئەگەر کەمێ لە دەستەپاچەیی و نەزانی و نامۆبـوون ڕزگاریان بووبێت، ستاییشـەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مامۆسـتا گەورە شیعرناسـەی کورد. لێرەشەوە دەکرێ بگوترێ: لە گیرفانی پاڵتۆکەی ئەو مرۆڤەوە نەوەیەک شـاعیر و نووسـەر هاتنە دەرەوە، کـە ئەگەر دیوانی (نالی) و (مەحوی)یـان بە لێکدانەوەکانی ئەو شیعرناسـە نەخوێندباوە، هەرگیز نە ئەو شیعرانەیان دەنووسی و نـە ئەو دیدەشـیان بۆ شـیعر و شوناسـی شـیعری دەبـوو، کە بەهۆیەوە خۆیان ناساند و گەلێ مرواری جوانیشیان لە زمانی ئێمەدا دۆزییەوە.

لەڕاسـتیدا هەروەکـو چۆن سـەرهەڵدانی شـاعیرانی وەکـو (نالی) و مەحـوی) و (مەولـەوی) و هاوڕێکانیـان لەناو مێژووی شـیعر و ئەدەبی ئێمەدا (ڕووداوێکی ئەدەبی)ی گرنگ بوو، ئاواش لێکدانەوەی شیعری ئەم شاعیرانە لەلایەن مامۆستای مودەڕیسەوە (ڕووداوێکی ڕەخنەیـی و ڕاڤەکاریانە)ی گرنگە. سـەرهەڵدانی ئەو شـاعیرانە بۆ مێژووی ئەوسـای ئێمە و هاوسەردەمەکانیان چەندە بایەخدار بووە، لێکدانەوەکانی مامۆسـتای مودەڕیسـیش بۆ شـیعری ئەو شاعیرانە لـە مێژووی هاوچەرخماندا بۆ هاوسـەردەمەکانی خۆی، ئەوەندە بە نرخ بوو. مودەڕیس بەوکارەی نەک هەر پردێکی ڕۆحی و مەعنەوی و جوانیناسـیی پتەوی لە ڕابردووی مێژوویی ئێمەوە بۆ ئێسـتامان ڕایـەڵ کرد، بەڵکو لەڕێگەی پرۆسـەیەکی شـیکاریانەی وردەوە بۆ (مانا)ی وشـەکان و بەیتە شـیعرییەکان، زمانێکی (هاوبەش)یشی لە نێوان (ئێمە) و (ئەوان)دا دروستکرد. لەڕاستیدا ئەو هەر تەنیا شیعری ئەو شـاعیرانەی بە ئێمە نەناساند، بەڵکو لە ڕێگەی لێکدانەوەی ورد و ئاماژەکـردن بۆ سـەرچاوەکانی مانای شـیعری ئەوان، ئێمەشـی بـردەوە ناو قوڵایی ئـەو دەریایەی کە دەکرێ پێـی بڵێن: جیهانبینی

شـیعریی شاعیرانی کلاسـیکی کورد. بەخوێندنەوەی ڕڤەکردنەکانی مامۆسـتا، بۆمان دەردەکەوێ کە (مانا) لە شیعری کلاسیکیی ئێمەدا، ئەگەرچی لەناو کەش و ئەتمۆسفێرێکی ئایینی داخراو و ڕەهاگەریی میتافیزیکییـەوە زمانـی دەپژێ، بەڵام گوتارێکی شـیعری فرە مەودا دەهێنێتە ئاراوە کە خۆی نادات بەدەست تاکڕەهەندی و ڕەهاییگەریی ئایینـی و ئایدۆلۆژییەوە. مودەڕیس بە پشتبەسـتنی بە زیاد لە چەند دەستنووسـێک و بـە شـیکردنەوەی (فرەڕەهەندانـە)ی مانای هەر تاکە وشـەیەک و بەیتەشـیعرێک و بە لێکدانەوەی مانای (تایبەت) و مانای (گشـتی) کۆی وشە و بەیتەکان، هیچی نەکردووە جگە لەوەی ویسـتویەتی پێمان بڵێت: مانا لە شیعری ئەو شاعیرانەدا هەمەڕەنگە و گوتاری شـیعری کلاسـیکی کورد گوتارێکی بە ڕێژە کراوەیە، کە تیایدا شـاعیرانمان هەوڵیانداوە لـە بابەتگەلێکی گەردوونی و مرۆیی و سرووشـتی تێبگەن، کە بەهیچ شـێوەیەک خۆیان نادەن بەدەست تاکڕەهەندی مانا و ڕەهاییگەری دەربڕینی ستانداردی زمانییەوە.

ئەگەر تەماشـای پەراوێزبەندی هـەردوو دیوانی (نالی) و (مەحوی) بکەیـن، دەبینین کە مودەڕیس لە لێکدانەوەیدا بۆ شـیعرەکانی (نالی) و (مەحوی) لە (تکاکار)ێک و (ناوبژیوان)ێک دەچێ کە نەیەوێت هیچ بەدحاڵیبوون و بەهەڵە لێکدی تێگەیشتنێک لە نێوان (ئێمە) و (ئەوان) دا ڕوو بـدات، کە ئیدی مەودایەکی زەمەنی و ڕۆحی و جوانیناسـی کەوتۆتـە نێوانمانـەوە. دەتوانیـن مەجازیانـە بڵێیـن: مودەڕیـس لە لێکدانـەوەی ئەو شـیعرانەدا لە فەیلەسـووفێکی ئارام و لەسـەرخۆ، لـە ئەڤیندار و حەکیمێکی عـەوداڵ دەچێ بەدوای زانیندا. شـێواز و هەدادانی ئەو نزیکە لە شـێواز و سەبری ئەو بودابیەی کە ساڵەهای سـاڵ بەدیار چڵێ گیاوە تێدەفکرێ تا دواجـار بڵێت: ئەمە تەجەللای بوونـی یەزدانە! ئارامیی لە کۆی لێکدانەوەکانی مودەڕیسـدا تاڤگەی

بەستووە، وەکئەوەی نەیەوێ بەهیچ شێوەیەک چنین و فەزای قەسەیدەکان بشێوێنێ. ئەو لە کەسێ دەچێ کە بیەوێ پارچەیەکی چنراو بەدەستی وەستایەکی شارەزا هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام نەک لە پێناوی (هەڵوەشاندنەوەیدا)، بەڵکو بۆ ئەوەی (فێر) ببێت چۆن ئەو پارچەیە چنراوە. ئەمەش وایکردووە ساتەوەختی ڕاڤەکردنەکانی، بکاتە ساتەوەختێکی ڕەخنەیی و هزریی زۆر گرنگ، کە ئەگەر دەروونی بیرکەرەوە و ڕاڤەکار ئارام و هێمن و پاکژ نەبێت، هزریش ناتوانێ ئەوەندە وردەکارانە لە ناو زماندا و بە زمان بیر بکاتەوە. ئەم (حەکیمە) لە لێکدانەوەی مانای ئەو شیعرانەدا، بەر لەهەر شتێ لەو تکاکارە دەچێ کە لەنێوان (ڕووالەتگەرایی) سەردەمی خۆی و (قووڵایی) سەردەمی ئەو شاعیرانەماندا، لە هاتووچۆدایە. لەلایەکەوە هەموو توانا هەنووکەییەکانی ئەوسای زمانی کوردی لەسەردەمە ڕواڵەتگەراکەی خۆیەوە بەرەوپیری شیعری (نالی) و (مەحوی) دەبات و لەلایەکی دیکەیشەوە، زۆرترین مانای شیعری ئەو بلیمەتانە دەکاتە ماڵ بەسەر زمانێکەوە، کە ئیدی مەودایەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەو زمانەی (نالی) و (مەحوی) و (مەولەوی) بیریان پێدەکردەوە و پێیان دەنووسی. وەک ئەوەی مودەڕیس ویستبێتی بەر لە کارەساتێک بگرێ کە لە ئەنجامی دابڕبوونی یەکجارەکی (ڕووکەش) و (قووڵایی) و (ڕواڵەت) و (حەقیقەت)وە، دێتە ئاراوە. بەڵام ئەو بەهۆی ئەو پردەی ڕایەڵیکرد، سەلماندی کە هەرکامێ لە جەمسەرەکانی (ڕواڵەت) و (حەقیقەت) و (ڕووکەش) و (قووڵایی)، هیچ نین، ئەگەر ڕایەڵێکی پەیوەندی لە نێوانیاندا نەبێت و پێکیانەوە نەبەستێتەوە. بەمجۆرەش مودەڕیس توانی ئەو ڕایەڵە دروستبکات و بەهۆیەوە هەم ئێمە لەو تەنیاییە ڕزگار بکات، کە دەشیا ڕواڵەتگەرایی و خێرایی سەردەمەکەمان بەسەرمانیدا بسەپێنێت و هەم ئەو شاعیرانەشی لە

بیرچوونەوە ڕزگارکرد، کە لە قووڵاییەکانی جیهانبینی شیعریاندا بۆ مانا ڕێژەییەکانی حەقیقەت دەگەڕان.
ئالێرەوە ئەو پرسیارە گرنگیی خۆی هەیە کە پێشتر خستمە ڕوو: ئەگەر مامۆستای مودەڕیس شیعرەکانی (نالی) و (مەحوی) ڕاڤە نەکردبان و ماناکانی لێک نەدابانەوە، من ئێستا چ مرۆڤێکی دەستەپاچە و نەزان و نامۆ دەبووم بەرامبەر بە بوونی خۆم؟ بەمانایەکی دیکە ئەگەر ئێمەی کورد بەهۆی لێکدانەوەکانی ئەم مرۆڤەوە دەروازەیەکی فراوانمان لەسەر جیهانبینی ئەو شاعیرانە بۆ نەکراباوە، ئاخۆ ئێستا چەندە دەستەپاچەتر و نەزانتر و نامۆتر دەبووین بەرامبەر بە قەڵەمڕەوی مرۆڤ و قەڵەمڕەوی سرووشت و قەڵەمڕەوی خودا؟
ئەوکارەی مامۆستای مودەڕیس کردی، هەرتەنیا گواستنەوەی ماناکانی (بەیتی شیعری) نەبوو بۆ ناو (زمانی داڕشتن)، هەر تەنیا وەرگێڕانی ئیقاعێکی قافیەداری شیعریی نەبوو بۆسەر (ئیقاعێکی پەخشانی)، بەڵکو جەوهەری کاری ئەو بریتیبوو لەبەستنەوەی (ئێمە) بە (ئەوان)ەوەو ئامادەکردنەوەی (ڕابردوو) لە (ئێستا)دا. ئەو ویستی ئێمە لە ڕابردووەکان تێبگەین و لەڕێگەی گوێگرتن لەو پرسیار و وەڵامانانەی لەسەر دەمی خۆیاندا کردویانن و بەهۆیانەوە هەوڵیانداوە کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، بەشداربن لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە ئێستادا ئێمەیان بەخۆیانەوە سەرقاڵکردووە و داوای چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکانمان لێدەکەن. بۆیە ئێمە بەخۆمان بزانین یان نەزانین، سوودێکی زۆرمان لەو بەیەک گەیشتنە وەرگرتووە کە مودەڕیس لە نێوان کلاسیکەکان و ئێمەدا ڕەخساندی.
ئەگەر ئەوان نەدەبوون و پڕ نەدەبوون لە پرسیار و گومانی ڕۆحی و مودەڕیس ئەمەی بۆ ڕاڤە نەکردباین، ئێمە زۆر تەنیاتر دەبووین لەوەی کە هەین و ئەگەر لە ڕێگەی ئەو مامۆستا وردبینەشەوە لە

وردەکاریی شـاعیرەکان تێنەگەیشتباین، ئێستا زۆر نەزانتر دەبووین لەو نەزانینییەی یەخەی گرتووین. بەمجۆرەش مودەڕیس تا ڕاددەیەکی زۆر ئێمەی لە دەسـتەپاچەیی و تاریکایی سەردەمی نەزانیی خۆمان ڕزگار کرد و لەناو تاریکایی ڕابردووشـەوە باوەشێ ڕووناکایی بۆ هێناین کە دەشێ لە شوێنێکدا پێویستیمان پێی بێت.
مودەڕیس بەهەموو مانایەک لەلێکدانەوەی دیوانی کلاسیکە کوردەکاندا مرۆڤێکی مۆدێرن بوو: ئەو پرسـیارەکانی ئەوانی دەستنیشـانکردن، ڕەگوڕیشـەکانی ناسـی، سـەرچاوەکانی پیشـانداین و بۆ هەمیشە ناچاریکردین کە لەهەر سـاتێکی قەیرانـاوی ڕۆحی و مەعنەویماندا، بکەوینـە گفتۆگۆکردن لەگەڵ ڕابـردوو. گفتوگۆکردن و ڕۆچوون بە ڕابردوودا، شـێوازی ئەو بوو بۆ بەرەنگاربوونەوە و (قووڵکردنەوە) ی ئێسـتا. بەبێ کارەکانی ئەو، ئێسـتای ئێمە لەڕووی مەعنەوییەوە لەنـاو ڕواڵەتگەراییدا نغرۆ دەبوو. ئەو توانی لەڕێگەی بەسـتنەوەی بیـر و خەیاڵی شـاعیرانەی (نالـی) و (مەحوی) و گەورەشـاعیرانی دیکە بە ئێمەوە، نەک هەر سـەدەی نۆزدەهەم بە سـەدەی بیستەوە ببەستێ، بەڵکو کارێکی وایشی کرد سەدەی بیستەم بۆ ئێمەی کورد هەر بەتەنیا سـەدەی تێکشـکانە ڕۆحییە بەکۆمەڵییەکان (لە ئەنجامی نسـکۆ و تێکشـکانە سیاسـییەکانەوە) نەبێت، بەڵکو سەدەی ناوبراو بۆ تاکەکەسـی ئێمە سـەدەیەکی شاعیرانەش بێت. ئەوەی مودەڕیس لەسەدەی نۆزدەهەمەوە گواستییەوە بۆ سەدەی بیستەم، کە سەدەیەکی بەتەواوی مانا سیاسـی بوو (سیاسـەت) نەبوو، بەڵکو (شیعر) بوو. لێرەشەوە شیعر وەک ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوەی سیاسەت خرایە ڕوو. ئەگەر سیاسەت بە دیوێکدا و لە سەدەی بیستەمدا بەردەوام کۆمەڵگای ئێمەی ڕووبەڕووی تێکشـکان و نائومێدی بەکۆمەڵی دەکردەوە و لە ژیان وەڕسـی دەکردین، ئەوە شـیعر لە هەمان سەدەدا و لەکەناری

دەربڕینـی کۆژانەکاندا، بەبەردەوامی هەوڵیداوە تاکەکەسـی ئێمە بە ژیان ئاشـنا بکاتەوە و تیماری برینە شەخسییەکانی ڕۆحمان بکات.
مودەڕیس ئەو میراتەی سـەدەی نۆزدەیەمی گواسـتەوە کە جەختی لەسـەر مرۆڤبوونی کورد دەکردەوە، نەک لەسـەر ئەو بنەمایەی کە ئەو مرۆڤە مرۆڤێکی (ئیشکەر) و (شەڕکەر) و (بەرهەمهێن)ـە، بەڵکو وەکئـەوەی مرۆڤێکـی (داهێنەر)، (خەیاڵکـەرەوە) و خاوەن (ڕۆح) و خـاوەن (باتنیەت)ـە، کە تا دەهات ئەم ڕەهەندەی کەسـایەتی کورد لەبەر دەم هێرشـەکانی دوژمن و دواکەوتوویی ناوخۆیی کۆمەڵگای کوردی و ئایدیۆلۆژیا باوەکانی سەردەم و خێرایی گۆڕانکارییەکاندا، نەدەما و ڕووداوەکان لە مرۆڤی ئێمە مرۆیەکی شەڕانی و توندوتیژ و بەرژەوەندپەرسـتیان دروسـتدەکرد، کە هەمـوو ئەمانەش بەرەو دەستەپاچەیی و نەزانی و نامۆبوونیان دەبردین.
مودەڕیـس بەوکارانـەی و لـە پەیوەنـدی بـە ڕۆحـی فەردیانـەی مرۆڤی کـوردەوە، پتر ڕۆڵـی (دەروونشـیکار) و (فەریادڕەس)ێکی بینیـوە تا (ڕاڤەکارێک)، ئەمەش بـەو مانایەی کە ڕاڤەکردنەکانی ئەو هەمیشـە بێلایەنانە نین و لەپشـت هەوڵدانەکانی ئەوەوە بۆ گەیاندن و ڕزگارکردنـی مانـای گوتارەکانی شـیعری کلاسـیکی کوردی لە بەندیخانەی سەردەمەکەی خۆیان، هەوڵدانێکیش هەیە بۆ ڕزگارکردنی سەردەمی ڕاڤەکردن لە بەندیخانەی تێگەیشتنە تاکڕەهەندەکانی خۆی.
ئەمەیـە هۆکاری ئـەوەی کە وادەکات مودەڕیس بۆ هەر وشـەیەک چەندیـن مانـا و بـۆ هەر مانایـەک چەندین ئەگەر و بـۆ هەر بەیتێ مانای تایبەت و گشتی و لەبەردەم هەر قەسیدەیەکیشدا، تەفسیرێکی دوورودرێـژ بخاتـە ڕوو. بـەم پێیـەش (مەعنەویـەت) و ڕەهەندی (ڕۆحیی) ناو قەسـیدەکان لەگەڵ (عەقلانیەت) و ڕەهەندی (زانسـتی) شـێوازی ڕاڤەکردنـەکان بەیەک دەگەن و (ئیجاز) و (ئیسـتیعارە)ی

شـيعری بەناو شـيیكردنەوەی دووررودرێژ و ڕووندا، ڕێگای خۆیان بۆ سەردەمی ئێمە دەگرنە بەر. (ڕواڵەت) و (قووڵایی) بەیەكتر دەگەن و ئالەم ڕێگەیەشـەوە ئەوەی (نائاشـكرایە)، ئاشكرا دەبێت و ئەوەی (تەمومژاوییە)، ڕووندەبێتەوە و ئەوەی زۆر تایبەت و (سـۆفیانە) و (عاریفانە) و (ئاییینیانەیە) دەبێتە زۆر (مرۆڤانە) و (ئاسایی) و (گشتی) و بۆ هەمووان قابیلی تێگەیشتن.
كاتێ بەناو ڕاڤەكردنەكانی مودەڕیسـدا دەچینە ناو جیهانبینی نالی و مەحوییەوە، تەسـلیمی ئەو جیهانبینیە نابیـن، بەڵكو بەهۆیەوە زیاتر لـە دنیای مرۆڤانەی خۆمان تێدەگەین و پتر بە قووڵایی مرۆڤبوونی خۆمانـدا ڕۆدەچین و لەو ڕۆچوونە قووڵانـە تێدەگەین كە ئەو دوو شاعیرە نەمرە بەهۆیانەوە بوونە ئەو دوو شاعیرەی كە هەتا ئێستاش هەسـت بە پێویسـتی و ئامادەییان بكەین. وەلێ لەبیرمان بێت، زۆر دەگمەنـن ئەو كەسـانەی بەبـێ ڕاڤەكردنەكانـی مودەڕیس دەتوانن ڕایەڵێـك لـە نێوان خۆیـان و ئەو شـاعیرانەدا دروسـتبكەن. ڕەنگە تاكەكەسـێ لەسەدەی بیسـتەمدا توانیبێتی ئەمكارە بكات، (گۆران)ی شـاعیر بووبێت كە دواجار بەهۆی ئەو بلیمەتییە تایبەتیەی خۆیەوە ئاراستەی شیعری كوردیشی گۆڕی..
ئێمـە كاتـێ باسـی كەسـایەتیەكانی سـەدەی بیسـتەممان دەكەین، بەزۆری باسـی كەسـایەتی و ڕابەرە سیاسییەكانمان دەكەین، بەڵام ئێمە لە هەمان سەدەشـدا بووینە خاوەنی چەندین ناوی درەخشـان كە تایبەتمەندی كەلتووری و مەعنەوی خۆیانیان هەیە. ئەگەر بمەوێ ناوی دوو كەس لەوانە بهێنم كە لە بنیاتنانی كەسایەتی مرۆڤی كوردا جێدەسـتیان دیارە، (باڵدار) و (مودەڕیس) لە پێشـەوەی هەمووانن. یەكەمیـان بەهـۆی (ئەلـف و بێ)كەیـەوە، (ئادەم ئاسـا) شـتەكانی بـۆ ناولێنایـن و پێیگوتیـن: منداڵیـی یەكەمیـن نیشـتیمانی مرۆڤە.

دووەمیشیان تێیگەیاندین کە میللەتێک با لەڕووی سیاسی و مێژوویی و مەتەریاڵیشــەوە زۆر دەوڵەمەنــد ببێت، بــەڵام بەبێ ئاوڕدانەوە لە سەرچاوەی میراتە ڕۆحی و مەعنەوی و باتنیەکانی، ناتوانێت خۆی لە دەستەپاچەیی و نەزانی و نامۆبوون ڕزگار بکات. ئەو دەستەپاچەیی و نەزانــی و نامۆبوونەیـش کــە لە داهاتــوودا چاوەڕێمــان دەکات، بەتایبەتــی بۆ نەوەی نوێ، زۆر زیاترە لەوەی لە ڕابردوودا بەربینی گرتبووین. کەواتە ئێمە لە داهاتوودا پێویســتییەکی زۆر زیاترمان بە کارەکانی مودەڕیس دەبێت، لەچاو ئەوەی لەســەردەمی ژیانی خۆیدا هەستمان پێکرد. مەرگی جەستەیی ئەو لەوەدا ئازار بەخشە کە لەگەڵ خۆیدا بەشێ لەو پاکژی و شێوازی مرۆڤبوونەیشی بردەوە، کە ئەو ڕاڤــەکارە گەورەیە بەهۆیەوە کوردبوونی خۆی بەرجەســتە دەکرد. بۆیــە بێڕێزی بەرامبــەر بە ئەو لەوەدا نییە کە وەکو کەســایەتییەک لەبیرمــان بچێتەوە و فیســتیڤاڵی بۆ ڕێک نەخــرێ، چونکە لەمجۆرە بێڕێزییەمــان زۆر پێکــرد، بەتایبەتــی لەمــاوەی ئــەو پازدەســاڵەی ڕابــردوودا زۆر بۆنــە و خاڵی وەرچەرخان هەبوون کە دەشــیا ئەو مرۆڤە بەشــداریی پێکرابا و لەڕووی ڕەمزییەوە بیروڕای وەرگیرابا. ئەوەی مەترسیدارە ئەوەیە لەمەودوا بەڕەسمی و لەئاستێکی فراوانی پەروەردەیی و زانستیدا هیچ نەکرێ بۆ ئەوەی نەوەی نوێی سەدەی بیســت و یەکەم، لە گرنگیی کارەکانی ئەم ڕاڤەکارە مەزنە سەبارەت بــە ژیانــی خۆیان ئاگادار بکرێنەوە. بێگومــان ئەرکی هەرە زۆر لەم بوارەدا دەکەوێتە ئەستۆی زانکۆکان و هەردوو وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشــنبیری. دەشــکرێ ئــەو هەنــگاوە، وەک هــەر هەنگاوێکــی دیکــەی بوێرانە، هەر نەوەی نوێ بۆخــۆی بینێت و لەناو خێرایی و ساردوســڕی و بەرژەوەندگەرایی و ڕواڵەتپەرســتی ژیانی خۆیەوە، کاتێ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی مودەڕیســی مامۆستا بکاتە هاوسەفەری

خۆی و پێکەوە بەناو بەرهەم و بەتایبەتی وردەکاریی شیعری کلاسیکە مەزنەکانی کورددا پیاسەیەک بکات. دڵنیام هەرکەسێ ئەمکارە بکات، تێگەیشتنێکی دی لەسەر خۆی و دەوروبەر و یەزدان بەدەستدەهێنێ. چونکە ڕێنماییەکانی ئەو مرۆڤە شیعرناس و هۆشمەندە، بەڕاستی درەوشانەوەیەکی هەمیشەیین لەناو هەر ژیانێکدا کە تاریکەسەلاتی درۆ، بەرژەوەندپەرستی و خۆپەرستی و وەڕسبوون، هەڕەشەی داپۆشینی لێبکات.

باشە مرۆڤ لە سەردەمێکی زۆر خەستی سیاسیانەی چارەنووس نادیاری وەک ئێستادا، کەمێ لە خەمی ڕۆحی خۆیشیدا بێت. لەبەر هیچ نا، تەنیا لەبەر ئەوەی نەکا تێکشکانێکی سیاسیی دیکە چاوەڕوانیمان بکات! بێگومان لەو کاتەشدا ماڵی شیعر بۆ هەموان کراوەیە!

هەولێر

٢٠٠٥/٩/٨

میراتی لێبووردەیی:

د. ئەوڕەحمانی قاسملوو

مـن دەمەوێت لـەم دەرفەتەدا کەمێ باسـی دەسـتەواژەیەک بکەم، کە لەلایەکەوە دەروازەیەکی نوێمان لەسـەر هزری سیاسـی کورد لە سـەدەی بیسـتەمدا بۆ دەکاتـەوە و لەلایەکیتریشـەوە، ڕێگامان بۆ خۆشـدەکات بە چاوێکی ئەمڕۆییتر لە کەسـایەتی و فەلسـەفەی سیاسـی کەسـێکی وەک د. قاسـملوو بنۆڕین. ئەو دەستەواژەیەش بریتیە لە میراتی لێبووردەیی لە کایەی سیاسـیدا و پێویسـتیی ئێمە بەم میراتە و ستایشـکردنی ئەو کەسـانەی لەو بوارەدا جێدەستیان دیارە.

لێبووردەیـی وەک پراکتیـک و وەک بنەمـا، نـەک تەنیا بەشـێکە لە کەلتووری دیموکراتیک و دیموکراتیزەکردنی کەسایەتی تاک، بەڵکو یەکێکیشـە لە ئاراستە و بنەما گرنگەکانی سیاسەتی مۆدێرن، کە لە پرۆسـەی ئیدارەکردنی ئێستا و بەدەستهێنانی داهاتوودا، پێویستییەکی زۆرمان پێیەتی. ئەمە جگە لەوەی ڕێگایەکی دروسـت و ئەقڵانیە بۆ

پەروەردەکردنی کەسایەتی تاک و بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسی هاوچەرخ.

بەشێوەیەکی گشتی، کاتێ تەماشای ڕەوتی سیاسەت و شێوەگرتنی حیزبی سیاسی کوردی لە سەدەی بیستەمدا دەکەین، دەبینین کە دروستبوون و پێکهاتەی ئەم ڕەوت و پارتە سیاسیانە لە کۆمەڵگای کوردیدا، وەڵامدانەوەی ئەو گوشار و ستەمکاریە زۆرە بوون کە لەلایەن هێزەکانی ناوچە و حکومەتە شۆڤێنیەکانی دەوروبەرەوە، خراوەتە سەر کۆمەڵگای کوردی. بۆیە سرووشتی گوتار و پێکهاتەی بزووتنەوە سیاسیەکانی ئێمە سرووشتێکی پەرچەکردارییانە بووە.

لە ڕوانگەی دەروناسیی سیاسییەوە، گوتارێکی سیاسی، یان حیزبێکی سیاسی، کە لە ژێر گوشاری هێزە ستەمکاریەکاندا پەیدا دەبێ، بەپێی ڕادەی ئەو گوشار و زۆرەی دێتە سەری، ڕەفتاری نەرم، یان توندوتیژاوی دەنوێنێ. واتە بۆ تێگەیشتن لەو سایکۆلۆژیا سیاسیەی لە ڕێگەی بزووتنەوە سیاسیەکانەوە بەناو کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە، بۆ تێگەیشتن لە جۆرەکانی بەرهەمهێنانی وێنا لەسەر ئەوانیتر، بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی بەرجەستەکردنی دۆست و دوژمن، یار و نەیار، هەروەها بۆ تێگەیشتنی خۆمان لە خۆمان، پێویستە بزانین سەرچاوەی گووشارەکە، چیە و چۆنە و چەندەیە و ئەو میکانیزمانە چۆن دەخوڵقێنێ، کە گرووپێک، یان نەتەوەیەک و حیزبێک، لە ڕێگەیانەوە بەرگریی لە خۆی دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە، بەرز و نزمییەک، یان نەرمی و توندوتیژی، پەلامار و کشانەوە، شەڕی چەکداری و دانوستان و گفتوگۆ، تەنانەت بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ دژدا بۆتە خەسڵەتی بزوتنەوە سیاسیەکانی ئێمە. بە مانایەکی تر، هیچ وەختێ بزووتنەوە سیاسیەکانی ئێمە، نەیانتوانیوە بۆخۆیان ئەو ستراتیژە دابڕێژن کە دەیانەوێ لە ڕێگەیەوە مامەڵە

لەگەڵ دوژمن بکەن، یان ڕووبەڕووی ببنەوە. بەڵکو ئەوە سرووشتی دووژمن و حکومەتەکانی ناوچەبوون، کە جۆری پەرچەکردارەکانی کوردیان لە ئاست خۆیاندا دەستنیشان کردووە و هەڵگرتنی دروشم و گوتاری سیاسیی دەستنیشانکراویان بەسەردا سەپاندوون. بۆ نموونە ترس لەوەی بە جوداخواز لەقەڵەم نەدرێین، خۆمان کردووە بە یەکپارچەخواز و لە جیاتی مافی سەربەخۆیی باسی ئۆتۆنۆمی و لە بری قسەکردن و دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی، پەنامان بردووە بۆ ناسنامەی تۆپۆگۆافی و جوگرافیایی.

لە ڕوانگەی بڕواهێنان بە لێبووردەییەوە، ئەم خاڵە بە قازانجی کوردەکان کەوتۆتەوە، چونکە ئیحتیمالی پێکهاتن، دانوستان، مفاوەزات، ڕێککەوتن و بەدەستهێنانی بڕی کەمی مافەکان، هەمیشە ڕێگربوون لەبەردەم بڕیاردانێکی ڕەها بۆ بەردەوامیدان بە نواندنی پەرچەکرداری توندڕەوی و شەڕکردن لە پێناوی شەڕکردن خۆیدا و سووربوونی ڕەها لەسەر مافەکان. بە مانایەکی تر، ئەو سایکۆلۆژیا شەڕانیەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە شوێنەکانی وەک کامبۆدیا، سۆڤیەت، کوبا و لە کۆتایی سەدەی بیستەمیشدا لە شوێنەکانی وەک ڕواندە و سۆمالیا و سێربیا، دروستبوو، بە درێژایی ئەو سەدەیە لەلای کوردەکان دروستنەبوو. ئەگەرچی ئەو گوشارە دڕندەیەی لەلایەن حکومەتەکانی وەک ئێران، تورکیا، سوریا و بەتایبەتیش عێراقەوە، دەکرایە سەریان زۆرجاران چەندین بەرامبەر شەڕانیتر بوو لەوەی لە جێیەکانیتری جیهان دەخرایە سەر گەلان و گرووپە ئەتنیکیەکان.

بەمجۆرەش دەتوانین بەڵگە بۆ ئەوە بهێنینەوە، کە لێبووردەیی و پرانسیپی لێبووردن، ئیحتیات خستن، تێداهێشتنەوە بۆ ڕۆژی خۆی، مانەوە لە بەرەی بەرگریکردندا، خۆپاراستن لە شێوازەکانی

شۆڕشگێڕێتی ئیفراتـی، دووربینـی و پووشـووخواردنەوە، تەحەممولکـردن، دانبەخۆداگرتن، لە سیاسـەتی ئێمـەدا ڕەهەندێکی نەخوێنراوە و نەبینراوی خەباتی ڕزگاریخوازی و مرۆیی کوردەکانە. ئەمـە میراتێکە زۆر کەمی لەبارەوە دەزانین، چونکە ڕۆژگارێکی کە تێپەڕمان کردووە، ستایشی توندوتیژی و زەبروزەنگی کردووە، زیاتر لەوەی ستایشـی پەروەردەی لێبووردەیی و گوتاری لێبووردەیی لە ناوچەکـەدا بکات. پێویسـتە ئەم میراتە بناسـرێ، چوارچێوەیەکەی دەستنیشان بکرێ و خەسڵەتەکانی پێناسە بکرێن، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو، بتوانن تیۆریزەی بکەن و بەهۆیەوە سـیمای شـێوێنراوی چالاکیی سیاسـی کوردەکان، لە جیهانی گلۆباڵدا ڕاستبکەنەوە. ئەمە جگە لـەوەی یارمەتیمان دەدات، دوای سـاڵانێکی زۆر تێوەگلانمان لـە توندوتیـژی و زەبروزەنگـی بـێ ئامانج، لە شـەڕە ناوخۆیی و براکوژییە بێماناکان، کە زۆریشـیان لەسەر گوتراوە، کەمێ بڕوا بە خۆمـان بهێنینـەوە و لە ڕێگەی هێنانەوەدەری کەلتووری سیاسـی لێبووردەییمان لە گەرووی مێژوو، کەمێ متمانەمان بەخۆمان زیاتر بکەین. ئەمەش دۆخێکی ئاساییە و میللەتانی تریش پێیدا تێپەڕبوون، بۆ نموونە وڵات و گەلی ئەڵمانیا لە پاش تەسـلیمبوونێکی درێژخایەن بە نازییەکان و بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سـەدەی بیسـتەمەوە، لە هەوڵی ڕاسـتکردنەوەی ئەو بەشە لە مێژووەکەیدا بووە، کە بۆی بۆتە میراتێکی ڕەش. ئێمە دەمانەوێ لەم بۆنەیەدا، میراتی سپی ناو مێژووی سیاسیمان بەسەر بکەینەوە.

لەنێو کەسایەتیە کوردەکانی سەدەی بیستەمدا، ناوی چوارکەسایەتی دەهێنم، کە دەکرێ بە گەڕانەوە سەر بەرهەم و گوتە و بە توێژینەوە لە کەسـایەتیان، پێکهاتەیەک لـەو میراتە بەرهەم بهێنینەوە، کە ناوم ناوە، میراتی لێبووردەیی. لەو چوار کەسـایەتیە سیانیان سیاسین و

یەکێکیان نوسەر و بیرمەندە. ئەمانە بە بۆچوونی من، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لە بیرکردنەوە و چالاکیی و خەباتیاندا، زیاتر لەوانیتر، پرانسیپ و کردەی لێبووردوانەیان لەبەر چاو بووە و کاریان بۆ کردووە.
یەکەمیان ڕابەری شۆڕشی ئاگری داخ، (ئیحسان نووری پاشا)یە، کە تەنانەت ئەو دەمەی سێرە لە سەربازە تورکەکان دەگرێتەوە، ڕەهەندی مرۆییانەی ئەوانی لەبیرە و لە زەیینی خۆیدا ئەوە دەهێنێتەوە پێشچاوی، ئەگەر ئەم سەربازانە ئێستا لەناو ماڵ و منداڵی خۆیاندا بوونایە، نەدەبوونە قوربانی شەڕێک، کە دەبوو دەسەڵاتداری توورک خۆی بیکات، نەک ئەم ڕەشو ڕووتانە بکاتە قوربانی. هەر بۆیەشە ژەنراڵ نووری پاشا، بڕیار دەدات کاتێ سەربازە توورکەکان بە دیل دەگیرێن، دوای بینینیان بەرەڵلای وڵاتی خۆیان بکاتەوە، بەو مەرجەی جارێکی دیکە خزمەت بە مەرامەکانی دەسەڵات لەدژی کوردان نەکەنەوە. ئیحسان نووری پاشا لە خەباتەکەیدا نشوستیی هێنا، بەڵام بڕوای بە پرانسیپی لێبووردەیی لەق نەبوو. ئەو تا دەمی مردن، بە ڕقەوە نەژیا، تەنانەت بۆ یەک ساتەوەخت چەوسانەوەی نەتەوایەتی خۆی تێکەڵ بەو پەیوەندییە نەکرد، کە لەگەڵ خاتوو (یاشار توکتامش جبرانی)ی بە ڕەگەز توورکی هاوسەریدا، هەیبوو.
کەسایەتی دووەم، نووسەرێکی دانسقەیە بەناوی (ڕەشید نەجیب). ڕەشید نەجیب، ڕۆشنگەرێکی سەردەمی خۆیەتی و لە بەشداریکردنیدا بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی لێبووردەیی و ستایشکردنی کەسایەتیەکانی وەک (گاندی) درێخی نەکردووە. ڕەشید نەجیب، لە کۆتایی بیستەکانەوە بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم، سیمایەکی ڕەخنەگرە، مرۆڤێکی منەوەر و مەدەنی، بیرمەند و نووسەرە، کە

دەیەوێت باشــی و عەدالەت و ناتوندوتیژی لــە کۆمەڵگاکەی خۆیدا دەســتەبەر بــکات. ئەم مرۆڤە مەزنــە، تەنانەت پێشــنیاری ئەوە بۆ گەنجانی وڵات دەکات، کە لە پشــووەکاندا، ســەردانی سرووشــتی نیشــتیمانەکەیان بکــەن، تاکو لە هەرجــۆرە بارگرژییەکی دەروونی بــەدوور بــن. ئەو لــە مەرگــی (گانــدی)دا، دەنووســێ مرۆڤایەتی کەســایەتیەکی گەورەی لەدەستدا و ستاییشــی خەباتی ئەم ڕابەرە مەزنە دەکات. ڕەشید نەجیب، ماوەیەکی زۆر لە بەغدا ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.
کەســایەتی ســێیەم، دیسانەوە کەســایەتییەکی سیاســی وەک مەلا مســتەفای بارزانە. ئەم مرۆڤە، کە ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی تۆمەتی ستایشکردنی ئەم مرۆڤەیان بەرنەکەوێ، کەمتر باسی دەکەن، لە گەرمترین ڕووداوە سیاســیەکانی سەدەی بیستەمی کوردستاندا ژیا و خەباتی کرد. زۆرترین هاووڵاتیانی کوردی پەیوەســتکردەوە بــە خەباتەکەیــەوە و هێزێکــی کۆمەڵایەتی و ســەربازیی گەورەی پێکهێنا. بەڵام بۆ یەک ساتەوەخت غرووری هێز، نەیگرت. ئەو لەگەڵ دڕندەترین، توندوتیژترین ڕژێم ڕووبەڕوو بۆوە، زۆرترین گوشارە سیاســی و دیپلۆماتیەکانی خرایەســەر، چەندجارێک بووە ئامانجی تیرۆریســتان، نزیکترین دۆســتەکانی پشــتیان تێکرد و نشوستیان پێهێنــا و ئــاوارە بوو. بەڵام هیچکامێ لەم گوشــارانە لــە ڕەفتار و بیرکردنەوەدا ئەویان لە ڕاســتەڕێی خەباتێک لانــەدا، کە تەنیا بایی ئەوەندە توندوتیژ بێت، کە پرانســیپی بەرگــری لە خۆکردن ڕێگەی پێدەدات. ئەگەرچی لە باوەڕی ئایینزایی بۆماوەیی ئەودا، لێبووردەیی بەرامبەر بە سرووشــت نەریتێکــی پیرۆز بووە، بەڵام ئەو دەرکێکی لۆکاڵیانەی تایبەتیشی لەسەر پێکەوەژیان و تەبایی لە نێوان گەلان و نەتەوەکاندا هەبوو. مەلا مســتەفاش وەک ئیحسان نووری و ڕەشید

نەجیب لە ئاوارەیی و بە نەخۆشی سەری نایەوە.
دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، کەسایەتی سیاسی ناودار یەکێکی تــرە لە میراتســاز و بەرهەمهێنەرانی میراتی لێبووردەیی سیاســی کوردستان. بگرە لەوەش زیاتر، یەکێکە لەو کەسانەی پەی بەم میراتە بردووە و بۆخۆیشی زیادەی خستۆتە سەر و لە گرنگیی سیاسیانەی مافی جیاوازی و پرانســیپی لێبووردەیی تێگەیشتووە. ئەم مرۆڤەش ئەگەرچــی ماوەیەکی بــاش ڕابەرایەتی حیزبێکی سیاســی چەکدار و بزوتنەوەیەکــی سیاســیی دیموکراتخوازانەی کــردووە، بەڵام لە پێکهاتەی ڕۆشنبیریی سیاسی و پراکتیکی خەباتکارانەیدا، بڕوابوون بە لێبووردەیی یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی.
بەشــێوەیەکی گشــتی چەنــد ســەرچاوەیەکمان لەبەردەســتان کە بەهۆیانــەوە دەتوانیــن بەڵگەی ئــەوە بهێنینەوە بۆ بەشــداریکردنی د. قاســملوو لــە بەرهەمهێنانی کەلتوور و میراتــی لێبووردەیی، کە بــە خێرایی ئاماژەیان پێدەدەم تا کەســانیتر توێژینەوەیان لەبارەوە بکەن.
سەرچاوەی یەکەم بریتیە لە وتار و ئاخاوتنە سیاسی و حیزبیەکانی بۆ خەڵک و پێشمەرگە. ئەو لەو وتار و ئاخاوتنانەیدا، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی تیۆری باسی جیاوازی و لێبووردەیی و پێکەوە هەڵکردن بــکات، لــە میانەی هاندانی خەڵــک و پەروەردەکردنی پێشــمەرگەدا باسی گرنگیی قەبووڵکردنی ئەوانیتری کردووە. باسی ئاشتیخوازی و ڕێزگرتنــی لە بنەماکانی دیموکراســیەت کــردووە، کە دابینکەری ڕێــز و لەبەرچاوگرتنی مافی ژیانی ئەوانیتریشــە. د. قاســملوو، بە وریاییەکی ئایندەبینانەوە قســە لەسەر جۆری دووژمن و نەیارەکان و دۆســتە کاتی و ســتراتیژییەکانی گەلی کورد دەکات و لە گرنگیی بزووتنەوەی دیپلۆماسیەت و دۆزینەوەی دۆستەکانی نەتەوەی کورد،

دەدوێ. هەروەها لە چەندین شـوێن، داوەت لە خەڵکی کوردسـتان دەکات، کـە خەباتـی ئاشـتیخوازی لەسـەر بنەمـای قەبووڵکردنی جیاوازییەوە، سـەرکەوتن بەدەسـت دەهێنێـت و گرنگترین بەڵگەی ئەوەیـە کـە تەنیا ئەوانـەی بیروڕایان لە بیـروڕای خۆمان دەچێت، دۆستمان نین، بەڵکو ئەوانەش مافی بیروڕای خۆیان هەیە کە هەمان بیروڕاکانی ئێمە و ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردیان نیە. سنووری د. قاسملوو، سەبارەت بە لێبووردەیی سیاسی بریتە لە زەبرو زەنگ و توندوتیژی. ئەو بە ئاشـکرا دەڵێ: هەتا ئەو کاتەی کەسـێک لە دژی میللەتەکەمان دەسـتی بۆ چەک و زەبرو زەنگی سیاسی نەبردووە، ئێمە تەحەممولی دەکەین.

سەرچاوەی دووەم: بریتیە لەو پێشەکییەی بۆ تاریک و ڕوونی هێمنی موکریانی نووسـیوە. لە خوێندنەوەیەکی سـەرپێیانەدا، وا دەزانرێ نووسـینی ئەم پێشـەکیە بریتەیە لە مەسـەلەیەکی ئایدیۆلۆژی، کە ڕابەری حیزب دەیەوێ شـاعیرێک بۆ گەل دەستنیشان بکات. بەڵام لە وردبوونەوەیەکی هێمنانـەدا، بۆمان دەردەکەوێ ئەو بنەمایانەی د. قاسملوو سەبارەت بە شیعر و ئەدەبی هێمنی موکریانی، قسەیان لێـوە دەکات، جۆرێکـی دیکـەی هەمان ئـەو بنەما و پرانسـیپانەن کـە لە سیاسـەت و حیزبایەتیدا بڕوای پێیان هەبووە. د. قاسـملوو، ڕۆشـنبیریی لێبووردەخوازانـەی خۆی ناچەپێنـێ، ئەگەرچی کاتی نووسینی ئەو پێشەکیە، سەردەمێکی جیاوازتر و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانەتـرە لەگـەڵ خەباتی گەلی کورد. وەلێ د. قاسـملوو لەو کاتەشـدا ئەو پرانسیپانە لە شیعری هێمندا دەدۆزێتەوە، کە بۆخۆی بڕوای پێیانە و هیمن ستاییش دەکات، کە توانیویەتی لەناو مێژوویەکی دڕندەدا، کە توندوتیژی و سـتەمکاری بەسەر کوردەکاندا دەبارێنێ، باسـی پێکەوەژیانی کـورد و ئازەربایجانی و گیانـی برایەتی بکات

و خەباتی گەلانیتری ئێران لە دژی ستەمکاری و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بنرخێنێ. ئەو هێمن بە شاعیرێکی مرۆڤویست ناو دەبات، چونکە بۆخۆشی سەر بە هەمان نەریت بوو لە سیاسەتدا.

سەرچاوەی سێیەم ڕەهەندی ئەکادیمیانەی نووسینەکانی دەگرێتەوە، بەتایبەتیش کتێبی (کوردستان و کورد)ەکەی. د. قاسملوو لەم بەرهەمەیدا، کە بە زمانی بێگانە نووسیویەتی، ئەگەرچی لایەنگیریی خۆی بۆ کوردەکان ناشارێتەوە، بەڵام ئەم لایەنگیرییەی نە لەسەر حسابی ناشیرینکردنی وێنەی گەلانیتری ناوچەکەیە و نە لەسەر حسابی لادانە لە پرنسیپەکانی نووسینی زانستی بە شێوەیەکی ئۆبجەکتیڤ و بابەتیانە.

لەمەش زیاتر، د. قاسملوو بۆ دیتنەوەی سەرچاوەی زانیاری و کەرەستەی بڕواپێکراو لەسەر ئەو بابەتانەی لە کتێبەکەیدا باسیان دەکات، جگە لەوەی گەلێک سەرچاوەی بەکارهێناوە کە تیایاندا وێنەی کوردەکان وێنەیەکی شیاو نیە و بگرە شێوێنراویشە. یاخود نووسەرەکانیان نیەتپاک نین و بگرە لە ژێر فەرمانی ئایدۆلۆجیای خەڵکانیتریشدا لەسەر کوردیان نووسیوە و واقیعی دیموگرافی و سیاسی و مێژووییان شێواندووە، ئاواش د. قاسملوو زۆرجار پەنای بۆ ئەو سەرچاوەو ئامار و سەرژمێریانەش بردووە، کە دەوڵەتانی ناوچە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بۆ شێواندنی جوگرافیا، مێژوو و ژمارەی کوردەکان و سەرچاوەکانی سامانی نەتەوایەتی کوردستان بڵاویان کردوونەتەوە.

بەمجۆرەش د. قاسملوو، بۆ ئەوەی وێنایەکی کوردیانە پێشکەش بە خوێنەرە بیانیەکانی بکات، نەهاتووە بیروڕاو بۆچوونی دوژمن و نەیارەکانی نەتەوەی کورد سانسۆر بکات. هەر بۆیەشە لەو کتێبەیدا چەندە مافی بەخۆی داوە وەکو کوردێک لەسەر کوردستان

و کـوردەکان بـدوێ، ئەوەنـدەش مافـی ئـەوەی بە نەیـار و بگرە دوژمنەکانی کوردیش داوە کە بیروڕایان لەوێدا ئامادەیی هەبێت.
هەموو ئەمە سـەرچاوەکەی لە بڕوابوون بە بنەمای لێبووردەییەوە هاتـووە، تەنانـەت لێبووردەیی تا ئەو شـوێنەی کـە دوژمن بتوانێ خۆی لە وێنەی فریشتەی ئاشتیدا پیشانی د. قاسملوو بدات و کۆتایی بـە ژیانی بهێنێ. هەر بۆیەشـە دەتوانین د. قاسـملوو بە شـەهیدی لێبووردەی ناوبەرین. بڕوابوون بە پرانسیپەکانی لێبووردەیی ئەویان کـردە قوربانی و کۆتاییان بە ژیانی هێنا، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نیە، کە ئەو پرانسـیپانەی ئەو بڕوای پێیان هەبوو لە کایەی سیاسی و ژیانی نەتەوەییماندا کاراییان نەماوە. مەترسـی لەوەدایە ئەوانەی لەناو ئەم کایەیەدا کار دەکەن نە ئاگایان لەم میراتە بێت و نە بڕوایان پێی هەبێت. چونکە ئەمەیان بە مانای مەرگی هەمیشەیی د. قاسملوو و کۆتایهاتنیەتی بە بیروڕاکانی. هیوادارم هەمیشە کەسانێکی دڵسۆز لەنەوەی ئێسـتا و داهاتوو، هەبن، کە بگەڕێنەوە سەر ئەم میراتە بە نرخە.

٢٠٠٩/٧/٤

هەولێر، پیرزین

مێژوو: لە یەکپارچەخوازییەوە بۆ خاڵی هاوبەش

پرۆفیسۆر د. موحسین محەمەد حسین

ســاڵی دوو هەزار، کاتــێ چوارمانگ بوو بەتــەواوی گەڕابوومەوە کوردســتان، بۆ یەکەمجار لە باخچەکانی کۆلێژی ئاداب ســەرنجی ڕاکێشــام. مرۆڤێــک لە عەتر و خاوێنــی و گەنجایەتی، پڕ لە وزە و هێمنی، بەڵام هەر زوو زانیم ئەگەر قوتابی خۆی بوبێت و سـڵاوی لێبکەیت، وەڵامەکەی کەمێ باوکانە بوو: «چۆنی بابی من؟» و ئەم وەڵامــەی بۆ هەردوو ڕەگــەز بەکار دەهێنا، خۆ ئەگەر ســەرەتای ناســین، یان هەر نەتناســیبایە وەڵامەکە بە زمانێکی خۆمانەتر بوو: «چۆنی کاکی من!». من یەکەمجار بۆخۆم ڕامگرت و خۆمم پێناساند، کەچــی وەڵامەکەی بــۆ منیش پاش کەمێ ڕامان ئــەوەی یەکەمیان بوو: «چۆنی بابی من؟» و یەکســەریش فەرمووی «دەتناســم، لە ڕێگەی نوسینەکانتەوە».

من ئەو دەم لە ناو و پێگە و پســپۆڕیی هەموو کەســم دەپرسی. لە وڵاتێکی بە کەلتوور تەقلیدیدا، ناو و پێگەی کەسێک زۆر شتت لەسەر

کەسایەتیەکەی پێدەڵێن. هەندێ جار بۆت دەردەکەوێ کە کەسێک لە پشت ناوەکەیەوە خۆی شاردۆتەوە و ناوەکەی پەردەیەکە بۆ شاردنەوەی کەسەکە، بەڵام لە خۆیدا ئەوە نیە کە دەیەوێ هەبێت. پێگە و دەسەڵاتیش زۆرجار پەیوەندییان بە لێهاتوویی کەسایەتی مرۆڤەکەوە نیە، هێندەی ئەوەی پەیوەندییان بەو هەلومەرجانەوە هەیە کە مرۆڤێک لە «پڕێک دەکەنە کوڕێک». ئەمە دەربڕینێکی زۆر کوردیانەیە، کە هەم تەعبیر لە کاریگەریی ڕێکەوت (صدفە) دەکات لە مێژووی ژیانی کەسێک و نەتەوە و گرووپێکدا و هەم تەعبیریش لەو پەیوەندییە دەکات کە لەم جۆرە کۆمەڵگا تەقلیدیانەدا، لە نێوان نێرایەتی (ژکوریە) و مێژوودا هەیە: ڕێکەوتەکانی ناو مێژوو، هەل و فرسەت دەدەنە نێرینە تاکو ببێتە کوڕێک، یان هەل دەدەنە کوڕەکان تا ببنە پیاو. بەمجۆرەش، کۆمەڵگای تەقلیدی مێژووی کوڕەکانی خۆی بۆ گرنگترە تاکو لە پڕێک ببنە کوڕێک. نەک کچێک، یان مرۆڤێک، یان هاووڵاتیەک و هتد. چاوەڕوانیی ئێمەی کورد لە مێژوو، چ وەک گێڕانەوە و چ وەک بەرهەمهێنان، چ بە مانای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، چ بە مانای دروستکردنی داهاتوو، چاوەڕوانییەکی نێرانەیە. ئەو ئەگەرچی کوڕی ناو ئەم مێژووەیە، بەڵام هەرگیز لە «پڕێک نەبۆتە کوڕێک». کوڕبوون بۆ ئەو، نە تاجێک بووە بیکاتە سەری و نە جێبەجێکردنی ئەرکێک لە ئاست کۆمەڵگای تەقلیدیدا تا بچێتە ڕیزی کوڕانی مێژووەوە. ئەو لە دەروازەیەکی ترەوە، دەچێتە ناو مێژووەوە، خۆی مێژووی خۆی دروستدەکات..

پێیان گوتم: دکتۆر موحسین محەمەد هیچ پێگەیەکی ئیداریی نیە و بۆ هیچ پێگەیەکیش هەوڵ نادات، بەڵام پسپۆڕییەکەی مێژووە بە پلەی پرۆفیسۆر. پاشانیش کە لەگەڵیدا کەوتمە گفتوگۆوە، زوو تێگەیشتم کە پڕە لە سنگفراوانی و ئاوەدانی. جوانترین شت لەو

پیـاوەدا بەدیم کرد توانای ئەوە بۆ فراوانکردنی بازنەی زانینەکانی خۆی، بۆ جێهێشـتنی کایەی پسپۆڕی و گەڕان بەدوای مەعریفەدا. لەم ڕوانگەیەوە بوو کە نوسیم: ئەو مرۆڤێکە پڕە لە گەنجایەتی و لە وزە. بە پێچەوانەی زۆرینەی ئەوانەی پلە و بڕوانامە و پسپۆڕییەک بەدەسـت دەهێنن و ئیتر ماڵئاوایی لە زانسـت و گەڕانی مەعریفی دەکەن و بگرە لەگەڵ زانست دەکەونە جەنگەوە، ئەم پیاوە نە هێشتی پسـۆڕییەکەی نابینای بکات، نە ڕێگـەی دا بڕوانامەکەی بۆی ببێتە قەبری مەرگ، نە زانستەکەشـی کردە دەروازەیەک بۆ شـەڕکردن و لووتبەرزی لەئاسـت جیهانی دەوروبەریدا. ئەو، زانست و ژیانی ئاشتکردەوە و بازنەی پسپۆڕییەکەی بەرین کرد و بەجۆرێ کاری لـە مەعریفـەی مێژوودا کـرد، کە مرۆڤ وا بزانـێ جۆگەلەیەک لە قوتابخانەی (ئانالآ)ی فەرەنسی گەیشتۆتە کوردستان.

لـە کتێبـی (هەولێـر لـە سـەردەمی ئەتابەگیـەکان)دا، کـە ماسـتەرنامەکەیەتی، گەڕانەوەی بەردەوامـی بۆ چین و توێژەکان، بەسـەرکردنەوەی بیروڕایـان و جۆرەکانـی سـزا و پاداشـت و هەروەها بەسەرکردنەوەی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان، لە دەسەڵاتدار و کەمدەسـەڵاتیانەوە بگـرە، تـا زۆرینـە و کەمینـە و ڕیزپەڕیان، بەڵگەی ئەم قسـەیەن. لە کتێبەکەیدا لەسـەر سـوپای سەلاحەدینی ئەیوبی، کە نامەی دکتۆراکەیەتی، بە ئێسـتاتیکای ڕۆماننووسـێکی پشوودرێژەوە، لە تەکنیکی گێڕانەوەی مێژوویی، فیلمێکی سینەمایی بەرهەم دەهێنێ و نزیکترین پەیوەندییەکانی نێوانُ گرتەی سینەمایی و تۆمـاری مێژوو دەدۆزێتەوە. هەموو ئەمەش لە بۆتەی ڕسـتەی پوخـت و مانادار و بەدوور لە چاوبەسـتی ئایدیۆلۆژیانە. من کاتێ ئەو کتێبەم دەخوێندەوە و دەگەیشـتمە سـەر وەسـفی شمشـێر و قەڵغان و چەک و تفاقی سـوپای سـەلاحەدین، دیمەنێک لە جەنگی

ڕووبەڕووم دەهاتەوە پێشـــچاو کە سـوپایەک لە پیاوانی بڕواداری دەکـردە قوربانـی. ئەمە ئەو جـۆرە جەنگانەبوون کە شــەڕکردن هەرچەندە لە دوورەوە، لە دوو پنتی دەسـەلاتەوە، لە کەنیسـە یان مزگەوتـەوە بڕیاری لەسـەر دەدرا، بەلام لە مەیدانی شـەڕدا تاکە مرۆیەکانی دەسـتەویەخەی یەکتر دەکردەوە. دانسـقەیی ئەمجۆرە شـەڕانە لە بەشداریی تاکەکەسیانەی شـەڕکەردا بوو لە گۆڕەپانی جەنگدا. شەڕێکی ئۆرگینالیانە، شەڕێک کە بە زۆرترین ماوە کەمترین قوربانی دەخواست و دەکرێ بلێین بەو هۆیەوە کە تەکنەلۆژیایەکی سـەرەتایی تیادا بەکار دەهـات، شـەڕێکی «مرۆییانەتر» بوو لەو شـەڕانەی لە دنیـای مۆدێرندا، لەدوورەوە کۆنتـرۆل دەکرێن و لە ئـان و سـاتدا هەزاران قوربانی لە مـرۆڤ و گیانەوەرانیتر دەکەنە سووتەمەنی و جیهانێک لە وێرانی بەجێدەهێلن.
هەلبژاردنی مێژوونووسەکەمان، بۆ بابەتی تێز و نووسراوەکانی، لە ئۆریگینالیەت و دانسقەیی کەسایەتی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە و پەیوەندییەکـی پتەویشـی هەیە بەو پرانسـیپە هیومانیسـتانەوە کـە لە بیروڕاکانی و فەلسـەفەی ژیانیدا ئامادەییـان هەیە. ئەم، بە پێچەوانەی ئەو مێژوونووسانەوەیە، کە جگە لە ستایلی گێڕانەوەی سادە، جگە لە دووبارەکردنەوەی ساردوسڕی ئەوەی لە سەرچاوە و کەشـکۆلەکاندا هاتووە، هیچیتر ناخەنە سـەر مێژوو. بەپێی ئەم ڕەوتە باوەی نوسینەوەی مێژوو، لەدواجاردا، مێژوو وەکئەوەی لە پانتایی زۆرینەی زانکۆکانی کوردسـتان و عێراقیشدا دەخوێندرێ، هێندەی حەکایەتێکی لێدەمێنێتەوە، کە هەر دایکێک بۆ خەولیخستنی منداڵەکـەی پێویسـتە بیزانێت. ئەم تێگەیشـتنە لـە ئەرکی مێژوو و لە سـتایلی نووسـینەوەی مێژوو، لەلای پسـپۆڕەکەمان، نەک هەر ڕەتدەکرێتـەوە، بەلکـو شـوێنی خۆی بە تـەواوی چۆلـدەکات بۆ

ئەرکێکــی تری مێژوو کە بریتیە لە بێدارکردنەوە و دروســتکردنی ناسنامە بەهۆی گێڕانەوە مێژووییەکانەوە.
لێرەشــەوە، مێـژوو لەلای ئــەم مرۆڤە هەر تەنیا بڕێکــی کاتیانە و زنجیرەیــەک ڕووداو نیە، کە لە ڕابــردوودا ڕوویانداوە تا بمانەوێ بە نووســینەوەیان چەندایەتی زانیاریەکانمان لەسەر زەمەنێک زیاد بکەین، کە ئیتر زۆر لێی دوورکەوتوینەتەوە. بەڵکو مێژوو چالاکییەکی مرۆییە کە دەبێت بەهۆی دووبارە بەرهەمهێنانەوەیانەوە، چۆنایەتی مەعریفەمــان لەســەر ڕابــردوو و لەبــارەی ئێستاشــەوە بگۆڕین.
لێرەشــەوە، لــە کارەکانی دکتۆر موحســیندا، چەنــدە گێڕەرەوە بۆ شــتێک لە ڕابردوودا دەگەڕێت، ئەوەنــدەش بەهۆی گەڕانەوەیەکی ســەردیانەوە بۆ ئــەو ڕابــردووە، دەیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئێســتادا بــکات، یان دەرگای لە خۆ تێگەیشــتنی ئێســتامان زیاتر بەســەردا بکاتەوە. ئەم دیدە بۆ مێژوو، بەتایبەتی لەو کتێبەیدا بەرجەستە بوە، کە تیایدا هەردوو چەمکی «لۆمەکردنی سەلاحەدین و لێپێچینەوە لە خۆمان» دەکاتە سەنتەری قسەکانی. ئێستا و ڕابردوو ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بیەوێ بەناوی حەقیقەتی ڕابردووەوە بدوێ، یان بەتەنیا حوکم بەسەر ئێستادا بدات.
دکتــۆر موحســین مرۆڤێکی بێ کینەیە، ئەمەش ســیفەتێکی باشــە بۆ پســپۆڕێکی مێژوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاســتدا کە پڕە لە کینەی بەرهەمهێنــراو، لە وێناکردنی هەڵەی میللەتان بۆ یەکتر. ئەو کوڕی ناوچەیەکە، مێژووەکەی پڕە لە ناعەدالەتی و غەدر، پڕە لە شێواندنی مێــژووی میللەتــان لــە پێناوی جوانپیشــاندانی مێژووی پادشــا و دەســەڵاتداراندا. پڕە لە غەدری نەتەوە سەردەســتەکان لە ئاســت نەتەوە ســتەملێکراوەکان. ژیاری ئەم ناوچەیە ئەگەرچی وەک ژیار و شارســتانیەتێکی هاوبەش دەســتیپێکردووە و هەر لەبەرئەوەش

بە دایکی شارستانیەتەکان ناوی ڕۆیشتووە، کەچی زۆر کەمن ئەو مێژوونووسانەی ناوچەکە، لە باسکردنی مێژووی گەلان و گرووپە مرۆییەکانـدا، خاڵـە هاوبەشـەکانمان بیر بخەنەوە. مێژوونووسـە ئەوروپاییەکانیـش کاتـێ باسـی ئـەم ناوچەیە دەکەن، لە سـایەی نەبوونـی زانیاریـی ورد و لێکۆڵینـەوەی مەیدانـی و دووریيان لە خەڵکی ناوچەکەوە، ئەوەندە جیاوازیی شارسـتانیەتەکان و دەستە مرۆییەکانـی ئـەم ناوچەیـە وەک یەک و هاوشـێوە پیشـاندەدەن، کـە وا بزانرێ هیـچ جیاوازییەک لە ئـارادا نیە. بەمجـۆرەش ئێمە بوینەتە قوربانیی دوو ڕەوتی مێژوونووسیی لە بارەی ناوچەکەوە: ڕەوتێکیان جیاکەرەوەیە separator))و وێنەی ناوچەکە بەجۆرێ پیشـاندەدات کە وا بزانرێ ئیرادەی جوداخوازی و لێکدابڕان ژیانی گەلانی ناوچەکە بە ڕێوە دەبات. ڕەوتێکیشیان ئەوەندە توێنەرەوەیە (assimilator)، کە وابزانرێ لە نێوان گەلان و کەلتووری ناوچەکەدا هیچ جیاوازییەک نیە و هەموویان هەمان شتن. هەردوو ئەم ڕەوتە لـە ژێـر کاریگەریـی دوو ئایدیۆلۆژیای سیاسـیدا دروسـتبوون. یەکێکیان دەرهاویشتەی قۆناغی کۆلۆنیالیزم و سەفەری گەڕیدە و هاوپەیمانە لۆکاڵیەکانیانە لەم ناوچەیەدا، کە پاشـان بوونە دەوڵەتی سـتەمکار و یەکپارچەخواز. یەکپارچەخوازی جۆرێکە لە سیاسەتی ستەمکاریانە کە هەر جۆرە جیاوازییەک بە دژی خۆی لێکدەداتەوە. ئەمە سرووشـتی ڕژێمـی پاشـایەتی ئێرانی پەهلەوی و بەعسـی سوونەی عێراق بوو. ئەمەش سرووشتی توندڕەوە ئیسلامیستەکان و ڕەگەزپەرسـتە مۆدێرنەکانـی عێراقی دوای بەعسـە. لە هەردوو ئـەم ڕەوتـەدا جێگەی جیـاوازی و هەمەڕەنگی نابێتـەوە. ئیرادەی تواندنەوە و ئیرادەی جیاکردنەوە، هەردووکیان یەک سـەرچاوەی ئایدیۆلۆژیان هەیە: یەکپارچەخوازی و فەندەمەنتالیزم.

یەکپارچەخــوازی ســیمایەکی ســەرەکی و بنەڕەتــی ئــەو جــۆرە مێژوونووسیەشــە کە لــەم ناوچەیەدا پەیڕەو دەکرێــت. لە عێراقی بەعســدا، هەڵبــژاردەی ســوونەمەزهەبی بەعســیی دەســەڵاتدار، مێژوویان بە جۆرێ دەنووسییەوە، وەکئەوەی بۆخۆیان میراتگری مێژووی کورد و ئاشــووری و بابلی و کلدانی، مێژووی مسوڵمان، مەسیحی، کاکەیی و یەزیدیەکان بن. ئەوان کوردەکانی وان و بەدلیس و دیاربەکریشیان وەک تیرەیەکی عەشایەری عەرەب تەماشا دەکرد. لە ئەبوو یەقزانەوە تا ســەدام حســێن، ڕەوتێکی مێژوونووسیی بە عەرەبکردنی کوردەکان ئامادەیــە، کە خۆ ڕزگارکردن لێی کارێکی ئاســان نیە. سیاســەتی یەکپارچەخــوازی بەعســییەکان زۆرینەی زانســتەکانی خســتە ژێر ڕکێفــی خۆیەوە، بەڵام باجــی گەورە بەر بواری مێژوو کەوت و زۆرینەی مێژوونووسەکانیشی قووتدا. ئەمڕۆ بەرهەمی ئەوانە کەس نایخوێنێتەوە، مەگەر بۆ زیادکردنی لیســتی ڕیســواییەکانی بەعس نەبێت. بە بڕوای من، وێڕای هەر ڕەخنەیەک لە سیاســەتەکانی پاش بەعس، هێشــتا کەســیان وەک بەعسیەکان خۆیان ڕیســوا نەکردووە. هەرکامیشیان بیەوێت ئەزموونی بەعس دووبارە بکاتەوە، لەوان خراپتری بەسەر دێت. لە ناو بەعسدایە، کە مێژوونووســیی ئەم ناوچەیە بۆخۆی وەک کایەیەکی گومان لێکراو دەناســێنێ و بایی ئەوەش لە زانست دوور دەکەوێتەوە و متمانەی خۆی دەدۆڕێنێ.

با ڕستەکەی پێشــووترم لەبارەی پرۆفیسۆر موحسینەوە دووبارە بکەمــەوە: ئــەم مێژوونووســە مرۆڤێکی بێ کینەیــە. هەبوونی ئەو مێژوونووسانەی بەبێ کینە مامەڵە لەگەڵ کات و ڕابردوودا دەکەن، گەرانتێکــە بــۆ بڕواهێنانمان بــە حەقیقەتی مێژوویــی و بەوەی کە مێژوو دەتوانێت لە ڕاســتەقینەی ڕووداوەکان نزیکمان بخاتەوە بۆ

ئەوەی حوکمی هەڵەیان لەبارەوە نەدەین. بوونی مێژوونووسانێک، لەناوچەیەکـی گـرژی وەک وڵاتی ئێمەدا، کە لە نێوان دیسـپلین و ویژدانـی مێژووییدا بەدوای تەئویلی ڕاسـتیدا دەگەڕێن، نیشـانەی تەسـلیم نەبوونی مێژوونووسـە بە دەسـەڵات و بەڵگەیەکی پتەوە بـۆ متمانەمان بە گوتاری مێژوویـی. هەرچەندە ژمارەی ئەمجۆرە مێژوونووسـانەش زیاتر بێت، ئەوەندەش زیاتر نەتەوەکان دەتوانن دۆسـتانە و لێبووردووانە پێکەوە بژیـن و بە هاوکاریکردنی یەکتر و پشـتگیریی یەکتـر، کینـە و حوکمـی هەڵـە لەبـارەی یەکترەوە تورهەڵدەن.

لە بواری مێژوونووسـیدا وشەی بێگوناهی هەمان مانای نیە کە لە فیلمی هیندیدا هەیەتـی. بێگوناهی لە فیلمی هیندیدا پەیوەندیی هەیە بەو قەدەرەوە کە برایەک و برایەک لە یەکتر دەکات. پاشان لە میانەی تێپەڕینـی کات و ڕووداوەکاندا، ئەودەمەی بۆ یەکتر دەگەڕێن و لە ڕێکەوتێکـی مێژوویـدا بوونەتە دووژمنی یەکتر، یـان کەوتوونەتە دووبـەرەی دوژمـن بـە یەکترەوە. مێژوونووسـەکان کەسـانێکی بێگوناە نین لە دەسـتبردنیان بۆ نوسـینەوەی ڕووداوەکان. ئەوان لـە ڕوانگەیەکی تایبەت و بەپێی چاوەڕوانیەکی تایبەت لە مێژوو و بەپێی تێگەیشـتنێکی تایبەتیش لە کات، ئەو شتە دەکەنە مێژوو، کە لەبەرژەوەندیی خۆیاندایە و ئەوان بە مێژووی دەزانن و دەیانەوێ ئێمـە وەک ڕاسـتەقینەی مێژوویی متمانـەی پێبکەین. بەمجۆرەش، مێژوو لە کاتی نووسـینەوەیدا دروسـتدەکرێ و بەرهەم دەهێنرێ. بزوتنەوەی شێخ مەحمودی حەفید لە ڕوانگەی جوتیارێکی هاوکاتی شـێخەوە، بەجۆرێکە و لە ڕوانگەی لایەنگرانیەوە مێژوویەکی هەیە و لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیادا بەشـێوەیەکی ترە. ئەوەی مێژوونـووس وەک مێـژوو لەسـەر ئـەو قۆناغە دەینووسـێتەوە،

هەڵبژاردنێک و بەرهەمهێنانەوەیەکی تایبەت بەخۆیەتی.
ئەحمەد خواجە، لە یاداشتەکانیدا ئەو بەشە لە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە هەڵدەبژێرێ کە بەلای خۆیەوە تەعبیرن لە مێژوویبوونیان. محەمەد ڕەسووڵ هاوار و دکتۆر کەمال مەزهەر، خوێندنەوەی خۆیان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و بەپێی چاوەڕوانیتر لە مێژوو، دادەڕێژن و وەک مێژووی هەمان کەسایەتی و هەمان قۆناغ، بەرجەستەی دەکەن. ساڵی ٢٠٠٣، کاتێ بەڕێگاوەبووم بۆ زانکۆی سلێمانی، لەسەر ڕێگای خەلەکان، پیاوێکی زۆر بەتەمەن دەستی لێڕاگرتم و گوتی تاکو تاسلوجەم دەبەی؟ منیش بەڕێزەوە دەرگاکەم بۆ کردەوە و هەر زوو وەک کۆنە مەیتەرەوانی شێخ مەحموودی حەفید، خۆی پێناساندم. ئەم پیاوە، زۆر قسەی پێبوو، زۆر ڕۆژگاری دیتبوو، لە نزیکیشەوە شێخ مەحمودی دەناسی. ئایا بە چ پێوەرێک قسەکانی ئەو بەشێک نین لە مێژوو؟ ئەگەر بەشێکن لە مێژوو، بۆچی لە مێژووە ڕەسمییەکاندا نایانخوێنینەوە؟ لەبەر ئەوەی مێژوونووسەکان دواجار مێژوو لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە بەرهەم دەهێننەوە و دەینووسنەوە و دروستیدەکەن. وەکو چۆن ئەم پیاوەش مێژووی سەردەمی شێخ مەحموودی حەفیدی لە ڕوانگەی خۆیەوە و بەپێی ئەزموونی خۆی و بە پێی تێگەیشتنێکی تایبەت لە ڕووداوەکان، دەگێڕایەوە. لەبەر ئەوە چەمکی بێبەری بوون، یان بێگوناهی مێژوونووس شتێک نیە بتوانین بەڵگەی ئەقڵانی بۆ بهێنینەوە. مێژوونووس ناتوانێ سنووری هەستەوەری خۆی، ڕوانگەی خۆی، ئینتیمای خۆی و زمانی نەتەوەیی خۆی ڕەتبکات. ئەو لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا گوتاری خۆی بەرهەم دەهێنێ بەو نیازەی وەک حەقیقەتی مێژوویی لێی وەربگیرێ. کەمن ئەو مێژوونووسانەی ڕیسکی ئەوە دەکەن و بیر لە شکاندن و

فراوانکردنی ئەو سنوورانە دەکەنەوە کە تیایدا بەندن. هەر بۆیەشە مێژوونووسەکان بە زۆری بیر لە نووسینەوەی ئەو بەشە لە مێژوو دەکەنەوە کە پەیوەندیی بە کەلتوور و نەتەوەی خۆیانەوە هەیە. ئێمە مێژووی ئەویتر بە دەگمەن دەنووسینەوە، ئەویترناسی لە بواری مێژوودا بۆ ئێمە نەبۆتە ئیشکالیەت و وەک دەستکەوتێک تەماشای ناکەین. مێژووی عەرەب و ئیسلام، مێژووی توورکەکان و فارسەکان، مێژووی ئێمە و ئەرمەنەکان، ئێمە و جولەکە، ئێمە و هۆستاکان (کە بەپێچەوانەی حەزی خۆیانەوە، پێیان دەڵێین: قەرەج، یان دۆم)، لە هەژارترین کایەکانی توێژینەوەی بەشەکانی مێژوون لە زانکۆکانی ئێمەدا. ئێمە نەمانتوانیوە ئەوانیتر لەناو زمانی نەتەوەیی خۆمان و لە چوارچێوەی هەستەوەری و ئەقڵانیەتی تایبەتی خۆماندا بخوێنینەوە. غیابی ئەوانیتر لە ناو گوتاری مێژوونووسیی ئێمەدا، تێگەیشتنی ئێمەی لە خۆمان و لە ئەوانیتریش هەژار کردووە. پێویستە کۆی باسەکانی کتێبی (سوپای سەلاحەدین)ـەکەی پرۆفیسۆر موحسین لەم ڕوانگەیەوە بخوێنینەوە. ئەو دەیەوێت بەشی لە ئێمە لەناو زمانی ئەویتردا بەرجەستە بکاتەوە. ئەو لەناو زمانی ئەویتردا بۆ خۆی دەگەڕێت، بەڵام بەسەر شتی هاوبەشدا دەکەوێت. شتە هاوبەشەکان خاڵی بە هێزی نێوان ئێمە و ئەوانیترن. تەنیا لە عەودالبوونماندا بەدوای خاڵە هاوبەشەکانماندا، دەتوانین لەگەڵ ئەویتر بچینە ناوەندی گفتوگۆوە و خۆمان لە هەردوو ڕەوتە فەندەمەنتالیستیەکەی نووسینەوەی مێژوو ڕزگار بکەین. داهاتووی مێژوو وەک زانستێک و شارستانیەتەکان وەک بەرهەمی چالاکی و زەحمەتی تێکۆشانەکانی مرۆڤ، لە دیتنەوەی یەکتردایە لە ڕوانگەی هاوبەشییەوە، نەک لە ڕوانگەی یەکپارچەخوازییەوە. دکتۆر موحسین، لە ڕوانگەی داهاتووەوە مێژوو دەنووسێتەوە،

ئـەو ڕۆحێکی بێدارکەرەوەیە نەک تەنیا بەرامبەر بەوەی ڕابردووە، بەڵکو لە ئاست ئەوەشدا کە چاوەڕێمان دەکات.

٢٠٠٩/٦/٢٤

کوردستان، پیرزین

کاتێ حەقیەقت دەبێتە ڕاز
(ڕازی تەنیایی)

ئەحمەد هەردی

کاتێ بۆ یەکەمجار بینیم قاتێکی ڕەش و کراسێکی سپی لەبەراو ریشێکی تازە تاشراو، بە جووتێ چاویلکەی گەورەوە کە تازە دیاربوو خاوێن کرابوونەوە. لە دەرگاکەدا چاوەڕێی دەکردم و بزەیەکی لەسەر لێوان و من دەستیم ماچکرد و هەرگیز لەو دەستماچکردنەی پەشیمان نەبوومەوە و ئەویش میهرەبانانە فەرمووی کردم بۆ ژوورەوە، بەناو دالانێکی بەرتەسکدا لە پێشمەوە ڕۆیشت و عەترێکی بۆنخۆشی لەدوای خۆیەوە بەجێدەهێشت و من لە جوانی سەردەستەی کراسەکەی ورد دەبوومەوە، کە لەژێر قۆڵی چاکەتەکەیەوە سپی سپی دیار بوو. پیاوێکی خنجیلە، ورد و پاک وخاوێن و پەپوولەیی، لەسەر خۆ و میهرەبان، دەتگوت دەیەوێ بۆ هەمیشە لە گۆشەگیریدا بژی تاکو خۆی لە پیسیی سەردەمەکەی بپارێزێ..

ئەوە یەکەمین دیداری من بوو لەگەڵ پیاوێکدا کە ساڵەها لەوەپێش

هەوڵیدا بوو شیعری نایاب بە زمانێ بنووسێ کە تا ئەوکاتە خۆی نەدابوو بەدەست شاعیرانەوە، تا بەوێنەی هەردی شیعری پێبنووسن. لەگەڵ هەردیدا شیعرێ لەناو زمانی ئێمەدا لەدایبکدەبێ، کە دووبارە بوونەوەی لەسەر دەستی شاعیرانی دیکە مەحاڵ و لەگەڵ کۆچی هەردیدا، مرۆڤێک جێماندەهێڵێ کە بێنمونە بوو.
دوو تایبەتمەندیی لە هەردیدا هەیە کە یەکێکیان پەیوەستە بە شیعرەوە و ئەویدیکەشیان پەیوەستە بە خودی خۆیەوە وەک کەسایەتییەک. تایبەتمەندیی یەکەمیان ئەوەیە کە هەردی تا ئەوکاتە شیعری نووسی کە ویستی بنووسێ و ئیتر دەستیهەڵگرت. ئەو دەیتوانی پتر بنووسێ، ئەو بەردەوام وەک شاعیرێکی هەستەوەر بیریدەکردەوە، ئەو شاعیرانە بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕانەوە، بەڵام ئەو بڕیاریدابوو چیدی شیعر نەنووسێ. ئەم بڕیارە چەندە پەیوەندیی هەبوو بە سیاسەتەوە کە هەردی بردبووە ناو هەزاربەهەزارەکانی خۆیەوە و چەندەش پەیوەندیی هەبوو بەو سنوورانەوە کە هۆشمەندیی ڕەخنەگرانەی ئەو سەبارەت بە سنعەتی شاعیرانە و سەلیقەی شیعریی لەبەردەمیدا قووتیاندەکردنەوە و ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە ئەو سڵبکاتەوە لە شیعر نووسین، ئەوەندەش زیاتر پەیوەندیی هەبوو بە ڕێزگرتنی هەردییەوە لە زمانی کوردی. هەردی قەتاوقەت نەیویست لە شیعر، (موڵکایەتی تایبەت) دروستبکات و بەهۆی ئەو چەپکە شیعرەی پێشتر نووسیبوونی و لە میانەی ساڵەکانیشدا چەند دانەیەکیتری بۆ زیادکردن و ئەوانی پێشووی تەواوکردن و بۆ ئەو ناوبانگێکی زۆریان بەدەستهێنابوو، نەیدەویست ببێتە مڵۆزمێکی دیکەی ناو بواری شیعری بە کوردی نووسراو. ئەو هەرگیز بەوجۆرە بیری لە زمانی کوردی نەکردەوە کە زمانێکە دەتوانێ بەئارەزووی خۆی

مەسرەفی بکات و لاپەڕەکانی پێپرکاتەوە، زمانی کوردی بۆ هەردی زمانێکی هاوبەش بوو، کە ئەو نەیدەویست بەشدارییەکی ناشایستە بکات لە مەسرەفکردنی ئەو زمانەدا. لەڕاستیدا بێدەنگیی هەردی لەو ڕێزە زۆرەیەوە هاتبوو کە ئەو هەیبوو لە ئاست زمانی کوردەکاندا، زمانێ کە هەردی دەیزانی دوا سەنگەری ئەوانە بۆ ئەوەی بوونی خۆیانی لەسەرەوە بسەلمێنن. شت نەبوو پەیوەندیی بە مرۆڤ و بە کوردەکانەوە هەبێت و ئەو نەیخوێنێتەوە، سەرەتا کاتێ دەمبینی لەکاتی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و هەفتەنامە و تەنانەت بڵاوکراوە و بەیاننامەکانیشدا، لەزۆر شوێندا خەت بەژێر نووسینەکاندا دەهێنێ، لە نهێنی ئەو کارەی تێنەدەگیشتم، بەتایبەتی کاتێ لە دوای ئەو بە دزییەوە چاوێکم بەسەردا دەخشاندن و دەمویست بزانم ئایا ئەو خەتبەژێرداهێنانە پەیوەندیی هەیە بە ناوەڕۆکەکەیانەوە، یان شتێکیترەوە؟ ماوەیەکی زۆری ویست تاکو تێبگەم هەردی لە سەنگەرێکدا شەڕ لەگەڵ مەسرەفکەرانی زماندا دەکات، چونکە ئەو بڕوای وابوو میللەتێ لە ناوەوەی خۆیەوە دانەڕزێ، هیچ دووژمن و پیلانێک پێی ناوێرن و یەکەمین داڕزانیش لە زمانەوە دەستپێدەکات. هەردی کاتێ قسەی لەسەر ناحەزانی کورد دەکرد، هەرگیز قسەی ناشایستەی لە دەم نەدەهاتنە دەرەوە، بەڵام پێیوابوو کە ئەوان زیرەکانە خەریکی شێواندن و لەبیربردنەوەی زمانەکەمانن. هەردی لە هەموو شتێکدا زۆر گوێی نەدابایە، لە مەسەلەی زماندا هەڵەی بەسەردا تێنەدەپەڕی و هەرگیز ڕێگەی بەخۆی نەدەدا زمان مەسرەف بکات، ئەگەر نەتوانێ داهێنانی پێبکات، هەردی لە زماندا پێرفێکشیۆنیست بوو. زمان لەلای ئەو هەرگیز زمانی تاکەکەسی نەبوو، بەڵکو زمانی هاوبەشی نەتەوەیەک بوو، کە ئامادە نەبوو بەشداربێت لە بێحوورمەتی پێکردنیدا. لە ئاست ئەم هەڵوێستەی

هەردیدا، کە لەبنەمادا بەرگریکردنی ئەو بوو لە شوناسی نەتەوەیی، پێویستە بە خۆماندا بچینەوە..
تایبەتمەندیـی دووەمـی هەردی پەیوەندیی بە کەسـایەتیی ئەوەوە هەیە. کەسایەتی ئەو لەناو کارەسات و ڕووداوی گەورەدا، لەنێوان دوورخسـتنەوەکان و ئاوەرەییـەکان و زینـدان و خۆشـاردن و ڕاکەڕاکـدا، فۆرمـی خۆی وەرگرتبـوو. هەردی خەڵکی ناسـیبوو، زەمەنەکەی ناسـیبوو، ناحەزانیشـی باش دەناسـین. ئـەو دەیزانی هەمیشـە پلانێک لە ئارادایە، کەسـانێک هەن سـڵ لـە خیانەتکردن ناکەنـەوە و دووژمنانێکیـش کـە دەیانـەوێ لـە خشـتەمان بەرن و ئەزموونگەلێکیـش لـە پشـت سـەرمانەوە کە بەهیچ شـێوەیەک سوودمان لێوەرنەگرتوون و لێیانەوە فێر نەبووین. هەردی میللەتی خـۆی خۆشدەویسـت، بەڵام هەمیشـە ڕازیی نەبوو: ئەو شـتانەی پەیوەندییـان بەم گەلەوە هەبوو و هەردیان دەگریاند زۆرتر بوون لەو شـتانەی هەردییـان دەهێنایە پێکەنین. ئـەو بەراووردکارانە لە مێـژووی دەڕوانی و هەمیشـە میللەتی خۆی بـەراوورد دەکرد بە میللەتانـی دیکە و لەچاو زۆریـی قووربانییەکانی خۆمان و کەمیی دەستکەوتەکاندا، پەژارە دایدەگرت. ئەو پێیوابوو پیلانێکی مێژوویی هەیە بۆ لەناوبردنی میللەتی کورد و غەفڵەتێکی گەورەی سیاسـیە کوردەکانیشی لەئاست ئەو پیلانەدا هەستپێدەکرد. من نازانم هەردی ئەو بیروڕایانەی خۆی نووسـین، یان نا، بەڵام هەموو ئەمانە وایان لە هەردی کردبوو، تا قسەیەک بدرکێنێ، چەندینجار بیری لێبکاتەوە، تا هەنگاوێ بنێ، چەندینجار هەڵوێستە بکات و تاکو بڕیارێک بدات، چەندینجار گومانکارانە بەخۆیدا بچێتەوە. ئەو نەیدەویسـت تەسلیم بە زەمەن ببێ و لەکەدار ببێ و کارێ بکات و شتێ بڵێ و بنووسێ کـە خزمەت بە پلانی دووژمن و ناحەزان بکات و بەزەرەری کورد

تــەواو ببێ. ئەو دەیوســت هەمیشــە وەک ســپێتی قــۆڵ و یەخەی کراســەکەی بێگەرد بێت، خودایە چەندە ئەو هەردییە پەپوولە بوو! دەبێ چەندە پەپوولەیەک بەهێز بێ تا بەرگەی ئەو هەموو ڕەشەبای ســەردەمە بگرێ، کە هەردی لە سەفەری تەمەنەکەیدا سنگی خۆی وەبەر نابوو؟؟ خودایە قەدری هەموو ئەو پەپوولانەی بە عەشــقی مۆمەوە خۆیان سووتاند لەلایەک و نازی ئەم پەپوولەیەی ئێمە کە بە عەشقی مرۆڤەوە لەلایەکی تر، کە دڵنیام لەهەر شوێنێکدا داینێی، بــە قســەخۆش و گێڕانەوەی بەســەرهات و جاروباریــش ئاوازی گەرووە ناســکەکەی و بزەکەی ســەر لێوی، ئاوەدانترو ڕووناکتری دەکاتەوە..

هەردی لە ڕۆحدا شــەماڵێ بوو، ڕوویکردبا هەرشوێنێ بۆنی هاتن و بۆ هەرکوێ ڕۆیشتبا عەبیری ماڵئاوایی جێدەهێشت. ئەو هەمیشە شــوێنی دیار بوو، جێدەســتی و شــتەکانی: قەڵەمێ، عەینەکەکەی، دەفتــەری ســەرنجەکانی و ئــەو کتێــب و گۆڤــار و ڕۆژنامانــەی دەیخوێندنەوە، لەوێدا بوون. بچووکترین نامەی پێگەیشتبا پشتگوێی نەدەخست و درەنگ یان زوو وەڵامی دەدایەوە. ئەخلاقێکی ئەوەندە بەرزی هەبوو هەرگیز بە خراپە باســی کەســی نەدەکرد، ڕقی لەو کەســانە هەڵنەگرتبوو کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان خراپەیان لەگەڵ کردبوو و هەردی باجەکەی بە ژیانی خۆی دابوو. ئەو لەم دواییەدا شــتەکان و دیمەنەکانــی درەنــگ بیــر دەکەوتنەوە، بــەڵام لەدوای بیرکەوتنەوەیــان ئەوەندە بە ئەمانەت و وردییەوە وەســفیدەکردن، وەکئــەوەی بیەوێ هیــچ بوارێ بــۆ بەهەڵە لێکحاڵیبــوون نەمێنێ. توانای کەســەکانی بەکــەم نەدەگرت و ڕێزی لــە هەوڵدانیان دەنا، بەڵام پێیدەچوو تاکو ئیعتیرافیان پێبکات. بە هەوڵەکانی نەوەی نوێ هەندێ جار خۆشــحاڵ و هەندێ جاریکەش نائومێد، بەڵام هەرگیز

پشتی لەو نەوەیە نەکرد کە ئەو تا گەڕانەوەشی بۆ کوردستان هەر لە ڕێگای نامە و هەواڵ و ڕۆژنامەکانەوە پەیگیریی چالاکییەکانیان بوو. شـیعری گەنجترین شاعیرەکان و بەرهەمی هزری و وتارەکانیانی دەخوێندنەوە، ستایشـی دەکردن و جاری وایش هەبوو لە ئاست وتار و نووسـینێکدا هەڵوەسـتەی دەکرد و دەیپرسـی: ئەمە کێیە؟ دەبوو تێگەیشتبای کە بەدڵی نییە و خەمی دەخوارد.

هەردی وەک هەموو ئەوانـەی نەوەی خۆی، هۆگرێکی بەردەوامی ڕادیـۆ بـوو. ڕادیۆ ئەو میدیایە بـوو کە چ لە خێرایی و چ لە گوتنی ڕاسـتیی هەواڵەکاندا لەگەڵ دنیای نەوەی هەردیدا دەگونجا. ئەوان نەوەیەک بوون بەهەموو شێوەیەک سانسۆر کرابوون و ڕادیۆ ئەو میدیایە بوو کە زۆر جار لەسەر کورد حەقیقەتە سانسۆرکراوەکانی بڵاو دەکردنەوە، بەتایبەتی ڕادوێی لەندەنی عەرەبی و زۆرجاریش کە لە خوێندنەوەی هەواڵەکان دەبۆوە و گۆرانییەکی عەبدولوەهاب، یان عەبدولحەلیمی دەخستـە سـەر، هەردی لێدەگـەڕا گۆرانییەکە تەواو ببێ و لەو نێوانەشـدا هەڵدەستا حەپەکانی دەخوارد و پەمپی هەناسـەکەی هەڵدەمـژی. لـەو هاتووچوونەشـدا بـۆی هەبوو بە دوو پەنجـە چەناگەت بگرێ و لێت بپرسـێ، ئێ کاکەگیان چۆنیت؟ یاخود دەسـتت بگرێ و نووسراوێکت بداتە دەست و داوات لێبکات بیخوێنیتـەوە و ڕای خۆتـی پێبڵێـت! هـەردی بەخۆیـی و ڕادیۆ و سەرقاڵییەکانییەوە، کاتێ بە دوای شتێکدا دەگەڕا، ئاوەدانییەک بوو، جموجووڵێـک بوو، بوونەوەرێک بوو دەسـتی لە ژیـان نەدەبۆوە، بەیـادی ئەو دیمەنانەوە، ئێسـتاش دەنگی کاتژمێرەکـەی بیگبن لە گوێمدا دەزرنگێتەوە..

هەردی سـاتەوەختی تایبەت بەخۆی هەبوون، کە تیایدا تێفکرین و خەیاڵکردنەوە لە شتێک، لە کەسێ یان ڕووداوێک چەندین کاتژمێر

ئەویان مات دەکرد. کاتێ ماتبوونی هەردیم دێتەوە پێشچاو، کاتێ لەودیو شووشەی چاویلکەکەیەوە، فرمێسکەکانی دەبینمەوە کە ئیتر لەبەر شەوقی پەنجەرەکەدا بریسکەیان دەهات، ترسێکی سەیر دامدەگرێ لەوەی کە چیدی ئەم نەتەوەیە مرۆڤێکی دیکەی ئەوەندە ڕاستگۆ و هەستیار بەخۆیەوە نەبینێتەوە. ماتبوونەکانی هەردی لە لێخووردبوونەوەی یەزدانێ دەچوون کە نەیدەزانی بەدەست زەمەنی دڕندە و مەخلووقە شەڕانییەکانەوە چی بکات..

بەبڕوای من، میراتی هەردی هەر تەنیا لە بواری شیعری و ڕەخنەکاریی شیعر و بەرهەمی دیکەی نووسراویدا نییە، ئەو نموونەی مرۆڤێکمان دەخاتە بەردەست کە لە میانەی ژیانی خۆیدا عیززەتی نەفس و دانبەخۆداگرتن و ئەخلاقی وەفادارانەی لەسەروو هەموو شتێکەوە دانابوو. ئەو هەرگیز نەبۆخۆی و نە بۆ نەوەکانی نەیدەویست سوود لە ناوبانگەکەی وەربگیرێ و بەکار بهێنرێ بۆ بەرژەوەندیی تایبەت. نەیدەویست هیچ کەسێ سێبەری بەسەردا بکات و نەیشیدەویست دەستی یارمەتیدان بەڕووی هیچکەسێکەوە بنێ. ئەو شەماڵێ بوو تا نەهاتبا هەستت بە بوونی نەدەکرد، تا دڵی خۆی بۆ نەکردبایەوە، نەتدەزانی ژیان چ ئەزموونگەلێکی لە هەگبەی تەمەنی کورتی مرۆڤدا شاردۆتەوە. من بەهەردیدا زانیم، گەورەیی مرۆڤ لە ناخیدایە، نەک لە ناوبانگ و قەبارە و ڕەنگیدا. ئاخر ئەو دەنکە زەنگیانەیە بوو فێری کردم لە هەموو سەردەمێکدا ڕاستی هەیە، بەڵام لە هەموو سەردەمێکدا حەقیقەت ناگوترێ و ڕێ بە دەربڕینی نادرێ. هەمیشە لە هەردیدا نەگوتراوێک هەبوو، نەگوتراوێک خۆی نەدەدا بەدەست دەربڕینەوە، بۆیە هەمیشە حەقیقەت دەبووە ڕاز، (ڕازیی تەنیایی)!

هەتا مرۆڤ بمێنێ ئەو ڕازە و ئەو حەقیقەتە دەمێنێ، بۆیە

ماڵئاواییکردن لە ڕۆحێ کە هەڵگری ڕاز و حەقیەقەت بوو، هیچ مانایەکی نییە. کاکە هەردی شاعیر و باوک، هیوادارم لەم سەفەرەدا خودا حەقی هەموو ئەو ناخۆشیانەت بۆ بکاتەوە، کە زەمەنی کوردایەتی تۆی لێ بێبەشکردن. بڕۆ و ئێمەش لە دواتەوە لەگەڵ بۆنکردن بە عەترە بۆنخۆشەکەتەوە، تەماشای بێگەردیی تەمەن و خەبات و هەستەکانت دەکەین، کە وەک یەخە و سەردەستی کراسەکەت، سپیی سپیی دەچنەوە...

هەولێر
٢٠٠٦ /١١/١

پێویستیمان پێت نیە، تۆ سوورییت!

د. سەربەست نەبی:

یەکەمجارەکان کە گوێبیستی ناوەکەی بووم، لە ڕێگەی هەندێک وتارییەوە بوو کە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی کوردی. ئەو بە زمانی عەرەبی دەنوسێت و لە ڕیزی سەلیم بەرەکاتدا، یەکێکە لە ڕێزلێگیراوترین ئەو کەسایەتییە کوردانەی کە نەک هەر دەنگێکی ناسراوە، بەڵکو ئەکادیمییەکی دیاری ناو ڕۆشنبیران و بیرمەندانی عەرەبە کە بەشدارییەکی بەرچاوی هەیە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنیریی دیموکراسی و هزری ڕەخنەییدا. بەڵام ئەو بەدبەختییەکی زگماکی لەگەڵە کە کوردە و لە کوردە جیدی و دڵسۆزەکانیشە، نەک بازرگان و چەتەکان.

پاش ئەوەی لە ڕێگەی ناوەکەیەوە ناسیم، تەلەفۆن و ئیمەیڵەکەیم پەیدا کرد و ئیتر پەیوەندییەکەمان چووە ئاستێکی تر و تا دەهات پێویستیی هەرێمی کوردستان و زانکۆ و بەتایبەتیش بەشی فەلسەفەم، بەو مرۆڤە، زیاتر بۆ دەردەکەوت. لەو کاتەدا ئەو لە

کێشەیەکی گەورەدابوو، پاسپۆرتەکەی خرابووە ژێر چاودێرییەوە و نەیدەتوانی سەفەر بکات. منیش نازانم بە چ ئەقڵێکەوە لە ڕیزیی ئەو کەسانەدا بووم، کە سوور بووین لەسەر ئەوەی پێویستە ئەو بێتە هەرێمی کوردستان. سەبارەت، بە خۆم ئەوەندە هەبوو کەسانێکی ترم دەناسین لە دەڤەری ئەو، کە لێرە توانیبوویان لە پسپۆڕیی خۆیاندا کار و پۆست وەربگرن و ژیانێک بۆخۆیان دابین بکەن، بەبێ ئەوەی وەک ئەم، دەست لە کۆی بەرژەوەندییەکانیان هەڵبگرن و بە عەشقی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و کوردایەتییەوە، هاوسەر و منداڵەکانی جێبهێڵێ و لە یەکەم هەلدا کە پاسەپۆرتەکەی چنگ دەکەوێتەوە، بێت بەرەو بەهەشتی وادەپێدراو.
هەوڵەکانی من بۆ بانگهێشتکردنی و دەستکردنی بە دەوام لە بەشەکەمان تا ئێستاش بە ئەنجام نەگەیشتوون. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێک لە سلێمانییەوە، تەلەفۆنێکم بۆهات و یەکسەر گوتی: «ڕێبوار هاتم و لێرەم». ئەم دەنگ و هەواڵە هەم دڵیان خۆشکردم و هەم ترساندمیان. دڵم خۆش بوو بەوەی کە یەکێک لە کەسایەتییە جیدییەکانی بواری فیکر و فەلسەفە، کە تەنیا بەرهەمەکانی شایەتی ئەم قسەیەن، هاتۆتە هەرێمی کوردستان و ئیتر لێرە شوێنپەنجەی خۆی بەسەر تەوێڵی سەردەمێکەوە بەجێدەهێڵێت، کە لە هەموو شتێکدا دەوڵەمەند و لە فیکر و فەلسەفەدا، دەستبڵاو و لات و هەژار. ئەوەش کە زیاتر دڵی خۆشکردم ئەو ئاگاداربوونەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بەرهەم ساڵح، بوو لە هاتنەکەی و گوایە پشتگیریی تەواوی لە دامەزراندن و هێشتنەوەی دکتۆر سەربەست نەبی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەش کە ترساندمی و گومانێکی زۆری دەخستە دڵمەوە، ئەو ئەزموون و یادوەرییە تاڵ و ناخۆشانەمە لەگەڵ سیاسیە کوردەکانی لە نمونەی وەک

سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەڤالانی و ئەو بێهەڵوێستیی و فەرامۆشکارییە زۆرەیان لە ئاست بیرمەند و ئەهلی فیکر و فەلسەفە و ئەکادیمییەکاندا. ئەمە جگە لە بیرکەوتنەوەی ئەو هەموو باوەشگرتنەوە و خەندە هەمیشەییە زۆرانەیان لە ئاست بازرگان و ڕەمزەکانی پارە و ساماندا. سەربەست نەبی، سەرۆکی حکومەتی لە دیوەخانەکەی خۆیدا لە هەولێر بینی، کە هەر نەیدەناسی و هێشتاش ئەم سەرۆکی حکومەتە نەیزانیوە کە لەگەڵ چ وزەیەکی فیکریی کوردیانەدا دانیشتووە. ئەم سەرۆکی حکومەتە لە خەوێکی دۆگمایی ئەوەندە قووڵدایە کە سەدان فەیلەسووفی وەک (هیوم)یش ببینێ، ناتوانێ هەڵوێستێکی کانتیانەی هەبێت و ئەمەش میرات و خەسڵەت و نیشانەیەکە بە نێوچەوانی گشت سیاسییە کوردەکانەوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، کە بێئاگاییان لە فیکر و فەلسەفە، لۆگۆی ناسینەوەیانە بۆ خەڵکانێک کە ئاگاداری ئەلف و بێی فیکر و فەلسەفە بن. جارێ کابینەی شەشەم و سەرۆکی کابینەکەی ئەوەندە نائومێدکەر و کەمتەرخەمە لەئاست بواری هزردا، کە هەر دەقیقەیەک چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت، لە خوتبەیەکی بزنزمانیانەیدا بفەرمووێ: «ئێمە پێویستیمان بە فەلسەفە نییە».

بۆچی ئەم پیاوە وای لێهات؟ چییە وا دەکات کە خوێندەوارترین ئەکادیمی و سیاسیی کورد، ڕایبگەیەنێ ئێمە پێویستیمان بە فیکر و فەلسەفە نییە و ئەم ڕێگرانەی بەردەم فەلسەفە کە لە حکومەت و حیزب و سیاسەتەدا ژمارەیان زۆرە، چ بەدیلێکی تر بۆ فیکر و فەلسەفە پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردستان دەکەن جگە لە بەدیلی مۆدێلە بزنزمانییەکانیان، کە تەنیا لە سایەی ئەمانەدا فیکر دەگاتە پەراوێزترین دۆخی مانەوەی خۆی؟ ئەم سەرۆکی حکومەتە، ئەم خاوەن کەلتوورە نەبیلەی ئێمە، کە بوون و نەبوونی وەکو

یەکتـری لێهاتـووە، کە ئەمەریکیـەکان قوورمیشـی نەکەن، هیچی پێناکرێت، کە دەتوانێ دەسـتی عەزیز وەیسـی بگرێ لە حەفلەدا و ناتوانـێ بچووکترین بودجە بۆ گۆڤارێکی فەلسـەفی تەرخان بکات، بۆ ئاوای لێهات؟ بۆچی سیاسـییەکانی ئێمە یان لەشـاخەوە دێنەوە و توندوتیژییەکەیـان تێکـەڵ بە یاسـا و ژیانی خەڵـک دەکەن، یان لێمان دەبنە بزنزمان و هاوکار و دەسـتیار و قوورمیشکراوی ئەو ئەمەریکیە بێ کولتوورانەی کە بە ڕێگادا ڕۆیشتینیشیان عەسکەریانە و نامرۆڤانەیە؟

من تێناگەم ئەم سەرۆک حکومەتە کە ناتوانێ یەک مامۆستای کوردی لـە زانکـۆدا دابمەزرێنێ و ماڵـی وێران نەکات، بۆچی بانگهێشـتی دەکات و کەچی لێرە پێی دەڵێن: ناتوانین داتبمەزرێنین لەبەر ئەوەی تۆ سوورییت، نەک عێراقی؟ ئایا ئەمە ئەقڵییەتی چەتەگەریی نیە؟

ڕۆژێـک بۆ سەربەسـت نەبیم نووسـی: «حکومەتی ئێمـە توانای دامەزراندنی تۆی نیە، بەڵام توانامان هەیە لە ژێرزەمینی ئەو هوتێلەی تیایدا نیشـتەجێ کراویت، بتنێژین». سـێ مانگ بەسـەر هاتنی ئەم پیاوەدا بۆ بەهەشـتەکەی هەرێمی کوردسـتان تێپەڕ دەبێت، دوێنێ شەو تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: «یازدەجاران تەلەفۆنی برادەرێکم کـردووە وەڵامی نەداومەتەوە، لە کاتێکدا من لێرە میوانم. ئایا ئەمە ڕەفتارێکی شارستانیانەیە؟»پاشـان بە دڵگەرمییەوە بەردەوام بوو: «ئەگەر لە سـەدا یەکـی ئەو تەنازولاتانـەی لێرەکردوومن بەناوی نەتەوەدۆسـتییەوە بۆ برا کوردەکانم، بۆ بەشـار ئەسەدم کردبان، ئەو پەڕی حورمەتی لێدەگرتم».

من هەر لەسـەرەتاوە دەمزانی سـەربەسـت نەبی نـا ئومێد دەکەن، دەمزانـی کەمەکـێ پـارەی بۆ هات و چـۆ و ماڵدانان بۆ سـەرف دەکەن، تا دواجار پێمان بڵێن: «ئێمە درێغیمان نەکردووە و پارەمان

داوەتێ، بە خوا..»

چەتەیەتی جۆرەها شێوەی هەیە: یەکێکیان ئەوەیانە کە بیستومانە و بینومانــە: تۆ بەڕێگایەکدا دەڕۆیت و خەڵکانێک کە وەکو خۆت و بەزمانی خۆت دەدوێن، لە پەنایەکدا ڕاتدەگرن و ڕووتت دەکەنەوە. جەمیل ســائیب (لــە خەوما)ی لە بارودۆخێکی وەکئەوەی ئێســتای ئێمــەدا نوســیی بۆ ئەوەی پیشــانمان بــدات هەمیشــە چەتەکان لە ســایەی کەسەکاندا ڕوتماندەکەنەوە. بەڵام چەتەگەریی ئێستا تەواو گۆڕانیی بەسەردا هاتووە و خودی کەسەکان دێن و لەسەر ماڵ و ژیان و کاری خۆت هەڵتدەکەنن و ڕیشەکێشت دەکەن و بانگهێشتت دەکــەن و بە کوردییەکەی، ڕووتتدەکەنــەوە و پێتدەڵێن: «وەرە بۆ هەرێم، هەرێم پێویســتیی پێتانە». بەڵام، ئێســتا کــە تۆ هاتویت بۆ هەرێم: پێتدەگوترێ: «تۆ ســووریيت، بۆیە ناتوانین داتبمەزرێنین». یا سەربەســت و یا نەبێ: ئێســتا ناتوانم بڵێم: بگەڕێوە، ناشــتوانم بڵێــم: بمێنــەوە. بەمجــۆرەش تۆ ئیتر، نــەک هاونیشــتیمانی، بەڵکو بێنیشــتیمانییەکیت لــە تاراوگــەدا. بەڵام پەیمانــت دەدەمێ، ئێمەش لەمــەودوا و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتــوودا دەنگ بۆ هیچ چەتەیەک نادەین بە ناوی کوردســتانیبوونەوە، بەڵکو دەنگ بۆ عێراق دەدەین و داوا دەکەیــن عێراق بگەڕێتەوە بــۆ ئەوەی بێبەش نەبین لە تۆ و لە فەلسەفە.

دەستێک لە سیاسەتی کوردیدا:

نەوشیروان مستەفا

کاتێــک تەماشــای جلوبەرگــە ســادە و پشــتێنە هەمیشــە کەمــێ هەڵوەشــاوە ســلێمانییەکەی و کراســە ئوتوو نەکراوەکانی دەکەم، یەکســەر بــۆ ئەوە دەچم کە ئەم پیاوە یەکێکــە لەو پیاوانەی وڵاتی ئێمــە کــە بەدەســت نەبێت پــارووی نانــی پێناخورێــت. ئەگەرچی هیچکاتیش نەمبیستووە لە پیاوە زۆرخۆرەکان بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کــە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ مام جەلالدا هاوڕێ و هاوخەبات بووە و مامەمەش بە سفرەپڕی ناسراوە، کەچی نەوشیروان مستەفا لەمەدا هیــچ کاریگەرییەکی لەوەوە وەرنەگرتــووە. من بە تەواوەتی نازانم ئەم مرۆڤە لە خەڵوەتی ژیانی خۆیدا و لەگەڵ ماڵ و منداڵیی خۆی، بە دەســت پاروەنانەکانی دەخوات، یان بە کەوچک و چەتاڵ، بەڵام دەزانم لە بەکارهێنانی ئەودا بۆ دەست، هەمیشە شتێکی خۆماڵیانە، خاکیانە و ساکار هەیە، کە سرووشتی مرۆڤی لۆکاڵیی لە پەیوەندیی بەو شوێن و خاک و دەوروبەرەوە دەستنیشان دەکات کە لەسەری

دەژی. ئەو لە ماوەی ئەو چل ساڵەی ڕابردوودا ئەوەی بە دەستی خۆی ئەنجامی نەدابێت، نەیکردووە. ئەوەش کە بەدەستی خۆی ئەنجامیدابێت، جیاواز بووە لەوەی ئەوانیتر ئەنجامیان داوە و ئەمەش ئاشکرای دەکات کە ئەو مرۆڤێکی دەگمەن و دانسقەی ناو سیاسەت و مێژووی ئێمەیە، کە وا دەکات من لە ناخی ناخەوە خۆشەویستییەکم بۆی هەبێت.

کاتێ لە ماڵی خۆماندا، لەناو کەشوهەوای ماڵەئاغایەکی نیشتیمانپەروەری بە کەلتوور عەشایەردا چاوم کردەوە، نەوشیروان مستەفا پێش من لەوێ بوو. ئەو وەک ناوێک و وەک کەسایەتییەک، کە هەر جارەی لە مەجلیسەکاندا باسی دەکرا، ئامادەیی هەبوو. جارێ دەکرایە ئەهریمەن و جارێ بە فریشتە و زۆرجاریش وەک مرۆڤێکی ئازا و پیاوێک، کە لە مەرگ ناترسێت، باسیدەکرا. یەکەمجاریش کە بینیم و لە نزیکەوە سڵاوم لێکرد و تەوقەمان کرد، لە شاری لەندەن و لەسەر جادە بوو، کاتێ ئەو لەگەڵ خانمەکەیدا و من لەگەڵ ڕێبوار سەعیدی هاوڕێم، پیاسەمان دەکرد. لەو بینینەوە یەکسەر ئەم پیاوەم خۆشویست، بەڵام کۆی ئەو وەسفانەی لەسەری بیستبوومن کاریگەریی باش و خراپیان لەسەر من دانابوو. من نەمدەتوانی بە بینینی یەکجاریی ئەو، لەبەرامبەر کەلتوورێکدا ڕاوەستم، کە وێنەیەکی تری بۆ دروستکردبوو. ئەرێ بەڕاست، مرۆڤ لەسەر شەقامێکی لەندەن، چی لە سیاسیی و پێشمەرگەیەکی کورد، کە ناکۆکیی لەگەڵ حیزبەکەی پەڕاندبوویە ئەوێ، تێدەگات؟ من تەنیا سادەیی و توندوتیژی و بوێرییم لە کەسایەتی پێشمەرگانەی ئەودا بینی، کە خاڵیی نەبوو لە نائومێدی و بەخۆداڕۆچوون.

دواجار کتێبەکانیم خوێندنەوە و حینجەم کردن. لە جارێک زیاتریش.

لـە کتێبەکانیدا بەشـێکی تری کەسـایەتی ئەوم بـۆ دەرکەوت و تا دەهات وەڵامی پرسـیارەکەمم بۆ ڕوونتر دەبۆوە. دەسـتی ئەو لە بەرهەمەکانیشـیدا ئامادەیی هەیە، وەک دەسـتێک کە دەنووسێت و من دەمەوێت لەو دەسـتانەی تێبگەم چونکە دەزانم کاراکتەری ئەو لە کارەکانیدا بە ڕوونیی دیارە، بەڵام ئایا دەستی ئەو چی لە مێژوو دەوێـت و چۆن دەینووسـێتەوە؟ ئەو لە دوو خاڵدا شوێندەسـتیی خۆی بە مێژووەوە جێدەهێڵێت:

یەکـەم: دۆزینـەوەی ئـەو هـۆکارە دەرەکیانـەی کـە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر مەسەلەی کورد، لە پێش و لە میانەی سەدەی بیسـتەمدا جێهێشتووە و قەدەریی مرۆڤیی کوردیان بە ئاڵۆزییەکی بێوێنە گەیاندووە، کە بۆ دەربازبوون لەو ئاڵۆزییە کورد پێویستیی بـە هووشـیارییەکی مێژوویی پتـەو هەیە تا بتوانێ چارەنووسـی خۆی لە تەونی ئەو داوانە ڕزگار بکات، کە ناسـیۆنالیزمی شۆڤێنی ناوچـەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت و هاوپەیمانەکانی لە کۆلۆنیالیزم و دەسەڵاتی ئایینی و شۆڤێنیزمی تورک و فارس و عەرەب ڕزگار بـکات. لەم بەشـەی پەیامـە مێژووییەکەی ئـەودا، خوێنەر گەلێک وانـەی گرنگ لە مێـژووەوە فێر دەبێت، کە دەسـتێوەدەر بوون لە واقیعیـی کوردسـتاندا. ئەمە ڕەهەنـدی بابەتیانـەی بیرکردنەوەی نەوشـیروان مسـتەفایە، کە بەشـێ لە خۆشەویسـتی من بۆ خۆی بەلای کەسایەتییەکەیدا پەلکێش دەکات و وام لێدەکات لە دەرەوەی ئەو وێنە کەلتوورییەی بۆی دروستبووە، لە دەرەوەی ئەو قسانەی لە مەجلیسـی عەشایەریدا لەسەری دەکران، ڕێزێکی زۆری لێبگرم. ئەمە ئەو ڕێچکەیەی بیری نەوشیروان مستەفایە، کە پێموایە جێگەی ئیرەیـی نەیارەکانـی و هەر سیاسـییەکی تری کـوردە، کە ناتوانن وەک ئەو، لە ڕەهەندی تیۆریکدا بۆ وەڵامی کێشە و نشوستییەکانی

نەتەوەی کورد بگەڕێن. نەوشیروان ئەم سەفەرە بەناو غەدرەکانی مێــژوودا دەکات و هەوارگــە گووشــارهێنەر و نامرۆڤییەکانــی ناســیۆنالیزمی ناوچەکە لە دژایەتییاندا بۆ مەسەلەی کورد، بەسەر دەکاتەوە، بەڵام بۆخۆی بۆ ساتەوەختێکیش لە پاڵ پاساوهێنانەوەی بۆ مافەکانی گەلی کورد، بەرگی شۆڤێنیزم و ڕقبوونەوە لە ئەوانیتر بەبــەردا ناکات. ئــەو مێژووەی بەم ئاراســتەیەدا دەینووســێتەوە، مێژوویەکە جێی بڕوا و متمانە.
ئــەو خاڵــەی دیکەی ئەم پیــاوە لە مێــژووی دەوێت، هیــچ نییە لە دۆزینــەوەی هاندەر و هۆکارە ناوەکییەکانی کۆمەڵگا و سیاســەتی کوردیی بۆ مانەوەی لە بازنەی تراژیدیا و دواکەوتوویی و ناکۆکیدا. لەم گەڕانەیدا، نەوشــیروان مســتەفا وێڕای هــەر هۆکارێکی دیکە، کــە وەک هۆکاری دواکەوتوویــی کۆمەڵگای کوردی و مانەوەی لە بازنەی توندوتیژیدا، دەستنیشــانی دەکات، چنینیی عەشایەرییانە و خێڵەکیانەی کۆمەڵگای کورد لە بیر ناکات. لەبەر ئەوەش کە بەشێکی زۆری دەرگیرییەکانی حیزبەکەی پێشووی ئەو لە ڕابردوودا، لەگەڵ پارتیدا بووە، ئەوە ئەم نووسەرە سیاسییە زۆرینەی بۆچوونەکانی خۆی لەسەر ئەو بناغەیەوە داڕشتوون، کە بنەماڵەی بارزانی یەکێ لــەو هۆکارانــەن کۆمەڵــگای کوردییان لە ڕووی سیاســییەوە، دوا خســتووە لەوەی بە مەرامی خۆی بگات. ئەم بۆچوونە لە مێژوودا بە بۆچوونێکی شەخسی و سەبجەکتیفانە دەژمێردرێ و وێڕای هەر بەڵگەیەکی ســایکۆلۆژیش لەمبارەیەوە، لۆژیــک پێماندەڵێت، ناکرێ تاکە یەک هۆکار، ئەویش لەســەر ئاستی ســایکۆلۆژی، ببێتە هۆی گۆڕین و تێکدان و ڕێگرییکردن لەو ڕەوتەی بۆی هەیە کۆمەڵگایەک و نەتەوەیــەک بیگرێتــە بەر. بۆیە ئەگەرچی ڕەهەنــدە بابەتییەکەی تێڕوانینی نەوشــیروان مستەفا وەک کردار و چالاکییەکی هزریی و

مێژوویـی جێی خۆی دەکاتەوە، کەچی ڕەهەندە سـەبجەکتیڤەکەی وەک پەرچەکردارێـک خۆی بەدیار دەخـات و خاوەنەکەی دەخاتە هەڵەوە.
مـن لەناوەندیی ئـەم دوو ڕەهەنـدەی بیرکردنەوەی ئـەم پیاوەدا، ڕەهەندیـی سـێیەمیش دەبینم، کە خەمخۆریـی و بیرکردنەوەیەتی بـۆ کۆمەڵگای کوردی و هەوڵدانـی جیدییەتی بۆ ڕزگارکردنی ئەم کۆمەڵگایە لەو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئابووریانەی تێیکەوتـووە. بیرکردنەوەی لە دامەزراندنـی بزووتنەوەی گۆڕان ئەم ڕەهەندی سـێیەمە تەواو دەکات. ئەگەرچـی ئەو بۆچوونەش هەیە کە نەشـیروان مسـتەفا لە ئەنجامی قەبووڵنەکردنی ئەو ئاشـتیی و هاوپەیمانییەتییـەی لـە نێـوان پارتی و یەکێتیدا دروسـتبووە و بە سـووربوونیەتی لەسەر بۆچوونە خودگەرا و سـەبجەکتیڤانەکەی لەسـەر پارتی و بنەماڵەی بارزانی، کە هەم لە یەکێتی جیابۆتەوە و هەم بزووتنەوەی گۆڕانی پێکهێناوە، وەلێ من کاتێ گوێمدەگرت لە وتـارە ڕادیۆییەکانی و ئەو پەیامانەی لە کەناڵەکانی گۆڕانەوە بڵاو دەکرانەوە، نەغمەیەکـی گاندیانەم گوێ لێدەبوو، کە ڕێگەم پێنادات بە تەواوی لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا هاوبیر بم. خۆ ئەگەر کەرووی ئەو بۆچوونە ناوچەگەرایانەیەش لە هزریی سیاسـی و حیزبیانەی ئەم مرۆڤەدا مابێت، پێویستە داوەتی بکەین کە پێویستە خۆی لەهەر جۆرە حوکمێکی پێشینە و کورتکردنەوەیەکی سەبجەکتیڤانەی مێژوو، ڕزگار بکات و بچێتە ناوەندی هەر هاوپەیمانێتییەکی مێژووییەوە کە چ بەرژەوەندیی و چ واقیعی کوردسـتان بەسەر پارتی و یەکێتی و ڕەوتی سیاسـیی ئەم هەرێمەیدا سەپاندووە، چونکە ناکرێت مرۆڤ گاندیانە بیر بکاتەوە و کاتێ قسەش بێتە سەر تەبایی نێوان یەکێتی و پارتی و بنەماڵەی بارزانی، نالێبووردەیی تەنگ بە لێبووردەییمان

هەڵچنی.
دوای دیدارە کورتخایەنەکەی لەندەنم لەڵ ئەم پیاوەدا، لە سلێمانیش چەند جارێک لە ماڵەکەی خۆی، بینیمەوە. ئەوە سەردەمێک بوو کە زۆرینەی هاوتەمەنەکانی ئەو بێوەفایی خۆیان لە ئاست هاوسەری یەکەمیاندا پیشاندابوو، بەلام ئەو بەردەوام وەفادارانە لەگەڵ هاوسەرەکەی مایەوە. دیسانەوە سادە و خاکەڕا، وەکخۆی، بەلام ئەمجارەیان ئەو نائومێدییە هاوشانەی بە ژیانی تاراوگەیی، ببووە نیگایەکی پلنگئاسا کە لەو گردەوە دەیڕوانی. ئەم ڕوانینە دواجار بزووتنەوەی گۆڕانی لێکەوتەوە، بزووتنەوەیەک کە درێژکراوەی دەستەکانی ئەوە و تەکانێکی گەورەی دا بە دیدیی سیاسی وڵاتی ئێمە بەرەو خۆنوێکردنەوە و مۆدێرنیزەبوون: هەر ڕەنگدانەوەی ئەو دەستانەش بوون بۆ یەکەمجار بە مێزەکانی پەرلەمانیاندا سرەواند. بەلام ئەم گۆڕانە هێشتاکەش پێویستی بە چەکە مۆدێرنەکەی فیکری سیاسیی هەیە: بە تۆلێرانس و قەبووڵکردنی ئەوانیتر لە واقیعی ئێستادا، بەبێ بەستنەوەیان بە ڕابردوویانەوە، چونکە هیچکەس و لایەن و شتێک نییە، ڕابردووی خۆی بە دوایەوە نەبێت.
لەبەر ئەوە داوا لەم پیاوە سادەیە دەکەم کە داڕێژەری سیاسەتی نوێی کوردییە، بەو دەستانەی خۆی، کە نمونەی دەستیی کارا و ئیشکەرن، دەست بۆ هەر دەستێک درێژ بکات، کە گەرمیی تەوقەکردن تیایدا، ئاشتیی کۆمەلایەتی و تەبایی سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

٢٠١٠/١٠/٧

مرۆڤە بیرکۆتیەکە:

عەبدوڵا پەشێوی شاعیر

لە منداڵییەکی زووەوە پەشـێوم هەر بەو وێنەیەیدا دەناسییەوە کە لەسـەر بەرگی کۆمەڵە شـیعری (شـەو نییە خەونتان پێوە نەبینم)، چاپکرابـوو. نازانم ئەو هەرگیز چەپ بووە، یان نا، بەڵام ئەم جۆرە پۆرترێتانە لە مێژووی چەپدا و بەتایبەتی لە شەسـت و حەفتاکانی سەدەی پێشوودا باو بوون و پتر نەرێتێکی گیڤارایی بە بیری مرۆڤ دەهێننـەوە. وێنەکە کەسـایەتی پەشـێو وەک مرۆڤێکـی خەباتکار، خەمخـۆر و ئـازار لە کۆڵ، کە ئەو ئازار و خەمانە بۆ خودی خۆی نین و خەم و ئازاری نیشـتیمانن، دەناسێنێ. بەڵام نیگای پەشێو لە چوارچێوەی وێنەکە چۆتە دەرەوە و بۆ ئاسۆیەکی دوور دەڕوانێت: نیگایەکـی ئایدیۆلۆجـی، کە پێماندەڵێت ئەم خـەم و ئازار و کۆژانە کۆتایـی پێدێت و ڕۆژی کامەرانی و ئاسـۆی خەبات ڕوونە. ئومێد کۆتایـی بە نائومێـدی و داهاتوو کۆتایی بە واقیـع دەهێنێ و ئێمە دەچینە ئەو ڕۆژگارەوە کە هەموومان خەونی پێوە دەبینین.

ئەم خەونە، خەونی نەوەکانی پێش پەشێویش بوو، هێمن و قانع و بێکەسیش هەر بەوجۆرە خەونیان دەبینی بە ئازادیی نیشتیمانەوە. لەبەر ئەوە پەشێو لەناو نەریتێکی شیعریی و هزریی ڕەسەنەوە خەونی دەبینی و خەباتی بۆ دەکرد. هەڵبەت هیچکەس گومانی لە کەسێتی خەباتکارانەی پەشێو نیە، بەڵام سەبارەت بە مانەوەی پەشێو وەک مرۆڤێکی ئومێدەوار، پێویستە قسەی تر بکەین.

بە بڕوای من ئیتر ماوەیەکی زۆر زۆرە پەشێو لە ڕووی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەوە، مرۆڤ و شاعیرە ئومێدەوارەکەی جاران نەماوە. بڕواش ناکەم تازە ئەو لەو تەمەن و ئەزموونەدا نەخۆی و نە کەسمان هەڵخەڵەتێنێ و بۆ ئەوەی قوڵپی گریانی ناخی خۆی ڕابگرێ و ورەی ئێمە نەڕووخێنێ، بێت و باس لە خەونی ئومێدەوارانە بکات. پەشێو، تا ئەو کاتە خەونی دەبینی کە بەعس وڵاتی داگیر کردبوو، کە دەیتوانی باس لە جەلاد و قوربانیی بکات و کە دەیویست دادی کورد لەدەست بێدادیی داگیرکەران بگەیەنێتە گەلان. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە، بەتایبەتیش لە دوای جەولەی یەکەمی شەڕی گشتیی کوردەکان، شەڕی هەمووان لەگەڵ هەمووان، پەشێو لەو خەونە دێرینەی بەئاگا هاتەوە و بگرە ڕاپەڕی و تووشی شۆک و خرۆشانێکی ناخەکی هات کە هەندێ جار نیشانەکانی فیگرتنێکی شیعری بە بیرکردنەوە و بەرهەمەکانییەوە دەردەکەوێ. بەڵام ئەو هەرگیز ئەم تووڕەبوونەی خۆی نەشاردەوە و هەرگیز تووڕەییە ناخەکییەکانی خۆی لە دەفرێکی دیپلۆماسیانەدا نەپێچانەوە تا بیانکاتە قوربانیی زمانێکی شیعریی ماسک لەسەر و ناڕاشکاو، یان شێوەیەکی خوازەئاسا و میتافۆریانە بکات بە بەری زمانەکەیدا. ئەو دەرگای لەسەر ئاوەڵایی و ڕاشکاوی کردەوە و لێگەڕا تووڕەیی و خرۆشانەکانی هاژە بکەن و شیعرەکانی لێوڕێژکەن لە

خۆشەویستی و ئینتیما و دەروەستیی بۆ نیشتیمان و مرۆڤەکان و لە ڕق و داشۆرینی سیاسییەکان. ئەو لە شیعرەکانیدا شتێکی نەگوت و دوایی پێمان بڵێ: مەبەستم ئەوەیە و ئەوە بوو. ئەو دووڕوویی شیعریی و ڕیای شاعیرانەی بەجێهێشت و وەکخۆی، وەک کوڕە (بێرکۆت)یەکەی جاران، هاتە قسە و بەمەش زۆربەی ئەو خۆبەشاعیرزانانەی بەجێهێشت کە لە چوارچێوەی سەرەتاتکێ و گەمەی زمانەوە، هەم خۆیان و هەم خەڵکیان دەخەڵەتاند و لە دەسەڵاتیشدا پۆستیان وەردەگرت. پەشێو، هاوکات بە دەرگا کردنەوە لەسەر وزە ناخەکییە مرۆییەکەی خۆی، دەرگای لەسەر هەرجۆرە درۆکردنێکیش بەناوی شیعرەوە، داخست: ئەو لە زمانی ڕۆژانەوە نەچوو بۆ ناو زمانی شیعر، بەڵکو لە زمانی شیعری باوەوە، لە شەرمنیی شیعرییەوە، هاتەوە بۆ ناو گوزارە ڕاشکاوەکانی زمانی قسەکردن و گوزارەکانی توڕەیی. بەجۆرێ کە جاری واهەیە پەشێوم لە شێوەی مرۆڤێکدا دێتەوە پێشچاو کە لەسەر شەقامێک، دەستەویەخەی مێژووییەکی بێمانا بووە کە بەناوی شۆڕش و ئازادیخوازییەوە، دەیان مشەخۆری سیاسی و گەورەبازرگان و دڕندەی بەسەر کۆمەڵگاوە کردۆتە خاوەن. پەشێو هیچ کێشەیەکی تایبەتی لەگەڵ بکەرانی ئەم دەورزەمانەیە!، نییە، هیچ ململانێی لەگەڵ سیاسی و بازرگان و هاوچەشنەکانیاندا نییە. بەڵکو ئەو نەفرەت لە مێژوویەک دەکات کە لە جیاتی دەرهاویشتنی ئازادی، کۆیلەیەتی و لەجیاتی مرۆڤی قارەمان پیاوی ترسنۆک و خۆفرۆشی هێناوەتە بەرهەم. هیچ شتێک پەشێوی هێندەی شەڕی ناوخۆ، کە ئەو پێیدەڵێ: شەڕی خۆکووژی، ئازار نەدا. شەڕی ناوخۆ لە شیعری پەشێودا، بووە دروستکەری شیعرێکی تووڕە، تفکردنە میتافۆر و گەڕانەوە بۆ زمانی ڕاشکاویی و زمانی مەبەست.

ئێمەو مانان کاتێ ئەو شیعرانەی پەشێومان بەرگوێ دەکەوتن، یان دەمانخوێندنەوە و دەمانزانی ئەو لە دوورەوە تەماشـای نیشتیمان دەکات، دڵگـران دەبووین لە ئامادەیی هزرێکی تووڕە و ناشایسـتە بە جیهانی شیعری باو، دەترسـاین لەوەی نەتەوەپەرستیی پەشێو و هەڵوێستەکانی بەرامبەر سیاسییەکان و واقیع، وێنەی شاعیرێکی خۆ لەبیرکردوو، یان هاندەری ڕق و کینە و خرۆشاندنی جەماوەر، بە پەشێو ببەخشن. بەڵام کاتێ ئەو نیشتیمانەی پەشێو لە تاراوگەوە تەماشـای دەکات، لـە نزیکـەوە دەبینێـت، کاتـێ لـەو کاراکتەرانە تێدەگەیت و دەیانناسـیت کە وڵاتیان بەو دەردە بردووە، کە پەشێو لە ئاسـتیدا هاوار بکات، تێدەگەیت نیشتیمان لە دووریی ئەو نییە و ئەو لە نیشتیمانەوە دوور نییە. ئەو وڵاتی بردووە بۆ ئەوێ.

من دەزانم نیشـتیمان پێویسـتیی بە پەشێوە، دەشـزانم گوندەکەی ئەو بیرکۆت، کە پەشـێو بە جیهانی ناسـاند، بەعس ڕاینەگواسـت، بەڵام لەژێر هەڕەشەی ماستەر پلاندایە و کەسیش لە بیری ئەوەدا نییە، لەسـەر شـەرەفی ئەم شـاعیرە دەسـت لە ڕۆحی ئەو گوندە هەڵبگرێت.

ئایا بە پەشـێو بڵێین بگەڕێوە نیشـتیمان؟ ئایا لە نیشـتیماندا کەس پێویستیی بە پەشێو هەیە؟ بۆ پرسیاریی یەکەم هیچ وەڵامێکم نیە و جارێ بیری لێدەکەمەوە، بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم، دڵنیام. بۆ یەکەمجار لە شـاری کۆپنهاگن لە فیسـتیڤاڵێکی شیعریدا ناسیم. زۆریـش هانیدام شـیعری کورت بنووسـم. جارێکیـش لە کۆلێژی ئەدەبیات شـیعری خوێندەوە و لە شەوێکیشدا لە هەولێر و لەماڵی یەکێ لە خزمەکانی، دەردەدڵێکی زۆرمان کرد. ئەو چیدی پەشێوی سـەر وێنەی یەکەم کۆمەڵە شیعرییەکەی نەمابوو. سەر و ڕیش و سـمێڵ بەفری تەمەن و ماندوویی ڕۆحیان لێنیشتبوو. وەلێ پەشێو

لــە هزرین و بیروڕادا بێســنوور ڕەوان و ڕوون، بێســنووریش بە پێچەوانەی شیعرە سیاسییەکانییەوە، هێمن و لەسەر خۆ و بە ئەدەب و گەورە. بیری دەکەم. بە ڕاستیی بیری ئەو مرۆڤە هەولێرییە پاک و گەورەیە دەکەم، کە ئیتر نیشــتیمان و زێدی خۆی بۆ هەمیشە لە دەست داوە و ڕەنگە هەرگیز نەگەڕێتەوە ناومان.

مەلا مستەفای بارزان
وەک خۆی

لەسەرەتاوە سەرم سووڕما لەوەی کە پارتی و ئەوانەی بارزانییان خۆشدەوێت، پەرچەکردارێکی کەمێ توندیان بەرامبەر توێژەرێکی گەنج، کە بۆخۆی کوردە، پیشاندا. مەبەستم (عرفان قانعی فەرد) ـە. ئەم پەرچەکردارە دەکرێ وەک دڵنیا نەبوون و متمانە نەکردن بە ڕۆڵی مەلا مستەفای بارزان لەسیاسەتی سەدەی بیستەمی کوردستاندا، لێکبدرێتەوە، چونکە لەو وتارانەی بۆ بەرگریکردن لەو پیاوە مێژووییە نووسران، شتی بێمانایان زۆر تێدابوو، کە لەگەڵ بیروڕا مرۆڤدۆستی و ئارامخوازی و لێبووردەییەکانی بارزانیدا نەدەگونجان و توندڕەوی و وەسف و پیاهەڵدان لەو وتارانەدا شەپۆلی دەدا.

من لە دژی ئەم جۆرە بەرگریکردنەم لەهەر کەسایەتییەک، کە بۆخۆی میراتێکی پێچەوانەی ئەوەی بەجێهێشتووە. ئەگەر ئێمە توندڕەوانە و بە توڕەیی و هەڕەشە بەرگریی لە کەسایەتی بارزانی

بکەین، ئەمە بۆخۆی بەڵگەیە لەســەر نەگەیشــتنی ئەو میراتەی ئەو بــە ئێمە و ونبوونی بارزانیی ڕاســتەقینە لەناو کۆمەڵێ دروشــم و وەســف و مەرایی و پیاهەڵداندا، کە هیچ ســوودێک بە تێگەیشــتن لــە کەســایەتییەکەیَ ناگەیەنن و نەوەی پاشــەڕۆژیش هەڵوێســتی لە ئاســتدا ناکــەن و ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە ئێمە لەســەر ئەو نەهجــە، کە تێیدا گوایــە دەمانەوێ بارزانیی وەک (کەســایەتییەکی نەمر) بناســێنین، دێین دەیکوژین و لە بیری نەوەکانی پاشــەڕۆژی دەبەینەوە.

مــن لــەم بۆچوونەمــدا ڕووی دەمم بە پلــەی یەکەم لــە بنەماڵەی بارزانیی خۆیانە لە هەڵوێســتیاندا بەرامبەر بە مەلا مستەفا، چونکە ئــەوان هاندەر و داینەمــۆ و پشــتیوانیکەری بارزانییەکن، کە لەناو ڕستەی ئینشایی بێمانا، لە تەعبیری درۆزنانە و مەراییکەرانەدا، یان لەناو کۆمەڵێ ڕســتەی پێشتر بڕیار لەســەردراوی ناو ڕاگەیاندنی پارتیــدا خنکێنــراوە. ئەم بارزانییەی بەوجۆرە لە موناســەبە و بۆنە سیاســییەکاندا باســی دەکرێ و وێنەکەی لە هەمــوو فەرمانگەکان هەیــە، هیچکات ئــەو بارزانییە نیە کە وەک قارەمانێکی کلاســیکی، میراتێکــی مرۆیــی و ئەخلاقی و سیاســی بۆ جێهێشــتووین. بەڵام بارزانی ناو ڕاگەیاندنەکان و مەدح و ســەنا و بۆنە سیاســییەکان، ڕێگرێکــی هەرە گەورەیە لەبەردەم ئەوەی بتوانرێ قســە لەســەر بارزانیــی مێژوویی بکــرێ و لە ڕوانگــەی پەروەردەیی، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و سیاســییەوە، میراتەکەی شــرۆڤە بکرێ و بگەیەنرێ بە نەوەی ئێستا و پاشەڕۆژ. بارزانیی سەر لاپەڕە زەردەکان و ناو وتارە پڕ بریقە و باقەکان زوو دەمرێ و لە بیر دەچێتەوە، بەڵام ئەو بارزانییەی کە ســەرچاوەی میراتێکی فیکری و ئەخلاقی و سیاسی و پەروەردەییە، تا ئێســتا کاری لەســەر نەکراوە و ئەگەر ئێمە لەم

ئاستەدا کارمان لەسەر میراتیی کەسایەتییە سیاسییەکانمان بکردایە، ئێستا ئەوەندە بە یەکدوو قسەی مێژوونووسێک، یان گۆڤارێک، کە با هەر نیەتێکی تریشیان هەبێت، هەراسان نەدەبووین.
ئەو هەراسانییە، بەرەنجامی نەناسینی ئەو نەریتەیە کە ئێمە کارمان لەســەر نەکردووە، بنەماڵەی بارزانی هاندەری نەبوون و ئەرشیفی ئەم پیاوەیان نەخســتۆتە بەردەســت توێژەران و هەروەها پارتیش وەک حیزبێک، لەڕاگەیاندن و مەراسیمە تایبەتیەکانی خۆیدا هەرگیز بەلای ناساندنی کەسایەتی واقیعیانەی بارزانیدا نەچوون. بۆ ئەوەی بارزانیی لەدەســت ئــەم بۆچوونە کۆن و تەقلیــدی و پیرۆزگەرایە بســتێنینەوە، پێویســتە پێش هەموو شــتێک کــۆی وێنەکانی لەناو فەرمانگەکانــدا داگریــن و ئیتــر مامەڵــە لەگــەڵ بارزانیــدا نەکرێ وەکئەوەی کە بچووکمان کردۆتەوە بۆ سەر ئاستی وێنەیەک. دووەم: پێویســتە بارزانی لەو کوشــتارگای وەسف و پیاهەڵدانەی پارتی و دەزگاکانــی و ئۆرگانەکانــی، بۆیان دامەزرانــدووە، ڕزگار بکرێ و هاوچەرخانەتــر لەگەڵ بەرهەم و پەیامی ئەم کەســایەتییەدا مامەڵە بکــرێ و بەرهەم بهێنرێتەوە. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە بەرهەم و پەیامی ئەم کەســایەتیە نە بەنووســراو، نە بەگوتراو لە سەردەمی ژیانــی خۆیــدا تەواو نەبــووە. بارزانــی وەک هەر کەســایەتییەکی مێژوویی کە ســەردەمەکەی ئەرکێکی نەتەوەیی گەورەی خستۆتە سەرشان، بە چەند شێواز و زمان و پراکتیک، تەعبیری لە خواست و ویستەکانی خۆی کردووە. بۆ نمونە کۆنفسیۆس لە مێژووی چیندا کەســایەتییەکی بەرجەستەیە، بەڵام ئەوەی ڕێبازی کۆنفسیۆسیزمە و هــزری دەوڵەمەنــدی ئەم مرۆڤەی پێوە دەناســرێتەوە، بریتیە لە چەندین تەئویل و تەفســیری جیاواز، کە پاشــتر لــە لایەن لایەنگر و پەیڕەوکارانییــەوە بەرهەمهاتــن و پلەی ئەویــان گەیاندە پێگەی

پەیامبــەری. ژیان و ئەزمــوون و ئەوەی پێیدەگوترێ (ڕێبازی مەلا مســتەفای بارزان)یش پێویســتیی بە بەرهەمهێنانــەوە هەیە، دیارە نــە پارتی دیموکراتِ بێلایەنانە و نــە خودی بنەماڵەی بارزانیش بە تەنیــا دەتوانن میراتی ئەزموونی خەباتی بارزانی بەرهەم بهێننەوە. کاریگەریی کەســایەتی بارزانییش هەر زوو ئەم دوو جوگرافیایەی بەزاند و لەسەراپای کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا شوێندەستی خۆی بەجێهێشت.

بەرهەمهێنانــەوەی بێلایەنانــەی ئەزموونی بارزانــی گرنگە، چونکە دەمانەوێت ئەم کەســایەتییە تەعبیر بێت لە خواســتی نەتەوەیەک و ســێمبوولی خەباتێــک. خۆ ئەگەر بارزانی هــەر بەتەنیا هی پارتییە ئــەوە لێگەڕێن پارتی چۆن بەرهەمــی دەهێنێتەوە، ئازاد بێت. بەڵام ئەگەر خواستەکە ئەوە بێت بارزانی ڕەمزیی نەتەوەیی بێت، پێویستە پارتی بۆچوونەکانی خۆی لە نووســینەوەی مێــژووی ئەم پیاوەدا نەســەپێنێت و کەســایەتییەکەی لــە قاڵب نەدات. بــەڵام بە بەڵگەوە ڕێبگــرێ لــە شــێواندنی مێژووەکــەی. لەلایەکیترەوە، دڵســۆزانی خەباتی نەتەوەیی کورد و ئەمەگدارانی مســتەفا بارزانی، پێویســتە لەگــەڵ بنەماڵــەی بارزانی ڕاســتگۆ و ڕاشــکاو بن و ڕاســتەوخۆ پێیــان بڵێــن کە نووســینەوەی قۆناغێک لە مێژوو، یــان ئەزموونی کەســایەتییەکی وەک مــەلا مســتەفا، نە کاری یەک کەســە و نە لە یــەک ڕوانگــەوە بە تەنیا مافی خۆی دەدرێتــێ و نە هیچ میتۆدێکی نووســینەوەی مێژووش هەیە لە ڕوانگەیەکی تاکڕەهەندانەوە و بە بڕیاری پێشــینەوە بتوانێ مێژووی کەســایەتییەک بنووسێتەوە، کە دەمانەوێت سێمبوولی نەتەوەیی میللەتێک بێت.

بــە مانایەکی تــر: نە هیچکاتێک ئــەو مێژووەی بنەماڵــەی بارزانی بۆخۆیان لەســەر مەلا مســتەفای نەمر دەینووســنەوە، باشترین و

باوەڕپێکراوترین مێژووی ئەو کەسایەتیە دەبێت و نە ئەزموونی ئەو کەسایەتییەش بە تەنیا لە یەک ڕوانگەوە دەنووسرێتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو مێژووە، مێژوویەکی زارەکیی و دەماودەمە لە سینەی ئەو کەسانەدا کە ڕۆژگارانێک لە نزیکەوە ئەم پیاوەیان بینیوە و شارەزای هەڵسوکەوتە مرۆییەکانی بوون:
مەلا مستەفای ناو سینە و یادوەری خەڵک زۆر زیندووتر و جوانتر و فرە ڕەهەندتر و مرۆڤتر‌ە، وەک لەو مەلامستەفایەی کە لە چوارچێوەی یەک کتێب و ڕیوایەتی مێژووی فەرمیدا دەیبینینەوە. من بۆیە ئەم قسانەم کرد، چونکە وەک بینیمان لە زۆرینەی هەرەزۆری ئەو وتارانەدا کە لە بەرپەرچدانەوەی گوتەکانی ئاغای (قانعی فەرد)دا بڵاو کرانەوە، بەوەی بەڕێز مام جەلالیشەوە، لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیامی بارزانی (وەک ڕەمزیی نەتەوەیی) و ئاراستە مرۆیی و لێبووردەییەکەیدا وێک نەدەهاتنەوە و ئەگەر ئەو بۆخۆی بمابایە و بەرگریی لە خۆی بکردایە لە ئاست ئەو قسانەدا، خۆی لە قەرەی هەڕەشە و تیرۆرکردنی کەسایەتی ڕەخنەگرەکانی نەدەدا و ئەخلاقە بەرزەکەی جگە لە وەڵامێکی هوشیارانە هیچی دیکەی لێبەرهەم نەدەهات، کە دەبوو بە دەرس بۆ نەیارەکانی و دەبووە حیکمەت بۆ دۆستەکانی.
لەگەڵ ئەوەشدا من هەرگیز لایەنگریی لە گواستنەوەی قسەکانی قانعی فەرد ناکەم، ئەگەرچی وەک ئەو گوتویەتی: ئەوانە ڕای خۆی نین و بیروڕای کەسانی تر و بەڵگەنامەکانن. ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت، ئەوە نەدەبوو ئەو وەکو کەسێک لە بواری مێژوونووسیدا کار دەکات، بەبێ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە، گوتراوی ناو دۆکیۆمەنتەکان و قسەی کەسانی تر بگوێزێتەوە، وەکئەوەی کە ئەو قسە و گوتراوانە ڕاستەقینەن. ئەگەر ئەو بیروڕایانە هی خۆی نین و هی کەسانی

تـرن، ئايا ئەو لە كاتى گواسـتنەوەياندا لە كوێدا وێسـتاوە؟ بۆچى پرسـى تر لە سەرچاوەكان و گومان ناخاتە سەر بنەوانەكەيان، كە سـەرچاوەن لەلايەن هێز و وڵاتانێكەوە بەرهەمهاتوون، لانيكەم لە سەدەى بيسـتەمدا قسەى باش و هەڵوێسـتى گونجاويان لەبارەى خەباتى نەتەوەيى و ئازاديخوازانەى كوردەكانەوە نەبووە.
گللەييـەك كە دەكرێ لە كەسـانى وەك قانعى فەرد بكرێ ئەوە نيە كـە نابێت مێژوو بە جياواز لەوەى نووسـراوەتەوە، بنوسـرێتەوە، بـەڵام گللەييەكـە لەوەدايە كـە ئايا ئامانج لە نووسـينەوەى مێژوو بە شـێوەى جيـاواز چييە؟ خزمـەت بەكێ دەكات؟ پاشـان بۆچى دۆكيۆمەنتەكان هەڵگرى ڕاستين، لە كاتێكدا كە ئەو دۆكيۆمەنتانەى ئـەو بـۆ سـوكايەتيپێكردن بە كەسـايەتى قـازى محەمـەد و مەلا مسـتەفا پەناى بۆ بـردوون، جگەلەوەى لـە ڕووى جوگرافياييەوە دوورن لەو جوگرافيايەى ئەم دوو كەسايەتييەى تێدا ژياون، ئاواش بەرهەمێنەرانـى ئـەو دۆكيۆمەنتانە لە ڕووى ئايينـى و كەلتوورى و كۆمەڵايەتييـەوە لـە قـازى محەمـەد و بارزانـى زۆر جياواز و بگرە ناكۆكيش بوون. باشـە بۆچى كاتێ دۆكيۆمەنتێك ئەو هەموو فيلتەرانەى تێدابێت، لە لايەن كەسـانێكەوە نووسـرابێت كە ئايينيان جياواز، كەلتووريان جياواز و چێژيان جياواز و كۆمەڵگايان جياواز بێـت لـە هى دوو كەسـايەتييەكەى لەمەڕ خۆمان، هێشـتا هەڵگرى ڕاستى بێت لەسەر ئەم دوو مرۆڤە؟
قانعى فـەرد لە پشتگوێخسـتنى ئـەم پرسـيارانەدا كەمتەرخەميى كردووە و لە بڕواهێنانيشـيدا بـەو دۆكيۆمەنتانە هەر لەبەر ئەوەى خۆرئاواييـەكان نووسـيويانن، ڕەهەندێكـى لاوازى بيركردنەوەى خۆيمان بۆ ئاشـكرا دەكات. هەر لەم كەمتەرخەمييەشيدايە كە باكى نييە بەوەى كە بەو قسـانەى، دڵى هەزاران كەسـى ئەم وڵاتەى لە

خۆی ڕەنجاند، کە هێشـتاش کەسـایەتی قـازی و بارزانی بە دوو تێکۆشـەری میللەتێـک دەزانـن، کـە دەرهاویشـتەی مێژوویەکـی خوێناوییە.
من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو دوو مرۆڤەی کوردسـتان، خوداسـیفەت و بێکـەم و کوڕیی نەبـوون، ئەوانە مرۆڤی ئەفسـانەیی نەبوون و مرۆڤی مێژوویی بوون، بەڵام هەستدەکەم و بیردەکەمەوە، کە هیچ پاسـاوێکی ئەقڵانـی و ویژدانیی نییە بۆ بێڕێزیکـردن بە خەبات و ئەزموون و کەسـایەتییان. هیچ کارێکی زانستی و ئەکادیمیش نییە مێـژوو بەکار بهێنرێ بۆ شـکاندنی گەورەیـی نەتەوەیی میللەتێک، کە لانیکەم لە سـەدەی بیسـتەمدا زۆرترین خەبـات و قوربانیی لە پێناوی کەرامەتی مرۆیی خۆیدا بەخشـیوە. خۆ ئەگەر ئەمە نییەتی ئاغـای قانعـی فـەرد بێت، بە بڕوای مـن ئەو ئـازادە، وەلێ ئەگەر ئـەو زانکۆیـەی بەڕێـز قانعی فـەرد بڕوانامەی لەسـەر ئەمجۆرە لێکدانەوانە بۆ مێژوو لێوەردەگرێ، هەمان هەڵوێستی گریمانەکراوی قوتابییەکەیان هەبوو، ئەوە پێویسـتە سـەر لەنوێ بیر لەم کێشەیە بکرێتەوە و لە دادگایەکی نێو دەوڵەتیدا سـکاڵای یاسـایی لەسـەر زانکۆکە و قوتابییەکەی تۆمار بکرێت.
قسـەی کۆتایی من ئەوەیە کە نابێـت قەبووڵی بکەین، هیچ کەس و لایەنێک لە ژێر پەردەی زانسـت و بە پاسـاوی نوسـینەوەی سەر لەنوێی مێژوو، سـوکایەتی بە سیمبوولە نەتەوەییەکانی نەتەوەیەک بکات. ئەگەر ئەمڕۆ گوتمان با چاو لە کەسـایەتی قازی محەمەد و بارزانی بپۆشین، سبەی کەسایەتیە ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕۆحانی و ئەدەبی و شیعرییەکانیشمان بەبەرچاومانەوە مایە پووچ دەکرێن و دەبێت ئەوەش قەبووڵ بکەین.

پیاوێ لە جێی هەمووان و لەکەسیش ناچێت!

عەبدوڵا ئۆجالان

لە ئێستادا زەحمەتە بیروڕای خۆمان لەسەر کەسایەتی ئۆجالان یەکالا بکەینەوە، بەبێ ئەوەی خۆمان لەو بەشەی هەستمان ڕزگار بکەین کە ئۆجالان پەیوەستدەکاتەوە بە کێشەی ڕەوای کوردەوە. هەروەها بێمانایە چاو لەو تایبەتمەندییە باش و خراپانەش بپۆشین کە پێکەوە کەسایەتی ئۆجالان تەواو دەکەن. لەبەر ئەوە، کاتێ نەوەکانی داهاتوو دەگەڕێنەوە سەر ئۆجالان، دەتوانن باشتر و بابەتیانەتر قسە لەسەر ئۆجالان بکەن، وەک لەنەوەی ئێستا و ئێمە. لەگەڵ ئەوەشدا من بۆخۆم ئۆجالان بەمجۆرە دەبینم، کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم.

ئێمەی کورد لە بواری هزری سیاسی و نووسینی و مێژووییدا، لەسەر ئاستی سەرکردە سیاسییەکان، خاوەن نەریتێکی ئەوتۆی دەوڵەمەند نین و هەمیشە گومان هەیە لەوەی ئایا ئەو سەرکردە کوردانەی نووسیویانە، بۆخۆیان نوسیویانە، یان کەسانیتر بۆیان نووسیون؟

ئەم گومانکردنە لەسەر بنەمایەکی بەدگومانانەوە دروستنەبووە و لە حاڵی حازریشدا زۆرن ئەو کەسانەی لە بواری سیاسەتدا کار دەکەن و دەنووسن و نووسینەکانیان هی خۆیان نیە. بگرە زۆریشن ئەو کەسانەی پۆستێ جیاوازیان هەیە و بەرهەمیان بەناوەوە بۆ بڵاو دەکرێتەوە و کەچی نە پێش وەرگرتنی ئەو پۆستە نووسەر بوون و نەپاش جێهێشتنیشی وەک نووسەر دەمێننەوە. مێژووی سیاسیی خۆرهەڵات و دەرباری پاشا و میر و دەسەڵاتداران هیچکات خاڵیی نەبووە لە باش کاتب و میرزابنووس و تۆمارکەرانی ڕووداوەکان و ئەمانەش بەشی هەرەزۆریان دەستەندەخۆری پاشا و دەسەڵاتداران بوون. لەبەر ئەوە، هەرچەندە ئۆجالان ئێستا لە دەسەڵاتدا نیە، بەڵام هێزی تایبەت بەخۆی هەیە و دەکرێ مەزەندە و گومانی ئەوە بکرێ کە لە پشت نووسینەکانییەوە، کەسانیتریش هەبن. لەگەڵ ئەوەشدا کە تا چەندە ئەم گومانە ڕاست و هەڵەیە، من بۆخۆم هیچ گومانێکم لەوەدا نییە کە ئۆجالان قورساییەکی هزریی تایبەت بەخۆی هەیە و بەرهەمەکانی لە بواری سیاسەت و مێژووی شارستانییەتەکان و مێژووی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵگەی ئەم قسەیەن. لە هەرکامێک لەو بەرهەمانەیدا دیدێکی وردی شرۆڤەکاری و ڕەخنەیی ئەوتۆ ئامادەیی هەیە، کە ناکرێت چاوی لێبپۆشین. ئەو بەهۆی ئەم پڕۆژانەیەوە، شیکردنەوەیەکی ورد و قووڵ بۆدۆخی ناوچەکە لە ئێستا و ڕابردوویدا دەکات و بەشێوەیەکی بنچینەیی وەڵامی زۆرێک لە پرسیارەکانی هەنووکە، لە ڕابردوویەکی دوورەوە دەردەهێنێ و دیمەنێکی پێکەوەگونجاوی مێژووی ناوچەکەت بۆ دەکێشێ، کە ئاشکرای دەکات ئەم مرۆڤە ئاستێکی بەرزی لە تێگەیشتن و شیکردنەوە و ڕەخنەکاری و مەنهەجیی هەیە، کە نابێت بەهۆی ئەو وێنە سیاسییەوە کە بۆی دروستبووە چێژی خوێندنەوەی ئەو

بەرهەمە فیکریانەی لەکیس خۆمان بدەین.
مـن چەپبـوون بـە داینەمـۆی هەمـوو بزوتنـەوە و کارەکتەرێکی گۆڕانخـواز و بەرگریکـەر دەزانم، بەڵام مـن چەپبوونی حیزبیانەی ئۆجالانم خۆشـناوێت و خۆشنەویستووە، هەستدەکەم چەپبوون لە ئەودا سەرچاوەی بەشێکی زۆری ئەو توندوتیژییە ڕیشەییە بووە، کە لە ئۆجالانی سەرەتا و پارتی کرێکاراندا هەبوو. هەروەها بنەمای هەرجـۆرە هاندەرێکی تاکەکەسـی و بەکۆمەڵیی بۆ دروسـتکردنی ناسنامە، بەو تینە دەزانم کە لە ناسینی خود و نەتەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام کاتێ نەتەوەخوازیی دەبێتە نەتەوەپەرستی و ئەمەش ڕێگا خۆشـدەکات، کـە ئێمە لە پێناوی خەبات بـۆ نەتەوەی خۆمان و شوناسـی خۆمان، ڕێگە بەخۆمان بدەین ناسـنامە و کارەکتەری نەتەوەکانی تر بشێوێنین، ئیتر من حەزم لە نەتەوەپەرستی نامێنێت. بەهەمان شـێوەش حەزم لە نەتەوەپەرسـتی و فۆرمێکی شۆڤێنیزم و هیـچ ڕەهەندێکی دیکەی خۆویسـتانە و خۆبەسـەنتەرکردنەکانی ئۆجـالان نییە، کە بۆی هەیـە لە لابەلای بیروڕا سـەرەتاییەکانی و قۆناغـی یەکەمـی نووسـینەکانییەوە، دەریانبهێنین. مەبەسـتم لەو نوسینانەیەتی کە پێش دەستگیرکردنەکەی نوسیونی.
ئەو بەشەشم لە بۆچوونەکانی ئۆجالانی حیزبی، لە کەسایەتی (ئاپۆ) خۆشـناوێت، کە دەتوانین بڵێین بۆچوونـی تووڕە و لوتبەرزانەن و بەهۆیانەوە ئۆجالان و حیزبەکەی کەوتنە ناو پێکدادان و شەڕ لەگەڵ لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی ترەوە. ئۆجالانَ یەکەم سەرکردەی کوردیش نییە کە باجی تورەیی و خۆبەگەورەزانیی خۆی بدات، ئێمە لەسـەرەتای سەدەی بیستەمدا یەکێ لە بزووتنەوە هەرە گرنگەکانی خۆمـان کردۆتـە قوربانیی تورەیـی و هەڵەشـەی ڕابەرەکەی و لە پاشانیشدا مێژوو بەجۆرێ ئەم هۆکاری تێکشکانەی بۆ شاردوینەتەوە

و بەپەراوێزی خستووە، کە وابزانین هەمیشە هۆکاری فەشەلەکانی ئێمە ئەوانیتر بوون، نەک خودی خۆمان و سەرکردەکانمان. هەڵەی سەرکردە و گفتی سەرکردە و درۆی سەرکردە، هێندەی گەورەیی و خەبات و سەرکردەیی و ڕەمزییەتەکەی گەورەن و نابێت چاویان لێبپۆشرێت، چونکە هەڵەی هەر سەرکردەیەک هەڵەیە بە کێش و قورسایی خۆی و جیاوازە لە هەڵە و درۆی مرۆڤێکی ئاسایی کە لە کۆمەڵگادا دەژی.

وێڕای ئەمانە، من ئۆجالانی ڕەخنەگرم خۆشدەوێت، ئۆجالانی دووەم و نووسەری کتێبە فیکرییەکان. بەتایبەتی کە بوێریی ئەوەی هەیە تیری ڕەخنە ئاراستەی خۆی بکات و خوێندنەوەیەکی واقیعیانە بۆ هەڵەکانی خۆی لە بۆچوون و کرداردا دەکات. ئۆجالان لە ڕەخنە لە خۆگرتندا، کە ئەمەیان نەریتێکی چەپیانەیە، نەک کوردیانە و خۆرهەڵاتیانە، سەرمەشق و نمونەیەکی جوانی سیاسەتکارێکی کوردمان دەخاتە پێشچاو کە شایانی گوێلێگرتن و لێتێگەیشتن و گرنگیپێدانە. ئەو ڕەخنانەی ئۆجالان لە خودی خۆی و پارتی کرێکارانی دەگرێت، ڕەخنەی ڕواڵەتی و هاکەزایی نین تاکو بەهۆیانەوە نیگامان لەسەر ئەو بابەتانە بگوێزێتەوە، کە پێویستە بە جیدیی ڕەخنەیان لێبگیرێت. ئەو ڕەخنەی چاوبەستکردن ناگرێت، وەکئەوەی هەندێک لە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەیگرن، ڕەخنەی ئۆجالان لە بڕوابوونییەوە بە هێزیی ڕەخنەگرتن و توانای ڕەخنەگرتنەوە، هاتووە، نەک بەکارهێنانی دروشمی ڕەخنەگرتن بەبێ چوونە ناو گەمەی ڕەخنە و ئەنجامەکانی ڕەخنەگرتنەوە. بەڕاستیی ڕەخنەکانی ئەو ڕەخنەن لەو کەموکوڕییە هزری، ڕێکخراوەیی و ستراتیژیانەی کە تێیانکەوتووە. ڕەخنەن لە بۆچوونە داخراوەکانی و ڕەخنەن لە توندوتیژیی ڕێکخراوەیی و ئەو پشتگوێخستنانەی کە چەندین کوشتار

و پێشـێلکارییان لێکەوتۆتەوە و پاشتریش زەمینەیان خۆشکرد تاکو لایەنگەلێـک بتوانن لایەنگیریی لە ڕژێمی تورکیا بکەن تا بتوانێت بە ئاسانی پەکەکە و ئۆجالان وەک «تیرۆریست» ناوبەرێت.
ئۆجالانی نووسـەر و دەستبەسەریشـم خۆشـدەوێ و لەوێشـەوە بیروڕام لەسـەر زیندان پۆزەتیڤانەیە کاتـێ دەتوانێ ببێتە هۆکاری تەقینەوەی بیروڕاو توانای سیاسەتکارێک و گۆڕینی بۆ بیرمەندێکی نمونەیـی. لێـرەدا هاوشـێوەییەک لە نێـوان ئۆجـالان و زۆرینەی ئەوانەی کە زیندان و ئەشکەوتەکانیان کردن بە شوێنی داهێنان. لەم خاڵەدا زۆرترین لێکچوونێک لە نێوان ئەنتۆنیۆ گرامشی و ئۆجالاندا دەبینم، کـە هەردووکیان لە قوتابخانەی زیندانـەوە، بوونە خاوەنی بەرهەمگەلێکی ئەوتۆ کە هزریی سیاسی هاوچەرخ ناتوانێت چاویان لێبپۆشێت.
ئۆجالان لەوێشەوە بۆمن جێگای ڕێز و ستاییشە کە دوایین قارەمانی سیاسـیە کـە ئیتر لـە کۆمەڵگادا نـاژی و هیـچ لێکچوونێکی لەگەڵ کاراکتەرە سیاسـییە کوردە هاوچەرخەکانماندا نیە. ئەو بەربەریەتی مۆدێرنـی لـە فۆرمـە تورکییەکەیدا خسـتە ژێـر تاقیکردنەوەیەکی جیدییـەوە، دووڕوویـی زۆرێک لـە حکومەتەکانی دنیـای، لە پێش هەموویانەوە ئەمەریکا، لە ئاست کێشەی کوردەکاندا ئاشکرا کرد و دۆستە ڕاستەقینەکانی ئەم گەلەی بەدەنگهێنان. ئێستاش بوونی ئەو لە زیندانا بەڵگەیەکی ئاشـکرایە لەسەر داکۆکیکردنی نەتەوەی کورد لە کەرامەتی خۆی. بەمانایەک لە ماناکان، ئۆجالانَ لە بری پاراستنی کەرامەتی یەکبەیەکمان لە زیندانایە. نازانم ئەگەر ئەو ڕزگار ببێت، چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی کورد لە جیهان و کوردستانی گەورەدا دەبێـت، جاری وا هەیـە بیردەکەمەوە: ئۆجالان لـە زیندانا داهێنەر تـر و جوانتر و کاریگەربەخشـترە. من لەگـەڵ مانەوەی نیم لەوێدا،

بەتایبەتی کە ماهییەتی زیندانبان شـەڕانییەت و شـۆڤێنییەتە، بەڵام دەشترسـم ئەو لە ئازادیی و سـەربەخۆییدا، هەمان نائومێدیمان بۆ بهێنێ کە بە دەست زۆرینەی سەرکردە کوردە هاوچەرخەکانمانەوە تووشی بووین. هیچیان پیاوی ئومێد و داهاتوو نین. لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێت ئەوەندە ساکاربین و ساڵەکانی کۆتایی حوکمیان بژمێرین، ئەگەرچـی ئەمانیش لەو دیو یاسـای مێژووەوە نین. تەمەنیان درێژ بێـت و لەبیریان نەچێت کە هاوڕێ و هاوخوێن و هاوکێشـەیەکیان ئەوەتا لە بەندیخانەدا..

عەتر و فەلسەفە

حەمید عەزیز

هەرچەندە ئەو مامۆستا گەورەیە بەردەوام لە کۆتایی نووسینەکانی و پێشـەکی کتێبەکانیدا و لەگەڵ تۆمارکردنی ڕێکەوتی نوسینەکەی، شـوێنەکەی دەباتـەوە «قـەڵادزێ»و وای دەخاتـە مێشـک و خەیاڵمانـەوە، کە ئەو تەنیا لەو شـارە پڕ لە جوانیـی و قوربانییەدا بیر دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاسـتیدا هەموو کـوردەکان بەهرەمەندن لە کارەکانی. بـەم مانایەش ئەو هەرچەند دەیەوێت پابەندێتی خۆی بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە بسـەلمێنێ، کەچـی خزمەتێکی نەتەوەیی گـەورە دەکات بە هاوزمانەکانـی لە سەرانسـەری جیهاندا. حەمید عەزیز پیاوێکە چۆتەوە سەر سرووشتی گوڵەباغ، گەر نەزانیت چۆن لێـی نزیکدەبیتـەوە و چۆن بۆنـی بکەیت، درک بە دەسـتا ئەچێ و نائومێـد دەبیـت. ئەو دوایین نـەوەی ئەو ڕۆشـنبیرە گەورانەیە کە لە سـولالەی بابانییەکانـەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە و بـەم پیاوە پڕ لە وزە و چالاکەدا دیارە کە (نالی)ی شـاعیر لە وەسـفیدا بۆ (بابان) و

حکومەت و شارستانییەتیان بە هەڵەدا نەچووە. من هەرگیز قوتابیی نەبووم و لە پۆلەکانیدا دانەنیشتووم، ئەگەریش ئەو شانسەم هەبایە دڵنیام لە وانەکانیدا نمرەی دەرچوونم نەدەهێنا، ئەمەش لە تەمبەڵیمەوە نا، بەڵکو لەو چاوەڕوانییە زۆرانەی ئەو لە قوتابییەکانی هەیەتی و لە دڵسۆزییەوە بۆ فەلسەفە. خۆ ئەگەر هیچ مەرجێکی بۆ دانەنایت و لێتگەڕا بە ئارەزووی خۆت، بڵێی و بئاخڤی، بزانە کە هیچ چاوەڕوانییەکی لێت نییە.

بەڕاستیی ئەو خەڵکی کوێیە؟ دەزانم لە قەڵادزێ لە داییکبووە و سلێمانیانە پەروەردە بووە و لە بەغدا خوێندویەتی و بە ئەڵمانی بیر دەکاتەوە. ئەو پڕە لەو ناکۆکانەی بەردەوام پێکەوە دەژین و پێکەوە مشتومڕیانە، ئەو لەو تێکەڵەیە دەچێت، کە هیراکلیتۆسی فەیلەسووفی پێش سوکراتی بۆ سەلماندنی گۆڕانی بەردەوام باسی دەکات و لە ڕێگەیەوە فرەیی و هەمەچەشنەیی لە جیهاندا لەگەڵ یەکایەتیی بووندا ئاشت و هاوسەنگ دەکاتەوە. ئەو لە خۆشاو دەچێت، کاتێ کە تەنیا بۆ خۆیەتی و لە دۆخی نیشتندایە لە بنی دەفرێکدا. ئەو بۆخۆی شوناسێکە، یەکایەتی و کەسایەتییەکی دەگمەنە کاتێکیش تێکەڵی هەڵدەدەیت و دەیهەژێنی و دەیدوێنی، تێدەگەیت ئەم یەکایەتی و کەسایەتییە پێکهاتەیەکە لە چەندین ڕەهەند و ئەزموونی کەڵەکەبووی جیاواز، کە هەر یەکەیان تام و ڕەنگی خۆی هەیە. لە خواردندا بێ ئەندازە تەڕخۆر و بە سەلیقە، تەنانەت کاتێ بیەوێ باسی جۆرێک خواردنت بۆ بکات، کە ڕۆژگارێ (دایکی دانا) بۆی لێناوە، جگە لەوەی دایکی دانات خۆشدەوێت، ئاواش حەز دەکەیت دەمودەست بڕۆیت و ئەو خواردنە تاقیبکەیتەوە. لە جلوبەرگیشدا مرۆڤێکی پۆشتە و پەرداخ و پاکوتەمیز. کەم ڕۆژ هەیە ڕیشی نەتاشیبێ و بەدەگمەنیش بینیومە عەتری لەخۆی نەدابێت. بەڵام ئەو لە عەتردا هەستێکی

تایبەتـی هەیە، بەدوای مۆدیل و ناوبانـگ و گرانەکانیاندا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای بۆن و بەرامەی ڕەسـەندا عەوداڵە. ئەمە سرووشتیی ئەویشـە لـە ئافرەت و فەلسەفەشـدا، مـن ناوێرم باسـی یەکەمیان بکـەم، بـەلام دەزانم مۆدێلە فەلسـەفییەکان سـەرنجی ڕاناکێشـن، هێندەی ئەوەی وێسـتگە فەلسـەفییە ڕەگوڕیشـەدارە ڕەسـەنەکان ئەویـان سـەرقاڵکردووە. ڕۆژێک لە بەشـی فەلسـەفە ئاماژەی بۆ پۆسـتکارتێکی ژاک دێریدای فەیلەسـووفی فەرەنسیی کرد و گوتی: «کێ لەمە تێدەگات؟!». هەموو دامانە قاقای پێکەنین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆ فەلسەفە دەژی و تەمەنێکی زۆری لەو بوارەدا سەرفکردووە، بەلام ئەگەر ئەم قسـەیە وەها تێبگەین، جگە لە فەلسـەفە هیچیتری نەکـردووە، بەهەڵـەدا چووین. جگـە لە دیوە تیۆرییەکـەی، جگە لە وردەکارییـەکان و گەڕانەوەی بۆ لایەنە بەشـەکییەکانی فەلسـەفە، یان بیروهزری فەیلەسووفەکان لە بچووکترین پێکهاتەیاندا، چ لەلای یۆنانـی و چ لـە ئەوروپایی و چ فەیلەسـووفانی مسـوڵمان، ئاواش لـە ژیانـی کردەکیدا وریـا و چاودێرکەر و وردەکارە. بە ناسـین و وردبوونـەوە و چاودێریکردنی مامۆسـتا حەمید عەزیز، دەزانیت و تێدەگەیت بۆچی خەڵکی شـاری (کینزبێـرگ)، کاتژمێرەکانی خۆیان لەسـەر کاتـی پیاسـەکانی (کانـت)ی فەیلەسـووفی ئەڵمانـی کۆک دەکردن. ئەمیش ڕۆحێکی کانتیانەی تێدایە، بەلام بڕوای بە ڕەهەندە شـاعیرانەکەی کانت نیە. ئێمە بە ئـەودا دەزانین کەی مووچە دێت، کەی پشـوو دەستپێدەکات، کەی پێویسـتە فۆرمی دەرسگوتارەکان پڕ بکەینەوە، کەی کەباب بخۆین، کەی بیر لە سـەرووپێ بکەینەوە، کـەی قوتابییەکان بەجێماندەهێڵـن و کەی بە کۆمەڵیی لێدەدەن و چ ڕۆژێکی هەینی دەکەوێتە پێش و پاش پشووەکانەوە.

دیوێکـی تـری ئـەم مامۆسـتایە وەفادارییەتـی بۆ ئەو کەسـانەی

ڕۆژگارێک وشەیەک و بیرۆکەیەکی جوانیان فێرکردووە. ئەو بۆخۆی کاتێ باسی فیکر و فەلسەفە دەکات، نالێ بیرۆکەی جوان، بەڵکو دەڵێ: زانستی و ڕاست، کاتێ لە لایەنە زانستییەکەی هزرێک دڵنیا بۆوە، ئەمجا باسی جوانییەکەیشی دەکات. ئەوانەی فێریان کردووە لە نەتەوەی جیاوازن، هەر لە کوردەکانەوە تا مامۆستا عەرەبەکان و ئەڵمانییەکان. پاشان کتێبەکان و سەرچاوە ڕەسەنەکان ئەویان بە سەدان بیرۆکەی ورد پڕکردووە، بەجۆرێ دەتوانێت لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گەشتێکی لە پێشفەلسەفەوە، لەلای بووداوە بۆ دۆڵی نیل و لەوێشەوە بۆ لای فەیلەسووفە یۆنانی و پاشان فەیلەسووفە مسووڵمانەکان لەگەڵ دەستپێبکەیت و بە فەلسەفەی مەسیحاییدا بەرەو سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەی مۆدێرندا بیهێنێ بەبێ ئەوەی وشەیەکی هەڵە، یان گوزارەیەکی هەڵەی لە دەم بێتە دەرەوە. ئەم پیاوە کورتەیەک و چڕبوونەوەیەکی فەلسەفییە، کە دەبێت بزانیت چۆن قسەی پێبدرکێنیت. ئەو لە کاتی قسەکردنیدا و لەناو ڕستە بەناویەکداچووەکانیدا، سەرچاوەی قسەکە و بۆنەی قسەکە و گوتەزاکەشت بۆ باس دەکات. وەکئەوە وایە کە هەمیشە حەمید عەزیزێکی بچکۆلە، پیاوێک کە ئێمە نایبینین و بۆی هەیە وەک فریشە لەسەر شانی ڕاستی بێت، بیری حەمید عەزیزی مامۆستامان دەخاتەوە کە هیچ نەپەڕێنێت و شتەکان بخاتەوە سەر عەردی ساخ. هەندێک کەس کە باش نایناسن، وا دەزانن ئەو هەندێ شت دووبارە دەکاتەوە، لەکاتێکدا ئەو دووبارەیان دەکاتەوە لەبەر ئەوەی دەزانێت بەرامبەر لێی تێنەگەیشتووە.

من دڵنیام ئەگەر فارابی و غەزالی، یان ئەریستۆتالیس و تۆمای ئەکوینی، زیندوو ببنەوە، ناتوانن لەسەر بیروڕاکانی خۆیان و ئەو شتانەی لە بەرهەمەکانیاندا باسیان کردوون، گرەوی قسە لە حەمید

عەزیـزی کورد ببەنـەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا وەفادارییەکی مەزن لەم پیاوەدا هەیە. ئەو ڕۆژە کە مامۆستا ئەحمەد سالار لەبەشی فەلسەفە سەبارەت بە پەیوەندیی فەلسەفە و دراما قسەی دەکرد، مامۆستاکەی ئێمە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دانیشت. ئەمە بەلای منەوە ڕووداوێکی دەگمـەن بـوو، چونکە بۆ کۆبوونەوەکانی بـەش، ئەو بە دەگمەن تا کۆتایی دادەنیشـێ. دوایی بۆم دەرکەوت مانەوەکەی لە سـیمیناری مامۆسـتا سالاردا جگە لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، پەیوەندیشیی هەبوو بە هاوڕێیەتییەکی کۆنیانەوە لە بەغدا.
تەنانەت لەبەرامبەر ئەو کەسانەشدا کە غەدرێکیان لێکردبێت، ئەم هیچ قین و ڕقێکی لەدڵدا بۆ هەڵنەگرتوون. وەک بۆخۆی دەڵێت: «دەیەوێ شەوانە بخەوێت و ئەملاولا نەکات». وەفای گەورەی ئەم بۆ (دایکی دانا)یە. ئەو خانمەی من هێشـتا لە نزیکەوە بە دیداری شاد نەبووم، بەڵام ئیتر ناوی ئەو لە باسـە فەلسـەفییەکان جیا ناکرێتەوە. نەوەی ئێمە لە فەلسەفە دۆستان بەختەوەرین، کە مەزنترین مامۆستای ئەم بـوارە هەتا ئێسـتاش بەو پەڕی چالاکیی و بەو پەڕی پۆشـتەیی و بەوپەڕی بۆنخۆشـییەوە لەناوماندا دەژی. من ئیرەییم بەو قوتابیانە دێت، کە ئەم پیاوە بەخۆی و قسەخۆشـەکانییەوە، بەبێ کتێب خۆی دەکات بە پۆلەکانیاندا و وێڕای جیاوازیی تەمەن و ئەزموون، کەچی وەکئـەوان گەنجانـە دەدوێ و بیر دەکاتەوە. ئەگەر لەم سـەردەمی گرژیی و ڕەشبینییەدا، بەلای دیوارەکانی بەشی فەلسەفەدا تێپەڕیت و گوێـت لـە تریقە و هـاڕەی پێکەنینی گەنجەکان بـوو، ئەوە بزانە حەمیـد عەزیز وانەیـان پێدەڵێتەوە. ئەو منداڵـە قەڵادزێیەی کە هیچ شتێک، خۆشویستنی دانایی و مرۆڤدۆستیی بیر نەبردۆتەوە.

محەمەد عارف:

کوردێکی فریشتەیی.
فریشتەیەکی کورد..

لە دوورەوە زۆر شتم لەبارەیەوە دەزانی و بیستبوو. بەڵام تاکو بۆخۆم لە نزیکەوە نەمناسیی، نەمزانی ئەم کەسایەتییە مەزنە چ خەزنەیەکی گەورەی هزر و جوانی و ژیاندۆستییە. پێشتر لە تابلۆکانییەوە ناسیبووم، ڕەنگ و جووڵەی فڵچەکەیم لە هەر شوێنێ دەناسییەوە. دەمزانیی ئەو کەسەی لە پشت ئەو کارانەوەیە، مرۆڤێکە بچووک ناکرێتەوە بۆسەر بوونە جەستەییەکەی و قەبارەی لەشی. مرۆڤێکە بە ڕۆحیی ئاوەوە جوانی دەپرژێنێ بەسەر ئەو ڕووبەرە بێڕەنگانەدا کە لە وڵاتی ئێمە و لەلای مرۆڤی ئێمە ژمارەیان زۆرن. ئەو، هەروەکچۆن لە بەکارهێنانی فڵچەدا نەرم و ئارام بوو، ئاواش لە ژیانی تایبەتیدا شیرین و بەڕێز بوو. ئەو هەروەکچۆن خۆی لە قسەی ڕەق و زمانی زبر بەدوور دەگرت، ئاواش لە تابلۆکانیدا خۆی لە بەکارهێنانی هێڵی ڕەق و ڕاست و تیژ و چەمانەوەی لەپڕ بەدوور دەگرت. زۆر بەدەگمەن تالۆیەکیم بینیوە هێڵی ڕاستەیی

و گۆشــەی تیژی تێدابێــت. هێڵەکانی ئەو، بەیادهێنــەرەوەی مانگ و چــاو و بــرۆی ئافــرەت و چەمانەوەی دەف و باوەشــی گەرمی خۆشەویستین. تەنانەت شمشێر و مەتاڵ و ڕمبی دەستی سەربازانی ناو تابلۆکانیشــی، ئەوەندە بە ڕۆحێکی شــاعیرانەوە کێشــراون، وا دەزانیــت لە لۆکە و پەموو دروســتکراون و هیچ ترســێکت لە دڵدا دروســتناکەن. درەختەکانی و دیــواری باڵاخانە و لادیواری کوچە و گەڕەک و تەنانەت منارەکانیشــی هەرچەنــدە بڵند و ڕێکن، بەڵام تیــژ و ڕەق نیــن و وەک ئــەوە وایە لە دۆخی ســەما و خۆبادان و لەرینەوەدا بن.

دەکرێ مرۆڤ بپرســێ: لەســەردەمێکی تــەواو توندوتیژ و ڕقاوی و ســارد و ســڕدا، لــە زەمانەیەکی ئەوەنــدە پێوانەیی و شــیاوی دابەشــبوونی ژمارەیی و لەناو ئەم فــەزا دیجیتاڵییەدا، کە محەمەد عــارف کۆتایــی تەمەنی خــۆی تێدا بردەســەر، چۆنە ئــەم هەموو گەرمــی و چەمانــەوە و نەرمییە، ئەم هەمــوو ئارامیی و خاویی و لەســەرخۆییە بۆتە سرووشــتی تابلۆکانی ئەم مرۆڤــە و ئایا ئەوە خــودی سرووشــتە لە بەرهەمەکانــی ئەم هونەرمەند و مامۆســتا مەزنــەدا بەوجــۆرە ڕەنگیداوەتەوە، یان ئەوە سرووشــتی ناخەکی هونەرمەندەکەیە، سیمای خۆی بەوجۆرە لە ناوەڕۆکی بابەتەکانیدا بەرجەستە کردووە؟

یەکەمجار لە خواردنگەی سوڵتان، لەسەر شەقامی شۆڕشی شاری هەولێــر چاوم پێی کــەوت. دووجاری تریش لــەوەدوا بە خزمەتی گەیشــتمەوە و ئیتــر منێک، کە ئەوەنــدە یاخییانــە دەڕوانمە ژیان، نەمدەتوانــی خــۆم بەرزەفتــە بکــەم و دانەیەمەوە بــۆ ماچکردنی دەستەکانی، کە ئەو نەیدەهێشت. کاتێ ئێمە چووین دابنیشین، ئەوان نانیان دەخوارد. من تەنیا ئەوم ناسییەوە، کە دەستێ جلکی کوردی

و کوڵەباڵێکـی لەبەردا بوو. وابزانم نزیکی یەکێ لە جەژنەکان بوو. جاری دووەم لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، ماوەیەکی دوور و درێـژ لە خزمەتیدا مامەوە. لەسـەر قەنەفەیەکی چەرمین لەکەنار یەکترەوە دووبەدوو دانیشتین و لەسەر دوو شت قسەی بۆ کردم. هونەری مینیاتۆر و چۆنێتی لەخەو هەستانی بەیانیانی و جۆرێ لە عیبادەتی ڕۆحیی، کە بە ئەزموونی چەندساڵەی پێی گەیشتبوو. ئەو کاتێ قسەی بۆ دەکردم سەراپا قەند و شیرین و بۆنی خۆش بوو. پێسـتی دەسـتەکانی نەرم و جوان و ئەمووسـتیلەیەک لە پەنجەدا. کراسـێکی نەرم و بە گیرفانی لای چەپی چاکەتەکەشـییەوە، لۆچی دەستەسرێکی سپی هاتبووە دەر. ڕیشێکی پاک و تاشراو، بەجۆرێ کـە بریسـکەیەک بە سـەراپای سـیمایەوە دیار بوو، کە بەباشـی نەتدەزانـی ئەوە بریقەی ڕووخسـارییەتی، یـان ڕەنگدانەوەی ئەو بزە شـاراوەیەی بوو کە لە ژێر چەمانەوەی مووی سمێڵەکانییەوە، سەرچاوەی دەگرت؟

ئایـا ئـەوە چ هۆکارێـک بـوو کـە ئەویـان پاڵنابوو بـۆ کارکردن لەسـەر مینیاتۆر و وردەکارییەکانی ئەو هونەرە؟ ئەو بۆخۆی لەو دانیشـتنەدا ئەمەی دەگێڕایەوە بۆ ڕەسەنایەتییەک، کە ئەم هونەرە لـە مێـژووی هونەری گەلانـی خۆرهەڵاتدا هەیەتـی. وردەکاری و جێکردنـەوەی جۆرەهـا فۆرم لەیـەک پانتایی بچووکدا، پاشـانیش دۆزینـەوەی هێما و هێڵە مینیاتۆرییەکان لە هونەری بیناسـازیی و خانـوو و دەرگا و سـندووق و باوەڵی کۆنی کوردیدا، لە ڕسـتنی دەسـترازە و چنینی گۆرەوی و ڕازاندنەوەی بێشـکە و مەشـکەی کۆنـی کوردەواریـدا. بـۆ ئـەو، هەموو ئەمانە بەشـێک بـوون لە ڕەسـەنایەتی و بەشـێک بوون لە هونەری دروستکردنی ناسنامە. ڕەنگە ئەم پیاوە بە درێژایی هەموو تەمەنیشـی هەر ئەمە پڕۆژەی

ســەرەكیی بووبێــت و لە هەوڵی پێكەوەنانــەوەی ئەو ڕەمز و هێما و پارچانــەدا بووبێت، كە بە دۆزینەوە و پێكەوەنانەوەیان ســەر لە نوێ دەتوانرێ وێنەیەكی كامڵتری بوونی مرۆڤی كورد، بەرجەستە بكرێتــەوە. بۆیــە هونەری ئەم پیاوە، هەرگیــز هونەری ڕەنگدانەوە نەبووە، بەڵكو هونەری بیناكردنەوە و سەر لەنوێ خەڵقكردنەوەیە. هونەرێكە ئەو بەشــە هەڕەشــەلێكراوانەی ژیانی مرۆڤی كوردمان بیــر دەخاتەوە، كە تەقینەوەی ســاتەوەختە مێژووییــەكان پەرتیان كــردن و ئیتر لێمــان گومبوون. هێمنی، میهرەبانی و لەســەرخۆیی و هێڵــە چەماوەییەكان. هونەری مینیاتۆر بۆ ئەو، چڕبوونەوەیەكی ڕۆحیی مرۆڤ بوو هاوشــان بە تیژبینی و هەدادان لە ئاســت شتە بەشــەكییەكاندا بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بتوانێ ئەو شتەی بەچاوی گشــتبینی ئاســایی ئێمە، نابینرێ، ئەو لە تابلۆیەكدا بیوەســتێنێ تا تووشی سەسووڕمانمان بكات.

محەمەد عارف پیاوێك بوو بە ڕۆحێكی جوانیناســیی فراوانەوە، كە زۆر نزیك بوو لە زەوقی هونەرمەندانی ڕێنیســانس و جوانیناسیی واقیعیانەوە، تەماشای دنیای دەكرد، بەڵام من هەمیشە نزیكایەتییەكم لە نێوان ئەم پیاوە و فەیلەســووفانی پێش ســوكراتدا بینیوە، كاتێ لەســەفەری گەڕانیاندا بەدوای بنەما و سەرچاوەی یەكەمی بووندا، توانایەكی لە ڕادەبەدەریان بۆ شــیكردنەوەی شــتە بەشەكییەكان دەخســتەكار. محەمەد عارفی مامۆستاش لە هونەرەكەیدا بە دوای (ئاریخــە) و بنەمای بوونــی كوردیانەماندا دەگەڕا و ئەمەیشــی لە سرووشت و فیگەر و هێڵە سرووشتییەكاندا دۆزیبۆوە. سرووشت بــۆ ئــەو، جیهانێكــی نمونەیی بوو، كــە بۆ ئەوەی مــرۆڤ ڕۆحیی خــۆی لە هەر جــۆرە ژیانێكی ناسرووشــتیانە ڕزگار بكات، دەبوو ســەر لەنــوێ نمونــە باڵاكەی لــە سرووشــت خۆیــدا بدۆزێتەوە.

لێـرەوە هونەری میناتۆر و هەوڵــە میناتۆرییەکانی دوایی تەمەنی مامۆســتاکەمان، جۆرێکــی دیکــەی سەرنجڕاکێشــان بــوون بــۆ تێبینیکردنــی پانتاییــە بچووکەکان تا لەوێدا بزانیــن چ حەقیقەتێکی مەزن خۆیان شاردۆتەوە.

ئــەم مرۆڤــە مەزنە بەیانیــان زوو لە خەو هەڵدەســتا، بگرە ئەو لە ڕووی ڕۆحییــەوە هەرگیــز نەدەخــەوت و هەمیشــە بێــدار بــوو، خــەوی ئەو خەوی جەســتەیی بــووە نەک ڕۆحیی. ئــەو لە جۆرە ســرووتێکی عیبادەتکردن دەدوا کە بەیانیــان بە ئەنجامی دەگەیاند و لەگــەڵ خوای خۆیدا دەچووە خەڵوەتەوە تاکو بە ســووکبوون و شەففافبوون و پاکژبوونەوە بگات. من لە نێوان ئەم پاکژبوونەوەیە و هێڵــە میناتۆرییە سادەکانیشــدا، کە لە کاتی قســەکانماندا چەند نمونەیەکی پیشــاندام، جۆرێ لە نزیکایەتــی و لێکچوونم دەبینی و هەردووکیانم بە سرووشــتی ڕۆحیانەی مرۆڤێک دەهاتنە پێشچاو، کە ئیتر خۆی لە هەرجۆرە جەنجاڵی و گرێ و گۆڵێکی ژیانی مادیی ڕزگار کردووە.

ئەو بە فریشتەیەک دەچوو، کە لە بەهەشت ئاوارە بووبێ. ئایا کاتێ فریشتەکان ئاوارەدەبن و هەلی گەڕانەوەیان بۆ دەڕەخسێ، بۆکوێ دەچنەوە؟ ئەویش چۆتەوە ئەوێ، بەڵام دڵنیام ئێستا ئەو بە ڕەنگ و هێمنی و نووره ئینسانییەکەیەوە، بەهەشتی جوانتر کردووە. خودایە، چەندە کەمن نمونەی ئەو فریشتانەی ئێمە تەمەنێک لەگەڵیان دەژین و وادەزانیــن لــە خۆمان دەچن، ســوپاس پــەروەردگارا، کە یەکێ لەوانەت لە شێوەی کوردێکی هونەرمەندا بە ئێمە ناساند..

ژنێک لەسەردەمی جێندەرکوژیدا

هێرۆخان

هێرۆخان، لە ڕووی پەروەردەییەوە، پەروەردەی یەکێ لە بنەماڵە نیشتیمانپەروەرەکانی سلێمانییە، کە هەتا ئێستاش مێژووی هاوچەرخ داوەرییەکی بێلایەنانەی لەبارەوە نەکردوون. بنەماڵەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، بگرە بوونەتە یەکێ لە قوربانییەکانی ئەو مێژووەی کە پتر مێژوویێکی حیزبیانەیە، تاکو مێژووی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و فیکری. لەبەر ئەوە کۆی ئەو داوەرییانەی لە دەرەوەی مێژووی ململانێ حیزبییەکان و بەتایبەتی مێژووی یەکێتییەوە، لەسەر ئەم بنەماڵەیە و کەسایەتییەکانی کراون، دووژمنکارانە و تاکڕەهەندانە بوون، لەکاتێکدا کۆی ئەو داوەری و بەرگریکردنانەش کە لەناو مێژووی یەکێتی و حیزبایەتییەوە لە بنەماڵەی ناوبراو کراون، یەکلابینانە و بەرتەسکانە بوون. ڕەنگە هەڵەیەکیش لەلایەن خودی ئەم بنەماڵەیەشەوە ڕوییدابێت کە لەماوەیەکی زەمەنیدا ڕێگەیان داوە بچنە پەراوێز و سێبەری مێژووی لایەن و

کەسانیترەوە و توانای بەشداریی و دەستپێشخەری و بەردەوامیی خۆیان بەستبێتەوە بەو پەیوەندییە سیاسیانەوە کە پاشتر بۆیان دروستبوون، نەک ئەوانەی بۆخۆیان داهێنەر و دەستپێشخەریان بوون.
ئەو، میراتگرێکی ڕاستەقینەی باوکییەتی، چ لە ڕووی سیاسییەوە و چ لە ڕووی کەلتووریی و ڕۆشنبیرییەوە و یەکێکیشە لەو کەسانەی زۆرترین غەدری مەعنەوی لێکراوە، نەک لەبەر ئەوەی کچی ئیبراهیم ئەحمەدە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هاوسەری مام جەلال تاڵەبانییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کەسایەتیە نە بەهۆی ئەویانەوە خۆی سەلماندووە و نە لە سایەی ئەمیشیاندا چۆتە پەراوێزەوە.
ئەو دەیەوێت و سوورە لەسەر ئەوەی تایبەتمەندیی خۆی هەبێت و لەپاڵ چالاکییە سیاسییەکانیشیدا، سوودی گشتیی هەبێت. بەڵام ئیتر ئەو دوو پیاوەی ناو ژیانی هێرۆخان بەجۆری سێبەریان بەسەردا کردووە، کە هەم دۆستانی و هەم نەیارەکانی لەبەرخاتری و لەداخیی ئەوان، دژایەتی و دۆستایەتی ئەمیش بکەن.
من لە بەشێکی ئەم گیرۆدەبوونە میراتییەی خانمێک دەگەم، کە ڕەوا نییە، لەبەر پەیوەندییە نەسەبی و سەبەبییەکانی بخرێتە بەر شاڵاوە سایکۆلۆژییە ساتەوەختی و گرژەکانی کۆمەڵگاکەیەوە. بەڵام لەوەش تێدەگەم، کە ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە و هەمیشە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریشدا قوربانیی یەکەم ئەو مێینانەن، کە بە کار و چالاکییان، هەڕەشە بۆ سەر هەیبەت و لەخۆتێگەیشتنی نێرانەی پیاوەکان دروستدەکەن. من دڵنیام، هێرۆخان لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا هەرگیز لە بواریی سیاسی و حیزبایەتییشدا بەشداریێ نەکردبایە و بەردەوامیش وەک فریشتەیەکی ئەودیو پەردە بمابایەتەوە و لەبری ئەوەش جوانترین شیعر و جوانترین تابلۆی بۆ کێشابایانیە، هەر

ڕووبەڕووی ئەو هەموو تەشـــەر و غەدرە مەعنەویانە دەبۆوە، کە ڕووبەڕوویان بۆتەوە. لەبەر ئەوە، ئەو چەندە قوربانیی پیشـــەکەی و پەیوەندییەکانییەتـی، ئەوەندەش قوربانیـی ڕەگەزەکەی خۆیەتی و ئەمــەش ئەو شــتەیە کە من هانــدەدات وەک کەســایەتییەک، کە کۆمەڵگای نێرســالار هێرشی دەکاتە سەر، قســەی لەبارەوە بکەم. هەروەکچۆن پێویستە ئەمە هەڵوێستی گشت مرۆڤێکی ئازادیخوازیش بێت، کاتێک دەبینێت دەسەڵاتەکانی وەک ئایینسالاری و نێرسالاری و حیزبســالاری، لەماوەی قەیرانە ســایکۆلۆژییەکانی خۆیاندا، بەم یان بەو شــێوەیە خاڵی هاوبەشیان بریتیبووە لە پەلاماردانی مێیینە و کچان و ژنانی بە توانای وڵاتەکەمان.

هێرۆخــان، لــە مــاوەی پچڕپچــڕی تەمەنــی پرۆفێشــناڵیی خۆیدا، کــە ئاوارەبــوون وماڵبەکۆڵــی و کتێبخانەســووتانی تێکەوتــووە، ئاخیرییەکــەی خوێندنی دەروونزانیی لە زانکۆی موستەنســرییەی بەغــدا، تــەواو کردووە و بــە دامەزرێنــەری پربینەرتریــن کەناڵی تەلەفزیۆنــی کوردســـات و ڕێکخراوێکی گــەورەی منداڵپارێزیی لە هەرێمی کوردســتان دادەنرێت. ئەمە جگە لــە هەوڵە بەرچاوەکانی لەبواری دەستگیرۆییکردنی هونەرمەندان و نووسەران لە ڕێگەی هەر یەک لە گالەریی و مۆزەخانەی (زامووا) و (فۆندی ئیبراهیم ئەحمەد) ـەوە. ئەمانەش هەمووی دوای ســاڵانێکی زۆری پێشــمەرگایەتی و ژیانێک، کە پتر لە ژیانیی پیاوانەوە نزیکبووە، تاکو ژیانیی خانمێک، کە غەریزەی دایکایەتی و سۆز لە پێش هەمووشتێکی ترەوەن.

ئەو زۆر جار بە «شــەیتانی سیاســەتی کوردی» و «ئاگری بنکا» و «دەســتی شــاراوەی ناو یەکێتی نیشــتیمانی کوردستان» ناوی براوە. کۆی ئەم قسانە پتر زادەی فەنتازیای نێرینەیی و باڵادەستیی کۆمەڵــگای کوردیــن، تاکــو ئەنجامــی توێژینــەوە و ســەلماندن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەو چالاکە، یاریدەدەر و دەستگیرۆییکەر و خاوەن بیروڕای خۆیەتی، ئەمانەش بەسن بۆ ئەوەی خەیاڵیی دەستەجەمعی و غەزەبیی کۆمەڵایەتی لە دژی خۆی بخاتە کار، تەنانەت لەناو حیزبەکەی خۆیشیدا. هەروەکچۆن هەمان خەیاڵ و غەزەب، لە ساتەوەختێکی تردا (لەیلافەریقی) و لە یەکێکیتردا (کەژاڵ ئەحمەد) و بۆ سبەینێش کاتێ هەر فەنتازیا شەڕانییە، مێژووی ژنانی ئەم وڵاتە دەنووسێتەوە، هەر یەک لە (بەهێی شێخ مارف، ئەنجومەی عەبدوڵا زوهدی و ئایشەگوڵ و باجی تەنکە و دایکی ئامێز و ڕووناک ڕەووف و گەزیزە و بەدیعە دارتاش) و دەیان ناویتریش دەخاتە بەر هێرش و سوکایەتی ناڕەوا. پێدەچێت ئێمە بەرەو شوێنێک بڕۆین کە ئەم خەیاڵ و زەینییەتە جیهادییە بتوانێ سەرلەنوێ نیگا شەڕانییەکەی ئاراستەی کەسایەتییەکانی، وەک (مەستوورەی کوردستانی، خانزاد و عادیلەخانم و حەپسەخانی نەقیب و شەهید ئەختەر) بکاتەوە و بەهەمان شێوەی کە لەمڕۆکەدا کۆی بوونیی مێینەیی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەداتە بەر خەنجەر، ئاواش ڕۆحی ئەوان هەلا هەلا بکات.
هیچ شتێک هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەو شاڵاو و هێرشانە ناپارێزێت، تە نانەت ئەو کاتەش کە هەمان خەیاڵ و فەنتازیا و زمان نازناوی: «خانمی یەکەمیی عێراق»ی لێدەنێت و ئەم ناولێنانەش وەک قەفەسێکی ئاسنینی تر بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی مێینەیی ئەو، ژنێتی ئەو و شوناسی ئەو ملکەچی فەنتازیاکانی خۆی بکات. ئەم ناولێنانە بۆ ئەو، کە لە هەرێمێکی پڕ لە چەوسانەوەی مێنەیی و زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی لێوانلێو لە ئافرەتکوشتن و خۆسوتاندندا دەژی، لە بەدڕەفتارییەکی دیکەی نێرسالاری و نیشاندانی دەمامکێکی دیکەی ئافرەتسڕینەوە، هیچیتر نیە. پێویستە ئەو بۆخۆیشی یەکەم

کەس بێت نەهێڵێت بەم تۆڕ و قولاپانە بکرێ بە داوەوە. چونکە لە هەر کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا کاتێ پیاو بۆخۆی «یەکەم» بوو، ئیتر کەسیتر ناتوانێ و نابێتە کەسی یەکەم، بەڵکو هەموو ئەوانیتر دەبنە دووەم و سێیەم سەدهەم و دەخرێنە پەراوێزەوە. وەلێ ئیتر زەحمەتیشە نەوەی نوێ بتوانن کەسایەتی هێرۆخان و نمونەکانیتری وەک ئەو، کە لە چەندین لاوە پەیوەستبوون بەم تۆڕانەوە، وەکخۆیان و لە پێگەی مێینەیی خۆیاندا بناسن. لەگەڵ ئەوەشدا حەقیقەت لەوەدایە هۆکار و هاندەری چالاکییەکانی لە شوێنێکی تردا ببینینەوە، کە زۆرجار مێژوو و شوێنکاتەکان ڕێگە بەدەرکەوتنی نادەن.

بنەوانی کەسایەتی ئەو نە سیاسەت و نە حیزبایەتی و نە پەیوەندییە نەسەبی و سەبەبییەکانی ناو ئەو مێژووەن کە بۆی دروستکراوە، بەڵکو ئەو لە مێینەیی خۆیەوە، لە ڕەگەزە بریندارەکەی خۆیەوە، سرووشی کار و چالاکییەکانی و بیرۆکەکانی وەردەگرێ و هەرچی دەیکات و کردوویەتی، هەنگاوێکە بۆ خۆ پچڕاندن و بەرجەستەکردنەوەی کەسایەتی خۆی وەک ژنەکوردێک، کە میراتگری کۆی ئەو چەوسانەوە و غەدرانەیە لە مێژووی ناو سەردەستەیی نێرینەیی و ئایینسالاریدا، لێیان کراوە و نەرێتە کوردایەتیەکان بەسەر ئافرەتانەوە کردویانەتە ماڵ و میرات. ئەمە ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە پێویستە هێرۆخان لەبەرامبەر هاوڕەگەز و هاوپێگەکانی لێوەی تەماشای پەیوەندییەکانی خۆی بکات و ئەمە هەمان پنتیشە کە پێویستە هاوڕەگەز و هاوپێگەکانی ئەو کەسایەتی ئەوی لێوە ببینن.

ئەو چیدی کچە باریکەلە ڕوومەت شووشەییەکەی سەردەمی پێشمەرگایەتی نیە.قەدە باریکەکەی هەر پاراستووە، بەڵام قژە

ڕەشـــەکانی ئیتر ســـپیی دەچنەوە و بەمەشـــدا ئەو دایکە کوردێکی ئاساییە. وەلێ من هەمیشە وەک پێشمەرگەیەک بینیومە کە بەردەوامە لـــە خەباتکردن بۆ منداڵانـــی وڵات و هاوڕەگەزەکانی. ئەمەش بەبێ ئەوەی بۆ ســـاتێکیش دەســـتیی لـــە ســـنگفراوانی و خاکەڕاییەکەی هەڵگرتبـــێ. هەر کاتیش بویتە میوانی، بەدەســـتی خۆی چایەکت بۆ تێنـــەکات دڵی ئـــاو ناخواتەوە، هاوکات بەمەش لەو دیو قژە ماش و برنجییە تێکئاڵاوەکانییەوە، چاوە وردیلەکانی قووڵ قووڵ تەماشات دەکەن و کاتێ دەشـــیەوەێ قســـەیەک بکات، وشـــەکان وەکخۆیان بەیانـــدەکات، وەکخۆیان بەبێ هیچ گرێ و گۆڵ و تەکەلووفێک. ئەو بـــە گفت و زمـــان و ڕەفتاریدا، هیچ لە کچی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند ناچێـــت، کـــە پێشـــئەوەی بزانین کێیە، نازمان بەســـەردا بفرۆشـــێ. لەســـەردەمی ئێستاشـــدا کە ژنان و مەســـەلەکەیان لەبەر هێرشـــی بەردەوامی شەڕانییەتدایە و جێندەرکوژیی بۆتە دروشمی جەهالەت، بوونـــی ئەو و هاونموونە چالاکەکانی لە کۆمەڵگای کوردیدا جۆرێ لە دڵنیابوونمان پێدەبەخشێت.

٢٠٠٩

خانمێک لەسەر شانۆیە:

«ست بەدیعە»

ناکرێ باسی شانۆی کوردی و هەشتاکان و بەعس بکەین و بەدیعە دارتاشمان بیر بچێت. ئەو دەمەی لە هەشتاکاندا لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی، لە بەشی شانۆ، وەرگیرام، بۆ یەکەمینجار مامۆستا بەدیعە دارتاش و هەندێ مامۆستای دیکەی ناو هونەر و شانۆی کوردیم لە نزیکەوە ناسین، کە ساڵەها بوو خەونم بە ناسینیانەوە دەبینی: ئەحمەد سالار، بەدیعەدارتاش و حیکمەت هیندی، کە وەک تیمێک و دەستەیەکی پتەو پێکەوە کاریان دەکرد و خۆشەویستی هونەریان لە لای قوتابییەکان دەچاند.
دارتاش خانمێک بوو توورەیی لێنەدەهات، بەڵام لە سەرەتاوە زۆریش جیدی بوو، بە ئەندازەیەک کە من تۆزێک لێی دەترسام. من هەمیشە لە ژنان دەترسم، ترسێک کە بڕوام پێدەهێنێت ئەوان لە سەرچاوەیەکی پیرۆزەوە پەیدابوون و هەر لەبەر ئەمەش گەورەترین ڕازێک لە بووندا بۆ من، ڕازیی مێینەییە. لەگەڵ ئەوەشدا دارتاش

خانـم، تا بڵێی هـاوکاری قوتابییەکان بوو بۆ ئـەو کار و پڕۆژە و چالاکییانەی دەیانویست ئەنجامی بدەن، بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامی بڕیـارەکان بکاتـەوە، ئەگەرچـی جـاری وایش هەبوو بـۆ خاتری قوتابییەکان بڕیـاری وایان دەدا، کە دەبوو خۆیان باجەکەی بدەن. بۆ نموونە کاتێ ئێمە ویسـتمان بڵاوکراوەیـەک بە ناوی (ئەزموون) ـەوە بڵاو بکەینەوە، مامۆستا بەدیعە یەکەمین پشتگیر و هاوکارمان بوو. وابزانم لە کڕینی ئەو مێزە شووشەییەشدا کە بڵاوکراوەکەمان لەسەر پەخشـدەکردەوە، هەر هاوکاریی کردین، بەبێ ئەوەی حەز بکات ناوی بهێنین. سـەردەمەکە سەردەمێکی مەترسیدار بوو: هەر کەس لە ئاسـت خۆیەوە، گومانی هەبـوو لەوەی ڕۆژێک لە ماڵەوە تـا دەگاتـە پەیمانگا، نەگیرێت، یـان بە پێچەوانەوە: لـە پەیمانگاوە بەرەو ماڵ نەکەوێتە کەمینەوە. کەمینەکانی ئەوسا زۆر و بەزەبر و نادیار بوون. پەیمانگاش شوێنێکی دیار و ناسراو بوو، دواجار کار گەیشـتە ئەوەی لەلایەن ڕژێمەوە کۆنترۆڵێکی زۆر دەخرایە سـەر پەیمانگا. ترس و مەترسیی گیران ڕۆژ بەڕۆژ زیادیی دەکرد. بەڵام مامۆستاکان و لە ناویشیاندا مامۆستا دارتاش نەیدەویست وورەمان بەر بدەین و بەردەوام هانیدەداین.

لـە کەسـایەتی ئەودا گەشـبینییەکی بێسـنوور هەبوو. گەشـبینیی مامۆسـتایەک، کە جیهانی لەلا شیرینتر دەکردی، بەتایبەتی کاتێ لە چاوی ئەودا خۆت وەک مرۆڤێکی گەورەتر لەوەی هەبووی، دەبینی. هەندێ مامۆستا هەن، چاوشکێنت دەکەن، هەندێکیان چاوترسێن و هەندێکیشیان چاوت دەکەنەوە. بەڵام بە دەگمەن تیایاندایە بتبینێ و لە چاویدا هەڵتگرێ و هەڵتسەنگێنێ و وات لێبکات بەخۆتدا بچیتەوە. دارتاش لەو مامۆستایانە بوو، هەمیشە وای پیشان دەدا جیدییەتێکی تیایە بەرەو تورەیی و دروستکردنی سنوور. ئەمە پیشەی زۆرینەی

ئافرەتانی کـوردە، کاتێ یادوەریی مێیینەییان ئـەو ئازارانەیان بیر دەخاتەوە، کە لە ئەزموونیاندا بەدەست نێرینەوە کێشاویانە. ئەو لە ئێمە تووڕە نەبوو، بەڵام زیاتر لەگەڵ کچەکان دڵی خۆی دەکردەوە، تـا کوڕەکان. ئێمە ئەومان زۆر خۆشدەویسـت، بەڵام دەبوو باجی نێرینەیی خۆمان بدەین. لەگەڵ ئەوەشـدا بەردەوام وای لێدەکردین بەخۆماندا بچینەوە و هەستبکەین کە ئێمە هەین و کە هەیین، کێین و کە کوردین، کوردبوون لە بواری هونەردا مانای چی دەگەیەنێ؟
گەشبینییەکەی ئەو جاری وا هەبوو، جاڕسکەر بوو: تەنانەت بیستم یەک دوو دەقی شانۆیی کە بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگادا، خرابوونە بەردەم لیژنە، لەسـەر قسـەی دارتاش و بەو هۆیـەوە کە ئەو شـانۆییانە زۆر ڕەشـبینانەن، ڕەتکرابوونەوە. من ئەو کاتە لەم ڕەتکردنەوەیە تێنەدەگەیشـتم. ئێمەی گەنج بەو جۆرە تێدەگەیشتین، کە سەردەمەکە کاتێ بۆخۆی ئەوەندە ڕەش و تۆقێنەر بوو، بۆ دەبێت جێگەی دەقی شـانۆیی ڕەشبینانە نەبێتەوە، ئەمەش بێئـاگا لەوەی لە نێوان ئێمە و مامۆسـتاکانماندا ململانێی نەوەکان و تێگەیشـتنی کەلتووریی جیاواز هەیە. لەوەش بترازێ، نەمدەزانی کە بیسـت سـاڵم لە ئەزموون و تەمەن پێویسـتە بۆ تێگەیشتن لەو ڕۆحـە دایکانەیـەی دارتاش، کـە وەک کچە کوردێک نەیدەویسـت ئێمـە، لانیکـەم لە بواری هونەردا، بە ئاوازیی سـەردەمەکە سـەما بکەین و لە هەوڵی ئەوەدا بوو، بوێریی ژنانە و کوردانەی خۆی لە بەرپەرچدانەوەیەکی پێچەوانەدا بخاتە ڕوو، تا ئاشکرای بکات ئێمە ناترسین و تەسلیم نابین.
ئەو بەبێ ئەوەی، ئاشکرای بکات، یان بیکاتە درووشم و ئیدیعایەی گـەورە، هەمـان کاری دەکـرد، کـە دایکانی هاوسـەردەم و ژنانی هاوتەمەنی دەیانکرد: بەخشـین و بەخشـین و بەخشین و دووبارە

بەخشینەوە. ئەمە بەشداریی ئافرەتانی ئێمەیە لە دەیەی هەشتاکاندا: ئەوان لە پشت هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنێکی کوردەوە بوون و لە پێشی پێشەوەی قوربانی و بریندارەکانیش بوون. دارتاش، کە ئێمە ئەوسا پێماندەگوت: «ست بەدیعە»، چاوێکی هەبوو و هەزار گوێ: ئاگای لە هەموومان بوو، بەڵام بەردەوامیش جۆرێ لە ورە و نەترسیی و لە هەمان کاتیشدا خۆپارێزیی ئامادەییان هەبوو. ئەو لە ڕووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و پۆشینی جلوبەرگەوە، موحافیزەکار بوو. دەمانبیست کە کچەکان هاندەدات بۆ سەرپۆشکردن، دواجار کە لێشمان دەپرسی: ئایا بەڕاست ئەو ئەمکارە دەکات؟ لەوەڵامدا پێیدەگوتین بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و دووچاری کێشە نەبن و لە هێرشی دەستدرێژان بەدوور بن، چونکە کچانی هونەرمەند و قوتابیانی پەیمانگا، کەسانی دیارن. ئێمە ئەم وەڵامەمان زۆر بەدڵ نەبوو، ئەگەرچی ڕۆژانە زریکەی ئەو کچانەشمان دەبیست کە بە زۆر و بە قژڕاکێشان، سواری موسەللەحە و زیلە عەسکەرییەکان دەکران.

کە بڵاوکراوەی (ئەزموون)یان پێداخستین، پەنامان بۆ بردەوە، ئەمجارەیان بە دەم قسە و بە نیگا قووڵەکەی، کە نەماندەزانیی تووڕەییە، یان جیدییەت، یاخوود هەردووکیان، قەناعەتی پێکردین، کە باشترە ماوەیەک چاوەڕێ بین، تاکو بارودۆخەکە باشتر دەبێت، کە نەبوو. تا ئەوە بوو مامۆستا حیکمەت هیندیی بەسەرا گیرا. دارتاش کاتێ قسەی بۆ دەکردین تاکو ئاگامان لە خۆمان بێت، خۆی بڕوای بەوە نەبوو کە بارودۆخەکە باشتر دەبێت، بەڵام دیسانەوە، دڵی بڕوایی نەدەهات، ساردمان بکاتەوە، چونکە خۆشیدەویستین و نەیدەویست هەموو ئەو شتانە بزانین، کە ئەوان دەیانزانی. ئەو زۆری دەزانی، زۆرتر لەوەی ئێمە پێویستمان بوو بیزانین، چونکە

ئەگەر ئەوەندەی ئەومان هەست بە مەترسیی سەردەمەکە برکردایە و بمانزانیایــە، دەترســاین. لە بەعس زۆر دەترســاین، چونکە بۆی هەبــوو بەعس هەموو شــتێک بێــت، بۆی هەبــوو پیاوێکی لاکۆڵان بێت کە بانگی دەکردی و دەیبردی و نەدەهاتییەوە، بۆیشــی هەبوو مامۆســتایەک بێت لەســەر ســەرت و لەناو پۆلدا وانەت پێبلێتەوە. ڕۆژێک لە وانەی عەرەبیدا، مامۆستا پرسیارێکی کرد، پەیوەندیی بە حکومەتی عێراقییەوە هەبوو کە چۆن ئۆتۆنۆمی داوەتە کوردستان، مــن لە ژێر لێومەوە، شــتێکم گوت کە لەوە دەچوو بەباشــی گوێی لێبووبێت. یەکسەر هاتە ڕیزەکەوە و گوتی: ئەو کەلبی بنی کەلبەی گوتی حوکمی زاتیی کارتۆنی کێ بوو. مەرگ هاتە ناو ڕۆحمانەوە، کەس قسەی نەکرد، هیچ وشەیەک نەیدەتوانی ئەو بێدەنگییە ترسناکە بشــکێنێ. دواجار کە زەنگیی پشــوو لێیدا، هەموومان هەناسەیەکی قووڵمان دایەوە و من یەکدوو چەپۆکم بۆهات!

دوانیوەڕۆیەک هاوڕێیەکم پێی گوتم، کە سەردانی ست بەدیعە بکەم لە ماڵەوەیــان. هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشــدا چــووم و لــەدەرگام دا. کە دەرگایــان لێکردمەوە، ئــەو بۆخۆی لە ژوورەوە منــی بینــی و هاتــە دەر. تەنیا بە یەک ڕســتە پێی گوتم: «باشترە نەیەیتەوە بۆ پەیمانگا» و «کەسیش لێت نەبیستێ کە من ئەمەم پێڕاگەیاندویت».

دوای پازدە ســاڵ بینیمەوە، دیســانەوە لەبەردەم هۆڵی شانۆیەکدا، دیسانەوە خۆمم لە چاوەکانیدا بینییەوە، پێمگوت:

«هەتــا مردن، قەرزداری ئەو قســەیەتم». بە پێکەنینەوە فەرمووی: «ئەگەر وانەبوایە ئێستا تۆمان نەدەبوو».

پیاوە ڕەنگاوڕەنگەکە پیرێ لە ماڵی ئێمە بوو:

ڕێبوار سەعید

پێــرێ لــە ماڵی ئێمە بــوو، لە پیرزیــن و دوێنێ پێکــەوە چوین بۆ بەشــیی فەلســەفە. هەر جارێ دێتەوە کوردستان سەردانی شەولێر دەکات، شــارێک، کە زۆر لەمێژە ئامێزی بۆ تابلۆکانی کردۆتەوە و سەرسامە بە شوێنەوارە دێرینەکانی و لەگەڵ زۆرێک لەو کەسانەی کە بیست و پێنج ساڵ بەر لەئێستا میوانی پیشانگاکەی بوون، هەتا ئێســتاش دۆستایەتیان ماوە. ئەو بە ڕۆح و سەبریی ئەییووبەوە لە جیهانێکی پڕ لە خێرایی و توندوتیژدا دێت و دەچێت، بەڵام هەمیشە پاسەوانی ڕەنگە لە ڕەشەبا و پەرژینە بۆ فڵچە لە بەردەم تێژڕەویی لافاودا. هەرگیز ماندوویی ناناسێت، ئەو لە ژیانی خۆیدا منداڵییەکی ســەخت و پڕ لە بەرپرســیارێتی و ژیانێکی پڕ لە وێستگەی کۆچ و ســەفەر ژیاوە، بەڵام هەمیشە دڵسۆز، هەمیشە هاوکار و بەردەوام داهێنەرانــە ماوەتــەوە. لــە منداڵیــدا جگە لــەوەی شــوێنی زۆری بینیون، بەردەوام شــەیدا و خولیای ئەدەبیات و شــاعیران بووە و

لەبارەیانەوە بابەتی نووسیون و بۆخۆیشی شاعیرێکی بێئەندازە ناسک و زمانپاراوە. ئەگەر ماوەی سەقزی لەگەڵدا حساب بکەم، بیست و سێ بۆ بیست و پێنج ساڵە دەیناسم. یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٦ لە لەندەن یەکترمان لە نزیکەوە بینی و هەر لەوێ ئاشنای کردم بە مۆزەخانەکان و گالێرییە بەناوبانگەکان. ئەو بۆخۆی بە تەنیا قوتابخانەیەک و ئەرشیفخانەیەک و سەفارەتێکە. کەم چالاکیی هونەری و بۆنەی نەتەوەیی کوردەکانی ئەورووپا هەیە، تیایدا بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداریی نەکردبێت. من زۆرجار پێمگوتووە: ئەگەر بۆ هەر یەکی لەو کارانەی کردوتن پارەیەکت وەربگرتایە، ئێستا ملیۆنێر دەبوویت، بەڵام ئەو دووژمنێکی هەیە لەناو زمانیا کە ناوی «بەسەر چاوە!». ڕێبوار مرۆڤێکە «نەئگوتن» نازانێت و هەرشتێکیش بکات بەوجۆرە دەیکات وەکئەوەی کە بیەوێت، بەربەستێک لە لم لەبەردەم لافاوی ڕووبارێکدا درووست بکات: ئەوەندە وردەکاریی تیا دەکات و دەیپەستێتەوە، کە ئیتر ئاوی ڕووبارەکە ناچار دەکات ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت. ئەو نایەوێت ببێتە هۆی هەرەس و تێکشکانی بەردەم ئەو کارانەی بەشدارییان تێدا دەکات، یان بۆخۆی ئەنجامیان دەدات، بۆیە بەجۆرێ ئەنجامیان دەدات، کە ئەنجامدانیان بەشێوەی تر مەحاڵ بێت. ئەم مرۆڤە لە بەخشیندا ئەوەندە گەورەیە بە سوڵتانێکی دەستبڵاو دەچێت، بەڵام ئەو وەکو سوڵتانەکان لەو باج و سەرانەیەی بە زۆر لە خەڵکی سەندووە، نابەخشێت، بەڵکو لەوە دەیبەخشێت کە بۆخۆی هەیەتی. ئەو زۆری هەیە: لە بیرۆکە و چالاکی و ڕەنگ و کەسەرستە و هەداداں و هەڵکردن و گونجان و خۆگونجاندن. من لەم هونەرمەندە گەورەیەوە فێربووم کە سەرکەوتنی پڕۆژەیەک لەوەدا نییە بیرۆکەکەی بە نهێنی لای خۆت بهێڵیتەوە و بۆ کەسیی باسنەکەیت،

بەڵکو لە چۆنێتی ئەنجامدانیدایە. ئەو هیچ ناشـاریتەوە و هەمیشـە لەبارەی کارەکانییەوە بە ڕاشکاوی و سادەیی و سنگفراوانی و بێ ڕۆشـنبیرانەکردنی ئـەوەی بیریی لێدەکاتـەوە و دەیەوێ ئەنجامی بدات، باسی دەکات. لە هونەری گوێڕادێرانیشدا مرۆڤێکی دەگمەنە، بەڵام هاوکات بەوەی قسەی بۆ دەکەیت، ئەو بیر دەکاتەوە. ڕێبوار سەعید نیشتیمانپەروەرێکی مرۆڤویسـتە. ئەم کەسایەتیەی ڕێگەی پێداوە، چەندین کەسایەتی و هونەرمەندیی جیهانی و لۆکاڵی لەسەر دەسـتی ئەم هونەر و کێشـەی کورد بناسـن، ئەو پێشـمەرگەیەک بوو لە چیاکانەوە دەسـتی بـە خەباتکردن کرد، بـەڵام دوایئەوەی لە کیمیابیباران ڕزگاریی بوو، هونەری خەباتکردنی گواسـتەوە بۆ پانتاییەکی فراوانتری جیهان.
بە پێ ڕۆیشـتن، نەخەوتن و بەرگەگرتن و گواسـتنەوەی قسـە بۆ ئاسـتی کـردار، لە خەسـڵەتە هـەرە دیارەکانی ئەم مامۆسـتایەن. ئەو لە خەسـڵەتە گەڕۆکییەکەیدا لە بۆدلێـر دەچێت، بەڵام ئاوێنەی ڕێبوار ڕەنگ و یادوەرییە. ڕێبوار سـەعید هیچ شتێکی لەدەرەوەی یادوەرییەوە نیە، یان ڕاسـترە بگوترێ هەر شتێکی کە دەیخوڵقێنێ پەیوەندییەکیشـی بـە یادوەرییـەوە هەیە. بەهێزبوونـی ڕەهەند و بنەمـای یادوەریـی پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بـە گەڕۆکـی و پیاسـەکانییەوە هەیـە. مرۆڤی گـەڕۆک، ورد دەبێتـەوە و دیققەت دەدات و لە ئاسـتی ورد و بەشـەکیدا داتا و زانیاریی کۆ دەکاتەوە. ئەمانـەش زەخیرەیەکی باش بۆ یادوەریی ئەم هونەرمەندە دەخەن و وادەکەن پڕۆژەکانی پڕ بن لە ئاماژەی جۆربەجۆر بۆ پەیوەندیی نێـوان مرۆڤـی بێـدار و دەوروبەرەکـەی. زۆر بەکەمـی فیگەرێک یـان ڕووخسـارێک، لەبەرهەمەکانی ڕێبوار سـەعیدی هونەرمەندا دەبینیـت، کـە خـەوی لێکەوتبێت، یان لـە دۆخی ناهووشـیاری و

بێهۆشییدا بێت. ڕێبوار لە کارەکانیدا و بەهۆی ئەو دیدە ئیستاتیکییە مرۆڤویستییەی کە هەڵگریەتی، هەمیشە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زیندوو وێنا دەکات، کە لە پەیوەندییەکی نزیک و هاوکاتدایە بە واقیع و دەوروبەرییەوە.

ڕێبوار سەعید بە ئاراستەیەکی زۆر تایبەتدا کاریکردووە: ئەو هەمیشە جۆرێ لە سیمبوولیزم لە کارەکانیدا ئامادەیی هەبووە، بەڵام هەمیشەش ئەم سیمبوولیزمە مەیلێکی ئەبستراکتیانەی لە خۆیدا شاردۆتەوە. هێڵەکانی ئەو دەکرێ لە یەک کاتدا هەم سیمبوول بن بۆ شتێک و هەم ئەبستراکتیزەکردنی بیرۆکە و دیمەن و دیاردەیەک. لە پشت هەموو سیمبوول و ئەبستراکتیزەکردنێکەوە، ڕۆحێکی سۆفیانە و عەشقێکی عاریفانە ئامادەیی هەیە. ئەگەرچی ئەو گەنجترە لەوەی بیخەینە داوی سۆفیزم و عیرفانەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی چاوێکمان لە عیرفان و تەسەووف بێت، تێگەیشتن لە هونەری ڕێبوار ئاسان نییە. خەت و هێڵ و بازنە و نیوەبازنە و ئەتمۆسفێری نێو بەشێکی زۆری کارەکانی ئەم هونەرمەندە بەیادهێنەرەوەی نیگای شەوبێداران و مورتازە هیندی و ڕامانە بوودابییەکانن بۆ ناخی خۆیان و بۆ ئاسمان. سووربوونی ئەم لەسەر ئەنجامدانی کارێک بەوپەڕی وردبینیی و هەستەوەرییەوە، میدیتاشێۆنی بوودابییەکانمان بیر دەخاتەوە، کاتێ دەیانەوێ بگەنەوە بە ڕاستەقینە.

ڕێبوار سەعید لە هونەری پەیماندانیشدا لە لوتکەدایە و پەیمانەکانی بەبەردەوامی دەباتە سەر. ئەمەش لەسەردەمێکدا، کە چ خێراییەکەیی و چ بێوەفاییەکەی وای لە زۆربە کردووە کە بە ئاسانی پەیمان ببەستن و بە ئاسانییش پەیمان بشکێنن. ئەو دواجار بە مەسحێک دەچێت، کە گووڵ بۆ ماسییەکان ڕۆدەکات.

پێرێ لە ماڵمان بوو، ئێستا هەموومـــان بیریی دەکەین، نامانەوێت، هەرگیز وەکو ئەمجارەی دوایی بێتەوە نیشـتیمان، بەڵام ئیتر ئێستا ئەو لە هەموومان باشتر دەزانێت، کاتێ داییک کۆچی دوایی دەکات، بۆ هونەرمەند یەک نیشـتیمان دەمێنێتەوە: هونەر. ئەو گەڕایەوە بۆ ناو هونەر، بۆ شوێنێ دوور دوور تر لە توندوتیژی و ڕق.

چۆنە تا ئێستا ماویت؟
عەبدوڵای حەسەنزادە:

کاتێ لەم زەمەنی تۆپباران و گرتن و سێدارە و تاوانانەی کۆماریی ئیسلامیی ئێراندا، خۆم ئامادە دەکرد بۆ نوسینی پۆرتریتێک لەسەر هاوڕێ و برا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتم، لە نێوان دوو ناودا تێدامام، کە ئاخۆ چۆنە ئەوان بەپێی ناوەکانیان لە ڕوانگەی ئەو ئایینەوە کە لە ئێراندا حکومدارە، دوو مرۆڤی یاخیین و ناوەکەیان نەبۆتە قەدەرێک بۆ کەسـایەتییان، ئایا ئەمە بە دیموکراسـییەتی ئایینی لێکبدەینەوە، یان بە خیانەتی ئەوان لە ناوی خۆیان؟ ئەو دوو ناوەش بریتین لە: عەبدوڵای حەسـەنزادە و عەبدوڵای موهتەدی، کە وێڕای ئاگاداریم لـە ناکۆکییەکانی جارانی نێوان هـەردوو ئەو حیزبەی ئەوان کاری تێـدا دەکـەن و ناکۆکیی سـاڵانی دوایی نێوخۆیی هـەردوو حیزب خۆیان، هێشتا ئەوان بە دوو کەسایەتی تێکۆشەر و مکووڕ لەسەر داواکاریـی نەتەوەیی کوردەکانی خۆرهەڵات، دەزانم، کە مانەوەیان لـە هەرێمی کوردسـتان هەمیشـە دڵنیاییەکی گەرمیـان بە من و

نــەوەی من بەخشــیوە تا دڵنیابیــن کە مرۆڤی خەباتــکار و بەهای ماف، لەم زەمەنی ســۆپەرمارکێت و مەسرەفگەراییەدا، هێشتا لێرە جێگەی دەبێتەوە. هەڵبەت تێدامانەکەم، لەبەر ئەوە نەبوو کە دوودڵ بــووم لەســەر کامیان بنووســم، چونکە ژمارەی ئەو کەســایەتییە کوردانەی خۆرهەڵاتی وڵات، زۆرترن لەوەی تەنیا بە یادکردنەوەی دوانیــان پێمانوابێت، ئەرکی خۆمان لە ئاســتیاندا جێبەجێ کردووە. ئەگەر دوودڵییەکیشم لەوبارەوە هەبووبێ، زیاتر هی ئەوە بووە کە کامیان پێشــئەوەی تریان بخەم، ئەگەرچی لە ڕووی جۆرایەتییەوە، مــن ڕێــزی چوونیەکم بۆ خەباتــی هەردووکیان هەیــە و لە دڵەوە پێموایە، ئەمجۆرە کەسایەتیانە هەڵکەوتەی مێژوویەکن، کە هاوکات بە گەورەبوونی من، ئەوانیش جێدەســتی خۆیــان لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا بەجێهێشــتووە. لەگەڵ تێگەیشتنی زیاتریشم بۆ مێژووی ئەو تەمەنەی بە شەخسیی تیا ژیاوم، بۆم دەرکەوتووە بەبێ ناوی ئــەو کەســایەتیانە وێناکردنی ئەو مێژووەش بڕێکــی زۆر لەمانای خۆی لەدەستدەدات.

دواجار پاڵپشت بە یادەرییە دوورەکانی منداڵیم، بڕیارمدا سەرەتا لەســەر مامۆســتا عەبدوڵای حەســەنزادە، پیاوێک کە لە هەوەڵێڕا لــە ڕێگــەی وەرگێڕانەکانییــەوە ناســیم، دەســت پێبکــەم. هەڵبەت پێویستە ئەوەش بەیاد بهێنمەوە، کە شۆڕش و خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتاندا، زنجیرە ناوێکی ئەوەندە درەخشــان و نەمــری پێبەخشــیوین، کە جگە لــە هەڵبژاردن لــە نێوانیاندا هیچی دیکەمان لەدەســت نایەت. نازانم حەسەنزادە خوێندن و پێگەیشتنی زانســتی و ڕۆشــنبیریی لە کوێی وڵاتدا بەئەنجام گەیاندووە، بەڵام هەمیشــە لە زمانی ئەودا ڕەگوڕیشــە ڕەسەن و دانسقەکانی زمانی کوردیم بینیوە. حەســەنزادە، پتر لەوەی سیاسییەکی پیشەیی بێت،

سیاسییەکی پراکتیکیە و بارودۆخ و هەلومەرجێک بەسەریدا سەپاند کە سیاسەت بکاتە چارەنووسیی خۆی، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو هەلومەرجە جەبریانە نەبوونایە، ئاسایی بوو حەسەنزادە توانایی ئەدەبی و زمانی خۆی بکردایەتە ئەو چارەنووسە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زمانزانێکە نزیک لە ڕۆحی زمان و زیندوویی ئەبەدیانەی زمانەوە. ئەو لەنەوەی ئەو کەسایەتیيە کوردانەیە، کە سەنگەرێکی هەرە گرنگیی بۆ گرتووین، کە لانیکەم، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا و بەدرێژایی سەدەی بیستەم، لە مەترسیی بەردەم شالاوی دوژمناندا بووە. دڵنیام خۆشەویستیی و گرنگیپێدانی حەسەنزادە بە زمان، جگە لەوەی هەستیارییەکی قووڵیی لە پشتەوەیە، ئاواش لە گرنگیدانی ئەو بە شوناسەوە، هاتووە. شوناسێک، کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی منداڵی و یەکەمین یادوەرییەکانی ئەو بە خاکەوە. ناکرێ تۆ لە گوندێکی نزیکی شارۆچکەی سەردەشت گەورە بووبیت، کیلەبەردینە و مووشێنت کردبێ و بانت بە باگردێن گێڕابێت و قوورِ و کات بۆ دیوار تێکەڵ کردبێ و بێڵنەت کردبێ و بە وەروەران بانت ماڵی بێ و لە بەهاراندا کانییت خاوێنکردبێتەوە و زەویکێلان و تۆوچاندنت دیبێ و جۆماڵت کردبێ و دیاریی و پریاسکەت بۆ کچان لە بنبەردان دانابێ و گوێت لە زیرەک و ماملێی نەمر گرتبێ، خاک سەنجی ڕانەکێشابیت و قوڕاویی نەبووبیت و تەپوتۆز لە شان و ملت نەنیشتبێ و قامکت نەقڵیشابن و چەوسانەوە و هەژاری و کوردبوونت لە ئاستە هەرە هەرە خاکەڕاییەکەیدا ئەزموون کردبێ و نەبووبیتە عەبدوڵای حەسەنزادە. ئەو نە لە ناچارییەوە، بەڵکو بە پێویستیی و لە ڕەوەندێکی مێژووییدا بۆتە ئەو مرۆڤەی کە تێکۆشان بکاتە ستایلی ژیانی خۆی. حەسەنزادە لەو ماوە زۆرەی خەباتی خۆیدا، کە بۆ ئەو دەبێت جێگەی سەربەرزی

بێـت، کە زۆرینــەی جاران بــە هەڵبـژاردن ئەرکی پێســپێردراوە، دەستی لە چەند شتێک هەڵنەگرتووە و بەردەوام لە کەنار تێکۆشانە سیاســی و ڕێکخراوەییەکانیدا، پەیوەندیی خۆی بەو خەســڵەتانەوە پاراستووە:

یەکــەم: پەیوەندییەکی فراوانی بە نووســەران و ڕۆشــنبیرانەوە و کرانەوەی بێســنووری لەگەڵیاندا. ئەگەرچی زۆرێک لە بیروڕاکانی ئــەو بۆ هەندێک لە ڕۆشــنبیران جێگەی باس و قســەن، بەڵام ئەو یەکێکە لەو سیاسییە دەگمەنانەی کە هەمیشە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئــەم توێژەدا ڕاگرتووە و پێموایە هەم ســوودی بەخشــیوە و هەم سوودیشی وەرگرتووە. ئەم خەســڵەتەی حەسەنزادە، جگە لەوەی دەگمەن و جێگەی ستایشە، ئاواش ئەو لە زۆرینەی سیاسییە کوردە هاوچەرخەکانی جیا دەکاتەوە، کە یان شــەڕێکی ئاشــکرایان لەگەڵ ڕۆشنبیران ڕاگەیاندووە، یان پێیانوایە سیاسەت دەبێت بەدوور بێت لە ڕۆشــنبیریی. حەسەنزادە، ئەگەر لە ئاســتی بەرهەمیشدا نەبێت، ئەوە لە ئاســتی شــێوەی ژیان و کردەکیدا سیاسییەکی ڕۆشنبیر و لەگەڵێک بواردا خاوەن هزرینی تایبەت بە خۆیەتی.

دووەم: پەیوەندییی بەردەوامی ئەو بە ئەدەبیاتەوە: حەســەنزادە لە چل ساڵی ڕابردوودا یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە لە ئەدەبیات دابڕ نەبووە و هەمیشــە لەســەرەتاتکێکرندا بووە تا پێمان بڵێت ئەویش لەوێیە، لەو شــوێنەدا کە مرۆڤ پێویستیی بە گرتنی پەیوەندییەکی ئەڵتەرناتیڤ لەگەڵ ژیان و مرۆڤەکانی تر، هەیە. سەلیقەی ئەدەبیی حەســەنزادە بەو بەرهەمانەشــییەوە دیارە کە زانستیی و سیاسین. ئــەو بە گشــتیی بەرخوردێکــی ئەدەبیانەی لەگەڵ بــوون و ژیاندا هەیــە و هەموو شــتێک بە فیلتــەری زمانێکی ئەدەبیــدا، کە خاڵیی نیــە لە وشــەئارایی و جوانی، تێدەپەڕێنێت. ئــەو بە پیاوێک دەچێت

کـە تەشـتێکی پڕ لە وشـەی ئەدەبیی لە بەردەمـی خۆیدا دانابێ و هەرشـتێکی بێتە بەردەسـتی، سەرەتا لەو تەشـتەی هەڵدەکێشێ و دەیخووسێنێ.
سـێیەم: ئەو مرۆڤێکی سیاسـییە بـەڵام پەیوەندییەکی تایبەتیشـی لەگـەڵ نەزیلە و قسـەی نەسـتەق و نوکتەگێڕانـەوەش هەیە. زۆر نیـن ئـەو کەسـانەی کە لـە ژیانـی سیاسـیی خۆیانـدا نوکتەیان بیرنەچووبێتـەوە، ئەو لە دەگمەنەکانیانە و ئەمەش سـەرمایەیەکی ڕەمزیی بۆ دروستکردووە. من بۆخۆم کاتێ بیر لە نوکتە و سیاسەت دەکەمەوە، ئاوای دەبینم: نوکتە ژانر و جۆرێکی دەربڕینی بێوەفایە، ئەگەر نەیکەیت، دەتکات! یان ئەوەتا سیاسـەت و سیاسییکار دەبنە بابـەت و ناوەڕۆکی نوکتەکان و خەڵک پێیان پێدەکەنێ، یان ئەوەتا سیاسـیکار بەهۆی نوکتەکانەوە تەمەنی خـۆی لە ژیانێکدا کە ئیتر بەسەر چووە، درێژ دەکاتەوە. سەرانی کۆماری ئیسلامی لە جۆری یەکەمن و مامۆسـتا حەسـەنزادە لە جۆری ئەمەی دواییانە. ئەو لە میانەی ژیانی خۆیدا پانتاییەکی بۆ پێکەنین و شادبوون نەهێشتباوە، لەمێـژ بوو لە سیاسـەت و لە ژیانیشـدا بیر دەچۆوە. لە سـەدەی بیسـتەم و ئەم سەدەیەشدا، کۆماری ئیسلامیی لە هەموو قۆلێکەوە تۆپێکی بە کوردبوونی حەسەنزادە و هاوزمانییەکانەوە ناوە و هیچ شوێنێک نەماوە لە ژیانی کوردییدا بۆمبارانی نەکات و لە سێدارەی نـەدات. کەچی ئەو کوردە سەرسـەختانەی ڕۆژهـەڵات بە هەموو شـتێک پێدەکەنن و نوکتەی لەسـەر دروسـتدەکەن. من پێشـنیار دەکەم کۆماری ئیسلامی کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ بنەبڕکردنی نوکتە پێکبێنێ، تا کەسـانی وەک حەسـەنزادە، کە خەباتی پێشمەرگایەتی و تێکۆشـان لەناوی نەبردن، بە تۆمەتـی نوکتەکردن ڕاپێچی دادگا بکات.

هەمیشە بە حەسەنزادە و هاوخەباتەکانیدا بیرمدەکەویتەوە، ڕێگای تێکۆشـان چەنـدە دوور و درێـژە. خودایـە مـرۆڤ دەبێت چەندە پشـوودرێژ و مانـدوو نەناس بێت، تا بەرگـەی ژیانێک بگرێت، کە ناچارە بژی و بەری ڕەنجی بۆ ژیانێک بێت، کە ئیتر بۆخۆی نەماوە و کەسـانیتر لێی بەهرەمەند دەبـن. من، وێڕای ئاواتی تەمەندرێژی بۆیان، نازانم هاوڕێ و تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵات، لە تەمەنی خۆیانـدا بـەری ڕەنجی خۆیـان لێدەکەنەوە، یان جێـی دەهێڵن بۆ نەوەکانی پاشـەڕۆژ. بەڵام دوو ڕاسـتیی دەزانم: یەکـەم ئەوەیانە خەباتی ئەوان هەمیشە ڕێگرێک بووە کە نەهێڵێت کوردەکانی ئەوێ لەوە زیاتر بێڕێزی و دەستدرێژییان بکرێتە سەر، کە کراوە. دووەم: ئازادیی ئێمە هەرگیز مانای پڕاوپڕی خۆی وەرناگرێ هەتا ئەوانیش ئـازاد نەبن و ئەوەش کە ئێمە بۆیـان دەکەین، زۆر کەمترە ئەوەی کە پێویسـتە بۆیان بکرێت. سڵاو لە تێکۆشانتان، ئەی کەسانێک کە پەتی سێدارە هەرگیز لە ملتان جوێ نەبۆتەوە.

تارماییەک بەڕێوەیە:
کچێ لە کوردستانەوە

لەیلا فەریقی

دەنگـی ئەو بەلای منـەوە لە دەنگی سەرلەشـکرێکی بوێر دەچێت، کـە لـە دوورەوە هـاوار دەکات: گوێـم لێگرن: واهاتـم بە خۆم و ڕەگـەز و دەنگ و جەسـتە و ئیرۆتیـکای کچێنییمــەوە. وا هاتم و ڕادەماڵم ترسـێک، کە سـەدەهایە بێدەنگی کردووم و ڕەگەزێک کە داگیریکـردووم و پیاوێک کە خنکاندوومی. ئەو لە دوورەوە دێت و ئاگر لە پووش بەردەدا و بەفر دەتوێنێتەوە و تیمساحە تەمبەڵەکانی ناو زۆنگاوەکانی مێژوو بێدار دەکاتەوە و دەیانەوێ لەو قوڵاییەوە کەڵبەیان لە تیتۆڵی کراسـەکەی گیر کەن و بە لرفێک هەڵیلووشـن. بەڵام ئەو قوربانییەکی هێندەئاسـان و نێچیرێکی ئەوەندە لاواز نییە تا ئەوەندە نزم بفڕێ کە بتوانرێ لە لوتکەی قەڵا و نووکی منارەکان و بەیتوونـەی تەلارەکانـەوە دایکێشـنە خوارەوە. ئـەو هات و بەو وشە و ئاوازانەی ترسێکی زۆری خستە ناخی ئەو پاشا بێتاجانەی وڵاتـەوە، کە یاسـایان قەدەخەیە و وشـەیان خەنجـەرە و نیگایان

شـــەڕانی و نەوســـن. ئەو هات و هیچ لەشکرێکی پێنە بوو، تەنیا بە دەنگییەوە هات و بۆ هەمیشە لەناو ئەم تەلاوەی حیکمەتە درۆیانەدا دایکوتا و دڵی نەوەی نوێ و گەنجانی وڵاتی داگیرکرد. ئەو پڕ بوو لە هەڕەشـــەی ئەو هەســـتە قووڵە ژنانەییانەی بـــە درێژایی مێژوو داگیـــر و چەپێنـــراون. ئەو بـــەو هاتنەی بایی ســـەدەیەک لە گریان، پڕیکردین لـــە گۆرانی. ئەو هیچیی پێنەبوو لە دەنگ زیاتر، دەنگیش وەک فەرووغزاد گوتبووی: «تەنیا شتێکە دەمێنێتەوە».
ئەو هەموو جوانی و شـــکۆی خانمە کوردێکی تێدایە: ئەم وێنەیەی کـــە تیایـــدا دەســـتێکی خســـتۆتە ســـەر ڕانـــی و شـــانی داداوەتـــە ســـەر دەســـتەکەی تـــری و قـــووڵ و تـــاک و تەنیـــا تێماندەڕوانێ، بەیادهێنـــەرەوەی کچە شـــازادەکان و کچی کافـــرۆش و کۆی ئەو کچانەیە کە جوانییەکەیان بۆتە هۆی خولقاندنی جوانترین داســـتان و بەســـەرهاتەکان. لەیلا فەریقی، خانمە هونەرمەندێکی تاقانەیە کە هەموو نێرسالاری و ئاینسالاری سەردەمەکەی ئێمە نەیتوانی خەفەی بـــکات،، چونکە دەنگی ئەو هەڵگری بەشـــێکی زۆر لەو حەقیقەتەیە، کە لە ئەزموونێکی زۆری چەوســـانەوە و جیاوازی و نایەکسانی و ستەمکاریی کەلتوورییەوە سەرچاوەی گرتووە. لەیلا، لەگەڵ خۆیدا دەنگـــی کپکراو و بێدەنگکراوی هەزاران ژنـــی بۆ زیندووکردنەوە، کـــە هەرگیز گوێیان لێنەگیـــرا و نەبینران. ئـــەو هەرچەندە هەڵگری ڕۆحـــی تاکایەتی و خودێتـــی و مێینەیـــی و یاخیگەرانەی خۆیەتی، بـــەڵام هیـــچ وەختێ تەنیـــا نییە و هیـــچ وەختێ بۆخـــۆی نییە. ئەو بەرجەســـتەکەری ستەمێکی کەڵەکەبوو، عەشـــقێکی بێدەنگرکراو و جەســـتەیەکی یاســـاخە، کە پڕ پڕە لە ئیرۆتیکا و جوانی و هەڕەشە. ئەو تارماییەکە و ترســـێکی زۆری خســـتە ناخی ئـــەو کەلتوورەوە کە لە غیاب و شـــاردنەوە و داپۆشـــینی مێینەییدا هەموو شـــتێکی

بۆسەر چووە و شاعیر گوتەنی: وەک گوڵی فەرشی ناو ماڵا، مامەڵە لەگەڵ مێینەییدا دەکات، کە بەردەوام بەسەریدا دەڕوات و نایبینێ. ئەو یەک کەڕەت هات و گوتی من هەم: من وەک خۆم و وەک ڕەگەز و وەک جەستە و وەک دەنگ هەم و هاتنێک هات وەکخۆی بەبێ ئەوەی لە هەڕەشەی شەرم و کوشتنی کەسایەتی و بانگەشەی شکاندن و ئابڕووبردن بترسێت. دەنگی ئەو لە زار و لێوییەوە دەرناچێت، هەناسەکانی ئەو لە گەروویيەوە دێنەدەر، بەڵام بنەوانەکەیان دەچێتەوە سەر قووڵاییەکانی کچێنی و ئازاری مێینەبوون. ئەو بە ئەندازەی نەڕەی ڕەگەزی نێرینە کە بە درێژایی مێژوو لە کۆشکەکانی دەسەڵات و سەکۆی حوکم و بڵندگۆی منارەکانەوە، بەسەر ئازایەتی خۆیدا هەڵداوە و پەیکەری بۆخۆی دروستکردووە، لە مێینەیی خۆیەوە دەچریکێنێ و بەو دەنگەی خودێتی خۆی لەسەر ناوچەوانی مێژوویەک بەرجەستە دەکات، کە بۆ ئەو جگە لە حەرامکردن و شەرم و کوشتن هیچیتری پێنەبووە. لەیلا جاروبار کەمێ ڕووت، کەمێ فریودەر، کەمێ ختووکەدەر و زۆریش خرۆشێنەر دەردەکەوێ. ئەو هیچ شتێکی مێینەیی و هیچ خەسڵەتێکی ڕەگەزەکەی کە خوای گەورە و جیاوازیی سرووشتی پێی بەخشیوە، ناشارێتەوە و ملکەچی ژێر نیگای کەلتوورێکی ناکات، کە بە ڕۆژ حەرامی دەکات، لە ڕووناکاییدا بەنەفرەتی دەکات و بەشەو ئیکلامی بۆ دەکێشێ و لە تاریکیدا بۆی دەچێتە سەرچۆک و لەبەری دەپاڕێتەوە. ئەو هیچکامێ لەو خەسڵەتانەش ناشارێتەوە، کە بەسەرییەوە بوونە ماڵ و بەهۆیانەوە فریودراوە و ملکەچ کراوە: تەماشای زێڕەکانی سەر سینە و بازنگەی دەست و ئەڵقەی پەنجە و پاوانەی پێی بکە. هەموو ئەمانە ئەو جۆرانەی ڕازاندنەوە نێرانەییەن، کە پیاو لە درێژەی مێژووی حوکمڕانییەکەیدا بە ژنی

بەخشیون و بەهۆیانەوە دەستەمۆی کردوون و لە سایەیاندا بێدەنگی کردووەو ویستویەتی تەماشای بکات. بەڵام ئەم خانمە لە پشت هەموو ئەو شانۆنامەی ژنبوونەوە، لە پشت ئەو سیما فریودەرانەی کەلتووری پیاوسالاری لەسەر مێیینە بەرهەمیهێناوە، دەیەوێ خۆی بێت و بە نیگایدا دەمانباتەوە ناو ناخی خۆی، ناو ناخی مرۆیی خۆی بۆ ئەوەی لەوێدا نەک هەر تەماشای بکەین، بەڵکو ببینین. بۆیە لەیلا نمونەی ئەو خانمانەیە کە بە ئامادەییەکەی، لە دەنگ و ڕەنگ و ڕەگەزدا، هەڕەشەیەکی توند لە کەلتوورێکی پیاوسالارانە دەکات، کە هەموو چرکەیەک ناچارمان دەکات حەز و ئارەزوو و ویست و تامەزۆرییمان بۆ ئەویتر بشارینەوە. ئەویترمان لێدەکاتە مەملەکەتێکی ئەوەندە دوورە دەست، کە ئیتر ناچاربین تەنیا لە خەیاڵ و لێکدانەوە و هێنانەپێشچاوەکان و فەنتازیادا، یەکلایەنانە ڕووبەڕووی ببینەوە و کاتێکیش پێیدەگەین، هەرچی وزەیە پێمان نەماوە و هەموویمان بەخشیوە بە سیاسەت و خواردن و جگەرە و عارەق و خەفەت. بۆیە لە ساتەوەختێکدا کە ڕووبەڕووی مێیینە دەبینەوە، هیچمان لە مرۆڤبوون پێنەماوە و سیس و داماو و بەتاڵ، مەگەر تەنیا وزەیەک کە پڕبوویـن لێی ئەو توڕەیی و توندوتیژییە زۆرە بێت کە بۆتە لۆگۆ و نیشانەی پیاوبوونمان. هەربۆیەشە کاتێ ئەو ڕووبەڕووی خودی خۆمان و مەحروومیەتی خۆمان لە ژیانێکی ئارام و ئیرۆتیکانە و ژیاندۆستانەمان دەکاتەوە، تووڕەییە مێژووییەکەمان داگیرمان دەکاتەوە و نەفرەتی خۆمان لە شێوەی تێزابرێژی و ئاوێنەشکاندن و ئارایشگا تەقاندنەوە و توندوتیژیی خێزانی و حەرامکردنەکاندا دەردەبڕین و کەسێ بەناوی ئەو کەلتوورە شەڕانگێزەوە ڕادەسپێرین: قیر بکات بە سیمای کچێنی و جوانی و شارستانیەتی مێیینەییدا. کەسێ ڕادەسپێرین تا ئەو ترسە

مێژووییەی لە مێنەیی و ئیرۆتیزم هەمانە، داپۆشێ و بیشێوێنێ و ناشیرینی بکات، بەبێ ئەوەی بزانین کە بەو کارەمان و بە ئاسایی وەرگرتنی ئەو ڕەفتارە، چەندە خۆمان لە بەردەم ژیاندۆستیدا ناشیرین کردووە و شێواندووە.
لەیلا، بۆ ساتەوەختێک بەو دەنگە بەهەشتییەی، بە هەناسە قووڵەکانی کە زەنگی ئیرۆتیزمێکی داگیرکەرانە دەدات بە گوێی بیسەردا و بێدەنگییەکی مێژوویی ژنبوونی پێدەشکێنێ، هەرچی وزە و توانای مرۆییە تیاماندا بێداری دەکاتەوە و بانگمان دەکات بۆ ژیانێک کە جوانی ئێمە لە پێکەوەبووندایە، چونکە «کێشەمان یەک» و «دێوی ڕەش» دوژمنی سەرەکیمان. ئەو کەدێت، بە کەمترین پاڕانەوە و زۆرترین بڕوابوونەوە بە خۆی دێت و لە «مەرگیشدا بۆ ژیان دەگەڕێت». سەری بڵند و سنگی دەرپەڕیو، لاقەکانی دەسەڵاتمەندانە و نیگای ئارام. ئەگەرچی دڵی «وەکو ئاوێنە خەمێکی لێڵ داپۆشیوە»، بەڵام خاوەنی نیگایەکی ئەبەدیانەیە، کە هیچ شتێکی زەمانە و هیچ ناوزڕاندن و هیچ ستەمێک، ڕۆحی کچانە و کوردیانەی ئەو ناشێوێنێ و نایترسێنێ. ئەو ئەوەتا لێرەیە و لە ناخماندایە و بۆیە نەهاتووە شتێکی تر بێت جگە لەخۆی وەک مێیینەیەک، وەک خودێک و وەک جەستەیەک کە پڕە لە جوانی و شکۆ و کەرامەت و ئیرۆتیزم. بەڵام ئەو لە سەرلەشکرێکیش دەچێت، کە بەو دەنگە دلێرەیەوە دژ بە بێدەنگی دەدات و خۆی لە دەنگدا بەرجەستە دەکات. ئەو بۆ ئەم کەلتوورە داخراوە ئافرەتکوژەی کوردستان، تارماییەکە بە ڕێوە تا ڕۆحی ئەوانە بتۆقێنێ کە لە مرۆڤ و ژیان و کرانەوە و جوانی دەترسن و تەنیا دیارییەک بۆیان هێناوین ترس و تۆقاندن و کوشتنە.

رابەری شۆڕشی کۆیلەکان:

بورهان قانع

لە سلێمانی، ئێمە ماڵمان لە گەڕەکی مەجیبەگەوە تازە هاتبووە تووی مەلیک. ئەمە تەنیا شـوێنگۆڕکێیەک نەبوو، یان گواسـتنەوەیەک لە هەرێمی بەگایەتییەوە بۆ پاشایەتی، بەڵکو ئەوە بۆ من ڕزگاربوونێک بـوو لەو گەڕەکەی کە زۆرترین چەوسـانەوەم تێدا بینی: دووجار خەریـک بوو بە پاسـکیلەوە بکەومە ناو سـەددەکەی مەجی بەگ، سێ جار ڕێگرەکان کە هاوتەمەن و لەخۆم گەورەتر بوون ڕێگەیان پێگرتم، جارێک بە پایسـکیلەوە خۆم کێشا بە کەرێکدا، کە لە قەراخ جادەخۆڵەکە وەستابوو، سێ تەقلەم لێدا. ئەو کوڕە عاشقەی هەمیشە بـرۆی هەڵدەتەکاند و پێی کۆنترۆڵ نەدەکـرا، کاتێ لە چاوەڕوانیی خۆشەویستەکەیدا، پاڵیدابوو بە عەموودی کارەباوە، لەبەر باران و بەفر، کارەبا گرتی و کوشـتی. لەبـەر کورتەبالاییم، لە قوتابخانەی دەباشـان کوڕەکان نەیاندەکردمە ئەندامی تاقمی شەڕەشـەق و لە تیپـی گەڕەکیش دوایئـەوەی بەزۆر کردیانمە گۆڵچـی و لە یەکەم

یاریدا هەشت گۆڵم لێکرا، دەریانکردم. تەنیا شتێک لە گەڕەکی مەجی بەگ بیرم دەکرد، دەنگی کەمانەکەی مامۆستا دلێر ئیبراهیم و ئاراسی برای و دەنگی دڵسۆزی خوشکیان و میهرەبانییەکانی ئەختەرخانی دایکیان بوو، کە هەرگیز لە هیچ شوێنێکی دنیادا، نەبوومەوە هاوسێی بنەماڵەیەکی وا بەهرەمەند..

هێشتا پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە گەڕەکی هەوارە بەرزەبوو، کە قوتابیان بە جلوبەرگە تایبەتییە خۆڵەمێشی و سپییەکانیانەوە، شەقامی تووی مەلیکیان دەخرۆشاند. تەنیا شتێکی نامۆ موسەللەحەکان و سەیارەی فریاکەوتن (نەجدە) بوو، کە بەردەوام بەوێدا هاتووچۆیان دەکرد. ئەو کاتە پیاسەکردن بە شەقامی تووی مەلیکدا جۆرێک بوو لە خۆپیشاندان و بەرگریی و پرۆتێست. من ماوەیەک لەوە دوا و لە نێوان توی مەلیک و هەوارەبەرزە و لەو کەشوهەوایەی سلێمانیدا، مامۆستا بورهان قانعم ناسی.

ماڵەکەیان دەکەوتە بەشی تووی مەلیکەوە، کە بەتەنیشتییەوە چۆڵەوانییەک هەبوو، سالانیی پێشتر بۆ پیاسە ڕوومان تێدەکرد و لەوێ گوێمان لە «قاریئەتولفنجان»ی «عەبدول حەلیم» دەگرت. ئەو لەسەر شەقامی تووی مەلیک بۆ پاس دەوەستا. نازانم چۆن دۆزیمەوە، بەڵام پێشتر مامۆستا ئەحمەد سالاری شانۆکار باسی ئەوی بۆ کردبووم، کە دەتوانم بۆ پیاچوونەوە و بەراووردکاری سیناریۆی فیلمی (پایسکیل دز)ی (فیتۆریۆ دیسیکا)ی ئیتالی، پەنای بۆ ببەم. لەسەر ڕاسپاردەی مامۆستا سالار ئەو سیناریۆیەم وەرگێڕابوو بۆ کوردی و دەبوو کەسێکی شارەزا لەگەڵ دەقە فارسییەکەیدا بۆم بەراوورد بکات.

ساڵەها لەوەدوا، لە دانمارک، فیلمەکەم دۆزییەوە و دیسانەوە لەگەڵ دەقە دانمارکیەکەشدا بەراووردم کردنەوە. لە ماڵەکەی مامۆستا

بورهـان قانیعدا، هەیوانیک هەبوو، کـە وا بزانم بە دوو پلە قادرمە بۆی دەچوویتە سـەر. من بەیانیان بە خزمەت مامۆستا دەگەیشتم و ئەوەی لەم بارەیەوە دەیلێم، لە ڕووی یادوەرییەوەیە نەک فاکتی ڕاسـتەقینە. کە چاووم پێی کەوت، ئەمجا تێگەیشـتم بۆ دەبێت ئەم مرۆڤـە وەرگێـڕی (مێژووی ماد) لە نووسـینی ئـە. م. دیاکۆنۆف، بێـت. کتێبەکە پێناسـەیەک بوو بۆ کەسـایەتی وەرگێڕەکەی و ئەو هەدادانـەی ئەو لە ژیانیـدا هەیبوو، ئەمە جگە لـەوەی بەو کتێبەدا بۆت دەردەکەوت بورهان قانع، چ هەسـتێکی نەتەوەیی ڕیشەداری هەیە، کە بێگومان ئەمەیان میراتی قانیعی شاعیری میللی بوو بۆی مابۆوە. من ئەو کاتە (مێژووی ماد)م بەتەواوی نەخوێندبۆوە، بەڵام چەنـد نامیلکەیەکی دیکەیم خوێندبوونەوە و (شۆڕشـی کۆیلەکان، یان سپارتاکۆس) کاریگەریی زۆری لەسەرم هەبوو.
کە زانی، ئەمەی زۆر پێخۆش بوو، هەربۆیەش زوو متمانەی پێکردم و تێیگەیانـدم کـە دەتوانم لەماڵەوە سـەردانی بکەم، بە مەبەسـتی پێداچوونـەوە بـە کتێبـی سـیناریۆکەی «دی سـیکا»دا. بـە بیرم نایەت چەندجار چوومەوە خزمەتـی، بەڵام هەرجارەی کەدەچووم ڕووبـەڕووی هەمان ڕێـز و هێمنی و خۆشەویسـتی دەبوومەوە. منیش شـەرمم لێـدەڕژا و وەک کـوڕە لادێییەک، کـە فێرکرابووم نابێت لەماڵان پێڕاکێشـم، سانسـۆرێکی زۆرم لەسەر خۆم دادەنا. من بـە زۆری بەیانیان دەچوومە خزمەتی و ئەو بۆخۆی کاتەکەی بۆ دیاریکردبووم. سـاڵەها لەوەدوا کـە بیرم لەو کاتە دەکردەوە و بەراووردم دەکرد بە شێوازی ژیانی چینی ناوەند، بۆم دەردەکەوت هەرچەنـد مامۆسـتاکەم زۆر دەوڵەمەنـد نەبـوو، بەڵام هەسـت و شـێوازێکی دەوڵەمەندانەم لەکەسایەتیدا تێبینیکردبوو. ئەو بەیانیان تۆزێک پێش ئەوکاتە هەڵدەستا کە ڕێکەوتی چوونی منیشی دەکرد.

لەبەر ئەوە ئەو چەند بەیانییەی کە دەچوومە خزمەتی، هێشتا نانی بەیانی نەخواردبوو..
چیرۆکە سەیرەکە لێرەوە دەستپێدەکات، کە بە گەڕانەوەم بۆ کتێبی (فەنتازیای خواردن) دەست بە گێڕانەوەی دەکەم. کاتێک خەریکی نووسینی ئەو کتێبە بووم، بە قسەیەکی مامۆستا بورهاندا، پەیوەندیی نێوان خواردن و دەنگم بۆ دەرکەوت: «نانخواردن ملچەملچەکەی خۆشە»!. کاتێ بەیانیان دەچووم، ئەو بە عادەتێکی کەمێ وردە بۆرژواییانە، کە زیاتر سەرچاوەی لە ڕۆشنبیرییەکەیەوە گرتبوو، تازە لە خەو هەڵدەستا و نانی بەیانی دەخوارد. ئیتر نازانم ئەم لە خەوهەستانەی دوای بێداربوونەوەی یەکەمی بووە، یان هەر ئەو کاتە لە خەو هەڵدەستا. نانی بەیانیانی ئەو، هێلکەوڕۆن و تەماتەی کاڵ و پیاز بوو بەنانی تیرییەوە. لانیکەم ئەو چەند جارەی من چوومە خزمەتی ئەمە دووبارە بۆوە. هەمووجارێکیش بەگەرمیی و بە عادەتی بنەماڵەیی خۆی، زۆر تێمەوە دەئالا تا لەگەڵێدا بخۆم. من نانم خواردبوو، بە زۆریش نان و ماست و چای شیرین بە کولێرەی پیاڵەسووەوە. ئەو نانەکەی لەسەر لەپی دەستی دادەنا و بەدەم قسەی خۆش و پرسیارەوە، کە زیاتر بۆ ڕاگرتنی دڵی من بوون، هێلکەکەی دەخستە سەر و ئەمجا بە قاشە تەماتە و پیاز دەیئاخنی و کەمێ خوێی دەکردە سەری و لوولیدەکرد. دەست و پەنجەی خڕوخەپان بوون و لێیدەهات. جاری یەکەم، ئەم خواردنە و پێکهاتەکانی هیچ سەرنجیان ڕانەکێشام، بەڵام هەر کە ئەوم بینی بەو هەموو چێژەوە پاروەکەی لە دەمیدا دەگلاند، یەکسەر ئیشتیام چووە سەری و تازەش پەشیمانبوونەوە دادی نە ئەدام. بۆیە هەر کە چوومە ماڵەوە، یەکسەر دەستمکرد بە هێنانی پیاز و تەماتە و هێلکە و نان و پارووییەکی وەکئەوەی مامۆستا خۆشسەلیقەکەم

دروستکرد. بەڵام ئەو تام و چێژەی نەبوو، کە لە تەماشای مامۆستاوە هەستمپێدەکرد. «نانخواردن ملچەملچەکەی خۆشە!»، کە من نەمدەزانی چونکە بەمنداڵی لەسەر ئەو ملچەملچ و تەقەی کەوچک و ددانە، لێدانی زۆرم خواردبوو.
پاش ساڵانێکی تر، کە «مێژووی ماد»م بەتەواوی خوێندەوە، تێگەیشتم کە سەلیقەی ئەو لە خواردندا، لە وەرگێڕانیشدا ڕەنگیداوەتەوە: بە هەمان چێژ و وردبینی و مکووڕبوونەوە کاری لە وەرگێڕان و فەرهەنگنووسیدا کردبوو، کە لە ئامادەکردن و خواردنی پاروویەک ناندا. ئەو بە ڕاستیی ئەو کاتە قانیع دەبوو، کە کارەکە بە باشی و پوختی ئەنجام درابا. دێڕ بەدێڕ، تا سنووری باوێشکدان، دەقە کوردییەکەی پێدەخوێندمەوە و خۆیشی تەماشای دەقە فارسییەکەی دەکرد. هەر سەرنج و ڕاستکردنەوەیەکی هەبایە، دەیوەستاندم و بۆی ڕاستدەکردمەوە و منیش دەمنووسی.
دەبایە لە تەمەنی خۆم گەورەتر بم، ئەو منی زۆر بە جیدی گرتبوو. لەم نێوانەشدا بەردەوام چای دەخواردەوە. چای گەرم، گەرم. لەمەدا باوکمی بەبیر دەهێنامەوە: ئەوان هاو تەمەن بوون و دوور بەدوور یەکتریان دەناسی. تەنانەت کاتێ لەو کارەساتەدا بە ڕەحمەت چوو، باوکم دڵی بۆی پڕ بوو. ئەوان هەردووکیان چایان بەبێ ژێر پیاڵە دەخواردەوە: پیاڵەکەیان بە دوو پەنجە دەگرت و بە لێویانەوە دەنا بەبێ ئەوەی فووی لێبکەن. ساڵەها لەوەدوا تێگەیشتم ئەوانە لە نەوەی پیاوانێکی ئەم وڵاتە بوون ژیانێکی پڕ چەرمەسەرێ و هەژاری و دەربەدەرییان بەسەر بردبوو، بەڵام ئابڕوومەندانە. ئەوەی ڕۆژگار نەیبەزاندبێ، لە چای گەرمیش ناترسێ. من بەو شێوازی کارکردن و هاوکارییەی مامۆستا بورهان قانع، کەمێک شارەزابووم. ئەمە هەمان شێوازی کارکردنی حوجرە بوو، کە من

لە منداڵیمدا دوو ســاڵێک ئەزموونم کردبــوو. بەڵام ئەو زۆر زیاتر چاویکرمــەوە و کاری وەرگێڕانــی لەلا خۆشەویســت کردم. یادی بەخێر.

ژنانی بناری سیوەیل..

کاتێک ئەم وتارە بڵاو دەبێتەوە، چەند ڕۆژێک بەسەر یادی هەشتی مـارس دا، کە ڕۆژی جیهانیی ژنانە، تێپەڕ دەبێت. من دەمەوێ لەم بۆنە پیرۆزەدا، کە بۆنەی سـەرهەڵدانی بوون و ژیانە، پۆرترێتێکی ژنـان و دایکانـی ناوچەی خۆمان بکێشـم، کە لە هەمان کاتیشـدا نمونـەی ژنـان و دایکانی ناوچەکانیتـری وڵاتەکەمانن. ژنانێک، کە تابلۆیەک لە جوانیی و بەرزیی و پیرۆزیی وڵاتەکەمان پێکدەهێنن و ئەگـەر بمانەوێ باس لە ژنانـی هەموو ناوچەکانیتر بکەین، تەمەنی نووحمان دەوێت.

بناری سـیوەیل بـە درێژایی مێژووی خۆی ناوچەیەکی شـاخاوی و داڵـدەدەر بـووە. تا کۆتایـی حەفتاکانیش دەسـتی حکومەتی بە ئاسـانی نەدەگەیشـتێ. زەوی بـەراو و باخاتی میوەی ئاسـایی و لەبـەر ئـەوەش دەرامەتی کەم. هەژاری هەمیشـە لـەم ناوچەیەدا یـەک دووژمنی هەبـووە: دەسـتکراوەیی و دڵکراوەیی خەڵکەکەی.

ئەوان لە وەرزەکانی کاروکاسپیدا ڕەنجیان کێشاوە و لە وەرزی میوان و گەشتیاریدا لەگەڵ میوانەکان و ڕێبواران، بەشیانکردووە. هیچکاتێکیش وەک هەندێک لە حیزبە سیسیاسییەکان پارووی دەمی خەڵکیان نەژمارْدووە. یەع!. لەبەرامبەر ئەمەدا، زستانی سەخت و بەهار و هاوینی بەهەشت. پڕ لە میوان و ئاوەدان. خەڵکی ناوچەکە چەندە زەحمەت لەگەڵ سرووشتدا دەکێشن ئەوەندەش بۆ میوان کراوە و خۆماندووکەر. بەڵام لەناویاندا ژنان ماندووتر و زەحمەتکێشتر. پێویستە لەم گۆشە نیگایەوە، سەر لەنوێ مێژووی ناوچەکە بنووسرێتەوە.
ژنانی سیوەیل، هەرچەندە لە سێبەری پیاوانیدا بوون، بەڵام مێژووی خۆیان جیاوازە. من لە زمان زۆر لە مامۆستا ناودارەکانەوە، ناوازەیی و ئازایی ئەو ژنانەم بیستووە، وەک مامۆستایان ئەحمەد هەردی و محەمەد ڕەسووڵ هاوار. مەلا مستەفا، کاتێ لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا سەفەرێکی ئەو ناوچەیە دەکات، ڕێگە نادات چێشتلێنەرە تایبەتیەکانی خۆی، خواردنی بۆ دروستبکەن، ئەو خواردنی دەستی ژنانی ئەوێ دەخوات. ساڵانێک لەمەوپێش لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز نەوشیروان مستەفا، پێی گوتم ئەگەر ناوچەی سیوەیل و شارباژێڕ نەبوایە، ئێمە نان نەبوو بیخۆین. سەرۆکی هەرێم هەموو جارێ، هەروەک لەگەڵ هەموو کەسیشدا، بە ئێمە دەڵێت: لەیەک عائیلەین! لەودیو ئەم قسانەوە، کە هەموویان جوانن، واقیعێک هەیە کە ژنان بەتایبەتی تیایدا چەوساوەن. ئەوان قوربانیی یەکەمی ناوچەکەن و هەمووشیان بریندار و جگەر سووتاو و زامی غەدری مێژوو بە ڕۆحیانەوە. جوانیی ئەو قسانە، لەو ئەرکە کەمناکاتەوە کە پێویستە بۆ ژنان و منداڵان ئەنجام بدرێن.
ئەم ئێوارەیە لە خزمەت دایکما دانیشتبووم، باسی تەمەن و

هاوڕێیانمان دەکرد. ئەو گوتی: «ئێستە من بێ هاوڕێم، ڕەفیقەکانم هەموویـان بەجێیان هێشـتم. هەر ئەوەندەش بەرگـە دەگرین، ئیتر مردن زۆر ئاساییە.».

ئەم قسـانە جگە لە ڕۆحە سۆفییە پاکژەکەی ئەودیویانەوە، جگە لە ورەی دایکانـە، هاوڕێکانی ئەویان بە بیرخسـتمەوە، کە هەندێکیانم بینیون و نانی دەسـتیانم خواردووە، هەندێکیشـیانم دووراودوور ناسیون. بەڵام دەزانم هەموویان مرۆڤی مەزن و کەسایەتیی بەتوانا و خۆشەویست بوون و کەم کەس هەیە ڕێی کەوتبێتە ئەو بنارە و سوودی لە بەری ڕەنجی ئەم ژنەخانمانەی وەرنەگرتبێ.

ئەوان لە ڕەنج و تێکۆشان و ئاگر و فیتەنەکوژاندنەوە و ئاشتەواییدا بێنمونە و هاوبەش بوون. شـیریان پاک و دەمیان پاک و خوێنیان پـاک و داوێنپـاک. ئەمانە بـە تەنیا دایکی کـوڕ و کچەکانی خۆیان نەبوون، بەڵکو دایکی ئەو لێقەوماو و بێدایک و باوکانەش بوون، کە ڕۆژگارێ ڕێیان کەوتۆتە ناوچەکە.

لـە پێش «یایە پیرۆز»، داپیرە گەورەی هەمووان، ناوی کەسـێترم نەبیستووە، کە هەم لە سیاسەت و هەم لە بواری کۆمەڵایەتیدا، ڕێز لێگیراو بووبێت. لە تەمەنـی خۆمدا، ئامینەخانی حاجی کەریم ئاغا، ئەفسانەیەک و تابلۆیەک بوو لە بەخشندەیی. یەکجار ڕووخساریت بینیبا، بۆ یەک تەمەن بیرت نەدەچوو. من هێشتا لە ئەورووپا بووم، کە مەرگی ئەوم بیست و ئەمێستاکەش سیمایم وەک تۆقەنە نێرگزێکی بەهاری دێتەوە بەرچاو.

پوور حەنیف، ژنێک لە ڕاز و پڕ لە حیکمەت. لە پشت هەر بڕیار و گوفتارێکیـەوە، ئازادیی مرۆڤێک و ژیانـی ژنێک و مژدەی منداڵێک هاتۆتە دی. ئەو ئاشـتیخوازێکی بێنمونـە و فریاگوزارێکی خۆبەش بووە. سیمای ئەوم وەک تارماییەک دێتەوە پێشچاو. وەک ئەوەی لە

ئەفسانەکاندا بینیبێتم. دەبێت لە بەفر پرسین، چەند جار لە زستانە سەختەکاندا بە فریای ژنان کەوتووە و شوێن پێی منداڵێکی بۆسەر شوێن پێی مرۆڤایەتی زیاد کردووە. ئەو مامان و حەکیم بووە و لەسەر دەستی ئەو، مردن بەچۆکدا هاتووە.

پار لە پرسەی نەعیمەخاندا دانیشتین، ژنێک لە چاکە و شکۆی دایکانە. ژنێک پڕ لە گەورەیی بەرگەگرتن و شۆخیی و هەدادان و بێ فیزی. چەند ساڵێکیش پێش ئەوەی بگەڕێمەوە، پیرۆزخان، ئەو چەپکە گوڵەی کە زۆر کەم بەبێ جگەرەیەک بە لێوانەوە دەتدی، کۆچی دوایی کرد و سەرەتاییترین قسەی «بەساقەوبم»، بوو. ئەمانە بێ فیز بوون و کارەکەریان لەدەورە نەبووە و خانمایەتیان نەکردووە.

لیستەکە درێژە: ئەختەرخانی مەحمودئاغا، شیخ ژنە نازداری خانەقای سیرێ، کافەخانی حاجی شیخ ئەحمەد، حەلاوەخانی نۆڕەباب، ستارەخان حاجی ئامینە و دەیانیتر، کە دەبێت ناوەکانیان لە ئەستێرەکان پرسین، داخۆ ئەو هەموو ڕووناکییەیان لە کوێوە هێناوە..

یەکێکیتر لەوانە نەزیرەخان بوو، کە چەند هەفتەیەک بەر لە ئێستا کۆچیی دواییکرد. من زۆر کەم بینیبووم، بەڵام خۆشمدەویست چونکە ژنێکی یارمەتیدەر و بەرێز و هەتیونەواز بوو. ئەو لەنەوەی ئەو ژنانە بوو کە مێژووی ژیانیان لەگەڵ مێژووی ناوچەکە و کوردستاندا تێکەڵ بووە. بەڵام هەرگیز میهرەبانیی دایکانەیان لەدەست نەدا. ئەو وەڵام بوو بۆ مێژوویەک و ڕۆژگارێکی ڕەق، ڕۆژگاری ئاوارەیی و تاراوگە، بەڵام بەبێ ڕق و کینە. ئەو پڕ بوو لە هەدادان و سەبر، کە دواجار مردنێکی هێواش بردیەوە بۆخۆی. لە بناری سیوەیلەوە بۆ سلەیمانی و لەوێوە بۆ وێستگاکانی ئاوارەیی

و تاراوگە و جەرگسووتان، لەوێشەوە بۆ مردن لە هەولێر و چوونەوە ژێرگڵ لە سلێمانی. دایکم، وەکئەوەی قسەی لەگەڵ بکات، بۆیدەگێڕامەوە، کە چۆتە سەردانی کردووە و لە دوورەوە ئەمی ناسیوەتەوە، پاش تەمەنێک دابڕان.

دەنگێکی ئاسمانی:

عەزیزی شارۆخ

ڕادیۆکـەی باوکـم لـە مۆدێلـە کۆنـەکان بـوو، گـەورە و ڕەش، بڵندگۆیەک لە بەشـی پێشـەوەی و ئانتینێک بە لای چەپەوە، بەڵام زۆر بـە درەنگ پاترییەکانی دەگۆڕدران و کەم مەسـرەف بوو. کە ئێسـتا بیر لـەم ڕادیۆیە دەکەمەوە، بیچم و ڕووخسـاری، دووگمە و سـویچەکانی و ئـەو مادەیـەی لێـی دروسـتکرابوو، نیشـانەی سەرەتاکانی تەکنەلۆجیایان پێوە دیار بوو. تەکنەلۆجیایەک، کە هەر لەسەرەتاوە هیچ سنوورێکی نەدەناسی و بۆ هەموو شوێنێ دەچوو. دواجـار تەکنەلۆجیـا سـەلماندی، کە دەسـەڵاتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و سـنووری سیاسـی و جوگرافی وڵاتان ناتوانن کەوشـەنی بڵاوبوونەوەکەی دەستنیشان بکەن..

مـن بـە چـاوی منداڵێکی پێنـج یان شـەش سـاڵانەوە، ڕادیۆکەی باوکمم لە بیرە، کە زۆر جار ئارامیی دەکردمەوە و گەلێک جاریش هەراسان، بەتایبەتی بە شەوان، کە هەواڵەکان و وەسواسیی باوکم

بۆ دەنگوباسـەکان و تەشویشـی هەزاران کیلۆمەتری هەوایی لەو ڕادیۆیەوە دەهاتە ناو جیهانی منداڵانەی منەوە. بەیانیانیش زوو هەر بـە دەنگی ئەو بەخەبەر دەهاتم. سـەرەتا خوێندنـەوەی قورئان بە دەنگی کە سـێک، کە ساڵەها لەوە دوا زانیم مامۆستا عەبدولباسیت عەبدولسەمەد بووە و ڕەنگە کوردیش. ڕۆحێکی کوردیانە لە دەنگیدا هەبـوو، کە تێکەڵێک بوو لە شکسـت و تراژیدیا و هەر دەبوو زوو بزانـم کە تەنیـا کوردێک بەو جۆرە قورئـان دەخوێنێ و تەلاوەتی دەکات.

پاش ئەویش بەرنامەی شـیعر و مۆسیقا: پەروین موشیر وەزیری یان شوکرالآی بابان پێشکەشیان دەکرد و بەیانیان و ئێوارانیان پڕ دەکردین لە دەنگ و وشە و مۆسیقا. من ئێستا کە بیر لەو سەرەتایە دەکەمـەوە، نازانـم بۆ وەک سـەرەتای بوون و سـەرەتای کات و پیرۆزیی و یەکەمین بەدەنگهاتنەکانی ڕۆح، بیرم دەکەوێتەوە..

مامۆسـتا عەزیزی شـارۆخ، یەکێکی تر بوو لە دەنگە ئاسمانیەکان و دەنگەکانـی سـەرەتا، دەنگێـک کە هـاواری منداڵیانەی مرۆڤ و جیابونەوەی ڕەگەزە سرووشـتییەکانم بیر دەخاتەوە. تۆنی دەنگی باریک و ناسکی ئەو هەمیشە بەبیرخەرەوەی سەرەتای منداڵییەکانە، کاتـێ بە داوێکی باریک و ناسـکیی ئومێد و خەونـدا، دەمزانیی بۆ ئێـرەم دەهێنن. دەنگیی ئەویش وەک پلووسـکی شـەپۆلە دەنگێکی باریک، کە لە گەروویەکی سـافەوە بنـەوان دەگرێ و تا دەڕژێ و ڕەوان دەبـێ، زیاتـر ئەو پلووسـکە دەبێتە ڕووبارێـک لە دەنگ و ئامادەیی و ئاوەدانی..

نـەوەی نوێـی شارنشـین و خەڵەتێنـراو بـە کولتـوور و زەوقی مەسـرەفگەرای کلیپـە بێتامـەکان و ڕۆحی پلاسـتیکیانە، زۆرکەم

گوێیان لەم دەنگە داوودیانەیە بووە، کە هەتا ئێستاش بە بۆشاییدا بڵاو دەبێتەوە.
ئەو بۆ من هەمیشە بە یادهێنەرەوەی قوتابخانە دەنگیەکەی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانیە:
«زەردیی خەزان..
یار غەزال
ئەی ڕەفیقانی تەریقەت..»
بەڵام بەو جیاوازیە زۆرانەی کە لە هەر یەکەیان کەسایەتیەکی تایبەت و ئۆرگیناڵ و دانسقەی دروستکردووە. یەکێک لە جیاوازییە هەرە دیارەکانی نێوان ئەم دوو هونەرمەندە، بریتیە لە فەزای تەکنکی تۆمارکردن و کاریگەریی بۆ سەریان. لەلای عەلی ئەسغەر هەرگیز تەکنیکی تۆمار کردن نەبۆتە جێگرەوە، یان سێبەری هونەرمەند. هونەری مۆنتاژ و تێهەڵکێشکردن و پێکەوە لکاندنەوە و لە فیلتەردان و کاریگەرییە دەنگییەکان، هەر نین و بەکەمیی ئامادە و هەمیشە لە نێوان ئەو مەودایەدا کە هونەمەند بێدەنگ دەبێت و پێویستە مۆسیقا دەست پێبکات، مۆسیقاش تا مارەیەک بێدەنگ و ماتە. وەکئەوەی مۆسیقا دوودڵ بێت و گومانیی هەبێت لەوەی نەتوانێ بەردەوامیی بە دەنگی هونەرمەند بدات. مۆسیقا بە سەرسووڕماویەوە دەستپێدەکاتەوە و بەیانکەری مەودایەکی بێدەنگیە لە نێوان دوو دەنگدا: دەنگی ئامێر و دەنگیی مرۆڤ. کەچی لەلای شارۆخی، هەمیشە مۆسیقا باوەش بۆ دەنگ دەکاتەوە. مۆسیقا بەردەوامیی و درێژکراوەی دەنگە و ئەوەی لە نێوان ئەم دووانەدا ڕوو دەدات دیالۆگێکە بە وشە و ڕیتم و نۆتە.
لەبەرهەمەکانی ئەم دوو هونەرمەندەدا، هەمیشە ئامێری سێ تار و کەمان، دوو ئامێری ئامادەن و هەردووکیشیان نزیکن لە

دەنگیانەوە: کەمان و سێتار بەرجەستەکەری دەنگیی مرۆییانەی ئەم هونەرمەندەن لە دەرەوەی جەستە و لەدەرەوەی پێکهاتە بایۆلۆجییەکەی مرۆڤ. وەکئەوەی دەنگی مرۆیی ویستبێتی بە هۆی ئەم دوو ئامێرەوە لە فەزایەکی ناجەستەییدا درێژە بەخۆیان بدەن و ئەمەش لە ڕەسەنایەتی کاری ئەم دوو هونەرمەندەیان بردۆتە سەرێ.

شارۆخی هونەرێکی تێهەڵکێشە لە نێوان ئەوەی کاری ڕاستەقینەی خۆیەتی و دانسقەیی ئەو پێکەدەهێنێت و لە نێوان ئەوانەی تێهەڵکێشیان دەکات و لە هونەری خۆیدا جێیان دەکاتەوە. ئەو، هەم قوتابخانەی گەرمیان و بەتایبەتیش (مەردان)ی بەرجەستە کردووە، هەم مۆسیقای دەڤەری سلێمانی و بەتایبەتیش دیلان و هاوتەمەنەکانی و کەمێک پێشتر:

«سوبح پێناکەنێ تا بێتەوایەک شەو بە دڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ تا بولبوولی سوبحێ بەکوڵ نەگری»

یان:

«بە ڕەنگیی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبوولی خەم بێ..»

بەڵام ئەم دووبارەکردنەوەیە هەرگیز دووبارە کردنەوەی کۆپیانە نیە، چونکە بە هەمان گەروودا تێپەڕ نابێتەوە. ئەمە جگە لەوەی قوتابخانەی مۆسیقای کۆیە، بەتایبەتیش تاهیر تۆفیق لە هونەری شارۆخیدا دیار و ئاشکرایە:

شەماڵ هات بە گاڵە گاڵ،
هەور بوون گەواڵ گەواڵ

پشکوت گوڵی سوور و ئاڵ
بولبوول کەوتە ناڵە ناڵ

...
لە برادەر و ڕەفیقان مزگێنی بەهارە..

لاوک و حەیرانەکانیشی لەلایەکەوە، بە یادهێنەرەوەی ناوچەی بادینان و لەلایەکی تریشەوە ناوچەی شکاک و ئەو دەڤەرانە و دەشتی هەولێرن، وەک ئەوەی لە «گەنج خەلیل»ەکەیدا دەبیستین:
«دە لێ لێ
وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/
وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/
وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/ وەرە لێ لێ/. نەمایم..»

ئەو هونەرمەندی هەموو بەشەکان و دەنگیی هەر چوار وەرزی ساڵە. بەڵام دواجار بەخشینێکی دیکەی شاری مەهابادە بە کورد. ئەو پێش هەموو شتێک هەڵگری تایبەتمەندیەکانی شاری خۆیەتی و وەک قازی ملی بۆ پەتی سێدارە لار. ئەویش وەک هەر هونەرمەندێکی دیکەی خۆرهەڵاتی کوردستان دەچریکێنێ و هاوار دەکا. ئەوان هەموویان بە تۆنی بەرز گۆرانییان چڕیوە. تۆنی بەرز دەلالەتی بانگکردن و گەیاندنی دەنگە بۆ ئەو پەڕی و ئەو سەری جیهان. دەنگبەرزیی ئەم هونەرمەندانەی وەک شارۆخی، نیشانەی کوردبوونی ئەوانە لە جیهانێکدا کە دەنگیی کورد نابیستێ. شارۆخی بە هاوار و چریکەکانی، بەرجەستەکەری هونەریانەی دەنگیی مەرگە، کاتێ پەتی سێدارە و ئیعدام ئاخرین هەناسەکان لە گەروودا دەخنکێنێ. لە دوای قازی محەمەد و هاوڕێکانیەوە

ئەمە خەسڵەتی دەنگبێژانی کوردی خۆرهەڵاتە. وەکئەوەی ئەوان هەموویان بیانەوێ ئەو هاوارە بەرجەستە بکەن، کە لە گەرووی قازی و هاوڕێکانیدا خنکا. لەم ڕوانگەیەوە، عاشقانەترین گۆرانیی خۆرهەڵاتیەکان تەمێکی سیاسیی بەسەرەوەیە، تەمێک کە هەموو شتێکی عاشقانە دەکات سیاسیی و هەموو شتێکی سیاسیش لە پەیوەندییەکی عاشقانەدا دەخاتە ڕوو.
دوجار لە ڤیستیڤاڵی (سۆران)دا لەسەر شانۆ بینیمەوە: وەک مەسیحایەک بە بێدەنگ، بە کاوە خۆ و نەجیبانە چووە سەر شانۆ و چریکاندی. وێنەیەکیم گرت، بەبێ ئەوەی بزانم، بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت، لەو وێنەیەشدا ملی وەک ئەو گەنجانەی ڕۆژانە ئیعدام دەکرێن، بەلارەوە ناوە.

ئیستاتیکای نوێبوونەوە و یاخیگەریی

هۆمەر دزەیی

ئایا عومەر دزەیی کاریگەریی لەسەر زەوقی هەمووومان هەبوو؟ ئەم (هەمووومان)ـە کێیە، لە کاتێکدا هەرکات باسی ئیستاتیکا و هونەر دەکەین، مەبەستمان لە زەوقی تاکەکەس و سەبجەکتیڤانەی مرۆڤە؟ ئەمەیە ئەو پرسیارەی لەکاتی قسەکردنمدا لەسەر ئیستاتیکای دزەیی، پێویستە بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێم..

هونەر هەم دەربڕی ئاستێکی زەوق و هەم بەخشینی کاریگەریی بگۆڕی زەوقیشە. ئەو یەکێک بوو لەو دەگمەنە هونەرمەندانەی، کاتێ لە تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ بەرهەمێکی بڵاو دەکرایەوە، باوکم کەناڵەکەی نەدەگۆڕی. دزەیی لە زومرەی ئەو دەنگانە بوو کە باوکمی دەوەستاند و ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی من گوێی بۆ بگرم. من و باوکم هەم مەودایەکی تەمەن و هەم مەودایەکی کولتووریی لە نێوانماندا بوو، بەڵام ئەو کاریگەریی لەسەر هەردووکمان هەبوو..

هەرکات من باسی پەروەردەی زەوقی و بیستنی خۆم بکەم، نابێت

ڕۆڵی ڕادیۆکەی باوکمم لەبیر بچێ، کە جیهان و گەردوونیی لە تۆنە دەنگییەکاندا بە من ناساند: هەر لە گرمە و شریخەی ئەو هەورانەوە کە ئاسمانی وڵاتانی دەتەنی، تا دەگاتە ئەو مۆسیقا دەنگیانەی کە لەملاولای ئەو کەناڵەوە، کە باوکم مەبەستی بوو گوێی لێبگرێ، خۆیان دەکرد بە گوێچکەماندا و کاریگەرییان لەسەر دادەنایەن. ئەو ڕادیۆیە گوێچکەی منی ڕاهێنا لەسەر مۆسیقای زمانەکان و ئامادەی کردم بۆ فێربوونیان و لەوێشەوە فێربوونی ئەو جیاوازییەی لە زمانەکان و جیهانبینیی بەکاربەرەکانیاندا هەیە. وەک لە (دنیای شتە بچووکەکان)دا نوسیومە، ڕادیۆ کاریگەرییەکی بێئەندازەی بەسەر ژیانیی کوردیانەی ئێمەوە هەبووە، ڕەنگە بێ زیانترین میدیا و تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان بووبێت، ئەگەر بەراوردیی بکەین بەو توندوتیژیانەی لە تەلەفزیۆنەوە ئاراستەمان دەکرێت. بەو فاشیزمەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە سرووشتیی مرۆییمان دەشێوێنێ و وامان لێدەکات بەچاوی بەدگومانی بڕوانینە یەکتر و کۆمەڵگاکەمان و دۆخی هێوریی و ئارامی وەک دۆخێکی ڕیزپەڕ وێنا دەکات..

من باسی ژیانی گوند و ڕاکشانی سەربانی شەوانە لەبەر ئەستێران و گوێگرتن لە دوورترین شەپۆلە دەنگییەکان دەکەم، کە جاروبار لەتەک هەموو ئەوانەدا، حەپەی سەگ و دەنگی کوندەبوو و باعەی ڕێوی و جریوەی ئەستێرە و گریانی درەنگەشەوانی منالێکیش خۆیان تێکەڵ دەکرد بەو هارمۆنیایە..

من لەناو ئەو کەشوهەوایەدا، کەسانی وەک ئیدیت بیاف، ئوم کەلسوم، فەرید ئەترەش و محەمەد عەبدولوەهاب، وەردەی جەزائیری، ئەسمەهان، عەلی مەردان، سێوە، محەمەد عارف جەزراوی، شارۆخ،

زیرەک، داودە و قورئانخوێنی مەزن: عەبدولباسیت عەبدوسەمەد و گەلێکیتر و. پاشــان: عومەر دزەیی گوێبیستبووم و بۆم دەرکەوت، ئەمانــە لــەو خواوەندانــەی دەنــگ بوون کــە باوکم لــە هەنگامەی گەڕانیـدا بۆ کەناڵێکی تایبەتیی رادیۆیی، تا هەواڵێکی نوێی لەســەر چارەنووسی کورد پێبڵێت، دەیدۆزینەوە و لەسەریان دەوەستا..

من ئەو کاتە هیچکام لەم ئەســتێرە گەورانەم نەدەناســین و پاشان لە شــوێنی جیاواز و قۆناغی پاشــتری گەورەبوونە لەعنەتیەکەمدا، سەر لەنوێ هەموویانم دۆزینەوە و ئەمجارەیان هەم بەیادی باوکم و هەم بۆ تێگەیشــتنی زیاتر لێیان و هەم لەژێر ئەو کاریگەرییانەی لەسەریان دانابووم، گوێم لێگرتنەوە. و لاسایی هەندێکیانم کردەوە، وەک لاساییکردنەوەی دزەیی.

گوێملێگرتنەوە و گوێملێگرتنەوە هەتا سەر لەنوێ گوێچکەی منداڵیی خۆمم دۆزییەوە و ئەمەش چێژەکەی چەندین جار دەبردە ســەرێ. چێــژی منداڵبوونــەوە و خۆدیتنــەوە لە ژێر ئاســمانی پڕ ئەســتێرە و شــەوانیی تەنیایــی، بــەڵام ئیتر بەبێ پەنجەکانــی باوکم کە میلی ڕادیۆکــەی بــا دەدا و لــە پای گوێگرتن لــە هەواڵــەکان، لەبەردەم دەنگێکی وەک دزەییدا، دەوەستا و خامۆش..

باوکــم نەمابــوو، هــەر بۆیەش ڕادیۆکــەی من جگە لــە گۆرانیی و دەنگیی خۆش، هەواڵی ناخۆشیشی بڵاو دەکردنەوە، وەک هەواڵیی مەرگیی شاملوو و حەمەی ماملێ، کە لە کتێبی (نەتەوە و حەکایەت) دا باسمکردوون..

عومەر دزەیی زۆر جیاواز بوو. چونکە گۆرانیەکانی ئەو وەکئەوەی بۆ یەکەمجار بێت، فرەدەنگییان لە مۆزیکدا پێناســاندم و گوێچکە و بیستنیان پەروەردەکردم. ئەمەشم پاشتر لەگەڵ منداڵەکانی خۆمدا،

زەریـاب و نایـاب، دووبـارە کـردەوە هەر لەو کاتەوەی لە سـکی دایکیانـا بوون، گۆرانییەکانی قادر کابان و عومەر دزەییم بۆ گوتن و لە گەشــەی دوای لەدایکبوونیشیاندا، هەر کات ئازار و خەمێکیان هەبوویێت، بەو میلۆدیانە ئارام و لەسەر خۆبوونەوە.
لـە کارەکانی کابان، (جادەچۆڵ و سـێبەر بوو، کاتی بەیانی و زۆر قـژی زەرد..) و لـە کارەکانـی دزەیی مـەزن، (قژ کاڵـی لێو ئاڵی، کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشـەو..)، هێندەی دوو پزیشک و حەکیمی کارامە، سـوودیان بۆ تەندروسـتی و ڕۆحدروسـتیی ئەو دوو منداڵەمان هەبووە..
سـەیریش نیە کە هەردوو ئەم هونەرمەندە بە گوتنەوەی شـیعری (عەبدوڵا گۆران)ی مۆدێرنیسـت، مۆدێرنیزمیان هێنایە ناو گۆرانیی و میلۆدیی کوردییەوە و مۆدێرنیزمی وشـە و زمانیان هەڵگێڕایەوە بـۆ مۆدێرنیزم لـە میلۆدیی و دەنگدا. مۆدێرنیزمـی کابان زیاتر لە ناوەڕۆکـی گۆرانیەکانیـدا دەبینمـەوە و مۆدیرنزیمـی دزەیـی لە نـاوەڕۆک و ئاوازەکانیشـدا، ئەمە وێڕای ڕەهەندی نومایشـیانە و فرەدەنگیانەی بەرهەمەکانی. لە ڕاستیشـدا کارەکانی هونەرییەکانی دزەیی، ویڕای ناوەڕۆکە شارییەکەیان، گوزارشێکی هەستەکییش لە کات و سەردەمێکی تایبەت دەکەن، کە خەون و نۆستالیژیا، خەیاڵ و داهاتوو بەرجەسـتە دەکـەن. بەم مانایەش دزەیی لە پرۆسـەی هونەریی خۆی و لەو کاریگەرییەی بە دەنگ و میلۆدیەکانی کردیە سـەر نەوەی مـن، زۆر پێش سـەردەمەکەی خـۆی کەوتبوو. ئەو مژدەبەخشـی جۆرێکـی تـری چێـژ و جۆرێکی تـری گوێگر بوو پێشـئەوەی شـار لـە جەنجاڵـی خۆیـدا، ناچارمانن بـکات خۆمان بدەینە دەسـت ئـەو ڕیتمە ئایرۆبیکیانەی لەو سـەرەوە تەنیا فێری هەلەکەسەمامان دەکەن، هەر بۆیەش ئێستا بەبێ ئەوەی لە نزیکەوە

بیناســم، یان هاوڕێی هاوبەشــمان هەبێ و ئەو بۆی گێڕابمەوە، بە ســەختی ئەو هەســتەم هەیە، کە ئەو ئەمێســتا وەک هونەرمەندێک هەســت بــکات هەموو خۆشــی و چێژەکانــی خۆی لــە ڕابردوودا ژیابێت و ئەم کەشــوهەوا کولتووریــە داخراوەی هەنووکە، ئەویان لەچاو خەونە هونەریەکانیدا هەناسەسوار کردبێت.
کۆمێدیای ژیان لەوەدایە کە هونەرمەندێک هەست بکات لە ڕابردووی کاتــدا، کە کۆمەڵگا زۆر لە ئێســتا بێ ئیمکانیەت تر و دەســتکورت تر بــووە، ئازادیی ئەو زیاتر بووە و کرانەوەیەکی فرەتر. لەکاتێکدا ئێســتای کۆمەڵگا بەو سانســۆرە کولتووریانە دەورەیان گیرا بێت، کە لــەدژی کرانــەوەی کولتــووری و هونەریی ڕەســەنن!!. ئەگەر هونەرمەند و جوانیدۆســتێک هەســت بەمە نەکات، خۆی و باوکی ملهــووڕن و هونەر بۆ ئەو جگــە لە خۆنواندن و کلیپکردن، هیچیتر نیە. کلیپ، ئەم دیوەی هەســتی هەموومانی شــێواند و فیری درۆی گوێگرتنی کردین، بەبێ ئەوەی گوێمان لە هیچ بێت..
ژمارەی ئەمانەش کە بە فیتی بازاڕ ســەمایەکی ناڕەســەن دەکەن، لە چاو ئەو گەورە تەنیایانەی وەک دزەیی مۆدێرنیســت، ئاســمان و ڕێســمانە، بەڵام ئەوەی جێی ســەرنجە، کەس و هیچ شــەپۆلێک لەم هونەرە بازاڕیی و بێ کەســایەتی و تەمەن کورتە، نەیانتوانیی پاشەکشێ بە کەسانی وەک دزەیی بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەمیان بەرهەمی کەم و ئەوانیتر بازاڕیان پڕ کردووە.
زەبەلاحێکی وەک دزەیی بەم ڕووخســارە ماکیاژکراوانە یادوەریی و هەنووکــە چۆڵ ناکات. ئــەو بەدەنگێکی هێندە لەیاســا بەدەرەوە هاتە نــاو گوێی کوردییــەوە، کــە بەیادهێنــەرەوەی ئیمبراتۆریەتە گەورەکانی مێژووە. بەڵام نەعرەتە دەنگییەکانی ئەو، لە جیاتی ئەوەی لەشکرکیشــی و مەیدانی جەنگەکانمان بیــر بخاتەوە، بیرخەرەوەی

جوانیە و هەر ئاواش خستیە بواری خزمەتکردن و پەروەردەکردنی هەستەکیی ئێمەوە. ئەو نەڕەی شێرێک بوو کە لە خەمی بوولبوول و مەست بوو بە وەسفکردنی کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەودا..

بە مانایەکی تر، هەرچەندە دەنگی ئەو بەیادخەرەوەی تۆنە دەنگێکی نێرانە و باوکسالارانەیە، کە بەهۆیەوە شوناسی هۆز و عەشیرەت لە شێوەی (تێخووڕین، هەڕەشە و گوڕەشە و هاوارکردن)دا، بەرجەستە دەبێت، کەچی ناوەڕۆکی ئەم دەنگە لە هونەری دزەییدا، دەبێتە دەربڕی خودێکی جوانپەرست و ژندۆست و ئەڤیندار. هەر بۆیەش ئەو، هەمیشە لەلایەن کولتووری خێڵەکیی کوردییەوە، وەک نێرینەیەکی یاخی، کە لە یاساکانی هۆز هەڵگەڕاوەتەوە و ملکەچی ڕێنماییە عەشیرەییەکان نیە، دژایەتی کرا و بگرە سوکایەتی پێکراوە و هەوڵدراوە شوناسێکی نزمتری پێببەخشرێ لەوەی ئەندامانی دیکە شانازیی پێوە دەکەن.

بەمجۆرەش، ناوەڕۆکی یاخیگەرانە و جوانپەرستانەکەی هونەری دزەیی، هەیمەنە و دەسەڵاتی دەنگە نێرانەکەیان شاردەوە و دەنگەکەی بووە گوزەرگای پەڕینەوە بۆ شتێ لە خۆی گەورەتر و مرۆییتر و بووە بەرجەستەکەری سۆزێکی مۆدێرن، کە مرۆڤی نوێی شاری بەردەوام پێویستیی پێیەتی بۆ گەڕانەوە ناوخۆی و شکانی شەرمە عەشیرەییەکانی..

ئالێرەوە، ئەو نوێنەرایەتی لقێکی بەرزی هونەرێک دەکات، کە تیایدا دەنگی نێرانە، کارکردە کۆمەڵایەتیە توندڕەوانەکەی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە دەنگی پاڕانەوە لە یار و دەبێتە دەنگی ئەڤینداریيەکی مەزن، کە لە چوارچێوەی کاتدا، ژەنگ هەڵناهێنێ. دزەیی پڕۆمیسۆسێکە، کە دەنگیی دەسەڵاتخوازانە و نێرسالارانەی

عەشیرەتەکەی و باوکسالاریی کولتووری کوردیی دزیی و بەخشیە جوانیی و ئەڤین و ئازاد و ڕەهای کرد. هەرکەسی تر بوایە لە جێی دزەیی لەو زەمان و هەلومەرجەدا کە ئەوی پێدا تێپەڕی، سەردەمی حەماسە و کوردایەتی و شۆڕشگێڕیتی، (بۆ ئەوەی لە هاوپیشەکانی جێ نەمێنی و شانازی بەخۆیەوە بکا)، ئیستا وڵاتی پڕکردبوو لە سروودی نیشتیمانیی ئێکسپایەر.

ئەمە یەکەمین شۆڕشی یاخیگەرانەی دزەییە، کە پێی گوتین، ئەو خاوەنی دەنگیی خۆیەتی و دەنگیی ئەو لە یادوەریی مندا بەیادهێنەرەوەی فۆرمێکی مۆدێرنیستانەیە، کە دەتوانم بڵێم ڕەگێکی لە شێوازە دەنگی ڕەفیق چالاکیشدا دەبیستینەوە، بەبێ ئەوەی چالاک توانبێتی خەسڵەتی مۆدێرنیستانە بەرجەستە بکات..

دووەمین خەسڵەتی دزەیی بریتیە لە بەرجەستەکردنی مەعشوق وەک ژن، نەک وەک میتافۆرەکانی ژن، چ نیشتیمان بێ و چ تێکۆشان و هەر شتێکی تر. ئەو باسی ژن دەکا، ماچی ژن دەکا و تامەزۆریی ژن دەکا وەکئەوەی ژنە، نەک ژن وەک سیمبوول و میتافۆر. هەر بۆیەشە کاتێ ژنان گوێ لە دزەیی دەگرن، هەستدەکەن باسی جوانی ئەوان دەکرێ و تامەزرۆیی و تاسەی ئەوان دەکرێ و منی نێرانەش ناسک و شاعیر دەکەنەوە.

بەرهەمەکانی دزەیی پڕن لەم ئاشتکردنەوەیەی سوژەی مێیایەتی و هونەر، بەبێ ئەوەی ژن وەک بابەتێکی خرۆشێنەر و سێکسی، یان پۆڕنۆگرافیانە و وەک بابەتێک بۆ نێرینە بخرێتە ڕوو. بەبێ ئەوەی تۆنە دەنگییەکەی ئەو بەیادهێنەرەوەی فەرمان و هەڕەشەی پێگە کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتەکەی نێرینە بێت لە ئاست مێینە و ژندا. دیاردەیەک کە لە کلیپەکانی ئێمەدا بەوپەڕی نەشارەزاییەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە و ئەمەش خزمەتێکی زۆری بە زیندووکردنەوە و

بەرهەمهێنانەوە و نومایشدانەوە و بەرجەستەکردنەوەی بیرۆکە نێرسالارییەکانی کولتووری کوردیی کردووە.
ئەمرۆ ئێمە لەبەردەم لێشاوێک لە گۆرانیی و کلیپ و ملیپداین، کە هێندەی هەر بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیی توندڕەو خزمەتیان بە پیرۆزکردنەوەی ئایدیاڵە نێرسالاری و ڕەگەزسالاریی و ئایینسالارییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی کردووە. زۆرینەی ئەو کلیپانە نەک هەر تەنیا جیاوازییەکانی نێوان نێر و مێ بەپێی بەرژەوەندیی کولتووری نێرسالاری، قووڵتر دەکەنەوە، بەڵکو پڕن لە دەستدرێژی زمانی و بینراو. من لە بۆنە و ئاهەنگگەلێکدا بەشداربووم، کە گۆرانیەکانی جگە لە ئیهانە و سووکایەتیکرن بە ڕەگەزی ژن لە ڕوانگە کولتووریە باوەکەوە، هیچ شتێکی ترم گوێ لێنەبووە. هەر بەو تۆنە دەنگییەی دزەیی، هەفتانە گوێمان لەو وتارانە و خوتبە سیاسیانە دەبێت، کە جگە لە بەیادهێنانەوەی تۆنە دەنگییە نێرانەکەی باوکسالاری و نێرسەروەری، بێزێبییەکی زۆریشیان تێدایە بەرامبەر بە مرۆڤ..
دزەیی دەگمەنە هونەرمەندێکە، نەکەوتۆتە ئەم زەلکاوی ڕەگەزسالارییەی پیاوی کوردەوە و لەبەرهەمەکانیدا جوانیی هێندەی ئەوەی بەیادخەرەوەی ڕەهەندیی ئیرۆتیکیانە و ئەڤیندارانەی ژنە، ئەوەندە خرۆشێنەر و هاندەری حەزەکانی نێرینە نیە بۆ بینینی ژن وەک بابەتێکی جەستەیی ڕووت. ئەم ئاشتکردنەوەیە و لە هەمان کاتدا دەستنیشانکردنە، بۆ خودی ژن، نەک بابەتی ژنانە، گەڕانەوەیەکی ڕاستەخۆیە بۆ ئەو بەشە، نەک هەمووی، لە ڕەسەنایەتی گۆرانیی و بەیت و حەیرانیی کوردی، کە تیایدا هەموو شتێ بەناوی خۆیەوە ناو دەبرێ نەک وەک ئاماژە بۆ شتێکی تر. هەموو شتێ لە ئاستە ئیرۆتیکیەکەیدا، نەک لە ئاستە سێکسیی و

جەستەییەکەیدا وەسفی دەکرێ.
لەگەڵ هونەری دزەییدا شوناسی ئێستاتیکیانەی ئێمە گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا دێت و گوێچکەی ئێمە بە تۆنە دەنگێ ئاشنا دەبێ، کە بۆنی مرۆڤبوون و ئەڤینی لێدێت، نەک هەڕەشە و تووڕەیی باوکانە. ئەم پرۆمیسیۆسەی هونەر، فۆرمێکی ئێستاتیکیانەی یاخیبوونی بەرهەمهێنا بەبێ ئەوەی هیچ خوێنێ برێژێ و شۆڕش بەرپا بکا. ئێستاتیکایەک لە جوانیی مرۆڤ و ژن بەتایبەتی و جوانیی وشە، جوانیی دەنگ و میلۆدیی بەرهەمهێنا بۆ ئەوەی ژیان ڕەهەندیی جوانیناسانەی خۆی لەدەست نەدات..

له بەغداوە بۆ کۆیە

کاکە حەمەی مەلاکەریم:

هەتـــا بۆ دوورترین یادەوەری هەرزەکاری و منداڵیم بڕوانم، ناوی کاکە حەمەی مەلاکەریمم بیر دەکەوێتەوە. ناوی ئەو تەنانەت لەسەر ئەو کتێبانەش هەبوو، کە لە مزگەوتی دێی (باریێ بچووک)دا و لەسەر تاقێک، کە وێنەیەکی ئیمامی عەلی لەســـەر هەڵواســـرابوو. بەڵام بۆ یەکەمینجار لە ماڵی مامە غەفوور ئاغام، کە لە هەموو مامەکانی ترم خوێنـــدەوار تر بوو، زیاتر ئـــەو کتێبانەم چاوپێکەوتن، کە نەک هەر ناوی کاکە حەمەیان لەسەر بوو، بەڵکو بەناوی گەورەترین مرۆڤی ڕۆحانیی سەدەی بیستەمی کورد، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆســـتا فاتیحی کوڕی، ڕازێنرابوونەوە. هەر ماڵێک ئەو کتێبانەی لێبوونا، پڕ دەبوو لە دانایی و وشە و خودا.
یەکـــەم دیدارمان لە بەغدای هەشـــتاکان بوو. ئەمـــەم وەکو خەونی هەرزەکارێـــک لە بیـــرە کە بڕوای نەدەکرد حەمـــەی مەلا کەریم بە چـــاوی خۆی ببینـــێ و ئەوەندەش پیاوێکی ســـاکار و ســـنگفراوان

بێت. من چووبووم بۆ وەرگرتنی پاداشــتی وتارێکم، لەسەر ڕۆمان و گرنگییەکــەی بــۆ کورد، کە لە وەڵامی وتارێکی مامۆســتا کەمال غەمباردا نوسیبووم. هێشتا لەوێ بووم کە هەواڵیان دامێ شیعرێکم کراوەتــە عەرەبــێ و بڵاویش کراوەتــەوە. ئەمەیان لــە وەرگێڕانی کاک موکــەڕەم ڕەشــید تاڵەبانیی بوو، یان مامۆســتا عەبدوڕەزاق بیمار. تەواو دڵنیا نیم. بەڵام چونەکەمی بۆ بەغدا کردە شایی و دڵم خــۆش بوو. وا بزانم لــە ڕۆژنامەی هاوکاری بوو، یان لەو نزیکانە بــە خزمــەت کاکە حەمە گەیشــتم. ئەویش لە پاشــکۆی ڕۆژنامەی (العــراق) شــیعرێکی منی خوێندبۆوە و ناســیمییەوە. گرنگیی پێدام و لەگــەڵ خۆی بردمی بــۆ بارەگای کۆڕی زانیاری، بۆ ژوورەکەی خــۆی و لــەوێ شــتێکی هەڵگــرت کە دەبــوو بینێــرێ وا بزانم بۆ عەبدوڵاپەشێوی شاعیر. کە لە بارەگای کۆڕ هاتینە دەر، هەستمکرد دەبێت لە گەڵیدا ڕاکەم، بەدەم ڕاکردنیشەوە بۆ گەیشتن بەو پاسەی کــە ئێمەی پێدەڕۆیشــتین، ئاوڕیــی لێدامەوە و بلیتێکــی پێدام. ئاوا یەکەمین دیداری من و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دەستپێکرد. کە مرۆڤێک بوو زۆر لە ناوبانگی خۆی دڵگەورەتر و ســنگفراوانتر و هەرواش مایەوە..

لە دوای بەجێهێشــتنی کوردســتان، کاتێ لە ســاڵی ١٩٩١دا، بەشی یەکەمــی (کتێبــی نالی)م بە ناوی (چەمکــی میتۆلۆژیا و جیهانبینیی نالی) لە دانمارک بڵاو کردەوە، نازانم چۆن کاکە حەمە نوسخەیەکی بەدەست گەیشتبوو، یان هەر لە دوورەوە بۆیان باسکردبوو، بەڵام نامەیەکی شــیرینی بۆ نووسیبووم و ڕەزامەندیی خۆی دەربڕیبوو لەسەر ناوەڕۆکیی کتێبەکە. پێموایە ئەو نامەیەم لە ڕێگەی مامۆستا فەرهاد شــاکەلییەوە بەدەست گەیشــت، کە بۆخۆیشی پیاوێک بوو زۆر پێمــەوە مانــدوو بوو و دەستخۆشــیی لێدەکردم و لە ســوید

هەمیشــە لە ماڵی خۆی میوانداریی دەکردم. ئەمەیان باسێکی ترەو بێگومان لە شوێنێکی تردا دەگەڕێمەوە سەری..
نامەکەی کاکە حەمە، لەوێنەی سرووشـێک بوو لە سـەحرادا. ئەوە هەر نامەیەکی ئاسـایی نەبوو، بەڵکو لە کەسـێکەوە بوو لە خزمەت مامۆستای مودەڕڕیس و کاک فاتیحدا، زۆرترین بەشداریی کردبوو لە زیندووکردنەوە و ساخکردنەوە و نوێکردنەوەی ڕێنووسی دیوانی شـاعیرە کلاسیکەکانی وەک نالی و مەحوی و مەولەوی و گەلێکی تر. نەوەی ئێمە لە دوو توێی ئەو تەفسـیر و لێدانەوانەی ئەوانەوە ئاشنابووینەوە بە میراتی ڕۆحیی خۆمان و ئەمەش یاریدەی داین تا سـەر لەنوێ لە هزری پێکهێنانەوەی شوناسیی مرۆیی و نەتەوەیی خۆماندا بین. تەنیا دانمارک و تەنیایی پەلکێشی ناو جیهانی نالییان کـردم و تەنیا ئەو نامەیـەی کاکەحەمەش دڵنیای کردمەوە، کە بەو بچکۆلەییەی خۆمەوە، دەستمداوەتە کارێکی گەورە.
دوای گەڕانـەوەم لـە دانمـارک، سـەرەتای سـاڵانی دوو هـەزار، کاکـە حەمەم لـە ئاکرێ بینییـەوە و بەخزمەتی گەیشـتم. ئەمەش لە گەشـتێکدا بوو کە وەزارەتی ڕۆشـنبیریی هەرێمی کوردسـتان و یەکێتی نووسـەران بەهاوکاریی سـەنتەری ڕۆشـنبیریی ئاکرێ، ڕێکیخسـتبوو. لەو گەشـتەدا، کە دەبوو بەشـێکی بە پیادە بڕۆین، مـن سـەرقاڵی سـەرنجدان بووم لـە دیمەنە جوانەکانـی ئاکرێ و ئەمبەراوبەری، کە هێندەم نەزانی لە پێشمەوە، پیاوێک بە هێواشیی ڕووەو هـەورازی بازاڕی سـەرەوە ملی دەنا و ڕێـک لەو جێیەی فرۆشیارەکان لە قەراخ شەقامەکە، بەرهەمە خۆماڵییەکانیان لەسەر سـندووق و نانەشـانە و قرتاڵـە دانابوون، مامۆسـتا کاکە حەمەم ناسـییەوە. لە سـنگفراوانی و ڕێـز و خاکەڕاییدا، هیـچ نەگۆڕابوو، بەڵام لە چاو ئەوەی لە بەغدا پێش ئەوەندە ساڵ چۆن لە پێشمەوە

ڕایدەکرد تا بە پاسەکان بگات و ئەمێستاش گۆچانێک بە دەستەوە، لە جەبری زەمانە تێگەیشتم. بۆیە پێشنیارم لە خزمەتیا کرد، کە بچین و لە چاخانەیەک دابنیشین. نازانم چەندەش لەوێ ماینەوە، بەڵام زۆرترینی کاتەکە ئەو پرسیاری لێدەکردم و من بەدەم وەڵامدانەوەوە سەرنجیم دەدا و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: ئەمە ئەو پیاوەیە کە لە زیندان و ئازادی و لە خانەقاوە بۆ کۆڕی زانیاریی، بۆ ئێمەی نوسیوە. سەرم دەسووڕما لە توانای مرۆڤێک، کە ساڵەهابوو قەڵەم و زمانی نووسینی بۆ ڕۆشنگەری و ساخکردنەوە و ڕەخنە و توێژینەوە تەرخانکردبوو. ئەمە ئەو پیاوە بوو کە لە هۆشی مینە و ماوتسی تۆنگەوە بۆ حاجی قادری کۆیی و نالی و مەحوی و چەندانی تر، کاری کردبوو. ئەمە هەر ئەو مرۆڤەش بوو کە پێشەکیی چەندین کتێب و نامیلکەی بە وشەکانی خۆی ڕازاندبۆوە و لانیکەم لەلای من، خۆشەویستیی کردبوون. پێشەکییەکەی بۆ چامەیناڵەی جودایی مامۆستا هێمن و هەروەها دیوانی گۆران، بەڵگەی ئەم قسەیەن..

بۆ من، کاکە حەمە لەوەتەی هەیە شەش خەسڵەتی لە کەسایەتی خۆیدا بەرجەستە کردووە: یەکەمیان ئەو ڕێزە زۆرەی لە کەسایەتیدا هەیەتی و بەرزگرتنی کەسانیتر و سنگفراوانییەکەی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مشتومڕی ئەدەبی و نووسینی لەگەڵ زۆرێک لە کەسانی هاوتەمەنی خۆیدا کردووە، بەبێ ئەوەی سنوورەکە ببەزێنێ و هەر ئەمەش وایکردووە کە نەیارەکانیشی، ڕێزی لێبگرن..

دووەمیان، بریتیە لە کوردایەتیەکەی و قۆشمەییەکەی، کە لێرەدا وشەی قۆشمەیی لە جیاتی وشەی ئایرۆنیک (Ironic)، بەکار دەهێنم. کەسایەتی ئایرۆنیک، کەسایەتییەکی خۆگرە لەبەردەم ناخۆشییەکانی ژیان و دەسەڵاتی وەختدا. من لە مێژە دەزانم ئەم

پیاوە کانگایەکی دەوڵەمەند و پڕی نوکتەبازی و خۆشسەلیقەییە و توانایەکی سەرسووڕهێنەری هەیە لە هەڵگێراندنەوەی ساتەوەختە تراژیدییەکان، بە ساتەوەختی کۆمیدی و گاڵتەجاڕانە بۆ بەرگەگرتنی ناخۆشییەکانی ژیان و مانەوە لە پێناوی بەردەوامییدا. بێگومان، تێکەڵیی ئەو بە جیهانی ڕەسەنی خانەقای کوردەواری و کۆڕی فەقێ و مەلایان، لەمەدا بێکاریگەر نەبووە.
سێیەمیان: بەردەوامیی ئەو لە نووسیندا، ئەوەش بە درێژایی ساڵەکان و لە سایەی جۆرەکانی سانسۆر و لێپێچینەوەدا. کاکە حەمە، هەمیشە وەک مامۆستایەکی نووسین و خاوەن ستایلێکی تایبەتی داڕشتن و پەخشان مایەوە، کە ناسینەوەی ئاسانە و پڕە لە دەوڵەمەندیی و وشەئارایی و وردبینی جوان، کە هەندێجاریش جێگەی سەرسووڕمانە.
چوارەم: وەفاداریی بۆ باوکی: ئەو پیاوەی وەک تاکەکەس ناوێک بوو: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە مرۆڤێک بوو سەدەی نۆزدەی کولتووری مەعنەوی کوردی بەستەوە بە سەدەی بیستەمەوە و ڕۆشنبیریی ئایینی ئەوەندە تێکەڵ کرد بە ڕۆشنبیری و شوناسیی نەتەوەیی، کە پێشتر نمونەکانی مەگەر لەلای مەلای جەزیری و نەورەسی و حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، ببینینەوە. ئەو «درەوشانەوەیەک بوو لەناو تاریکەسەلاتدا» و مرۆڤە بوێرەکەی ناو ئەشکەوتی ئەفلاتوونیی دنیای ئێمەبوو، کە توانیی ڕۆشنیایی ڕاستەقینەی کوردبوون و بڕواداریی ئایینیی بدۆزێتەوە. کاکە حەمە، لەسەردەمی بێوەفایی بۆ باوک و چاخی باوککووژیی کوردەکاندا، وەک دڵسۆزێکی باوکی ڕەفتاری کرد و هەمیشە وەک کوڕە بچکۆلە و وەفادارەکەی ئەم پیاوە مایەوە.
پێنجەم: پابەندبوونی بە تێگەیشتنی «زانستیانە» لە جیهان، کە ئەم

تێگەیشتنە زانستیانەیە بۆ کاکە حەمە و هاوبیران و هاوچاخەکانی، زیاتـر مانایەکـی چەپیانەی هەبوو، نەک زانسـت بە مانا پیشـەیی و پسـپۆڕییەکەی. کاکـە حەمە لەبەرەی ئەو نەوەیەی نووسـەر و ڕۆشنبیرانی ئێمەیە، کە هەمیشە وەها جیهانبینی و ڕووئیای خۆیان دەخستە ڕوو، کە نایانەوێت بچنە بەرەی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و سـەرمایەدارییەتەوە. ئـەم خسـتنەڕووە، بـە پێویسـت ئەوانـی نەدەخسـتە ڕۆشنبیرانی چەپی دۆگماییەوە، بەڵام بۆ ئەوان وشەی «زانستی و بەرەی زانستی و بیری زانستی»، زیاتر میتافۆرێک بوو بۆ شـاردنەوە و ناونەهێنانی بەرەی چەپ و مارکسیزم و تەنانەت لینینیزمیش، وەک بیرمەندانێک کە لەسـەردەمی شـەڕی سـاردا بە سـەنگەری بەرگریکردن لە هەژاران و بەرەی پڕۆلیتاریا حسـابیان بۆ دەکرا.

خەسـڵەتی شەشەم، لە کەسـایەتی کاکە حەمەدا بۆ من پرسیارێکە: ئایا ئەو نەریتخوازە یان مۆدێرنیست؟ یان تێکەڵێکە لە هەردووکیان؟ نووسـینەکانی ئەم مرۆڤە پڕکارە، زۆر و جۆربەجۆن، چ لە ڕووی بابەتەکانیانـەوە و چ لە ڕووی شـێواز و ژانریـی ئەدەبییەوە. کاکە حەمـە پڕە لە بابەتـی نەریتخوازیی ڕۆشـنبیریی کۆنی کورد و لە هەمان کاتیشدا هەمیشە چاوێکی لە فۆرمە ئەدەبییە مۆدێرنیستیەکان بووە. ئەو کاتێکی زۆری بەدیار کەشکۆڵ و دەستنووس و سیپارەی کۆنەوە بەسـەر بردووە و لە هەمان کاتیشدا وەرگێڕی پۆشکین و دنەدەری شیعری نوێ کلاسیکی کوردییە، وەکئەوەی لە لای هێمن موکریانی دەیبینین. کاتێک (پووشـکین)ەکەی بڵاو بۆوە، بە بڕوای من ئەمە ڕووداوێک بوو لە بواری وەرگێڕاندا بۆسـەر زمانەکەمان. نوسـینەکانی پڕن لە ناوی کەڵە نووسـەری مۆدێرن و لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا ناوی چەندین نوسەر و دانا دەبینرێنەوە، کە پێشڕەو

بوون لە ئەدەبیات و جیهانی مۆدیرندا، چ لە ئەوروپا و چ لە یەکێتی سۆڤێتی جاران. ئەمەش لەپاڵ ئەو ئاوڕدانەوە بەردەوامانەی بۆ شیعری شاعیرانی لەبیرکراوی کورد، تا ئەو پەڕی ناودارانیان. کاکە حەمە، وەک هاوتەمەن و هاوخەمەکانی خۆی، دەیانویست بە نووسین و ڕۆشنبیری، هەم پردێک لەدەرەوە بۆ ناو دنیای ئێمە دروست بکەن و هەم لەناوەوەیش ڕۆشنبیری کوردیی بینا و نوێ بکەنەوە.

من ئیتر بە خزمەتی نەگەیشتمەوە. تا ئەو ڕۆژەی لە کۆیەی حاجی قادری نەمر، من کۆڕێکم لەسەر چەمکی کات لە شیعری حاجیدا پێشکەش کرد. پاشان چووین پەردە لەسەر پەیکەری سێوەی هونەرمەند لابدەین. هەمووجارێ کە بەوێدا تێپەڕ دەبمەوە، لەلای پەیکەرەکەی (سێوە)وە، مامۆستایەکی هەرە گەورەی بواری نووسینی کوردیشم بیر دەکەوێتەوە: حەمەی مەلا کەریم. وەکخۆی بەڕێز، دڵسۆز و پڕکار و سادە و سنگفراوان..

٢٠١١

مندالّییەکی نەمر لەسەردەمی ڕقدا..

لەتیف هەڵمەت:

سەرەتا لە ڕێگەی بەرهەمەکانییەوە بۆ منداڵان، لە تیف هەڵمەتم ناسی و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دانام. هەرگیز نەمبینیبوو، سرووشتیم نەدەزانی و نائاشنا بە سیمای. لەگەڵ ئەوەشدا ئەدەبەکەی، لەو قۆناغە زووەی منداڵیمدا، کە تازە لە لادێوە هاتبووینە شار، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دنیای ناخەکیی من، دانا و لە پێگەیشتن و بیناکردنەوەی مەعنەویاتی ڕووخاومدا، بێکاریگەر نەبووە، ئەگەرچی ئەمە شتێک بوو پاشتر لێی تێگەیشتم. هەرچەندە هەر لەو کاتەوە، کەمێک لێی وەڕس بووم کە لە جیاتی ئەوەی باسی منداڵانی وەک من مەحرووم و دێ سووتاو و منداڵیی لەدەستداو بکات، زیاتر باسی منداڵ و خەڵکی فەلەستین و شوێنەکانیتری دەکرد. کاتێکی زۆری ویست، تا لە زمانی ناڕاستەوخۆی ئەدەب بە گشتی و زمانی ناڕاستەوخۆی شیعری لەتیف هەڵمەت تێبگەم. بەڵام ئەو شاعیرێک بوو، زۆر لە ژیانمدا مایەوە: لەگەڵم بوو بۆ ئێران و

لە ژێر بۆردوومانی گوندەکانی سەر سنوور و لە ژیانی ئاوارەیی و پاشان لە سوریا، لە مەساکین بەرزەی شام و دواجار لەگەڵم هات بۆ سکەندناڤیا و لەوێشەوە پێکرا هاتینەوە بۆ کوردستان. من باسیی منداڵی خۆم دەکەم، بەشێک لە منداڵیم کە هەمیشە لە ڕێگەی شیعرەکانی هەڵمەتەوە، بیرم هاتۆتەوە و لە ونبوون و پەرتەوازەیی و پەشۆکان ڕزگاریی بووە.
ئەو لەو شاعیرانەیە کە دەکرێ بە شاعیری فرە ڕەهەند ناویان ببەین، بەبێ ئەوەی پێویستییان بە خۆ مانیفێستکردن و خۆبەرجەستەکردن و خۆ زەقکردنەوە هەبێت. هەڵمەت هەمیشە لە شیعرەکانیدا بۆ من شاعیرتربووە، وەک لە نوسین و مانیڤێست و گفتوگۆکانیدا لەسەر شیعر. ئەو شاعیری دیدگاگۆڕینی مرۆڤ و سەرنجڕاکێشانێتی بۆ زۆر شتی تایبەت، کە مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی و بە چاوی خۆی بەوجۆرە نایانبینێ. هەڵمەت بە ئاگابوون لە ڕاستییەک، یان نهێنیی و ڕازێک، لەو دیو ژیان و ئەزموونی مرۆییەوە، سەرنجمان پەلکێشی جیهانە شیعرییەکەی دەکات، کە پڕە لە ساتەوەختی سەرسووڕمان و کەشفکردن. ئەمەش ئەو شتەیە کە هەندێک بە تەسەووف لەلای هەڵمەت پێناسەی دەکەن. بە بڕوای من لەمەدا جۆرێ لە چوارچێوە و لە قاڵبدان هەیە، کە بۆخۆشی ڕۆڵی لەو وێناکردن و لە چوارچێوەدانەی شیعرەکانیدا هەیە. شیعر بەدەر نیە لە ساتەوەختی سۆفیانە، بەڵام مەرج نیە سلوکی شاعیر، یان ئامانجی شیعریانەی شاعیر، سۆفیانە بێت. ئەوەی لەتیف هەڵمەت لە فەزای سۆفیانە نزیکدەخاتەوە، هەوڵدانی ئەوە بۆ بەیانکردنی ڕاز و نهێنییەک، کە لە قووڵاییەکانی ئیدراکی مرۆییدا، پاش ئەزموونێکی زۆری هەستەکی لە ژیاندا، دەمێنێتەوە و پۆنگ دەخواتەوە و دواجار دەیەوێ خۆی بەرجەستە بکات لە زماندا بە پەنابردن بۆ دەستەواژە

و چەمک و گوزارەی ئەوتۆ، کە لە بەرجەستەکردنی زمانی سۆفیانە و عاریفانیشدا گرنگیی خۆیانیان هەیە:
مرۆڤ لە زەوی بێزار دەبێ
دەڕوا بۆ لای خوا
دەبێ بە ئەستێرە و
شەوان لە دوورەوە
تەماشای
ماڵەکەی جارانی دەکا..
هەڵمەت ئەو زاتەیە کە من هەستدەکەم هەمیشە پۆنگیی خواردۆتەوە بەبێ ئەوەی ئەم پۆنگخواردنەوەیە ببێتە مایەی بۆنناخۆشی. چونکە یەکێک لە بەدئەنجامییەکانی پۆنگخواردنەوە، بۆگەن کردنە و لە نەوەی هەڵمەتیشدا ئەو جۆرە شاعیرانەمان هەن، کە بەرهەمە شیعرییە کۆن و سەرەتاییەکانیان زۆر شاعیرانەترن لە بەرهەمە یەکبەدوای یەکەکانیاندا، کە ئیتر بەرامەی شیعرییان لەدەست داوە.
من ڕاشکاوم: لە شیعردا، وەستان شەرافەتمەندانەترە، لە بەردوامیی و پۆنگخواردنەوە لە جوغز و گۆشەنیگایەکی وەستاودا، کەم بەرهەمی شۆخترە لە بەرهەمزۆریی بێتوانا بۆ خستنەوەی جیاوازیی و فرە ڕەنگی. ئەو شاعیرانەی منداڵیی خۆیان زوو بە جێدەهێڵن، شیعر دەکەنە ئامرازێک بۆ بەردەوامبوون لە پێناوی مەبەستی دیکەی نا شیعریدا. ئەو شاعیرانەی بەردەوام منداڵیی خۆیان دەژین، هەمیشە شیعریان جیاواز، تەنانەت ئەگەر ئیتر لە نووسین بوەستن.
لە کەسایەتیی هەڵمەتدا، هەمیشە منداڵییەکی ڕامنەکراو، نائارام و مەحرووم هەیە، کە جاریَ لاسار و وڕکگرە و جاریَ ئارام و سەلار. ئەو وەفادارێکی هەمیشەیی منداڵییەکانێتی و شیعری ئەو، لە

نێوان ئەم دوو ڕەهەندەدا دێت و دەچێت و کارنامەکەشـی گەواهی ئەم خوێندنەوەیە دەدات. ئەو دوو جۆر بەرهەمی نووسـیوە: شیعر بۆ منداڵان و شـیعر بۆ گەورەساڵان: بەڵام لە هەردووکیاندا ڕۆحی منداڵێکـی گەورەتەبووی بێسـنوور هووشـیار و دانـا هەیە، کە لە وێناکردنە باوە مرۆییەکانەوە بیر لە نیشتیمان ناکاتەوە:

من دێمە ناو دڵی تۆوە
تۆش وەرە دڵی منەوە
ئیتر پێویست بەوە ناکات،
ماڵمان هەبێ یا نیشتیمان..

لەبارەی هەڵمەتەوە زۆر شـتم بیسـتووە و بیسـتبوو. پێش ئەوەی ببینم بە پیاوێکی چوارشانەی وەک دەنگی ناو شیعرەکانیم دەهێنایە پێشـچاوی خۆم، کە چـۆن بە گژ نایەکسـانیی و دەسـەڵاتەکانیدا دەچێتەوە. ئەو شیعرێکی هەیە بە بڕوای من بە تەنیا فێرگەیەکە:

با پاشاکان گوێ ڕابگرن
شاعیرێک دەیهەوێ بدوێ
با ڕەشەباکان ڕاوەستن
نێرگزێک دەیهەوێ بڕوێ
با تفەنگەکان بێدەنگ بن،
منداڵێک دەیهەوێ بنوێ..

کاتێک بینیم، ئەوم وەک چڵە وەنەوشەیەکی خامۆش هاتە پێشچاو، کە گۆران وەسـفی دەکا بە خامۆشییەک لە ژێر سێبەری تووترِکا. شـوێنەکە شەقامی سابوونکەران و کاتەکەش هەنگامەی ڕەشەبای بەعس بوو لە سـەرەتای هەشتاکاندا. ئەو بە شکۆیەکی بێدەنگەوە، لە کتێبخانەی ئەوقافی جاران دەهاتە خوارەوە و منیش لە وێستگەی

پاسە پۆڵۆنییەکانی ئێستا، شووتییەکی کەمێک لە خۆم بچووکتر بە باوەشـــەوە و چاوەڕوانیـــی پاس بووم بمباتەوە بـــۆ تووی مەلیک. ئەوســـا بەدیدی منداڵانەم تووی مەلیک بریتیبوو لە: ئەوپەڕی دنیا. ڕەنگە تەنیا بەو وزەیەی لە بیرکردنەوەم لە شـــیعرە مناڵانەییەکانی هەڵمەتـــەوە بـــۆم دەهات، توانیبێتـــم ئەو شـــووتیە گەورەیە ببمەوە ماڵ!

هەتا لە کوردستان بووم، هەڵمەتم بە قسە نەبینی و لە هیچ کۆڕێکیدا دەرفەتـــی بەشـــداریکردنم نەبوو. بەڵام تەنیا دوایئـــەوەی لە ئەورپا گەڕامەوە، بۆ یەکەمجار لەو شـــوێنەی ئێســـتا باخچەی (نالی)یە، بە خزمەتی گەیشـــتم و ویستم خۆمی پێبناسێنم. کەچی ئەو ماچیکردم و وەک ناســـیاوێکی لە مێژینە باوەشـــی پێداکـــردم. وێڕای ئەوەش کـــە، من هەرگیـــز ئەوەندە لە هەڵمەت نزیک نەبـــووم، بەڵام هەتا لە وڵات بووم و دوای گەڕانەوەشم، لە ڕێگەی مامۆستا عەبدوڵا تاهیر بەرزنجییـــەوە، هەواڵی هەڵمەتی مامۆســـتام دەزانی. ئەوان هاوڕێی دێرینەی یەکتر و نمونەی وەفادارین، کە یەکەمیان ناڕاســـتە و خۆ و دووەمیـــان ڕاســـتەوخۆ، کاریگەریی لەســـەر ئاراســـتەوەرگرتنی ئەدەبیانەی من هەبووە. ئەم چیرۆکەش هەڵدەگرم بۆ دەرفەتێکیتر.

ئەستێرەکی دوور،

درەوشانەوەیەکی نزیک..

جەمال نەبەز:

پێش ئەوەی بچمە ناو دنیای ڕۆشنبیرییەوە، ناوی مامۆستا جەمال نەبەزم بەرگوێ کەوتووە و کاتێکیش چوومە ئەو دنیایەوە، کە هەمیشە سیاسیانە و نائومێدانە بووە، بە ناچاری و لە پێویستییەوە، یەکێک لەو کەسایەتیانەی خۆمم لەبەردەمدا بینیوەتەوە، ئەم مرۆڤەیە. ڕەنگە ئەمەش ڕێکەوتی کاتێکی کردبێ، کە ئەو لەمێژ بووبێ، بە قۆناغی دوورخرانەوە جەبرییەکانی بۆ ناوچە بیابانەکانی خوارووی عێراق، ئەزموونی دووزخرانەوەی ناچارەکی باووباپیرە کوردەکانی پێشخۆی دووبارە کردبێتەوە و سالانێکی لە زیندانەکانی حکومەتگەلی عێراقدا، بەسەر بردبێت و ئەزموون کردبێ. بەمجۆرەش، نەوەی من، کاتێ بەم مرۆڤە ئاشنا دەبێت، کە ئەو لە زۆر ڕووەوە بەسەر جەنگەڵ و ڕووبارەکانی نەهامەتیی کوردبووندا پەڕیوەتەوە و هێشتاکەش کۆڵی نەدابێت، بۆ ئەوەی ڕۆحی پێشینەکان و باوباپیرە کوردەکانی خۆی نائومێد نەکات.

پاشانیش لە هەشتاکاندا یەکەمین ئاشنایەتییەکانم لەگەڵ کتێبەکانیدا پەیداکرد و پاشتریش بۆم دەرکەوت کە یەکێکە لە توێژەرە هەرە چالاک و داناکان بە زمانی کوردی، بە تایبەتی لە بواری زمان و زاراوەکان، مێژوو و کولتوورناسیی و لەناو ئەوانەشدا، ئایینزاناسییەکانی ناوچەی کوردستانی گەورە. کتێبە فیکری و سیاسیەکانیشی بەجێی خۆی، کە هەمیشە تیایاندا وەک داکۆکیکەرێکی بوێر و زانا بە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەیی کورد و قۆناغەکانی ئەو مێژووە، خۆی بەرجەستە کردووە. ئەمە جگە لە ئەدەبیاتی نامە و بیرخستنەوە و بەیاننامەکانی، کە وەک دەستەودامانبوون و تکا و پاڕانەوەی لە سیاسەتمەدارانی کوردی کۆن و نوێ، نووسیونی، بۆ خۆبەدورگرتنیان لەهەر جۆرە دووبارەکردنەوەیەکی ئەو هەڵانەی، کە لە مێژوودا کوردیان پێوە ناسراوە، وەک هەل لەدەستدان و هاوپەیمانێتی نابەجێ و خۆخۆری و ڕقی خێڵەکیانە و ناوچەچێتی و دەستهەڵگرتن لە مافەکانی خۆمان بۆ ڕازییکردنی ئەوانیتر و شەرمنیی سیاسی و خۆ بە سووننە و شیعە و فارس و تورک و عەرەب و عێراقی لە قەڵەمدان، زیاتر لەوەی سوونە و شیعە و فارس و تورک و عەرەب و عێراقییەکان، خۆیان هەن.

ئەو زانایەکی مەزنە، چ وەک سنگفراوانیی زانستیی و بەخشینی بەردەوام، چونکە سنگفراوانی و بەخشین، ئەخلاقێکی زانستیانەیە، چ وەک شارەزا بەو بابەتانەی کاری لەسەر کردوون لە بواری سیاسەت و مێژوودا. نامیلکەیەکی هەیە لەسەر ئەفسانەی کوردی، بۆخۆی شاکارێکە، من چەندجارێکم خوێندۆتەوە و سەرسام بووم بە شێوازی شییکردنەوەکانی لە بواری توێژینەوە و ڕەچەڵەکناسیی پێشئەقڵانیی هزری کوردەکاندا. زمانی یەکگرتووەکەیشی شاکارێکی ترە و هەر خوێنەر و توێژەرێک لە پرۆسەی خۆدروستکردن و

خۆناسـینی خۆیدا، پێویسـتیی بە خوێندنەوەیان هەیە. ئەو جگە لە کاراکتەرە مەعنەویەکەی لە بواری ڕۆشـنبیریی و هزرین بە زمانی کـوردی، هەمیشـە و لە هەموو قۆناغەکان و لەگەڵ هەموو کێشـە مرۆیی و سیاسی و نەتەوایەتیەکاندا، ڕۆڵی بیرمەندێکی لە شرۆڤەی سیاسـی و مێژووییدا بینیوە و داکۆکیکەرێکی هەمیشـەیی بووە لە ئاست ئەو زوڵمانەی لە کورد و مرۆییبوونەکەی کراون.

مامۆسـتا نەبـەز، بـەردەوام بە بۆچوونـە مێژووییەکانـی و توانا سەرسـامکەرەکەی بـۆ شـییکردنەوە و پێکـەوە بەسـتنەوەی ڕووداوەکان لە ئاستی هاوکاتی و مێژووییاندا، زەخیرەیەکی گەورەی بۆ کوردەکان خسـتووە تا لە ڕێگەیـەوە بەرگریی لە مەزلوومیەتی خۆیـان بکـەن. پرۆسـەی چێکردنی شـوناس، بەرجەسـتەکردنی کەسـایەتی کورد، زمانەکەی، کاراکتەری سیاسـی و مرۆیی، لەلای ئـەم زانـا بیرمەندە، بـە توێژینەوەیەکـی مێژووییدا تێپـەڕ دەبێت، کـە کەمتریـن پەرچەکـرداری پێوەدیـارە و کـردەی بیرکردنەوە، خسـتنەڕووی فاکـت و داتای مێژوویی، ئـەو فیلتەرانەن کە ئەو لە میانەیاندا باسـی مافی کـوردەکان دەکات. کوردبـوون لەلای ئەو، بوونێکـی چالاکە و بوونێکە لە ژێر چەپۆک و چەوسـانەوەدا، بۆیە چالاکییەکەی زۆرجار پێویستی بە داکۆکیکردن و ڕەواندنەوەی تەم و غوباری ناحەزان هەیە، کە لە میانەی مێژوودا ویستویانە نغرۆی بکـەن. بۆیە کوردبوون لە بیری ئـەودا کەمتر نیە لە مرۆڤبوون لە بەرگی هەر جۆرێکی دیکەی شوناسـی نەتەوەییدا. جەمال نەبەز، بـە پێچەوانـەی هاوتەمەنەکانی خۆیەوە، لە سیاسـەتی پراکیتکیدا، هەرگیـز خۆبەکەمزانـی و شـەرمنیی سیاسـی نەکـردە پیشـەی. هەرگیز بۆ ڕازییکردنی ئەوانیتر، پاشەکشـەی لە دواکاریی بۆ مافی کوردەکان نەکرد. هەرگیز کەمێ نەچووە دواوە بۆ ئەوەی ئەوانیتر

بهێنێتـە پێشـەوە و هەگیزیش بۆ داکۆکیکردن لـە کوردبوونەکەی نەکەوتە غەدر و تۆمەت هەڵبەسـتن بۆ ئەوانیتر و لە هەموویشـی گرنگتر: هەرگیز خۆی بچووک نەکردەوە بۆ ئەوەی ئەوانیتر لەخۆی گەورەتر بکات.

بەڵام بەداخەوە، لەگەڵ ئەم هەوڵە بەردەوام و زۆرانەشدا کە قەڵەم و هـزری ئەم مرۆڤە بەتوانایە بەرهەمی هێنـاون، زۆر بە دەگمەن نەبێـت گوێی بۆ نەگیراوە و گوێی لێنەگیـراوە، بەتایبەتی لە کایەی سیاسـیی کوردیدا، کـە بێگومان ئەوەش بێئاگایی، یـان کەمئاگایی ئـەم کایە سیاسـیە لـە ناوەڕۆکـی بەرهـەم و بۆچوونەکانی ئەو، دەسەلمێنێ.

ڕەنگـە دووریی ئەو لە واقیعی کوردسـتان، ڕەتکردنەوەی بۆ هەر پۆسـت و ئیمتیازێک، یان هەر بەڵگەیەکـی دیکەی نەزانراو، کە من نازانم چین، لە پشـت ئەم فەرامۆشـکارییەوە بن، بەڵام بوونی ئەو لـە نزیکایەتـی پنتەکانی دەسـەڵات و بەشـداریی لـە گەڵاڵەکردنی بۆچوونێکـی کوردیانـە و مێژووییانـە لە ئاسـت ڕووداوەکاندا، بە تونـدی هەسـتپێدەکرێت. مامۆسـتا نەبـەز، بەو پیـوارە (غیابەی) بۆشـاییەکی گەورەی لە فیکری سیاسی، بە تایبەتمەندیی کوردیانە و بـە لەبەرچاوگرتنـی ڕەهەندیـی مێژوویی و کولتووریی کێشـە سیاسـیەکان، چ لـە ڕووی پراکتیکـی و چ لـەڕووی تیۆرییـەوە دروستکردووە.

مـن یەکجار لـە کۆپنهاگن، لە سـەرەتای نەوەدەکانـدا بە خزمەتی گەیشـتووم، کراسـێکی نیوقۆڵـی گوڵگوڵی ڕەنگ شـینی لەبەردا بوو، دەنگێکی ڕوون و تۆنێکی خۆشـی قسـەکردن. ئەو یەک جارە بـەس بـوو، هەگیز ئەم مرۆڤـەم بیر نەچێتەوە، ئەگەرچی بە قسـە نەیگەیشـتمێ. بۆ گەنجێک لە ئەوسـای تەمەنی منـدا، گەر بیەوێت

مامۆســتا جەمال نەبەز وەک توێژەرێکی ناوازە بناسـێت، پێویستە کتێبەکانی لەمەڕ زمانی یەکگرتوو، توێژینەوەکانی لەسەر ئایینزاکان و ئەفسانەناســییەکەی و ئەو نامیلکەیەی لەســەر قۆناغی ژیانی لە کەرکووک، بخوێنێتەوە.
هەرچەندە ئەو لە ڕووی تەمەنەوە، نابێت گلەیی لە ڕۆژگار بکات، کە نزیکیی خستۆتەوە لە تەمەنی نووح، (چونکە نزیکبوونەوەی مرۆڤی کورد لە حەفتا ســاڵی، بۆخۆی تەمەنێکی نووحیانەیە)، بەڵام ئەو بە بەرهەم و کارەکانی، وەڵامی ڕۆژگاری داوەتەوە و هەرگیز مرۆڤێکی مشـەخۆر نەبووە بەسەر مێژوو و سەردەمەکەی و مرۆڤایەتیەوە. ئەم ئەســتێرەیە هەرچەندە لە ئاســمانی غەریبایەتی تاراوگە بووە، بەڵام درەوشانەوەی ڕاستەقینەی لە ئاسمانی کوردستاندایە.

٢٠١٢

من نازانم **(زامدار)**
ئێستە لە کوێیە..

ئــەو یەکێ بــوو لەوانەی خــودا لە مێژ بــوو پەشــیمانیی خۆی لە دروســتکردنی دەربڕیبــوو. ڕەنگــە ئادەمێکــی تر بووبێــت و نەک گوناهێــک، بەڵکــە دەیانجار و یەک تەمەن مرۆبوونی خۆی خســتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی سنوورەکانی مرۆڤبوون تاقییبکاتەوە. بەڵام هەگیز ئەســەف و داخی بۆ بەهەشــتێکی ونبوو نەخوارد، ئەو باش دەیزانی بەهەشت و دۆزەخ پێکەوە لێرەن، لەسەر عەردێکی بریندار و لە مرۆڤیش تەنیاتر لە ژێر ئاســماناندا، هیچ ئاژەڵێکی کۆڵەوارتر دروستنەبووە. بۆیە لە دەرکردن و سزادان نەدەترسا.
ئەو بە هەڵە وەک کورد هاتبووە دنیاوە: زامدار مرۆڤێکی جەهەندەمی بــوو، لــە بەرەی ئیبلیــس و یاخیبوون و بێ ڕیایی. ئەو فریشــتەی ئەقڵــی مرۆیــی و یەکەمین گوناهکەرەکەی «کانــت» بوو کە خۆی خســتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی ئەبەدی، کە هیچکامێک لە نەوەی پێشخۆی و هاودەمی خۆی و پاشخۆی نەیانوێرا تخونی بڕیارەکانی

بکەون. زامدار بۆخۆی بە تەنیا هەولێرێکی کولتووریی و مەعنەویی، تایبـەت بوو. هەولێر حەوت هەزار سـاڵی تریـش زامدارێکی تری وەکئەو بەخۆیەوە نابینێت، بگرە کورد نایبینێتەوە. من ئێستا کە ئەم وشـە سادانە بە ڕۆحێکی زامداریانەوە لە وەسفی ئەودا دەنووسم، سـەر لەسـەر قازانێکی کۆنینەی ناخی تایبەتی خۆم و سەر لەسەر قابلەمەیەکی پڕی مێژوویی هەڵدەدەمەوە، کە پڕە لە کەسەر بۆ کۆچ و تاقانەیی زامدار.

هەمووومـان کاتـێ قسـە لەسـەر زامـدار دەکەیـن، پـڕ دەبیـن لە ترسـنۆکیی خۆدەربڕین و خۆسانسـۆر کردن. ئەو هەرگیز ئەمەی نەکرد، هەمیشە لە خۆدەربڕین و قسەدا، بوێر بوو. ئەو لە یەک کاتا کۆسـمۆپۆلیتان و لە هەمان کاتدا مرۆیەکی لۆکاڵی و خۆمانەیی و خاکیی و هەولێرییەکی تەمام عەییار. گەردوون و کوردبوون لەودا یەکیـان گرتبوو، ئەو لە ڕووبارەکەی هیراکلیتۆسـی فەیلەسـووفی پێشسـوکراتی دەچوو، کە بـەردەوام ڕەوان و بـەردەوام دەگۆڕا: هەرگیز هەمان زامدارت نەدەبینیەوە، زامدار لە گۆڕانێکی بەردەوامدا بوو. گۆڕان لەودا بەردەوامی و هەموو ئێسـتایەکی ئەو هەنگاوێک بوو بەرەو بوونێکی تر، یان بوون لە ئاستێکی تردا. ئەو یەکایەتییەک بوو پڕ لە فرەیی و ئەو فرەییەک بوو لە تاقانەیی و یەکایەتیدا: ئەو هەمیشـە خودی خۆی بوو، ئەو لە پرۆسـەیەکی بەردەوامی بوون بەخۆیـدا، زەحمەتتریـن دۆخی بوونی مرۆییانـەی خۆی ئەزموون دەکـرد. بەخودبوون لـە پێگەی ژیان و ئەو کولتـوورەی زامداری تیا دەژیا، ئاسـان نەبوو: کولتوورێکی خـود فرێدەر، بێزێزیکەر بە تاکایەتی، کولتوورێکی تاکسـڕەوە، مێژوویەکی پڕ لە شوانپەرستی و ڕەعیتبەخێوکەر، بۆ ئاغا و خان و سـەرۆک و پێشـەوا و ڕابەر ملکەچ، چۆن بە ئاسانی جێگەی خودێتی دانسقەی مرۆڤێک دەکاتەوە،

کە هەموو ڕووخساری ڕۆح و جەستەی لە درکەکانی ئەم کۆمەڵگا و مێژووە هەڵسووە و بە برینداری دەیەوێت دانسقە و ئۆرگیناڵ و بێنمونە بێت!.
لە ئەودا ئاشتبوونەیەکی مرۆڤ لەگەڵ گەردوون هەبوو، ئاشتبوونەوەیەک لەسەر حسابی بەخودبوونی مرۆڤ و چێژوەرگرتن لە گەردوون، نەک سەرسامی و بوون بە کۆیلە و پەستیار و بچووکبوونەوە لە بەرامبەر گەردووندا. زامدار، نەیدەویست مرۆڤبوون دابەزێنێتە سەر ئاستی پەرستن و کۆیلایەتی، ئەو چێژبین و یاخی و تەنافبازێکی مەزن بوو، کە نەیدەویست دەست بە هیچ پەتێکی ڕزگاربوونەوە بگرێ، چونکە دەیزانی بایی ئەوەی بۆ ڕزگاربوون پەنا بۆ هەر شتێک ببەیت، ئەوەندەش تەسلیمی دەبیت و پێوەی پابەند. بۆیە کەوتنەخوارەوە و بەربوونەوە بەلاوە چێژبەخشتر بوو وەک لە ژیانی کۆیلایەتی و مانەوە بەهەر نرخێک. ئازادیی بۆ ئەو بەدیلی نەبوو.
زامدار دەستی لە هەموو شت بەردا بوو. لە یاسا و ئەخلاقی باوی کۆمەڵایەتیەوە، ئەو شتەی هەموومان ملکەچ و لە ئاستیدا بچووکین، دەستپێکرد. تەنیا یەک شت زامداری دەکردەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی: خوێندنەوە. لە خوێندنەوەدا کەس نەیتوانیوە بۆڕی بداتەوە، بە تاقیی تەنیا هێندەی یەک نەوە، بیست ئەوەندەی گشت مامۆستایانی زانکۆکان، سەدانجار لە ئاپۆرەی گشت ڕۆژنامەنووسانی کورد، هێندەی خەباتی گشت سەرکردە کوردەکان و هێندەی موچە و سەرمایەکانیان، کتێب و وتار و نامیلکەی خوێندنەوە. ئەو لە هەمووان دەوڵەمەندتر بوو. زۆرجار بە زمانی کتێبەکان دەدوا. ئەو کۆی گەردوونی لە کتێبەکاندا حینجە کردبوو، ئەو لە فێرگەیەکدا بوو کە تەواوبوونی نەبوو. مرۆڤێکی هیراکلیتۆسیی بوو، دەیویست

خـۆی لە لۆگـۆس و ئەقڵە بچووکەکـەی مرۆڤبـوون ڕزگار بکات و خۆی بگەیەنێتە ئاسـتی لۆگۆس و ئەقڵی گشـتی. ئەو دەیوسـت نەخشـەی جیهان و بوون لە دەسـتی خواکان بسـتێنێ و بیداتەوە دەسـت مرۆیەکان: پرۆمیسیۆسـی کورد بوو، ئاگردزێکی خانەدان و پیاوێکـی نەبیـل و بە ویقار. ئەو جـارێ وەک گلگامێش بۆ گیای نەمریی دەگەڕا و بەسـەر ئەنکیدۆدا شیوەنی دەکرد، ئەنکیدۆی ئەو مەرگـی جوانی بوو، مەرگـی ئازادیی تاکەکەسـی. جارێکش وەک حامووڕابی، بوونی لە یاسـادا کورتدەکردەوە و بۆیاسـاش ملکەچ. تاقە شـتێ زامداری هێشـتەوە، وشە بوو، هەر وشەش کوشتیان و بردیانەوە بۆ جیهانەکەی خۆیان..

ئێمە ماوەی سـێ ساڵ زیاتر هاوسـێ بووین. بە بیجامەوە دەمدی و لـە ماڵەکـەی خۆیـدا، چەندجارێکـی کـەم سـەردانیم دەکـرد. هەمیشـە خوێندەوار و هەردەم پڕ قسـە و پڕ مانا. بەڵام سەرەتای سـەرەتاکان، من لە بەغدا ناسیم، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابـردوودا، کاتێ لە ڕێگـەی خزمەکانی دایکمـەوە، لە خۆرهەڵاتی کوردسـتانەوە چەند دەستنووسـێکی شیعریی (سـەیفولقوزات)ی شەهیدی کۆماری کوردسـتانم، بەدەست گەیشتن و بە تێگەیشتنی ئەوسای هەرزەکارانەم، ساخمکردنەوە و مانای هەندێ لە وشەکانم لێکدانـەوە لەگەڵ ژیاننامەی شـاعیرەکەدا، بردمن بـۆ زامدار، تا لە یەکێـک لـە گۆڤارەکانـدا بڵاویان بکاتـەوە. هەرگیز چارەنووسـی ئەوانەم لێنەپرسییەوە.

کـە سـاڵی دوو هـەزار هاتمـەوە هەولێـر، زامـدارم بینییـەوە و چەندجارانێـک لە خزمەتیدا دادەنیشـتین و جارێکیش سـەیرانمان کرد و چەندجارێکیش سـەفەری شـاران لە بۆنە و فیستیڤاڵەکاندا، بـە تـەواوی لە زامداریـان نزیکخسـتمەوە. کاتێک بیسـتبووی من

لێکۆڵینەوەکەم لەسەر نالی پێشکەش بەو کردووە، سووپاسی کردم و ئیتر تا دەهات، نێوانمان خۆشتر دەبوو. هەمیشە کە لە کۆلانیی خۆمان بە خزمەتی دەگەیشتم، بە گەرم وگوڕیی باسی دوایین بەرهەم و نووسینی دەکردم کە خوێندبویەوە. وەکئەوەی نانێکی گەرمی بەدەستەوە بێت و ئەمبەراوبەری پێبکات، ئاوا باسی وتار و بەرهەمەکانی دەکرد. بۆ فەنتازیای خواردنەکەم، جارێک لەسەر جادە پڕی دامێ و لەگەڵ جوێنێکدا، تێر تێر ماچیکردم و گوتی: ئەوە شاکارە. جارێکیش، فێری کردم کە هەگیز لەوپەڕاوپەڕی مێزی دانیشتن و خواردن و خواردنەوە، دانەنیشم، چونکە: «ئەوە جێی کەرانە».

زامدار لەو دیو ئەزموون و تەمەنەوە، قسەی دەکرد و هەرگیز هەستت بە خۆجیاکردنەوە و لوتبەرزیی نەدەکرد. جدییات و ڕەسمیات بۆ ئەو سانسۆرێکی کوشندە بوو، زیندانییەک بوو بەناوی ئەخلاقی باو و پەسەندکراوی کۆمەڵایەتییەوە، کە ئەو نەیدەویست دەستەمۆی ئەم ئەخلاقە ببێت و بچێتە ناو بەندیخانەی کولتوورەکەیەوە. ئەو بە ڕەسمیات بۆگەنی دەکرد، ئەو ڕسمیياتی لە پێ دەکرد.

من نازانم ئێستە زامدار لە کوێیە! بە ڕاستی نازانم، ئەو لە بەهەشتە یان لە دۆزەخ. ئەگەر چوونە بەهەشت بە دەستی کولتووره باوەکەی کۆمەڵگای کوردی بێت لەم هەرێمەدا، ئەوە لە دۆزەخ بۆی بگەڕێن! ئەوەتا لە قەراخ مێزێکی ئاگرینەوە دانیشتووە و مەجلیسی گوناهکارانی خۆشکردووە و قاقایان دەگاتە ئەوپەڕی دیوارەکانی بەهەشت. بەهەشتییەکانیش هەموویان گوێیان بەو دیوارەوە ناوە بزانن ئەوە کێیە، خۆشیی بۆ دۆزەخیش گێڕاوەتەوە. بەڵام ئەو هەرگیز بۆ بەهەشت هەوڵی نەدا، نەیدەویست، چونکە بەهەشتی ڕاستەقینەی ئەو لێرە و لەم سەرزەوییەی نیشتیمان

بوو. دانیشتنەکانی ئێوارانی هاوین، ئەویان سەراپا دەکردە شەپۆلە دەنگێک و خاک و عەردی لەگەڵ خۆی دەجولاند. بەهەشتی ئەو ئێرە بوو، دۆزەخیشی هەر ئێرە. بەڵام ئیتر ئەو لێرە نیە، لە نیشتیمان نیە و لە هەولێریش نیە. بۆیە من دڵنیام لەهەر شوێنێک بێت، ئێستە بۆنی خۆشیی و قاقای پێکەنینی ئەوی لێدێت، ئەو شوێنەش هەر جێیەک بێت، بەهەشتی ڕاستەقینە و ئاوەدانیە. لەوێ دەیدۆزنەوە، زامدار ئەوەتا لەو مێژوو و یادەوەریانەدا کە پێکەنین و شادیمان بیر دەخنەوە: بۆیە زامدار لە غیابی خۆیشیدا، هەر خەمی ئێمەی بوو، نەیدەویست بە خەمباری بمرین و تەنیا. ئەو پێکەنین و نوکتەی زۆری بۆ بەجێهێشتین تا هەست بە تەنیایی نەکەین.

من لە مەراسیمی مردنەکەیدا بەشداریم نەکرد، لێرەبووم و دەمتوانی، بەڵام ویستم میتۆدی زامدار خۆی بەکار بهێنم و تەسلیم بە ڕێوڕەسمە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکان نەبم. یاخیبوون بۆ من بەشێک بوو لە میراتی ئەو، دەمویست لەگەڵ ئەودا تەنیا بم. ئەو بەڕاستی مێژوویەک و ڕۆحێکی گەنج و مۆدێرنیستێکی تاقانە بوو. ئەگەر ڕۆژگارێ پەیکەرێکی بۆ چێکرا، پێویستە ئەو پەیکەرە لە دەروازەی هەولێر بێت، پێویستە ئەو پێشوازیی لە ڕێبواران و گەشتیاران بکات، چونکە تەنیا ئەو شایانی ئەم پێگەیەیە. ئەو بۆخۆی بەتەنیا شارێک بوو لە پێکەنین..

٢٠١٢

شار، له گێڕانەوەی **(مەنگوڕی)**دا..

میــرزا محەمــەد ئەمیــن مەنگــوڕی (١٩١٠-١٩٨٠)، نووســەرێکی لەبیرچووی کوردە، خەڵکی پەراوێزی شــار و بە ژیانێکی ســەخت و ناهەمــوواری سیاســیدا تێپەڕیــوە. ئــەو ڕۆژە بەســەرهاتەکەیم خوێنــدەوە و چــاوم پڕ بــوو لە فرمێســک، دواجار فرمێســکەکانم کۆکردنەوەو بەمجۆرە بۆی گریام. بۆ مرۆڤێک کە هەتا بڵێی زەمان لەگەڵیــدا دڵڕەق، کۆمەڵگا دڵڕەق و سیاســەت دڵــرەق. بەس منیش وەک ئــەو لە گوندەوە چوومە شــار، ویســتم لێرەوە، لە گۆشــەی مناڵییەوە، یادێکی بکەمەوە.

ئــەو ڕێبوارێــک بــوو ژیان خســتیە بــەردەم هەموو ناخۆشــیی و تاقیکردنەوەکانی خۆی. لە شۆڕشــی مەهاباددا هاوکار و پشــتیوان و لــە نزیکیشــەوە دۆســتایەتی لەگەڵ مــەلا مســتەفای ڕەحمەتیدا پەیدا دەکات و شــێخ مەحموودی حەفید لە بەهەڵە لێکحاڵیبوونێکدا ویســتویەتی بــە خەنجەرەکەی خۆی بیکوژێــت و حکومەتی ئێران

بەتاونگەلێک کە نەیکردوون، بۆی دەگەڕێت و لەناو پۆلیسخانەی سلێمانیدا حزبێک دروستدەکات تا لەهەر کاتێکدا بیانەوێت سنوور بۆ ئەو دەسەڵاتانە دابنێن، کە دەیانەوێ ڕۆحی کوردایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا بکوژن. لەلایەن ئاغاکانی قەڵادزێ و رانیەوە دەبێتە میرزا و نازناوی مەنگوڕی هەڵدەگرێ، بەبێ ئەوەی سوودێکی دیکەی دەستبکەوێ.

لەدوای شکستهێنانی باوکی لەکاری کشتوکاڵدا، ناچار بەکاری تووتنفرۆشی روودەکاتە بەغدا و مەنگوڕی و داییکی بە تەنیا جێدەمێنن. تا ئەو تەمەنە مەنگوڕی لە قوتابخانە و لەلای مەلا بە ئاکامێکی ئەوتۆ ناگات و دووچاری گەلێک کێشە و سزا دەبێتەوە، کە هیچیان لەگەڵ تەمەن و ئەزموونی ئەودا ناگونجێن. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بە ڕەزامەندیی دایکی و بۆ سۆراخکردنی باوکی، کە بۆ تووتنفرۆشی چۆت بەغدا، بۆ یەکەمجار لە قەڵادزێوە سەفەری شارۆچکەی کۆیە دەکات و تووشی سەرسوڕمان دەبێت. ئەمە لە ساڵی ١٩٢٤دا ڕوویداوە. لێرەشەوە، شوێنگۆڕکێ بۆ ئەو مانا و دەلالەتێکی تایبەت وەردەگرێت و یەکسەر کاریگەریی دەکاتە سەر ناخ و کەسایەتیی و پرسیاری لەلا دروستدەکات:

(لەسەر ڕەزامەندیی دایکم چوم بۆ کۆیە. هەر کە پێم نایە ناو شاری کۆیە سەرم سوڕما، چونکە شاری وا گەورەم نەدیبوو. کۆیە بە نیسبەت قەڵادزە نیمچە لاهورێک بوو، لەبەر خۆمەوە ئەم وت تۆبڵێی هیچ شارێک لە کۆیە گەورەتر بێ؟)

ئەم دێرە پڕمانایانەی لە کتێبی (بەسەرهاتی مەنگوڕی)دا نووسیون، کە بۆخۆی شاکارێکە لە بواری بەسەرهات نووسیندا. ئەو لەم کتێبەیدا هەندێ بەسەرهاتی گرنگ و مانادارى هەڵبژاردوون، کە پڕن لە ئەزموونی مرۆیی و ئەو پرۆسە مەعنەوییەی کە لە

میانــەی گێڕانەوەکانیدا پێیدا تێپەڕ دەبین، مرۆڤ تووشــی تاســان دەکات. مەنگوڕی بێکۆتا جوان دەنووســێ و گۆشەنیگای نزیک بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە دوورەکان هەڵدەبژێرێ و بەمجۆرەش خوێنەر لە ئەزموون و رابردوو نزیک دەخاتەوە. ئەو نووسیارێکە کار لەسەر نزیکخستنەوەی ئەزموونی تایبەت و ئەزموونی گشتی دەکات..

شار بۆ مەنگوڕی جیگەی حەپەسان و دیاردەیەکی نوێیە. ئەو دوو وێنەی شارمان بۆ دەکێشێ، کە یەکێکیان شاری کۆیە و ئەویتریان شاری بەغدایە. لە وەسفەکانی ئەودا وێنەیەکی سەرەتایی شار هەیە، کە مایەی تێرامانە و وەسفەکانی ئەو بۆ شار، نزیکن لە ڕوانگەیەکی دیاردەناســانەوە. لەو پەرەگرافەدا لە ڕووی ئەخلاقییەوە، پابەندێتی خۆی بەداییکییەوە ئاشــکرا دەکات و تا کۆتایی کتێبەکە وەفادارانە باسی ئەو پەیوەندییە و دایکی دەکات.

شــوێن، لە نووســینی مەنگوڕیدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێتە جێگــەی ســەر ســوڕمان و هەڵگــری دەلالەتی تایبــەت و ئەمەش پرســیاری لەلا دروستدەکات. لەلای مەنگوڕی شار شوێنێکی نوێیە و ئەو بەســەریدا دەکەوێ و ئەمەش بە قووڵیی دەیهەژێنێ. لێرەوە، لــەلای مەنگوڕی پەیوەندییەک لە نێوان شــار و بیرکردنەوە، شــار و بەراووردکــردن و شــار و خودێتــی پێکــەوە بەرجەســتە دەبن. ڕەنگە مەنگوڕی یەکێک بێت لەو یەکەمین نووســەرە کوردانەی بۆ یەکەمجار گوزارشێکی مۆدێرن لە دیاردەی شار، ئەتمۆسفێری شار لە شــێوە سەرەتاییەکەیدا دەکات، کە بۆ من زۆر جێگەی بایەخدان و بیرکردنەوەیــە. مەنگوڕیی بەچاوی منداڵێکی هەرزەکارەوە شــار دەبینێ و سەرنجەکانی خۆی لەسەر تۆمار دەکات.

ئەو لە شاری کۆیە دەبێتە مرۆڤێکی تر، یەکەمجار سەری دەسووڕمێ و زمانی پرســیاری دەپشــکوێ. دووەمینجار، دەکەوێتە بەراوورد

کردن و نرخاندن لە نێوان شار و ناشاردا، چونکە گەورەیی و شوێن، لە شـێوەی شاردا بۆ ئەو دەبێتە پرسیار و (گەورەیی و قەبارە) لە بیچمی شـاردا دەبینێ و ئەمەش وای لێدەکات بەراووردیی قەڵادزە و کۆیە بکات و دوّوەمیانی وەک نیمچە لاهوورێک، دێتە پێشچاو.
لە دوای ئەوە شـار بۆ ئەو نیشانەی ناسینەوە و ئامادەیی دەوڵەت و دەسـەڵاتە: ئەو کە پێشـتر پۆلیسـی نەبینیوە، پۆلیسـی لێدەبێتە نیشـانەی دەسـەڵات و بە مرۆڤگەلێکی (چارەقوورس)یان وەسـف دەکات و لە ڕێگەی وەسـفکردنی پۆلیسەوە، شتێکمان لەسەر جەبر و سـتەمی دەسـەڵات لەلای کورد و لە ڕوانگەی ئەم میللەتەوە بۆ ڕووندەکاتەوە.:
(کە چاوم بە پۆلیس کەوت، واقم وڕما، ئەمووت ئەبێ کەس بتوانێ پتر لەم چارەقورسـە ناشـیرینیانە بڕوانێ و زراوی نەچێ. چونکە پۆلیسم نەدیبوو، زۆریان لێ ئەترسام نەمدەویست بیانبینم بەتایبەتی نیشانەی سێدارەکانیان شتێکی زۆر بەسام بوو).
بنەمای ناسینی مەنگوڕی بۆ دەسەڵات، کە لە هەمان کاتدا نیشانەکانی بنەمای گشـتیی ناسـینی مرۆڤی کوردی لەو قۆناغەدا بۆ دەسەڵات لە خۆی گرتووە، تەماشـا و بینینە. ئەو لە ڕێگەی تەماشـاکردنەوە وێنەیەکی سایکۆلۆژی لەسەر دەسەڵات بە وردبوونەوە لە کەسایەتی پۆلیس، لە مێشک و زەینی خۆیدا دادەڕێژێت و ترس لەلای دروست دەبێت.
ئەم وێنەیە بۆ دەسـەڵات، لەلای کورد تا ڕادەیەک وێنەیەکی جێگیر و گشـتێنراوە، کە مەنگوڕێ لە شـێوە سـەرەتاییەکەیدا گوزارشی لێکـردووە. ئـەو وەکـو منالّکارێـک، نایـەوێ پۆلیس و نیشـانەی سێدارەکانیان ببینێ و لێرەشەوە، شار ڕەهەندێکی بێزارکەری خۆی بۆ ئەو ئاشـکرا دەکات. مەنگوڕی لێرەدا بەیادهێنەرەوەی سوارەی

ئێلخانیزادەیــە، بــەڵام وێنەی مەنگووڕی بۆ شــار، لەســەر بنەمای وێناکردنی دەســەڵاتەوەیە و بنەمای وێناکردنی ئێلخانیزادە بۆ شار لەسەر وردبوونەوەی لە ماشێن تەکنەلۆیا..

ســێەمین خەســڵەتی شــار لەلای مەنگوڕی، بریتیە لە قەڵەباڵغی و شــلووقی و جەنجاڵی. ئەو بە پەیســەر و سۆراخکردنی هاوڕێیەکی باوکیــدا و لــە کۆلانێکــی کۆیــەدا ڕێــگای لێتێک دەچێــت. ونبوون ئەنجامێکی شیاوی سەرلێتێکچوون و ڕێگا ونکردنی ناو قەڵەباڵغیە. ئەمە ئەو ســاتەوەختەی منالیمان بیر دەخاتەوە، کە هێشــتا جەستە بە شــوێنی نــوێ ڕانەهاتووە و گونجان لە نێوان شــوێن و بکەردا دروســتنەبووە. شــوێن بــە جەســتە نامۆیە و جەســتە بــەردەوام ڕووبەڕووی سنوورەکانی شوێن و شتەکان دەبێتەوە. ساتەوەختێکی بنیامینیانە لە وەسفیدا بۆ تەنیایی مرۆڤ لە شار و ڕۆحیی گەڕیدە ئاسای، کە هاوشانە بە سەرسووڕمان و نامۆیی..

چوارەمین خەسڵەتی شار، بریتیە لە فرەیی و جیاوازیی و هاوکاریی نێوانیان. مەنگوڕی لە گێڕانەوەی بەســەرهاتەکانیدا، وێنەیەکی فرە کولتووریانە و فرە نەتەوەییانەی عێراق و کوردســتانی ئەوسامان بۆ دەکێشــێ بــە هەموو ڕەهەندە ئەتنیکــی و ئایینی و کولتوریی و تەنانەت جوگرافیاییەکانیشیەوە.

(بەیانی بەهۆی (مالموک) ناوێکی جولەکەی کۆیی کە ئاشنای کاسبی بوو لەگەڵ باوکما، تەلەگرافێکم بۆ باوکم لێدا..)..

مەنگوڕێ لە مانەوەیدا لە کۆیە، وەک یەکەمین شار کە ئەوسا و لەو تەمەنــەدا بینیویەتی، گۆڕانیی گەورە بەســەر کەســایەتیدا دێت، کە تەنیا شار دەتوانێ لە مرۆڤدا دروستیبکات. ئەو لە حوزنی دووریی باوکــەوە، لە ڕووی ســایکۆلۆژییەوە دەپەڕێتەوە بــۆ چاوکراوەیی و تەماعــی بینین و ئەزموونی زیاتر دەیگرێ. ئەو پێشــتر بۆ هاتنە

کۆیـە مۆڵەت لە دایکی وەردەگرێ، بـەڵام مانەوەی لە کۆیە بەرەو جۆرێ لە سـەربەخۆیی و بڕیاردانی دەبات و ئازادانە بڕیار دەدات بچێت بۆ بەغدا. ئەم سـەفەرانە لە پاشاندا و لە پرۆسەی نووسینی مەنگوڕیدا، بە تایبەتی لە شـاکارەکەیدا (گەشتی ئەستێرەی مەریخ)، ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە. مەنگوڕی دوایەوەی گەشتەکانی لەسەر زەوی لە شـێوەی شـوێنگۆڕکێدا بە ئەنجام دەگەیەنـێ، دەکەوێتە کەڵکەڵەی گەشت بەرەو مەریخ، بەرەو ئەستێرەیەکی تر..

لەگەشـتەکەیدا بەرەو بەغدا گەلێک ڕووداوی سەرسووڕهێنەر، کە هەموویان بەڵگەن لەسەر سرووشـتی یاخیگەرانە و بەرگریکەرانە و لە هەمان کاتیشـدا دڕندانەی مـرۆڤ، باس دەکات. لەوێدا بۆمان دەردەکـەوێ، کە مرۆڤی ئەم دەڤەرە لـە قووڵاییەکی ڕەگاژووەوە، کەسایەتی خۆی لەسەر بنەما عەقیدەیی و ئایدیۆلۆی و خورافییەکان بیناکردووە و ڕق و بێگانەپەرستی و ململانێی مەزهەبی و ملکەچی و خۆبەکۆیلەکردن، بەشـێکی جیانەکراوەن لە کەسـایەتی عێراقی. لەگەڵ ئەوەشدا، مەنگوڕی بە نیگایەکی هەرەزەکارانەی پاکەوە، کە بەیادهێنەرەوەی یەکەمجاری چوونە بەهەشتی مرۆڤە، دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی دیاردەناسانەی شار، ئەمجارەیان شاری بەغدا:

(ئێوارەیـەک کتوپـڕ گەیشـتینە ناو شـاری ئەلئەعزەمیـە. ئای لەو سـەیرانگە سەرسـوڕهێنەرە، تۆ بڵێی ئێرە بەغدا بـێ یان وڕێنەی برسێتی ئەوەم نیشان ئەدا؟ خۆ ئێرە لە کۆیە گەورەتر و خۆشترە، بەم سەرسـامییەوە کەڵاکەکەمان لە خوار نەخۆشخانەی مەجیدیە لەنگـەری لادا، لـە کەڵەکەکە دابەزیم، ئەوە هـەوەڵ جارە کە چاوم بـە ئۆتۆمبێـل و عەرەبانە ئەکەوێت. ئای بە خوا شـتیکی سـەیرن، هەر ئەوەندەم زانی لەناکاو گڵۆپی ئەلەکتریکەکانی بەغدا داگیرسان،

بەڕاستی ئەو چاوئەندازەیەم بەلاوە شتێکی سەیر بوو کەوا وێنەی گڵۆپەکان لەناو ئاوی دیجلەدا ئەتروسکانەوە، ئێرە لەکوێ و قەلادزەی پڕ لە وەحشیەت و نەزانین لەکوێ؟ دەمم بووبوو بە تەڵەی تەقیو، هەرچەندم ئەکرد نەمدەزانی سەیری چی بکەم، لام وابوو لەژێر ئاویشا هەمان شار و کارخانە و ئەلەتریک هەیە، نەمزانی کە وا وێنەی کارەبا و خانوو حەزەڕاتی سەر زەوییە و ئینعیکاسی بۆ ئاو و هەواو شەپۆل کردووە و ئەیان جووڵێنێ..).

ئەم دێڕانە سەرسامبوونێک پیشاندەدەن لە یەکەم بەریەککەوتنی سۆژەی کوردی لەگەڵ دنیای شێوەمۆدێرن و جیهانی مۆدێرنیزاسیۆندا. جیهانێک کە هاوکاتە لەگەڵ لەخۆتێگەیشتنێکی نوێ و دروستبوونی هەستی دواکەوتوویی و نامۆبوونی خود لەگەڵ واقیعیی خۆیدا. ڕەنگە ئەم دێڕانەی مەنگوڕی گوزارشێکی دیکەی هەمان هەستکردن بن، کە لە کاتی خۆیدا و لە پێش ئەودا، هەر یەک لە نالی، حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرد لە شام و ئەستەمبووڵ و حیجاز، پێیدا تێپەڕیبوون. گوزارشێک، کە مرۆڤی بیرکەرەوەی کوردی لە دنیای پێشمۆدێرن و کۆگەراییەوە دەگواستەوە بۆ جیهانێک، کە تیایدا خود هەست بە بوونی خۆی بکات و لەهەمان کاتیشدا ئەزموونی لەخودنامۆبوون تەی بکات. مەنگوڕی نووسەری ساتەوەختێکی گرنگە لە مێژووی ڕۆحیی و بیرکردنەوەی ئێمەدا، کە تلاوتلی ڕۆژگار ڕێی ئەوەیان لێنەگرت، تەعبیرێکی ڕاستەقینە لە خۆی و سەردەمەکەی بکات..

نازانم بۆ لەبیرمان کرد؟

مەهدی خۆشناو

پیاوێـک بـوو لە پەیمان و کارکردن، لەبەر ئەوە هەمیشـە پڕکار و ماندوو، لە دوو شـوێنی جیاوازدا کاری دەکرد: بارەگای پارێزگای هەولێر و بارەگای یەکێتی نووسـەران، کە پاشـتر لەو دوو شوێنە کەسیتر نەیتوانی جێگەی بگرێتەوە و بگاتە ئاستی ئەو.
من لەسـەرەتاکانی ساڵی دوو هەزارەوە، مەهدی خۆشناوم ناسی، بـەڵام زۆر زیاتر لە ناسـینی تایبەتی و لـەو پێگەیەی ئەو هەیبوو، لەڕێگەی دکتۆر زەردەشـتی کوڕییەوە، خۆشمویست. هەردووکیان بـۆ مـن جێگـە و پێگـەی تایبەتیـان هەبـوو، هەردووکیشـیانم لە کارەسـاتێکی دڵتەزێنی ئەم شـارەدا لەدەسـتدا. مەهدی خۆشـناو پیاوێکـی ئیدارییی بوو، کە لە ڕووی سیاسـییەوە وەفادارییی پارتی دیموکرات بوو، بەڵام ئەو بۆخۆی خۆی پەروەردە کردبوو. نازانم لە ناخی خۆیدا چۆن بیریی دەکردەوە، بەڵام من هەمیشە هەستمدەکرد ڕێزێکـی زۆرم لێدەگرێـت و ئەمەش دوو لایەنـە بوو. جگە لەوەی

لــە ماڵەوە ســەردانی دەکردم، ئاواش بۆ هەمــوو کۆڕ و بۆنەیەکی یەکێتــی نووســەران بۆخۆی بانگهێشــتی دەکــردم و زۆرجاریش، وێڕای ئیلیتیزامە سیاسی و ئیدارییەکانی، دڵی خۆی بۆ دەکردمەوە. جگە لەوەی دڵســۆز و بوێر بوو، ئەو شتێشــی بەدەستەوە دەهات، قســە و بڕیاری یەک بوون و ئەگەر وەعدێکی پێدەدایت، جێبەجێی دەکــرد. جگە لە ســەیرانەکان و کۆڕەکان، چەند جارێک ســەردانی ماڵەوەییــم کــرد و هەرجــارێ تەلەفۆنــم بــۆ کردبــا بــەو پــەڕی حورمەتەوە پێشــوازیی لێدەکردم، ئەمە جگە لەوەی بۆ هەموو کۆڕ و چالاکییەکانم دەهات و تەنانەت دەمبیســتەوە کە خۆی خەڵکی بۆ سەمینارەکانم بانگهێشت کردووە. پێشئەوەی خۆشناوی ڕەحمەتی بناســم، هەرگیــز نەچووبوومە ناو پارێــزگای هەولێر، کاتێکیش کە چــووم ئەو حورمــەت و ئەتەکییەت و کرانــەوەی لێدەباری. دوای شەهیدبوونیشــی، دوو جــاری تر چوومەوە، کە هەرگیز نانووســم بە چ مەبەســتێک! هۆکاریی سەردانەکەم ئاشتکردنەوەی بوو لەگەڵ کەســێک، کە مــن خۆشمدەویســت. دەمزانیی کەســانیتر پێش من چووبوونە ئەوێ و بە قســەیانی نەکردبوو. منیش پێشئەوەی بچم، پرســم بە یەک دوو لە هاوڕێکانم کرد و گوتیان بچۆ بە قســەی تۆ دەکات. کاتێ دانیشــتینەوە، تەماشای قووڵایی چاومی کرد و گوتی: «دەزانم شــتێکت لە دڵدایە، تەنیا ئەوە نەبێت، هەموو شــتێکی ترت بە گوێ دەکەم». منیش گوتم، «هاتووم تا ئەوەی لە دڵمایە بهێنیتە دی». چاییمان خواردەوە و تەزبیحمان بادا و چەند تەلەفۆنێکی بۆ هات. قاتێکی خۆڵەمێشــیی لەبەردا بوو، قوومێکی تری لە چایەکەی دا و کەمێک وەستا و ئەمجارەیان کەمێ جیدیانەتر تەماشای کردم و هاتە لامەوە: «دڵت ناشکێنم، بەڵام ئەو ئەمە ناهێنێ..». منساڵەها لەوەدوا تێگەیشــتم، نەدەبوو ئەو تکایەی لێبکەم، ئەو کەسەکەی لە

من زۆر باشتر دەناسی و بەڕاستیی ئەوەی نەدەهێنا.
مەهدی خۆشناو مرۆڤێکی ڕاشکاو بوو. شار و ناوچەی خۆی خۆشدەویست، بەڵام نەک لەسەر حسابی شار و ناوچەکانیتر. ئەو یادوەرییەکی زۆر زیرەکانە و زیندووی هەبوو، خەڵکی دەناسی و ناو و شوێنەکانی لەبیر نەدەچوون. لەگەڵ ئەوەشدا قسە لە ڕوو بوو. لە کاتی خۆیدا و دوای سەبرێکی زۆر و خۆ خواردنەوە و دانبەخۆداگرتن و کۆکردنەوەی بەڵگە و دووبارەبوونەوەی هەڵوێستە چوونیەکەکان و ئەزموونە هاوشێوەکان لەسەر کەسێک، یان کەسانێک، ئەوجا بەسەریدا و بەسەریاندا دەتەقییەوە. زۆر کەم کەسم بینیوە، لە تووڕەییدا ئەوەندە یادوەریی لەکارا بێت و ئەوەندە بە شێوەیەکی لۆجیکیانە و ڕیزبەندییانە هۆکاریی تووڕەییەکەی خۆی لە بیر بێت و بتوانێ دەریببڕێت و لە هەمان کاتیشدا ئاگای لەو دەوروبەرەی خۆی بێت، کە قسەی تیا دەکات.
جارێکیان لە شوێن و کاتێکی تایبەتدا، خۆشناو بەسەر یەکێک لەوانەدا تەقییەوە، کە دووزمانیی و دووڕووییەکی زۆری نواندبوو. ئەو هەموو ئەو حاڵەتانە و شوێنانە و کەسانەی وەبیر هێنایەوە، کە تیایاندا ئەو شتانەی کردبوو و گوتبوو، کە نەدەبوو بیانکات و بیانڵێت و خۆیان پێوە شیرین بکات و هیچیشیان ڕاست نەبوون. من بارودۆخەکەم بەلاوە پەسەند نەبوو، گوتیشم نەدەبوو ئەوە ڕویدابایە، بەڵام مەهدی خۆشناو، هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە و ماچی کردم و هاتە نێوان من و کابرای سەرکۆنەکراو و دەستی خستە سەرشانی هەردووکمان و گوتی: «منیش حەزم نەدەکرد، بەڵام ئەگەر یەک شت لەوانەی بەم برادەرەم گوتووە، ڕاست نین، با بۆخۆی قسە بکات». ئیتر هەر لەوێ دڵی نیشتەوە و دامرکایەوە و داوای لێبووردنی کرد. نازانم خەڵک چۆن لێی تێدەگەیشتن و

دوایـی چۆنیان باس دەکرد، بەڵام من ئـەوم وەک مرۆڤێک دەبینی کە ئاسان هەڵدەچوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێ لە دڵ بگرێ و هەرگیز باکی نەبوو لەوەی دەمودەسـت دەسـتت لە مل بکات و بکەوێتەوە گێڕانەوەی بەرسەرهات و نوکتە و قسەی خۆش.

خۆشـناو ڕێـزی میـوان و خۆیـی لابـوو. مرۆڤێـک بـوو دڵنیایی پێدەبەخشـیت، لە پارتییە کاربەدەسـتەکانی هەولێردا کەسـێتریان هێنـدەی مەهدی خۆشـناو بۆ نووسـەران و ئەهلی فیکـر و قەڵەم ڕاسـتگۆیانە و بوێرانـە و بەبـێ چاوەڕوانیـی و جیاوازییکـردن، خزمەتی نەکرد. دەکرا حسـابیی لەسـەر بکەیت و هەمیشە هەستت دەکـرد ئەوت لـە کەنارەوەیە. لـە بۆنەکاندا بێ فیـز و لوتبەرزی، لەوسـەرەوە دەهات و ئەملاولای ماچدەکردی و هەمیشە بۆنخۆش و ڕیش تاشـراو و پۆشـتە و پەرداخ. زۆر گوێـی نەدەگرت، بەڵام ئـاگای لێـت بـوو، هیچ هەڵوێستێکیشـی بیـر نەدەچـۆوە. زووش خەڵکـی دەناسـی و بۆی دەردەکـەوت بایی چەندن. ئەو هەمیشـە وزەیەکی زۆری لە برادەرایەتی نووسەران و شاعیران وەردەگرت، بە کۆچکردنیشـی ئەهلـی قەڵەم، نەک لە هەولێـر، بەڵکو لەهەرێمدا پشـتیوانێکی چـالاک و بوێـر و دڵسـۆزیان لەدەسـت دا. مەهـدی خۆشـناوبوون بۆ مەهدی خۆشـناو خۆش و ئاسـان نەبوو: دڵنیام ئـەو ئەوەنـدەی بـۆ کەسـانیتری دەکـرد، بۆخۆی ئەوەنـدەی بۆ نەدەکرایەوە، هەندێکمـان تەنیا ئەوکاتە ئەومان بیر دەکەوتەوە، کە کێشـەیەکمان بۆ پێشـدەهات، کەچی ئەو هەمیشە هەمووانی لە بیر بوو. لەسـەروەختی لێدانی ڕژێمدا، کە شـار چۆڵ و هۆڵ ببوو، من بە خۆم و ڕیکۆردەر و جێب چیرۆکییەکەمەوە، دەهاتم و دەچووم. زۆر بـە دەگمـەن خەڵکم دەبینـی. کتێبفرۆشـییەکەی (کاک خالید) لەسەر شـەقامی مەحکەمە، دەکرایەوە و سـەردانیم دەکرد. جاری

وا هەبوو لە بارەگاکانی پێشـمەرگەی دەرەوەی شـار، پێشـمەرگە دەسـتیان لێڕادەگرتم و دەیانگوت بمانبـەرەوە بۆ هەولێرێ. ئەوان لە چاوەڕوانییەکی بێهوودەدا ڕۆژەکانیان تێدەپەڕین. لەسـەرەتاوە گومانی ئەوە دەکرا، ڕژێم لە تۆڵەی کەوتنیدا لە بەغدا و ناوچەکانیتر، دەسـتێ لە هەرێمی کوردستان بوەشێنێ و کیمیایی بارانمان بکات. لەو چاوەڕوانیانەدا، پێشمەرگەکان تینووی دیدار و ماڵ و خێزانیان بوون. لەو سـەروەختانەدا بوو، ڕۆژێکیان خۆشـناوی نەمر زەنگی بۆ لێدام، (ئەو کوڕەک تیلەکۆمە لەو کاتەدا فریشـتە بوو)، خۆشناو تەنیاییەکەمـی شـڵەقاند و زۆر خۆشـحاڵ بوو بەوەی لەناو شـار مـاوم. لە تەلەفۆنەکەدا هاواریی دەکرد: «چیت دەوێ لەبۆت بنێرم، هەرچیت پێویسـت بـوو بە من بڵێ..ها». دڵسـۆزیی لـە گەرووی دەباری و من دەمزانی ئەو بە چ سووربوون و حەماسێکەوە قسان دەکات.

من نازانم ئایا ئەو لەبیر کراوە یان، نا؟ نازانم کێ ئەوی لەبیر کردووە و کـێ بیریی دەکات؟ بەڵام من دڵنیام ئەو لە ژیانی ڕۆشـنبیریی و ئیداریـی و سیاسیشـدا جێگەی خاڵیی و دیارە و کەسـیش نەبووە جێگرەوەی. ئەو پیاوێک بوو لە دەرەوەی گەندەڵی و دزی و غەدر. ڕەنگە کەسـانێک بە هەڵە لە کەسایەتی ئەم پیاوە تێگەیشتبن، بەڵام دڵنیام ئێستا بەخشیویانە. من دڵنیام ئەو لە ژیاندا بمابایە، زۆرینەی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی سـاڵانی پێشـووی ئەم شارە، ئاراستەیەکی تریـان وەردەگـرت، ئاراسـتەیەکی ئاشـتیخوازانەتر و مرۆڤانەتر. دڵنیاشم پارکەکان جوانتر و عاشقانەتر دەبوون. زۆر حەزم دەکرد لەگەڵ دکتۆر زەردەشـتی کوڕیدا پێکەوە بیانبینم، بەڵام دڵتەزێن و ئازاربەخش بوو پێکەوە شەهیدبوونیان و هەرکات بیرم دەکەونەوە، حەزدەکـەم دەسـتم بخەمە ناو دەسـتە گەرمەکانی زەردەشـت و

ڕوومەتە نەرمە بۆنخۆشـەکانی خۆشـناو ماچ بکەم کە بەو لەهجە تایبەتەی دوو قسەی بە بناگوێتا دەدا..

بیرکەرەوەیەکی دانسقە..

مەسعود محەمەد:

بیرکردنەوە لە زمانیی کوردیدا مەترسییەکی گەورەیە: بیرکردنەوە لـەم چوارچێـوە کولتووریی و زمانیـەدا هەتا ئێسـتاش نەریتێکی ڕەگاژووی دەوڵەمەندی نیـە و ئەمەش وایکردووە، بیرکەرەوەکان لەم کۆمەڵگایەدا زیاتر گۆشـەگیر و بەخۆدا ڕۆچوو و دوورەپەڕێز بن. ڕەنگە ئەمە سرووشتی بیرکردنەوەی جیدی خۆیشی بێت، نەک سرووشتی بیرکەرەوە خۆی.

ئـەو پیاوێکی کەم نەبوو، مرۆڤێک بوو ناتوانیت بەئاسـانیی بەلایدا تێپەڕیت: بڕواناکەم کوردێک لە هەرێمەکەی ئەودا هەبێت و هاتبێتە نـاو جیهانـی ڕووناکبیرییەوە و پێویسـتیی بەوە نەبیت مەسـعود محەمەدی مامۆسـتا و بیرکەرەوە بناسـێت. ئەو کەسایەتییەکە، نە دەتوانیـت لـە دوورەوە خۆشـتبوێ و نە لە نزیکـەوە دوژمنایەتی بکەیت. نە بە ئاسـانی دەبێتە دۆسـت و نە سـاکارانەش بۆت هەیە ڕەتیبکەیتەوە. لە هەردوو حاڵەتدا پێویستە بیناسیت و هۆشی خۆت

بخەیتەکار. ئەو زمانێکی هەیە دەربڕی هۆشێک و بیرکردنەوەیەکی تایبەتە.
هەرگیــز لە نزیکەوە نەمبینیــوە، جگە لە جارێک، کە لە هوتێلێکدا بە تەنیا و لەســەر کورســییەک دانیشــتبوو، کاتێکیش بەدوایدا چووم، پێیانگوتــم: چاوەڕوانیی کەسـێک دەکات. ئەمە بــووە هۆی ئەوەی ڕێگــە بەخۆم نــەدەم بچمە خزمەتی. بەڵام لە مێژە ئاشــنایەتییەکی سادەم لەگەڵ نووسینەکانیدا پەیداکردووە، بگرە من لە خوێندنەوەی وتارەکانییەوە بە زمانی عەرەبی و لە ساڵی هەشتاکاندا، کە زۆریشم لێنەدەزانی، دەستم پیکرد. دواجاریش سەر لەنوێ لە ئەوروپا هەندێ بەرهەمی دیکەیم خوێندەوە، وەک بیرەوەریەکانی، حاجی قادرەکەی و نالیەکەی.
وتارەکانی ئەو درێژ و بە عەرەبییەکیش کە قورس بوو، دەینووسی. ئەمەش وەک گوتم، دەگەڕێتەوە بۆ ســەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابــردوو. بەڵام ئەوەتەی هــەم، هەر ئەوەندەم چــاک کردووە، کە بەوجۆرە لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەددا ئاشنا بووم و پەیامیشم بۆ ئەو کەســانەی دەیانەوێ ئەم مرۆڤە بناســن، هەر ئەوەیە کە لە خۆیەوە دەستپێبکەن و بەرهەمەکانی بگرن و بیانخوێننەوە.
ساڵەکان و تەمەن فێریان کردم دوو مەسعود محەمەد لەیەکتر جیا بکەمەوە: یەکەمیان ئەو پیاوەی بیری دەکردەوە و بیرکردنەوەکانی بەو ســتایل و زمانە دەنووســینەوە، کە لە بەرهەمەکانیدا دیارن و پێموایە ڕۆژگارێک دێت پێویستیی ڕۆشنبیریی ئێمە بە گەڕانەوە بۆ ئەم پیاوە، زیاتر بێت.
دووەمیشــیان مەســعود محەمەدێــک بــوو لەنــاو قســە و باســی شــوێنکەوتوو و بڕوادارانیــدا. مــن ئەمەی دواییان باش ناناســم و زۆرجاریــش گەلێک بیــروڕای ئەو مامۆســتایەم بەجۆرێکی دی لە

زمان ئەوانەوە گوێ لێبووە کە شەیدای بوون و لە نووسینەکانی خۆیدا نەمبینیون. ئاساییە مرۆڤ تا سنووری شێتیی و شەیدایی ئاشقی نووسەرێک بێت، بەڵام مەترسیدارە بۆ ئەو نووسەرە کە ئەوانیتر بیانەوێ بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆیان بەوجۆرە بخەنە ڕوو، کە هی نووسەرەکەن، نەک خۆیان. نووسەرێک، هەر تەنیا لە بیروبۆچوونەکانی خۆی بەرپرسیارە و پێویستە لە چوارچێوەی ئەو شێوازەدا کە پێی دەنووسێ و ئەو سیستەمە زاراوەییەدا کە بیری تێدا کردۆتەوە، هەڵبسەنگێنرێ. هەڵسەنگاندنی لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیروڕایانەی خەڵکانیتر بەو جۆرە خستوویاننەتە ڕوو، وەکئەوەی هی نووسەرەکە بن، کارێکی دادەوەرانە نیە، بەتایبەتی کاتێ ئەو ئیتر بۆخۆی لە ژیاندا نەمابێت. خوێنەران وەک ئاوێنەیەک وان، کە هەریەکەیان لە ئاستی کەسایەتی و تێگەیشتن و ئەزموونی خۆیاندا، بابەت و کەسایەتی و بیرکردنەوەی نووسەران پەرچ دەکەنەوە و ڕەنگدانەوەکان جیاواز دەبن. ئاوێنەکان جیاوازن، چ جای ئەوەی ڕاستگۆش نین.

بۆیە من بەردەوام دەگەڕێمەوە سەر ئەزموونی خۆم و ئەوەی لە ئەنجامی خوێندنەوەوە، لەو مرۆڤە تێگەیشتم. لەم میانەیەشدا بەردەوام پرسیارێکم لە خۆم کردووە، کە دەمەوێ لێرەدا ئەو وەڵامە نیوەناچڵییەش بخەمە ڕوو، کە تا هەنووکە پێی گەیشتووم: چی لە مەسعود محەمەد دا هەیە بۆ ئەمێستاکە گرنگە و چۆن نەوەی داهاتوو بۆی بگەڕێتەوە؟

مەسعود محەمەد بە ستایلێکی قورس دەینووسی، لە بواری هزر و بۆچوونی فەلسەفیی و پرسیاری گرنگدا دەینووسی و دووروودرێژ دەینووسی و سەرچاوەکانیشی بە دەگمەن ناو دەبردن. بەڵام ئەو بەردەوام لە قوڵاییدا مایەوە. داڕشتن و ستایل و زمانەکەشی

بەجارێـک لەمەدا هاوکاری بوون و ئەو دەیتوانی هەمیشـە وێنەی بیرکەرەوەیەکـی جیـدی و مرۆڤێک کە ژیان بە ئاسـانیی ناگرێت، لەسـەر خۆی بەرهەم بهێنێت. بۆیە لە خۆتەرخانکردن بۆ شێوازی ئـەو، ئەرکـی خوێنەر گران و کەم و ئاسـان نییـە. ڕێکردن لەگەڵ بەرهەمەکانی مامۆسـتایەکی وا گەورە و پەی بردن بە ناوەڕۆکیی کارەکانی و دۆزینەوەی هۆکاری ئەو تەرزە بیرکردنەوەیە، ئەرکێکە پێویستە خوێنەر بیگرێتە ئەستۆی.

مامۆستا مەسعود محەمەد، مرۆڤێکە لەسەردەمێکدا ژیا و بیریکردەوە و نووسی، کە هیچ شتێک وەک ئەوەی پێویست بوو، نەدەنووسراو ئەوەی بیریی لێدەکرایەوە، ئەوە نەبوو کە دەنووسـرا. دەسەڵات و سانسـۆر، خۆسانسـۆری و یاخیبوون، زمانی ئامـاژە و خۆلادان، وێناکردنـی میتافۆریانـەی خوێنەر کـە خۆی تێدەگات مەبەسـتی نووسەر چییە، بەشێک بوون لە ناوەڕۆکی نووسینەکانی مامۆستا. ئـەو نەوەی مەجازیانەی حاجی قادری کۆیی بوو، کە زۆری قسـە لەدڵا بوو، بەڵام لە بەختی کەچ و زەمانەی زاڵم، هەمیشـە نووکیی خامە دەشکا.

بۆیە لە نێوان بەرهەمەکانی ئەم مرۆڤە و خوێنەردا، هەمیشە کەلێنێکی بەدحاڵیبوون و بەهەڵە تێگەیشـتن ئامادەیە، کە کات و سەردەمەکە لەناو تێکسـتدا بەرهەمی هێناوە. گووشـاری کات و سەردەمەکە و سانسـۆری باو، زۆرێک لە بیرۆکەکانی مامۆسـتاکەمانی لە پێچ و دەورانی نووسـینەوە، ئاڵاندووە و ئەوەی دەکرا زۆر بە ئاسـانی و ڕوونتر دەربڕدرابا، ئاڵۆز بووە و ڕێگای کورتی بۆ درێژکردوینەتەوە. هانـدەر و ئەنگیزەی ئەمەش باڵادەسـتیی سانسـۆر و تامەزرۆیی نووسەری بیرمەندە بۆ بەردەوامبوون.

وێڕای ئەوە، مامۆسـتا مەسـعود محەمەد بەردەوام شتێکی پێیە لە

خۆماڵیبوون و ڕەسەنایەتی و دانسقەیی. بەردەوام ئاماژەیەکی هەیە بەوەی کە بەڕاستیی کوردستانی و کوردییە و خاکەڕا و خۆماڵی. چ لە زماندا و چ لە بابەت و ناوەڕۆکی زماندا. ئەمە جگە لەوەی زۆرجار زمان بۆخۆی دەبێتەوە ناوەڕۆکی خۆی و سەرنج و وردبینی مامۆستاکەمانی لەسەر چڕ دەبێتەوە، بەجۆرێ کە قسەکردن لەسەر زمان، وەک سەفەرێکی کولتووریی لێدێت بەناو مێژوو و شارستانیەتی کوردا. زمان یەکێکە لە کێشە و بابەتە هەرە گرنگ و چارەنووسسازەکانی نەوەی مەسعود محەمەد، کە ئەو بەخشین و زیادەی زۆری خستە سەر.
مەسعود محەمەد، کورتکەرەوە نەبوو، بیرکەرەوەیەکی مۆدێلخواز نەبوو، گرێی خستنەڕووی دوا مۆدێلەکانی فیکری نەبوو، بیروڕای کتێبی کەسانیتری بەناوی خۆیەوە کورت نەدەکردەوە، وەکئەوەی هەندێک کەسانی دی لە نەوەی پاش ئەو دەیکەن و کردوویانە. ئەو بیروڕای کەسیتریشی کۆپینەدەکردە و دەرخواردی خوێنەری بدات. ئەوەی کە هەیەتی، مۆرکی بیرکردنەوەی خۆی، زمان و داڕشتن و زاراوەسازیی خۆی پێوەیە، پاش تێگەیشتن و تێرامان. ئەو یەکدەستە و نوسینەکانی لە ڕەهەندی باش و خراپدا هاوبەشن. ئەمە نیشانەی ئەو مۆرکیی کەسایەتی و شێوازە تایبەتەی ئەوە.
من بەڵگەیەکی ئەوتۆم دەستنەکەوتووە، کە بەشێوەیەکی سیستەماتیک بەرهەمی بیر و هزری فەیلەسووفە خۆرئاواییەکانی خوێندبێتەوە، بەڵام ئاگاداری بەشێکیان بووە و بەبێ سەرنج و ڕەخنەش بەلایاندا تێپەڕ نەبووە. نە بتی زەینی لێداتاشیون و نە پێویستییەکیشی بەوە هەبووە بەهۆی ناوهێنانی بەردەوامیانەوە، پێگە و دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی خۆی بەسەر هاوتەمەن و هاوکاتەکانیدا بسەپێنێ. ئەو لەگەڵ مۆدێلی فیکری و مۆدەی فیکریدا نەبووە و

نەبۆتــە شــوێنکەوتەی هیچ بیرمەنــد و فەیلەســووفێک، ئەگەرچی جاروبار بە ڕێزەوە ناویان دەهێنێ.

ئەو، بابەندبوو بە کۆمەڵگای کوردییەوە، چ لە ڕەهەندە مێژوویی و چ لە ڕەهەندە ڕۆشــنبیرییەکەیدا. بەرهەمەکانی، هەم سەرنجدانێکی فراوانیــان تێدایە لە ئاســت گوزەرانــی کولتووری و ڕۆشــنبیریی کوردەکاندا و هەم چوارچێــوە مێژووییەکەی ئەوەی پەیوەندیی بە وڵاتــی خۆیەوە هەیە، لەبیر ناکات. نازانــم بە تەواوی مانا مۆدێرن ویســتبووە، یان نا، چونکە ڕەگــەزی جۆربەجۆر لە بۆچوونەکانیدا هەن و ستایشکەرانیشی وێنەیەکی تایبەتیان لەسەر دروستکردووە، کــە زیاتر بۆنی پیرۆزکــردن و بەدەر لە ڕەخنەی تێدا باڵادەســتە، بەڵام ئەو هەروەکچۆن مەیلێکی جەوهەریانەی تێدایە بۆ تێگەیشتن و حاڵیبوون لەو دیاردە و بابەتانەی بیریان لێدەکاتەوە و لەبارەیەوە نووســیون، ئــاواش بڕوای بە جــۆرێ لە کرانەوە و سیســتەمێکی لیبراڵیانــە هەیــە. ئــەو یاخیگەرێکــی پارێزخــوازە، زیاتــر لــەوەی شۆڕشگێڕ بێت. شــکۆی بنەماڵەکەی و بوونی ڕۆحێکی نەبیلانە لە کەســایەتیدا، ڕێگەی نەدەدا یاخیگەرانە بنووســێ، بەڵام یاخیگەرانە بیری لە ســەردەمەکەی خۆی دەکردەوە، ئەمەش تا ئەو سنوورەی کــە بیروڕای گەلێک لە هاوتەمەنەکانی خۆی و نەوەی دوای خۆی، وەڕسی دەکرد..

ئەو، ئەنتی زانستیی نەبوو، بەڵام دژی خستنەڕووی سیستەماتیکیانە و بۆچوونــی ئەکادیمیکیانە بوو، لەگەڵ ئەوەشــدا هەموو شــتێکیی لە زانســتدا کورت نەدەکردەوە. زانســت بۆ ئــەو تەنیا دەریچەیەک بوو، کەلێن و دەلاقەیەک و بۆچوونگەلێکی لەسەر دنیای ماتەریالی بەدەست دەهێنا، بەڵام ژیان و بوون بەلای ئەوەوە هەر تەنیا کورت

نەدەکرانەوە لە ماتەریالّیەتدا. بڕوای ئەو فراوانتر بوو لە ئەنجامگەلێکی زانستیانە و ئەکادیمیکیانە. ئەو بەمکارەی جیاکارەیەکی دیاری لە نێوان خۆی و نەوەی پێشخۆی، دروستکردبوو.

زۆر زۆرم پێخۆشە کە لەسەردەمی ئێستادا نەژیا و دوور لە کەشوهەوای ڕۆژانەی کوردی عێراقەوە ژیا. ئەم کەشوهەوایە بۆ ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە و بیرکرەوەی شێلگیر، ژەهراویە و کەم کەس دەتوانێت بە حورمەتی خۆیەوە، لە هرووژمی ناکەسان و لاساییکەرەوە و دەروێشانی هزر، ڕزگاری ببێت. ئەگەر وا نەیابە و ئەو لێرە و لە کەش و هەوای شێوە ئازادانە و بەناو دیموکراتیانەی هەرێمدا ژیا با، ئێستا مەسعود محەمدێکمان نەدەبوو، کە لە کەناڵ و میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سوکایەتی پێنەکرابێت.

قەڵا گەورەکەی ژنان:

ڕووناک خان..

پێش دە ساڵ، یەکەمجار لە سلێمانی و لە ئۆفیسی کارکردنیدا ناسیم و بە دیداری شاد بووم و هەگیز بیرم ناچێتەوە. سادەیی و حیکمەت و شەونخونی و دڵسۆزیم لە سیمایدا بینییەوە. ئەو خانمێکی ڕێک و پێک و جوان، قسە ڕەوان و بە ویقارە، بەڵام هەر زوو زانیم چیتر چاوەکانی هاوکاری نین بۆ خوێندنەوە، ئەگەرچی پێیانگوتم کە هاوکارەکانی وتار و کتێبی بۆ دەخوێننەوە و ئەویش بە وردی گوێ دەگرێت. جگەرە؟ نامەوێت باسی بکەم، چونکە ئەو بەبێ جگەرە هەست بە تەنیایی دەکات. دڵم نەهات پێی بڵێم: لێی دوور کەوە، چونکە دەمزانی تەنیایی ناخۆشە.
من باسی ڕووناک خان دەکەم، ڕووناک ڕەووف، یان دایکی دکتۆر بەرهەم. ساڵانی سەرەتای دوو هەزار بوو، گەرمەی خەباتی ژنان و داڵدەدان و دەیەی بەدەنگەوەچوونی ژنانی لە عەشرەت و خێڵ و پیاو هەڵاتووان و دەیەی فەریادڕەسی ژنانی بێچارە. ئەو لە ڕیزی

هەرە پێشەوەی ئەو داڵدەدەرانەیە، کە نەک ئێستا بەڵکو سەدان ساڵیتر تەنیا لەبەر ئەوە، نەک هەزاران کاری تر کە کردوویەتی، ناوی بە درەوشاوەیی دەمێنێتەوە.
دکتۆرەکانی چەندینجار پێیان گوتبوو، پێویستە پشوو بدات و لە شوێنی قەرەباڵغی دوور بکەوێتەوە. بەڵام ئەو پشوودان نازانێت و ماڵ و ئۆفیسەکەی کردبووە شوێنی ئیشکردن و پێشوازیی لە خەڵک: لە کۆنە ناسیاوان و لیقەوماوان و خاوەن کێشە و هەژاران. کارڕاییکەر بوو، بە شەویش هەر ماڵەکەی جمەی دەهات..
زۆر لە مێژبوو سەفەری دەرەوەی نەکردبوو، بۆیە پێشنیارم پێکرد لە خزمەتیدا بچینە بناری سیوەیل و شارباژێڕ. ئەوێ دەناسێ و بە ئاوارەیی و کار لە ڕابردوودا ئەو ناوەی بینیبوو. هیچ دوودڵ نەبوو، یەکسەر بڕیارماندا و هەفتەیەک لەوە دوا بە کاروانێکی دوو سەیارەیی بە ڕێکەوتین. ئەو زۆر جوانپۆش و خانم بوو. ژنێک مەگەر بتوانین بە دووەمین حەپسەخانی نەقیبی سلێمانی ناوی ببەین، بەتایبەتی لە خۆنەویستی و ئامادەیی بۆ بەخشین و هێورکردنەوەی بارودۆخە گرژەکان و بینینی کێشەکان لە گۆشەنیگای ژنانە و دایکانە و کوردیانەوە. زۆرجاریتر بە دیداری شادبوومەوە. هیچ کاتێک لە ناسینی ئەم کەسایەتیەی کۆمەڵگاکەمان، کە جێدەستی ڕۆژگار و ژنبوون و کوردبوون بە هەناسەکانییەوە دیارە، پەشیمان نەبوومەوە. زۆربەی جار و بە هەمیشەیی هەستمکردووە ڕووناک خان، ڕووناکترمان دەکاتەوە و ڕووبارێکە بۆ فیتنەکوژاندنەوە و هێورکردنەوە. لەم ڕووەوە بەرهەم ساڵح جگە لە لێهاتوویی خۆی، بەتەواوی پەروەردەی ئەم ژنەی پێوە دیارە، چ لە ڕاستگۆیی و چ لە ڕاشکاوی و چ لە پاکیدا. من هەر زوو زانیم ئەم خانمە بۆ هەمیشە دایکی ئەو سیاسەتمەدارەیە و وەهام بە بیردا دەهات کە لە کۆی

ئەو پۆستانەی د. بەرهەم لەم دە ساڵەی دواییدا پێی سپێردراون، ڕووناکخان وەک دایک و وەک ڕاوێژکار لەپەنایەوە ماوەتەوە. من جێدەستی بیرکردنەوە ئاشتیخوازەکانی ئەوم بە بڕیارەکانی ئەمیانەوە بینیوە. ئەو نمونەی ئەو دایکانەیە کە هەمیشە بەدوای ڕاییکردنی کێشەکان و ئاشتەواییدا دەگەڕێت.

پێش ئەوەی بەرێکەوین، لە چەندین شوێنەوە تەلەفۆنیان بۆ کردبوو، لە ئەمەریکاوە و لە بەریتانیاوە، ئاخۆ ڕاستە گەشتێک دەکات و ئاخۆ ئەو سیحربازە کێ بێت کە قەناعەتی پێکردووە بۆ ئەو گەشتە؟ کەس بڕوای نەکردبوو، ئەو بچێتە دەرەوە و کەمێک پشوو بدات. بەڵام ئەو بڕیاری دابوو بچێت خزمەکانی ئەو بنارەی سیوەیل بەسەر بکاتەوە. کاتی گەیشتینە گوندیی (بارێی بچووک)، وڵاتەکەمان بە قۆناغی وشکەساڵیدا تێپەڕ دەبوو، بەڵام لەو ناوچەیەی ئێمەدا، هاوینێکی فێنک بوو، چونکە دەستی وشکەساڵی نەگەیشتێ و درەختەکان کەسک و جوان دەیاننواند. سرووشت، سرووشتێکی تایبەت بەخۆی هەیە و پێویستە لێی تێبگەین چونکە ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی دروستکەرەکەیدا کار دەکات.

ئەو دوایی پێگوتم: هەتا نزیک و نزیکتر بووینەتەوە هەستی بەوە کردووە قورساییەک لەسەر دڵی لا ئەچێ و هەست بە ئاسوودەیی دەکات. بۆیە کاتێک گەیشتینە ئەوێ، حەزی نەکرد بە جلی فەرمییەوە دانیشێ و کردی بە ماڵی خۆی. ئەمەش ئەوی ئەوەندەی تر خۆشەویست کرد. حەوت دەروونناس هێندەی ئەو لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد نازانن. سرووشتێکی ئەنترۆپۆلۆژیانەی بەرزی هەیە و لە هەموو شوێنێک و لەگەڵ هەمووان خۆی دەگونجێنێ و هەر زوو بڕیار دەدات تێکەڵ ببێت و بکەوێتە قسەی خۆش و نەزیلە گێڕانەوە. هەرزووش فەرمووی، «من ئەم شەو لەم شوێنەیا ئەخەوم،

لە ژێر ئەم کەپرەیا، بە ساقەو بم». ئەم دەربڕینەی زۆر دووبارە دەکاتەوە، بە ئەندازەیەک دەتوانم بڵێم هیچ کوردێکی نەبینیوە ئەگەر جارێک خۆی بەساقە نەکردبێت! ئەو دایکە، داییک..

ئێواریّ، مەجلیسەکەی هێنایە پێکەنین. هەر لەسەر سفرەی نانخواردن یەک دوو قسەی ئەوەندە خۆشی کرد، کە هەمووومان ئیشتیامان کرایەوە. هیچ تەشریفاتی نەبوو، سادە و کوردانە. لێرەدا بۆ ئەو کەسانەش دەیانەویّ ڕۆژگاریّ کتێبێک و باسێک لەسەر خواردنە کوردییە کۆنەکان بنووسن و ئەو بۆنانە بزانن کە ئەو خواردنانەیان تێدا پێشکەشکراون، پێویستە ڕووناک خان ببینن و لێوەی فێربن و زانیاریە زۆر و دەگمەنەکانی بکەنە سەرچاوەی خۆیان. ئەو هەمیشە پشتی بەخۆی بەستووە. کۆی ئەو کچانەی لە دەوروبەری بوون و لەگەڵیا ژیاون ئەم خەسڵەتەیان لەوەوە وەرگرتووە. هیچکات خۆی لە خۆی نەگۆڕاوە و ئیشەکانی بەدەستی خۆی کردوون. هیچ پلەوپایەیەک ئەویان لە دایکایەتی و سادەیی و قسەحازری نەخستووە. هیچ سەرکردەیەک نەیتوانیوە گوێی لێنەگرێت. ئەو هەمیشە ڕووناک بووە و ڕووناکیبەخش..

ڕووناکخان، ژنێکی زمانپاراو، هاندەر و ستایشکەرە. ئەو ستایشی ئەو کەسانە، بەتایبەتی ئەو خانمانەی دەکرد کە لە هەرێمدا و بۆ بەرژوەندیی ژنان کار دەکەن. بۆ ئەو ژن لە هەر شوێنێک ستەمی لێبکرێت وەک یەکە و هەرکەسیش هاوکار و پشتیوانی بێت، جێگەی ڕێز. گەلێک لەو خانمانەی لە بوار و ژینگەی کارەکەیدا ناسیمن، ئەویان وەک دایکێکی نمونەیی و پشتیوانێکی پۆڵایینی ژنان لە وڵاتدا دەبینی و خۆشیاندەویست. دەتوانم بڵێم ئەو لە سەردەمی دوو ئیدارەییشدا خەمی ژنانی هەولێر و ناوچەکانیتری هەبوو. هەربۆیەش ئەوکات بوێرانە سەنتەریان کردەوە و بەو پەڕی زرنگییەوە کاری

خۆیان بردە پێش. هەر زوویش لێرە پەیوەندییەکانیان پتەوکردن و خانمانی چالاکوانی بواری ژنانی لەم شارەدا لە دەور کۆبوونەوە. بیرکردنـەوەی ڕووناکخـان ڕۆشـنگەرانەترە لـەوەی کۆمەڵـگای کوردسـتان پەسـەندیی دەکات، بـەڵام ئـەو لـە جیاتـی سـازش لەگـەڵ کۆمەڵگادا، سـووربوون و جەختکردنـەوەی هەڵدەبژارد بە خۆبەدوورگرتن لە هەرجۆرە بارگرژییەک. وام بە بیردا دێت ئەگەر کێشـەیەک هەبایە و بەهیچ کەس چارەسەر نەکرابا، ئەو ئومێدێکی چارەسەربەخشی بۆ دەبینیەوە، نەک بە قسە بەڵکو بە کردەوە. هیچ شتێک ئەوی هێندەی دواکەوتوویی هزری کۆمەڵایەتی و توندوتیژی ئازار نەداوە، بەڵام ئەوەش واقیعە کە دواکەوتوویی و نەریتخوازیی کۆمەڵایەتی لەهەر ئان و ساتێکدا بەرهەمدەهێنرێنەوە.

دوای ئـەو سـەفەرە لە زۆر بۆنەی تردا بە دیداری شـادبوومەوە. لە کۆڕێکی ئەوسـای بزووتنـەوەی ڕیفراندۆمدا پێی گوتم: «حەزم نەکرد بڕۆم پێشـئەوەی گوێم لە سـمینارەکەی تۆ بێت، بەسـاقەو بـم..». دواجار، کاتێ لە ئاهەنگی یەکسـاڵەی گۆڤـاری (والاپرێس) دا بینیمـەوە، کەمێـک مانـدوو بـوو، بـەڵام خەمەکانـی کۆمەڵگای کوردستانی بیر نەچووبۆوە.

ئـەو نمونەی ئەو ژنانەی کوردسـتانە، کە لـە ئاوارەیی و کۆڕەودا ڕێـی کەوتە خۆرهەڵاتی کوردسـتان و لەوێش دۆسـت و هاورێی دۆزینەوە، کە هەتا ئێسـتاش بە پێچەوانەی زۆربەمانەوە، کە چیتر میوانداریـی و داڵـدەی کوردانی خۆرهەڵاتی وڵاتمـان بیر نەماوە، وەفـادارە بـۆ ئەوانەی لـە خەمیدا بـوون. ئەمێسـتا چاوەکانی کز بوون، بەڵام دڵەکەی وەک هەمیشـە لە جاران گەورەترە. هیوادارم هەر لەناوماندا بێت بە لەشـی ساخ و تەمەنی درێژەوە، چونکە ئەو ڕووناکیە بۆ وڵاتەکەمان پێویستە. دایکم لەسەرەتای ئەم بەهارەدا، لە

ئاواییەكەمانەوە (بارێی بچووک)، تەلەفۆنی بۆ كردم و فەرمووی تا بڵێی ئێرە خۆشە، بۆچی ڕووناكخان بانگهێشت ناكەیت لە خزمەتیدا بیـن؟ ئەوێ ماڵی خۆیەتی، هەركات حەز بكات با بفەرموێت، بەهار بەبی ڕووناكایی شتێكی كەم دەبێت..

گەڕانەوە بۆ:

حەمە عومەر عوسمان

زۆرجار کە شتێکم لەسەر کەسێکی سرووشت توند و تەبیعەت شەڕانی خوێندۆتەوە، یان کتێبی نووسەرێکی تووڕە و پڕ لە هەراوهۆریام بەرچاو کەوتووە، بەدوای ئەوەدا هەستمکردووە شەڕانییەت و توندوتیژی و هەرچی گوزارە زمانییەکانی ئەو کەلتوورەی ئەو نووسەرانە قسەیان لێوەکردووە، لە منیشدا شەپۆلی داوە و زۆریشی ویستووە تاکو خۆمی لێ ڕزگار بکەم و ببمەوە بە مرۆڤێک، کە لە سادەیی خەیاڵەکانی خۆیدا، بۆ مانا جوانەکان و بەهای ژیان دەگەڕێت. نازانم ئەوە پەیوەندیی بە بوونی شەڕانییەتێکی زگماکیانەی مرۆڤەوە هەیە، یان بە کاریگەریی خێرای توندوتیژی بۆسەرمان و زوو بێداربوونەوەی خرۆشانە دەروونییەکان، کە وادەکات ئێمە لە ئاست هێزە شەڕانییەکاندا ئەوەندە زوو بێینە وەلام، یان پەیوەندیی بە ترسەوە هەیە لەوشتانەی سرووشتی و ئاسایی نین و وامان لێدەکەن، بەدوایاندا

ویـڵ بین بەنیـازی ئاشـکراکردن و ڕەواندنەوەی ترسـەکانماندا؟ بەهەرحاڵا، قورسـە پەروەردەبوون لـە کۆمەڵگایەکی توندوتیژاوی و پـڕ لە تۆڵە و ڕقدا کە زمانێکـی ئەڵتەرناتیڤ نەبێت بۆ گفتوگۆ و قسـەکردن لەسەر بوون و ژیان. لەوەش قورستر بوونی ئەدەبیات و زمانێکـی میزاجیانەیـە لە ئەدەب و نووسـیندا کـە ئەم ناکۆکەی نێـوان بـوون و ژیان و نێوان تاکە مـرۆڤ و دەوروبەری و نێوان ناخی کـەس و خەیاڵەکانی قووڵتر بکاتـەوە. ئەمجۆرە کۆمەڵگایانە و کەلتـووره توندوتیژاویەکـەی ناویان، کاریگەرییەکی سـەراپایی لەسەر پەروەردەکردنی هەستەکانی تاکەکەس هەیە و بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین لە شـتە نەرم و نیان و جوانەکان بەتاڵ دەبینەوە و پڕدەبین لەو شـتانەی کە بۆ مرۆڤبوونـی ئێمە و بەختەوەریمان پێویسـت نیـن، ئەگەرچـی مرۆییـن. لـەم کۆمەڵگایانەدا، هەسـتی گوێگرتن و بیسـتن و تێگەیشـتن زۆر لاوازە. هەروەکچۆن هەستی بۆنکردن و بینین و دەستپێوەدان هەژار دەبن و مرۆڤ لە چێژی ئەو جۆرە هەستکردنە خۆی بێبەش دەکات. ئێمە ئیتر زۆر کەم باوەش بەیەکتـردا دەکەین، زۆر کەم بە قووڵیی تەماشـای یەکتر دەکەین، ماچ و مووچ ڕۆی، زۆر کەم بۆنبەیەکترەوە دەکەین و ئیتر دەنگ و تۆن و مۆسیقای ئاخاوتنەکانمان سەرنجمان ڕادەکێشن. توندوتیژی و حەماسـە، سیاسـەت و کێبڕکێ و ناکۆکییە یەکبەدوای یەکەکان بواری پەروەردەکردنی هەسـتە ورد و ناسکەکانی ئێمەیان کوشت. تـازە ئێمە لـە تەنیایی و ڕەنگە پاییزییەکان، لە پیاسـەی شـەوان، چوونە بەرباران و گوێگرتن لە دەنگە سرووشـتییەکان دەترسـین و خۆمانیان لێدەدزینەوە. پەیوەندیمان بە ژنەوە زۆر سـنووردارە: چـی دەربارەی مێینەیی ژن دەزانین؟ هیـچ. لەمەدا زمانی هەوەس و داگیرکردن بەسـەر زمانی بۆنکردن و بینین و گوێبیستیماندا باڵا

دەستە. ئەگەر ژن بە چوکلێتێ بچوێنین، ئێمە یەکسەر دەیخۆین بەبێ ئەوەی بۆنی بکەین و هەستی پێبکەین و بیبینین. کەلتووری توندوتیژی بەهای هەموو شتێ لە دوو خالدا کورتدەکاتەوە: یا هەموو شتێ بەهای مەسرەفکردنی هەیە، بەهای خواردنی هەیە چونکە مانەوەی ئێمەی لەسەر بەندە. یان ئەوەتا هەر شتێ کە سوودی بۆ مانەوەی ئێمە نیە، بەهای لەناوبردن و خاپوورکردنی هەیە. ئەگەر شتێ شیاوی خواردن نەبێت، فڕێیدەدەین. ئەگەر ژنێکمان بۆ داگیر نەکرێت، پێستەکەی، جوانییەکەی، قژی، قاچی، جل و بەرگی، بۆن و بەرامەی، ڕەنگی، ئامادەیی، کەسایەتییەکەی، تاکایەتیەکەی، گەورەییەکەی، حەرام دەکەین. ویستی خاپوورکردن و نغرۆکردن و لەناوبردن، لە توندوتیژییەکی بێوەنەوە سەرچاوە دەگرێ، کە زادەی ژیان و کەلتوورێکە کە شاعیرییەتی خۆی لەدەستداوە.

هەروەک سەردەم و بارودۆخیی ئێستا، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، کە ئەو دەم، هەم من لە سەرەتاکانی هەولدانمدا بووم بۆ لە خۆتێگەیشتن و هەم لە دنیا حالیی بوون، پێویستیم بە دەنگێک هەبوو، کە بتوانم لە ڕێگەیەوە کەمێ دنیام لەوە زیاتر خۆشبوێ، کە خۆشمدەویست و هەم شتێکیش هەبێت ڕامکێشێتە ناو زمان و خەیاڵ و خۆشەویستییەوە، تا لەوێدا پتر بەخۆم ئاشنابم، کە جیاوازبێت لە زمانی پڕگریی سیاسەت و توندوتیژی. حەمە عومەر عوسمان دەنگی هەشتاکانی خۆشەویستی و سەدای هەمیشەیی زمانی شیعرە، کە نمونەیەک بوو هات و هەرگیز ئاوا نەبوو. لە نەوەیەکدا سەریهەلدا و بووە شاعیر و دەنگی گشت نەوەکانی پاش خۆی. لە شارێکەوە پەیدا بوو، دواتر بووە کوڕی شاران و لەنامەی عاشقانەی گشت نەوەکاندا فرمێسکی بۆ خۆشەویستی ڕشت: ئەو

لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان و لە دەشتی شارەزوورەوە بۆ دەشتی بێتوێن و بۆ قەڵای هەولێری داگیرکرد. حەمە عومەر عوسمان، دیدی زۆربەمانی لەسەر (گەڵا) و (زەردیی) و (پاییز) و (جوانی) و (جودایی) و (لووڕەی گورگ) و (گڤەی با) و، (ئێوارە) و (پیاسە) و (باران) و (دیدار) و (مەرگ) و (گۆڕستان) و (کێڵ) و (زێوان) و (گۆڕ) و (چاوەڕوانی) و (پیاسە) و (دارستان) و (ئەستێرە) و (هەور) و (ئاسمان) و بە گشتیی لەسەر سرووشت، گۆڕی و سەرلەنوێ هەستەکانی ئێمەی پەروەردەکردنەوە. ئەو لە شارێکەوە پەیدا بوو، کەچی بووە کوڕی گشت ئاوەدانییەکی ئەم نیشتیمانە. لەهەرشوێنێ دڵ هەبێ و زیندوو بێ و عاشق بێ، حەمە و شیعرەکانیشی لەوێن و نایەنەوە. پاشان سنووری وڵاتانی بەزاند و هەر لە هەشتاکانەوە، لە کۆچی گەورەی نەوە برینداره‌کەی سایەی بەعسەوە تا کۆچی نەوە نائومێدەکەی دوای ڕاپەڕین، (لەغوربەتا)یان بەبای کۆچدا بردە هەندەران و لەوێ نیشتیمانیان پێدروستکردەوە و لەوێشەوە دیسانەوە هێنایانەوە نیشتیمان. بەبێ ئەو، بەبێ ئەوەی ژەنراڵێکت لەگەڵ بێ، شەڕی تەمەن و شەڕی غوربەت کۆتایی نەدەهات. بەجۆرێ چیتر ناوی ئەو، وەک ناوی نالی و حاجی کاک ئەحمەدی شێخ و مەولاناخالیدی نەقشبەندی و هەردی، لەناوی کوردبوون و غوربەتی وڵات و حوزنی ڕۆح جیا ناکرێتەوە. حەمە لە پێگەی شیعریی خۆیەوە، بۆ نەوەی نوێی هەشتاکان، ڕێبازێکی ڕۆحیی و تەریقەتێکی مەعنەوی بوو زیاتر لەوەی تەنیا شاعیرێک بێت، شارەزا لە کێشی پەنجە و هونەری چوارینە نووسیندا.

سەرەتای سەرەتاکانیم بیر نییە، بەڵام کە بەیەکتر ئاشنابووین هەردووکمان نامۆ و هەردووکمان ماندوو و هەردووکمان وزەیەکی زۆرمان تێدا بوو، بەڵام ئەو زۆر شاعیر و زۆر لە منیش بە

ئەزموونتر، لەگەڵ ئەوەشــدا سەرەتای پەیوەندییەکی هاوڕێیەتیمان دامەزراند کە کتێب و شیعر و هەندێ وردەڕاز و گللەیی لە زەمانە و ناڕەزایەتییەکی زۆر لە دەسەڵات، ناوەڕۆکەکەی بوو.

حەمــە عومــەر بۆخــۆی فیگەر و کەســایەتییەکە، بــەلای منەوە لە شیعرەکانی جیا ناکرێتەوە: زۆرجاران ئەوم بینیوە، دەنگی هەڵبڕیوە، تۆراوە، زویر بووە، هاواریی کردووە، بەڵام هەرگیز وەک مرۆڤێکی توندوتیژپەرســت و توندڕەوخواز نەمناســیوە. ئەو تەڵقینی گەڵای زەرد دەدات و بانــگ بەگوێــی گۆپکــەدا ئەدات تــا بوونە خونچەی بیرخاتەوە.ترسی لەباران و شەوانی تەنیایی و سەردانی گۆڕستان و چوونــەوە ناو یــادوەری و وێنەکانی و بە بیرهێنانەوەی نیگار و ئەزموونە خۆش و ناخۆشە کورتخایەنەکانی لەگەڵ یاردا نییە. حەمە عومەر هەمیشــە پەروەردەکەری ئەو بەشــەی هەستەکانی مرۆڤە کە کەلتووری شــەڕانییەت و توندوتیژی، دەیانسڕێتەوە و لەناویان دەبات. ئەو کەســایەتییەکە، پێویســتە بەردەوام بگەڕێینەوە لای تا لەناو هەزاربەهەزاری زمانە نەرمەکەی و مۆســیقا و کێشــی شیعر و وێنــە پاییزییەکانییەوە، هەســتەکانمان لە هێزی لەبیرچوونەوە و لەناوچوون ڕزگار بکەین.

لەسەردەمێکدا، کە چ ئۆپۆزیسیۆن و چ دەسەڵات قسەیەکی خۆشیان لە زمانی تۆڵە و ڕق و کینە بۆ نەوەی نوێی گەنجان زیاتر پێنەماوە و کەلتــووری هەســتکووژی و توندوتیــژی و نغرۆکۆدنی یەکتر و داگیرکردنەکان بڵاو دەکەنەوە، حەمە عومەر عوسمان شاعیرێکە بە بیرماندەخاتەوە، کە زمانی ئەڵتەرناتیڤی ئۆپۆزیســیۆن و دەسەڵات، زمانــی هەســتپەروەری و ڕۆچوونەوەیە بــەرەو دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە ناسک و ورد و هەستیارەی نێوان تاکەس و دەروبەر و نێــوان دیمەن و بینین و نێــوان خود و یادوەری و نێوان ئەزموون

و کۆستکەوتن و بەردەوامیدا. حەمە عومەر شارانگەڕێکە سەر بە هەموو کۆلانێکدا دەکات و مالانگەڕێکە لە هەموو دلێکدا میوان. ئەو پتر لە هەر سەرۆک و سەرکردە و دەسەلاتدارێکی ئەم ولاتە، بەدەسەلاتتر و خۆشەویستتر، بەجۆرێ کە ئەگەر لە هەر هەلبژاردنێکدا خۆی هەلبژێرێ، بۆری هەر هەموویان دەداتەوە. حەمەگیان لە هەرکوێ هەی، ئەمجارەیان خۆت هەلبژێرە تا نەوەکان دەنگت بۆ بدەن، چونکە دەنگدان بە تۆ، دەنگدانە بە ئەو جوانیانەی کە هەرگیز لە مرۆڤدا کۆن و ناشیرین نابن: دەنگدانە بۆ "لیستی لە غوربەتا"..

ژنی لەوبەری تاراوگەوە،
لەم نزیکانەی نیشتمان..

نەزەند بەگیخانی

هیچم لەبارەیەوە نەدەزانی بەڵام ناوەکەی بۆمن سەرنجڕاکێش بوو، کە ناوی یەکێ لە قارەمانانی بەیتە کوردییەکانی بیر دەهێنامەوە. یەکەمجار نازانم لەکوێ یەکترمان ناسی، بەڵام لەبیرمە جارێک لە شارێک لە دانمارک، ساڵی ١٩٨٩ یان ٩٠ لە بازاڕی شارەکەدا، یەکێ لە هاوڕێکانم ئاماژەی بۆ خانمێک کرد و گوتی: ئەوە (نەزەندبەگیی خانی)یە.

ئەو شۆخ و شەنگ و باریک، چاووبرۆ کورد، باڵا بەرز. بەڵام من لەیەکەم نیگاوە خۆشم نەویست، چونکە وشکایەتییەکم تێدا بەدیکرد و ئەمەش وایلێکردم حەزنەکەم زیاتر بیناسم. من هەمیشە لەم بڕیارانەمدا بەهەڵەدا دەچم و ڕەنگە لەو دنیا بەتایبەتی لەسەر ئەم کارەم، سزایەکی جەهەندەمی بدرێم کە دیمەنەکەی بەمجۆرە دەبێت: من بە ڕووت و قووتی بە تەنافێکی باریکدا، کە ڕەوڕەوەیەکی لێبەستراوە، سەربەرەوخوار هەڵواسراوم و دەست

و قـاچ بەسـتراو، هەموو ئـەو خانمانەی بەوجۆرە و لـە ئەنجامی گەمژەییەکانمەوە، حوکمم بەسەردا داون، ڕیزیان بەستووە و یەکی قامچیەک بەدەستەوە. بەهۆی ڕەورەوەکەوە، من بەبەردەمیاندا دێم و ئـەوان تەماشـایەکم دەکەن و یەکی یەک قامچیـم بە ئارەزووی خۆیان پێدا دەکێشن. کاتێ دەگەمە بەردەم هاوسەرەکەم، دڵی نایەت و قامچییەکە دادەنێ و بەئارەزووی خۆی باوەشـێکم پیا دەکات و ئەمجـا یەک زللەی قاییم بە لاقوونمدا دەکێشـێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بە خێرایی بەبەردەمی ڕیزێ لەو ژنانەی بە قەمچییەوە بـۆم وەسـتاون، تێپـەڕم و دواجـار لەبەردەمـی نەزەنبەگیخانیدا دەوەسـتمەوە. ئەویش بزەیەک دەیگرێ و لەکاتێکدا قامچییەکەی بە شلیی گرتووە، پێمدەڵێ: قەیناکا، ڕێبوار گیان دەتبەخشم. تۆ پیاویت و پیاویش نەزانن!

بەمجۆرەش من بەو ئاسمانەوە، لە پیاوبوونی خۆم تەریقدەبمەوە و لەوسەرەوە، خوای گەورە فەرمان دەردەکا: بیبەخشن، مادام ئەوان بەخشییان..

ئـەو ئێوارەیـە لەماڵمـان بـوو، ئێـوارەی خۆڵبارینەکـە. پێشـتر تەلەفۆنیکـرد و گوتی: لەگەڵ دوو میـوان دێینە ماڵتان، خواردنێکی خۆشـمان بۆ لێبنێ. هەر لە حەوشـەکە دانیشتین و تا درەنگانێ بە گفتوگـۆ و قسـەکردن و پێکەنیـن، تێمان پەڕاند. لەبـەر میوانەکان زۆربەی کات زمانی هاوبەشـمان بە ئینگلیزی و دوایی بە کوردیی بـوو. ئینگلیزیەکەی من جگە لەوەی دووکـەڵ دەکا، ئاواش ئەوەی لە میشـکمدایە بە زمانێکی وێنەیی دەیکەمـە ئینگلیزی بەبێ ئەوەی وشـەی گونجاوی بۆ بەکار بهێنم. کاتێ هەستمدەکرد خۆشم باش نازانم ئەڵێم چی، کەچی ئەوان بۆیان دەسەندمەوە و هەر بەو زمانە شـیعری و میتافۆرییەی من درێژەیـان دەدایی و قاقا پێدەکەنین و

منیش لە ناخەوە بەخۆمم دەگوت: بزانە کوو تێیاندەگەیەنی! ئەو هەندێ کات بێدەنگ بوو. بەڵام هەمیشە دەم بەخەندە. قسەکانمان لەبارەی مافی مرۆڤ لە هەرێم بوو. پاشان باماندایەوە سەر مرۆڤ و ژن. ئیتر بەردەوام بووین. من خەمی ئەوەم نەبوو لە گفتوگۆکەدا دەتوانم بەگریی لە بۆچوونەکانم بکەم، یان نا، خەمی ئەوەم بوو دوایی لەسەر ئەو قسانەی کردومن، دایکی منداران هەڵوێستی چیی دەبێت. بۆیە هەر لەسەرەتاوە، ستراتیجی خیانەتکردنم لە پیاوبوون دارشت، هەتا بتوانم هەم دنیا و هەم قیامەت بەرمەوە..
لەدوای ئەو یەکەمجار بینینەی دانمارک، ئیتر نەمبینیەوە، هەتا پاریس. بەڵام ئیتر هەردووکمان لە گۆڤاری (یەکگرتن)دا، کە هاوڕێمان هەڵکەوت عەبدوڵا و گەلاوێژخان و زریان کاکەیی و لوقمان تاڵەبانی بڵاویان دەکردەوە، دەستمان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان کردبوو. ئەو زیاتر شیعرەکانی تێدا بڵاو دەکردنەوە و شیعرەکانیشی سەرنجی منیان ڕادەکێشا. بەڵام کاتێ، هاوڕێمان، ئەحمەدی مەلا وتارێکی لەسەر شیعرەکانی (یەکگرتن)، نووسی، لە باسی ستایلی شیعری نەزەندبەگیخانیدا هەندێ شتی ئەوەندە جوانیی نوسیبوو، کە منی هاندا بۆ دووبارە خوێندنەوەی ئەو شیعرانەی. هێشتاش شیعرێکیم لە بیرە، کە ناوەڕۆکەکەی باسی چوونە کەنار دەریایەک دەکات، ئەو یاداشتێک لەسەر لمی کەنار دەنووسێت. شیعرەکە باسی پێکەوەبوونێک دەکات، کە پڕە لە تەنیایی. لەمەشەوە تێگەیشتم، کە شیعری نەزەندبەگیخانی پتر لەوەی لە ڕێگەی وێنەکانەوە بدوێ، لە ڕێگەی فۆرمێکی زمانییەوە دەدوێ کە بەرجەستەکەری زەینییەتێکی مێینەییە. زمان، لەو شیعرانەی ئەودا بەرجەستەکەری شوناسێکە، کە پێشتر لە شیعری کوردیدا نەبووە، یان زۆر لاواز بووە، ئەویش شوناسی مێیەتی و چارەنووسی

ژنبوونە لە وڵات و کولتوورێکدا کە مێبوون، وەک کەمیی و لاوازیی و شکستێک لێکدەداتەوە. نەزەند لەگەڵ ئەم شکستە لەدایکبوو، بەڵام هەرگیز ئەو لێکدانەوە باوە کۆمەلایەتی و کولتووری و سیاسییەی بۆ مێینەیی پەسەند نەکرد و خۆی نەدا بەدەستییەوە. ئەو و هاوڕێ کچەکانی، تا ئەندازەیەکی زۆر توانیان لەناو زمانی شیعریی باوی کوردیدا، کە لە باشترین بارودۆخدا نوێنەرایەتی مێینەیی و ژنێتی دەکرد، زمانی ژنێتی و شوناسی مێینەیی بەرجەستە بکەن.

سەرەتای نەوەدەکان ئەنیستوتی کورد لە پاریس، بە هەوڵی فەرهاد پیرباڵ، بورسێکی خوێندنیان بەمن بەخشی، بەڵام لە چاوپێکەوتنەکەدا بەو هۆیەی لە دانمارک نیشتەجێم، بورسی خوێندنەکەیان وەک رێزلێنان بۆ کردم بە ساڵێک خوێندنی زمان. من سوپاسم کرد و نەمویست. شەوێک نەزەندبەگیخانی کە شوێنێکی دوور لە پاریس دەژیان، لەگەڵ پیرباڵ داوەتی کردین. ئێمە درەنگ گەیشتین و زوویش گەڕاینەوە. بەڵام نەزەندم رێک پێچەوانەی ئەو دیدارەی دانمارک بینی، کە رۆحی دایکایەتیەکی مەزنی تێدا بوو.
لەگەڵ یەکەم دانیشتنی گۆڤاری (رەهەند) پەیوەندیم پێوەکرد، ئەو نەیویست بچێتە هیچ گرووپێکەوە. خودهووشیاریی ژنانەی رێگەی پێنەدەدا ببێتە بەشێک لە گرووپێک، کە بەلای ئەوەوە تەعبیری لە شوناسی ئەو نەدەکرد. پاشان لە لەندەن چەندجارێ یەکترمان بینییەوە و باشتر یەکترمان ناسی. لە ئاهەنگەکان و بۆنەکاندا بینیمەوە و هەمیشە لە لاوە گۆرانییان پێدەگوتم. بەتایبەتی گۆرانییەکانی حەمەی ماملێ و عومەر دزەیی. هەرچەندە ناوەڕۆکیی ئەو گۆرانیانە بەدەر نیە لە مانا پیاوسالارییە باوەکان و لە ڕوانگەیەکی نێرانەوە باسی ژن دەکەن، بەڵام ئیقاع و میلۆدیی گۆرانییەکان کاریگەرییان

هەیــە بۆســەر قووڵاییەکانی بوونی مرۆیی ئێمــە. ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە ئەوان پێیانخۆش بوو، گوێیان لە گۆانیەکان بێت..
ئەو ئێوارەیەش لە ماڵی خۆمان داوای لێکردم گۆرانییان بۆ بڵێم. من دەمویست، بەڵام بۆم نەدەگوترا. سەرەتا بەبێ بیرکردنەوە، گوتم، من لە وەرزی زستاندا زیاتر حەزم لە گۆرانیی گوتنە. نەزەندبەگیخانی یەکســەر گوتی: لەوەرزی تریشــدا گوێم لیتبــووە! بەهەر حاڵ من نەمگوت. ئێمەی پیاو هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە کولتوورییەی کە تیایدا میوانداریی بەمانا بەرزەکەی بکەین. ئەتەکیەتی میوانداریی پەیوەندیی نیە بە سفرەبڵاویی و مەسرەفکردنەوە، پەیوەندیی هەیە بە بڕوابەخۆبوون و ڕازییکردنی دۆستان تا ئەوپەڕی چێژوەرگرتن لە کاتی پێکەوبوون. دڵنیام ئەمجارە گەر بەسەر تەنافەکەوە بچمەوە بەردەمی، لەسەر ئەو گۆرانی نەگوتنە، قامچییەکی قاییم لێدەدا..
ئەو ســاڵەهایە لەپاڵ تەواوکردنی دکتۆرا و شیعرنووسین، خەریکی توێژینەوەیــە لــە بارودۆخی ژنان و فۆرمەکانــی توندوتیژیی دژی ژنــان. من لــە کابینەی شەشــەمدا زۆر بۆ ئەوە دەچــووم، بکرێتە وەزیــر، ئەوە ڕوووینەدا، بەهەمان شــێوە لە کابینەی حەوتەمیشــدا هەمــان چاوەڕوانیم هەبوو. بەڵام ڕوووینەدا. ئەمە پتر ماهییەتی ئەم حوکمە نێرانەیەمان بۆ ئاشــکرا دەکات، نەک نەبوونی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو..
دواجار، کتێبی (شەرەف)ی بۆ هێنابووم کە لەگەڵ کۆمەڵێ توێژەری دیکــەدا، نووســیویانە و بــە بوودجــەی حکومەتی هەرێــم چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بۆ ئەمەیان دەبێت دەستخۆشی لە هەمووان بکرێ. لەناو ژنانی ناوداری وڵاتەکەماندا، نەزەندبەگیخانی کەمدووترینیانە، ئــەو زیاتــر کار دەکات، تا قســە. زیاتر پەیوەندیی دروســتکەرە تا ڕاگەیەنەری پەیوەندیی. سرووشتی کارەکانی نەزەند بیرخستنەوەی

ئەو شتانەیە کە ڕاگرتنی تای تەرازووی یەکسان لە نێوانیاندا، بۆ داهاتوو سوودبەخشن. تەنانەت لە نووسینەوەی مێژووشدا. ئەو بە منی گوت، پێویستە لە زنجیرە وتارەکەتدا لەسەر (ڕەهەندییەکان)، باس لە نایەکسانیی جیندەری بکەیت. ڕاستدەکات، منیش ئەوەم گوتووە کە ئێمەی ڕەهەندییەکان هەموومان لەو خێزانانەدا پەروەردەکراوین، کە ئامادەیان کردووین بۆ ژیانێکی نێرانە.
نەزەند پێیەکی لە کوردستانە و پێیەکی لە ئەوروپا. بەشێکی لەناو فەزای ژیانی کۆمەڵایەتی و بەشێکیشی لەناو کەشی زانکۆییدا. لایەکی ئەوەتا لە کولتووری مۆدیرن و لایەکی ئەوەتا لە باوەشی کولتووری نەریتخواز و پەیوەندییە نەسەبیەکانی کۆمەڵگای کوردستاندایە. ئەو لە یەک کاتدا، دایک و کورد و خۆرهەڵاتیە و لەهەمان کاتیشدا مێباوەڕ و فیمینیست، (لە جۆرە میانڕەوەکەی)، ئەکادیمی و تاراوگەییەکە. ئەو نموونەی ئەو تاراوگەکراوانەیە کە زیاد لە شوناسێک و زیاد لە سیمایەک و زیاد لە پێگەیەکیان هەیە، بەڵام بەهەمان جەهەری مرۆڤدۆستیی و خەمخۆرییەکی جیهانگەرایانەوە.
لە لەندەنیش جارێک بۆ ئێوارەخوانێک بانگهێشتی کردمەوە: خواردنە سەرەکیەکەم بیر نەماوە، بەڵام ئەو زەڵاتەیەی دروستیکردبوو، زۆر سەرنجڕاکێش بوو: گەڵای کاهووەکە بەدەست لەتکرابوو، بەبێ ئەوەی بڕاکێ. کاتێ هۆکاری ئەمەم لێپرسی، گوتی: حەزم لە لەتوپەتکردن نیە! من ساڵەها لەوەدوا بەبێ ئەوەی قسەکەی ئەوم بیرمابێ، ناخودئاگایانە لە شیعرێکدا نووسیم:
پەنجەکانت ڕابێنە،
با کراسی سپیی کەلەم بکاتەوە.
(کاتێ بە لێو دەخورێ کەلەم

چ پێویستیمان بە کارد هەیە بۆ جنین؟!)

٢٠١٢

زانست و کوردایەتی:

پرۆفیسۆر کامیل حەسەن بەسیر

دەڵێن لە کاتی خۆیدا ناویان ناوە تەها حسێنی کورد. بێگومان ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، لە بەرزنوڕییان بۆ ئەو نووسەرە گەورەیەی میسر و لە خۆشەویستیانەوە بۆ کەسایەتیی و داهێنانەکانی ئەمەی خۆمان بووە. بەڵام لەوەدا کە بەراووردکارییەکە بەراووردیی کەسایەتییەکی پێکراوە کە لە بواری خۆیدا هیچ لە تەها حسێن کەمتر نەبووە، غەدرێکی بچووکیان لێکردووە. ڕەگێکی دیکارتیانە و ئەقڵانییەتێکی میتۆدیک لە هەردووکیاندا هەیە، بەڵام ڕۆشنبیرییە ئینسکلۆپیدیاییەکەی تەها حوسێن، لە هاوشانە کوردەکەیدا، دەبێتە پسپۆڕیی و وردەکاریی زانستیانە.

ئەو کاتەی لە دانمارک بووم، پەیوەندیم لەگەڵ چەند دەزگایەکی مەغریبی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، دروستکردبوو. هەر چەند مانگ جارێک بە نامەدا بڕێک لەو پارەیەی کۆمدەکردەوە

بـۆم دەنـاردن و ئەوانیش بە ئەمانەتەوەو بــە ڕەچاوکردنی ئەوەی من قوتابیی بووم و بە چاوپۆشـین لە نرخی کتێبەکان، زنجیرەیەک کتێبیــان بــۆ دەناردم و کەمتر لە هەفتەیەک بەدەسـتم دەگەیشـتن. منیش هەموو جارێ لەگەڵ کردنەوەی کارتۆنی کتێبەکان، وتارەکەی واڵتــەر بنیامینم دەخوێنـدەوە، کە تیایدا باسـی کۆکردنەوەی کتێب دەکات. ئــەم ئەخلاقــی داشــکاندنەم لــە کتێبفرۆشــە کوردەکانیش بینییەوە، کاتێ دەزانن تۆ کتێبویسـتی، چاو پۆشـیی لە نرخەکەیان دەکەن و داشـکاندنت بۆ دەکەن.. هەندێکیشـیان بە پێچەوانەوە، بە چەنـد قــات پێت دەفرۆشـنەوە، چونکە دەزانن تــۆ ناچاریت لەوانی بکڕێـت، بــەڵام خۆیان گێل دەکــەن لەوەی کە تــۆ دەزانیت غەدرت لێکراوە. هەمیشــە حەزدەکەم لە دژی ئەمانە شۆڕشـێکی خوێنەرانە بەرپا بکەم و کتێبەکانیان لێوەربگرمەوە، کە ئەوان جگە لە نرخەکەیان هیچ بەهایەکیتریان بۆ قایل نین. ئەم دەسـتەیە لە بازرگانانی کتێب، هیچیــان کەمتر نیە لەوانەی سـامانی وڵات بەهــەدەر دەدەن، بەڵام ئەمانە بەختیان هەیە کەکەس باسیان ناکات، جارێ بەختیان هەیە.. جارێک لەو جارانە کە خەریکی کردنەوەی پۆسـتی کتێبەکان بووم، ئــەو کتێبــەم بۆ هاتبوو کــە لە لیسـتەکەی خۆمدا داوایـم کردبوو: توێژینەوەکانــی ڕەخنە و فەلسـەفە لەبارەی چۆنیتی گواسـتنەوەی ڕۆشـنبیریی یۆنانی بۆ جیهانی مسـوڵمان نشین، کە تیایدا وتارێکی دکتــۆر کامیـل بەسـیری نەمری تێـدا بوو، کــە لەو کۆنفرانســەدا بەشـداریی پێکردبــوو، لــە شـوێنێکی شـیاوی کتێبەکەشـدا بــڵاو کرابۆوە. بۆ من ئەمە دووجار خۆش بوو، چونکە من کورد بووم و دکتۆری نەمریش شانازی پێدەبەخشیم کاتێ وەک کوردێکی زانا لە کۆنفرانسێکی ئاوا ئاست بەرزدا بەشداریی کردبوو. ئەم بەشدارییەی ئەو، کەمێ لەو هەستی خۆبەکەمزانییەی کە لەو دەمەدا کوردبوونی

منی داگیر کردبوو، کەمکردمەوە بە شانازیی و متمانەبەخوکردن پڕدەکردەوە.
شەیدایی من بۆ نووسینی ئەم مرۆڤە بەرزە زۆر پێشتر دەستپێکردبوو، ئەوکاتەی هێشتا مێردمناڵ بووم و لە سلێمانی دەژیام و خولیای ڕەخنەی ئەدەبی لە سەرمدا بوو، کتێبە گرنگەکەیم بینیبوو بەناوی (ڕەخنەسازی: مێژوو و پەیڕەیکردن). بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانم زۆر لێی تێبگەم، هێندە نەبێت دەمزانیی لەبەردەم بەرهەمێکی نەوعیی و بابەتێکی گرنگدام، کە ئەو وەک قرتاڵە چنیبووی و نەیهێشتبوو درزێکی زیایەی تێکەوێت.
لە ساڵەکانی دواتردا، هەرگیز دەستم لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بەرنەدا، بەتایبەتی ئەو کتێبەی کە پێشتر ناوم برد و بەرهەمەکانیتری.
لەم ساڵانەشدا کاتێک توێژینەوەکانی بەناوی (وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی) بە هەولی هاوسەرە بەرێزەکەی (دایکی گیان)، بڵاوکرانەوە، بەتەواوی تێگەیشتم لەبەردەم چ قەڵەمێکی دانسقە و چ داهێنەر و ڕەخنەناسێکی مەزنیی گەلەکەمدام.

نازانم ئەو خەڵکیی کوێیە و لە کوێ لە دایک بووە و کێ پەروەردەی کردووە و چۆن ژیاوە و چۆنی خوێندووە!. ڕەنگە هیچکامێک لەوانەش بۆ ئەو گرنگ نەبێت، چونکە شوناسی ئەم قەڵەمە دانسقەیە وەکئەوەی بۆخۆی دەستنیشانی کردووە، لە هەموو ئەوانە گەورەتر و بنەماییترە:

کوردم: ئەمەوێ بڵێن کورد بووە
بۆ کوردایەتی مۆم و پرد بووە
ئەگینا هەرچەند بانگم کەن زانا
بێ وشەی کوردی پووچە و بێ مانا

ئەمە ئەو شیعرەیە کە لە سەرەتای کۆوتارەکانییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوەو تیایدا کوردبوونی خۆی دەخاتە خزمەت کوردایەتییەوە تا وەک مۆم بسوتێ و ڕووناکیی ببەخشێ و وەک پرد ڕایەڵ بێت و پەیوەندیی دروست بکات. من کە ئەم پیاوە دەخوێنمەوە، حەزم دەکرد باوکی من بێت و ئێستا شانازی بە دانایی و کۆی ئەو سیفاتانەیەوە بکەم، کە تێپەڕینی کات و لە بیرچوونەوەی بەرهەمەکانی لە پانتایی ڕۆشنبیری کوردیی و جیهانی ئەکادیمیی ئێمەدا، نەیانتوانیی درەوشانەوەی ئەم بیرمەند و مرۆڤە گەورەیەمان بیر ببنەوە. بە دڵنیاییشەوە دەڵێم: هەتا ئەم ساتەوەختەش لە بواری ڕەخنەسازیی کوردییدا جێگرەوەیەکی دیکەی پرۆفیسۆر بەسیرمان نیە، چ لە ناوەو چ لەدەرەوەی زانکۆکانیش..
ئەو پرد بوو، چونکە لە کۆی بەرهەمەکانیدا هێڵێک هەیە سێ پانتایی و شارستانییەت پێکەوە دەبەستێتەوە و لە بەرزترین ئاست و بە شێوازێکی پوختی ئەکادیمیانە و زانستی، بیروڕاکانی خۆی دەخات ڕوو. ئەو سێ پانتاییەش بریتین لە ڕەخنەسازیی یۆنان و ڕۆمان، ڕەخنەسازیی عەرەب و ڕەخنەسازی کوردی. بە درێژایی یەک تەمەن، ئەم مامۆستا گەورەیە لە هەوڵی دروستکردن و مەحکەمکردنی ئەو پردەدا بوو بەو ئامانجەی لە ڕوانگەی گەشتە زانستییەکانی و قووڵبوونەوە لە بابەتەکانیەوە، ڕووناکیی بخاتە سەر کوردایەتی بەهۆی شیکردنەوە و سەرنجدانی زمان و ئەدەبەکەیەوە.
بۆیە لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمەکانییەوە، هەر زوو دەگەینە ئەو بڕوایەی کە زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پرۆفیسۆرەکەمان هەڵگری ماک و هەوێنی کوردایەتییەکی ڕەسەنە و ئەمیش لە میانەی خەباتێکی دووردرێژی بەراووردکاریانەو دەستنیشانکردن و بە

کێشـــەکردنی پرســـیار و دروســـتکردنی گریمانەدا، لـــەو پەیوەندییە قووڵەی نێوان شوناس و نەتەوە، خود و ئەویتر دەکۆڵێتەوە.
ناونیشانی زۆربەی بەرهەمەکانی مامۆستاکەمان هەڵگر و نیشانەی ئـــەو ڕوانگە ڕەخنەیی و فەلســـەفییەن کە دانەرەکەیان قســـەی لێوە دەکات: ئەو لە ســـەرەتادا ڕەخنەی ڕەخنەگرانی پێشخۆی لە ڕێگەی ڕەخنـــەی زانســـتییەوە وەلا دەخـــات و لـــە هەنـــگاوی دووەمیشـــدا هەوڵدەدات بناخەی ڕەخنەســـازییەکی تایبەت، چ لە ئاستی تیۆری و چ لە ئاســـتی ئەوەی خۆی پێیدەڵێت: پەیڕەویکردن، لەناو ڕۆشنبیری و بە کەرەســـتەکانی زمانی کوردی، دابمەزرێنێ. کتێبەکەی (زانستی ئاوەڵوەتـــا/١٩٨١) یان میتافۆر، یەکێکە لەو شـــاکارانەی کە تیایدا بە تەواویی ئەم پڕۆژەی هەڵوەشـــاندنەوە و دووبارە ســـازدانەوەیە لە ڕێگەی گەشتێکی شیکارییەوە بەناو ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانیی و عەرەبیی و ئەورووپییەوە بۆ ڕەخنەسازیی کوردی ڕەنگیداوەتەوە.
کامیل حەسەن بەسیر، ئاراستەیەکی تیۆری و پەیڕەکارانەی ڕەخنەی ئێمەیـــە، کە تەواو لەو گرووپـــەی ئەکادیمیســـینەکانی ئێمە جیاوازە کـــە لە قوتابخانەی ســـۆڤیەتیی جاران و بەپێـــی مەنهەجی فیلۆلۆژی خوێندنیـــان تەواو کردووە. بەســـیر، پســـپۆڕێکی دەگەمەنی زمان و خاوەن ئاراســـتەیەکی ڕەخنەیی شـــیکارییە لە بواری ڕەخنەسازیدا.
ئـــەو جگە لـــەوەی شـــارەزاییەکی وردی لـــە ئەدەبیاتی فەلســـەفیی یۆنانیدا، بەتایبەتیش بەرهەمی ئەفلاتوون و ئەریستۆتالیســـدا هەیە، ئاواش شارەزایەکی وردی ڕەخنەسازیی ڕۆمانیی و عەرەبییەو ئەم پێشـــینە مێژووییەش لە بەرهەمەکانیـــدا وەک ڕێچکەیەکی میتۆدیک، درێژ دەبێتەوە تا زەمینەی شیکردنەوە و ڕەخنەکانی لەو مێژووە بۆ بڕەخســـێنێ و پاشـــان بە دۆزینەوەی بابەتی ڕەخنەکاریی لە بواری پەیڕەویکردنـــدا، پەنـــا بـــۆ ئەدەبیاتی کوردیی کـــۆن و نوێ دەبات و

چەمک و تیۆرە و بۆچوونە زانستییەکانی بەسەردا تاقیدەکاتەوە. ئەو بە شـێوازێکی ڕوون و لە دووتوێی زمانێکی تۆکمەی زانستیی و بە چنینێکی ئەکادیمیکیانە دەنووسـێ، بەڵام هەمیشە بە قووڵیی و وردیی بیر لە بابەتەکانی دەکاتەوە.

پرۆفیسـۆر بەسـیر، لـە دوتوویـێ نووسـینە رەخنەییەکانبدا هیچ ڕەهەندێکـی سـایکۆلۆژیانە کـە لەپشـتییەوە، خۆهەڵکێشـان، پێشـڕەوایەتی، خۆبەهەمووشـتزان، ڕەتکردنەوەی بـێ بەڵگە و بێ ئامانج ناخاتە ڕوو. ئەو هەمیشە لە گفتوگۆ و بەراووردکاریدایە و لە ئەنجامی ئەمەشەوە مەبەستەکانی خۆی دەباتە پێش و بەردەوامیش بە لێکدانەوەی نوێ و زانسـتیانە، کە ڕەگییان لە سـەرچاوە کۆن و نوێکاندا داکوتاوە، خوێنەر بەسـەر دەکاتەوە. لە سـتایلی بەسـیردا، توخمە ئەکادیمیەکان باڵادەسـتن، بەڵام بەبێ وشکبوونەوەی مانا و گوزارەکان.

شارەزاییە زۆرەکەی ئەو لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی و دەستنیشانکردنی میتۆدیـی شـیاوی شـیکردنەوە و هێنانـەوەی نمونـەی زیندووی پێویسـت و گونجاو بۆ سـەلماندنی بۆچوونەکانی و لە سـەرووی هەموو ئەمانەیشەوە، کوردییە ڕەوان و دەگمەنەکەی، ئیستاتیکایەکی تایبەتیـان بە بەرهەمەکانی بەخشـیوە، کە ئەم تایبەتمەندییانە لەلای نـەوەی ئەکادیمییەکانـی سـەردەمی خۆی و تەنانـەت دوایئەویش، دانسقەن.

لـە کتێبـی (ڕەخنەسـازی: مێـژوو و پەیڕەویکـردن/١٩٨٣)دا، پرۆفیسـۆرەکەمان چەندە لە خەمی چەسـپاندنی ڕەهەندیی تیۆریی باسـەکەیدایە، ئەوەندەش کۆشـش دەکات بۆ هاوسەنگکردنی نێوان تیۆریی و پراکتیزەکردنی رەخنەیی بەسـەر دەقی ئەدەبیی کوردیدا. هەرچەنـدە ئەم کتێبەی بەسـیر، لە رووی سـەرچاوەی تیۆرییەوە،

چەنــد تێکســتێکی مەزنــی ڕەخنــەی ئەدەبیــی وەک بەرهەمەکانی ئەریســتۆتالیس و هــۆراس، لەخۆی دەگرێ، بەڵام هێشــتا قەبارەی کتێبەکــە دەمانخاتــە بــەردەم چاوەڕوانیــی ســەرچاوەی زیاتر لە نووسەرەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کتێبە نمونەی هەوڵدانێکی جیدیی بیرمەندێکی کوردە بۆ بناخەدارشــتنی بنەوانەکان و ڕەگوڕیشەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی و کردنیان بە کوچەڕێیەک بۆ قســەکردن لەســەر ڕەخنەی ئەدەبی لە چوارچێوەی زمانیی کوردیدا. بەســیر کاتێک لە شــیعرەکەیدا دەڵێت: (بۆ کوردایەتی مۆم و پرد بووە) مەبەستی ئەم ڕەهەنــدەی کارکردنیەتــی، کە چــۆن لە ڕێگەیەوە هەمــوو دانایی و زانیارییەکی کەڵەکەبوو دەخاتەوە خزمەت کوردایەتیەکەی..

لە شــێوازیی ڕەخنەی مامۆستا نەمرەکەماندا، خاڵێکی جەوهەری و لە هەمان کاتیشدا ئاکاریانەی ڕەخنە هەیە، کە بۆ ئەمڕۆمان لە هەر کات زیاتر ســوود مەندە. لەلایەکەوە، ئەو ڕەنج و کۆششی ئەوانیتر ناخاتــە پەراوێزەوە و تووڕیان هەڵنادات لەبەر ئەوەی شــتگەلێکیان وتوە و نووســیوە، کە هەڵەیە، یان بە دڵی ئەو نیە. مامۆســتاکەمان لە وتنەوەی بیروڕای ئەوانیتردا بیلایەنانە و بابەتیانە و ڕاستگۆیانە زانیارییــەکان دەگوێزێتــەوە و خوێنــەر حاڵیی دەکات کــە ئەوانیتر بۆچوونیان لەسەر بابەتەکان چییە و پاشان هەڵەکانیان دەستنیشان دەکات و دوایئەوەش گفتوگۆی زانستیانەیان لەبارەوە دەکات.

لەلایەکیتــرەوە، بەرپەرچەدانــەوەی مامۆســتاکەمان بۆ ڕەخنەگر و توێژەرانی تر، ئاستێکی پرۆفێشناڵیانە بەخۆیەوە دەگرێت، بەجۆرێ کە بوار بە ڕەهەندی سایکۆلۆژیای تاکەکەسیانەی خۆی و پەرچەکردارە دەروونییەکان نادات سێبەر بەسەر لۆژیکی گوتە و فۆرم و دارشتنی ڕستەکانیدا بکەن. بەمجۆرەش بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بەسیر و بەتایبەتیش ئەو نووســینانەیدا کە ڕەخنەکاریی کەسانیتر دەکات،

لە ڕووی ســایکۆلۆژییەوە ناخرۆشێین و نووسەرەکەیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و وشــەی نەشیاوەوە، هانمان نادات لەوسەرەوە وەکــو درندەیــەک بێینــە دەرەوە. ئــەم تایبەتمەندیە لــە کاری ئەم پیــاوە مەزنــەدا، ڕووکاری پەروەردەیی و ئاکاریانــەی بیرکردنەوە و نووســینی ئەومان بۆ ئاشکرا دەکات. ڕووکارێک، کە لە نووسینی ڕەخنەیی ئەم سەردەمە و زاڵبوونی زمان و داڕشتنی فەیسبووکیانە بەسەر دەقی ڕەخنەییدا، تەواو نادیارە. ئەمە جگە لەوەی ساتەوەختی پرۆفیســۆر بەســیر لە نووســینی ئەکادیمیانــەی کوردیدا شــایەتە بەســەر پەیوەندییەکی قووڵی نێوان ڕەخنە و ئاکار، زانست و ئاکار و ڕەخنەی زانستیی و جیاکردنەوەی لە پەرچەکرداریی سایکۆلۆژی خودیــی ڕەخنەگــر و ڕەخنەلێگیــراو. بە بڕوای مــن هەموو ئەمەش لــەو ڕێزە زۆرەی بەســیری مامۆســتاوە بۆ خوێنەر، بــە تایبەتیش خوێنەری کوردەوە هاتووە.

دوایین پرسیار بە مێشکمدا دێت، ئەمەیە: ئایا مامۆستا کامیل بەسیر لە دوا ئەنجامدا، بە دوای چیدا وێڵ بوو؟ بێگومان ئەو ڕەخنەناسێکی ئەکادیمیک بوو. پەیڕەویی لە شێواز و ڕەوتی ئەکادیمیانەی نووسین دەکرد، بنەماخوازیی ڕەخنەیی لە کاری ئەودا ئامادەیی تەواوی هەیە، بەتایبەتی کە لەســەرەتای باسەکانییەوە، بە پێناسە و شیکردنەوەی زاراوەکان دەستپێدەکات. ئەو تەسلیمی ساتەوەختە شپرزەکەرەکانی پرۆسەی ڕەخنەگرتن نەدەبوو، ئەوەی بیری لێدەکردەوە، دەیسەلماند، ئــەوەی ڕەتیدەکــردەوە، قەناعەتپێکــەر بــوو، بەتایبەتی لــەو نمونە بەرچاوەیدا، کاتێ شــەرحی زاراوەی ئاوەڵوەتا لەبەرامبەر خوازەدا دەکات، مرۆڤ دڵخۆش دەبێت. هەموو ئەمانە بە ئاشکرا لە دووتوێی نووســینەکانی ئەودا بەرجەستەبوون، بەڵام هێشتا بەردەوام شتێک شــاراوەیە، نەگوتراوە، نادیارە لە بەرهەمەکانی ئەو بیرکەرەوەیەدا.

ئەو شتە چییە؟
من لەو بڕوایەدام ئەوە هەمان حەسرەت و خەونی حاجیی قادریی کۆییە، کە لە لای بێکەس و قانعیش دووبارە بۆتەوە: حەسرەتی هووشیاریی بەرامبەر بە دواکەوتویی میللەتەکەیی و دەرککردنی بە پێویستیی بیرکردنەوەی زانستیانە و دوورکەوتنەوە لە بیرکردنەوەی هەڕەمەکیی لەبارەی شتەکان و بابەتەکانەوە. کامیل حەسن بەسیر بە هەمان تێگەیشتنەوە، لە بوارەکەیدا قاڵدەبێتەوە و بەئاراستەی ئاسۆیی و ستوونیدا، دیالۆگێک لە نێوان شارستانیەتە خاوەن نەریتە ڕەخنەییەکاندا دروستدەکات، بۆ ئەوەی دەستنیشانی پێگەی کورد و ئەدەبەکەی لەو نێوانەدا بکات. ئەو لەسەر کاغەز کوردبوونی خۆی و ئینتیمای بۆ مرۆڤایەتی لە ڕێگەی ڕەخنەسازییەوە، دروستدەکات و خۆی دەنووسێتەوە. ئەو دەیویست لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە نەتەوەکەی دروست بکات..

٢٠١٢/١٢/١٨

شاعیرە نیاندەرتاڵییەکە!

قوبادی جەلیزادە!

ناوێک بۆخۆی لە شیعر دەچێت و کۆڵەکەیەکی بارقورسیی شیعری نوێـی کوردیـە. کۆڵەکەیەک بەتەنیـا هەڵگری نەریتێکە لە شـیعری ئێمـەدا کـە ئەوەی کولتووری نێرسـالاری قەدەغـەی کردبوو، ئەو لـە دەروازەی وشـەوە کردیـەوە بەناوماڵەکانی هەسـت و ڕۆحدا و لەگەڵێشـیدا کـۆی ئەو نەریت و هەسـتە غەریزەیی و مرۆییانەی ئێمەی بەخشییەوە بە مرۆڤی کورد، کە سەرەتای بەرجەستەبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین هەستبەخۆکرنەکانی مرۆڤی نیاندەرتاڵی..

ئـەوە مرۆڤی نیاندەرتاڵ بوو کە بۆ یەکەمجار بوێریی ئینسـانیانەی خـۆی لەناو ئەشـکەوتەکاندا نواند و لەگـەڵ یەکەمین جووتبوون و هێنکەهێنکـی ئیرۆتیکیانەدا، ئێمـەی لێکەوتینەوە. ئێمە لە نەوەی ئەو بەریەککەوتنە جەستەیی و ئیرۆتیکییەین، کە لە ئەشکەوتەکاندا دەنگیی دەدایەوە و گەردوون و جیهانی پڕکرد لە خۆشەویسـتی بۆ ژیان و مانەوە. ئێمە نەوەی ئەو جەستە ڕووتانەین، کە چیدیی نەیاندەتوانی

ترس بکەنە پێوەر و بە تیروکەوان و بەردی تیژ، بەرگریی لە ئاست درندەیی جیهانی دەرەکیی و وەحشییەتی سرووشتدا بکەنە پێوەر بۆ مانەوە. قوباد پەیکەرسازی جەستەیەکە، کە دەبوو هەبێت و ژیان لە مانا ئیرۆتیکیەکەیدا نۆشــی گیان بکات. من هەر کاتێ شیعری قوباد دەخوێنمــەوە، یەکەمیــن بەریەککەوتنــی مرۆییانەی دایــک و باوکە مێژووییەکانم بیر دەکەوێتەوە، کە پاشــان بووە دوژمنی سەرەکیی کولتووری نێرسالاری و یەکەمین سانسۆرەکان و ستەمکارییەکانی سەر جەستەی مرۆییان وەدیهێنا..

شــیعری قوباد، هەمیشــە شــیعری ئەو هەســتە نەمرەی مرۆڤە بۆ پێکەوەبوون و جووتبوون و ئەڤین، کە پاشــان ترســی ئایینەکان و کولتوورەکانی لە ئاست خۆیدا بێدار کردەوە و ئیرۆتیکای لە ڕۆژی ڕووناکەوە، گواســتەوە بۆ تاریکاییەکانی شەو و بەدزییکردنی کردە بەشــێ لە ژیانی جەســتەییمان و پێکەوەبوونــی ژن و پیاوی کردە کردەیەکی سێکسیی ڕووت..

لێرەوە لە هەموو خۆشەویســتییەکدا بۆ شــیعری قوبــاد، تەمەننای گەڕانەوە بۆ ئەو هەستە پاکەی مرۆڤ و لە هەموو ڕقێکدا لە شیعری ئەم شــاعیرە، ترسێکی کولتووریی دەبینمەوە، هاوکات بە درۆیەکی گــەورەی مرۆڤ لە ڕەتکردنەوەیدا بــۆ ئیرۆتیزم و ڕووتبوونەوەی جەســتە، کــە لە ئێســتادا ژمــارەی ئەمانــەی دواییان ڕێــژەی ئەو شــەڕانییەتە بەرجەســتە دەکات، کە لە کۆمەڵگادا هەیە و بەهۆیەوە کۆنترۆڵی کولتوورە مرۆییەکەی دەکات. بەڵام ســوور دەزانم، ئەمە درۆیەکــی گەورەی کولتوورپەرســتانی باوکســالارە لەگەڵ خۆیان و لەگــەڵ کۆمەڵــگا، چونکــە دەزانم ئەو ستایشــەی قوباد لە ڕۆژی ڕووناکیی ناو تێکستەکانیدا بۆ جەستەی مێینە بەتایبەتیی و مرۆڤ بە گشتیی دەیکات، لە شەوی تاریکیی نێرینەیی کولتورخوازاندا، دەبێتە

عیبادەت و چۆکدادان لەبەردەم لەشی ژن و ئەندامی مێینەییدا. قوباد، بانگ لە کولەکەدا ناڵێت، بەڵکو لە مینبەری ئەڤین و خۆشەویستیی بۆ ژنەوە، مەمک ستایش دەکات..

قوباد ڕقی لە بەرزیی و لوتکە و دووند و بڵندییە، بە مانا جوگرافیایی و تۆپۆگرافییەکەی. لە شیعری قوباد دا، بەرزیی چیا و لوتکەی شاخ و دوندی کێوانمان بیر ناکەوێتەوە، بەڵکو ئێمە بە خوێندنەوەی وشەی بەرزی و لوتکەکانی قوباد جوانیی و باڵاو شکۆی مێینەییمان بیر دەکەوێتەوە. هەر بۆیەشە ئەم نەوەیەی نیاندەرتاڵییەکان، هەموو بەرزایی و لوتکەیەک وەک گۆی مەمک وێنا دەکات.

لێرەوە، قوباد بە تێکشکێنەری شەرمێک دەزانم کە (گۆران)ی شاعیر لە شیعرەکانیدا بۆ جوانیی ژن، لە سێبەری جوانیی سرووشتدا، دەیشاردەوە. قوباد بە گوێزەرەوەی ئەم شەرمەی گۆران لە شیعری کوردیدا وێنادەکەم، کە لە جیاتی ڕوانین بۆ ژن لە ئەنجامی ڕوانینەوە بۆ سرووشت، دەکاتەوە بە ڕوانین بۆ ژن خۆی.

قوباد، گەمەی شاردنەوەی ژنی لە بەرگیی جوانیی سرووشتدا واز لێهێنا و نیگای ئێمەی بردەوە سەر ڕوانینە نیانەدەرتاڵییە نەمرەکە بۆ ژن. ئەو بە ڕووتیی و بە کۆی هەستە مرۆییە سەرەتاییەکانەوە، ترسیی ئێمەی لە ژن و جوانیی مرۆییانەی شکاند و بردینیەوە بەردەم تاڤگەی ئەشکەوت و ژێر سێبەری درەختەکانی (ئاڤاتار).

لێرەشەوە، عەشق و ئیرۆتیک لە شیعری قوباددا، ویڕای هەموو ئازارەکانی و تێکشکان و ڕەچاوکردنی سانسۆرەکان، بۆوە بە بەشێک لە ڕۆح و نیگا و هەستەکانمان..

من، ئەو لە (تەمتومان)ەوە دەناسم، بەڵام تا گەڕانەوەم لە تاراوگە، نەمبینی و نەبووە هاوڕێم. بەڵام کەمجار هەبووە بە خوێندنەوەی شیعرەکانی، یان بە گوێگرتن لە خۆی، سارێژنەبمەوە لە هەستێکی

پاکیی مرۆیی کە زۆر زیاتر لە هەر شۆڕشـێک بۆ مانەوە، پێویستم پێی نەبووبێت و سـاختەیی هەموو مانا شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕشم بۆ دەرنەکەوتبێ. هەر بۆیەشە کاتێ شیعرێکی شۆڕشگێرانەی قوبادم خوێندبێتـەوە، ڕقم لێی هەسـتاوە و وامزانیوە ئـەو بۆ ڕازییکردنی ڕۆ ژگار و کولتووری باو، نوسیویەتی..

قوباد نە بە چەک و تفاقی جەنگ و نە بە چوونی بۆ بەرەی پێشەوەی جەبهـە و تەسـلیمبوونی بـە حەماسـەی شۆڕشـگێرانە و ئەدەبی بەرگریی، لەلای من شـاعیر نەبووە، هەروەکچۆن شاعیرێتی هەندێ کەسیتریشم لە وشە ڕێزکردینیادا بۆ جوانیی ژن، نەبینیوە، هێندەی ئـەوەی شۆڕشـی ڕاسـتەقینەی قوبادم لـە ڕووتووقووتیـی ئەودا بینیوەتەوە، کاتێ لەگەڵ زماندا بۆ بەرجەستەکردنی جوانیی ژ ن ، کەوتۆتە جەنگەوە. قوباد لە شێوەی سەربازێکی بێ ڕم و خەنجەر، بـێ چـەک، بێ مەتاڵ و زرێ دەبینم، کە بە ڕووتیی سـەرەتاییانەی نیاندەرتاڵیانەوە لە هەموو جەنگێکیدا بۆ ژیان و مانەوە، ژنێکی لەگەڵە. ژنێک، کە سەرچاوەی ژیان و مرۆڤبوون و کوردبوونیەتی..

بەم دیدەگایەوە، قوباد لەسەر دەمێکدا بەرجەستە دەبێت، کە مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمە و بەتایبەتی نێرینەی شۆڕشگێڕی ئێمە، خۆی پڕچەک و تفـاق دەکات بـۆ چوونە جەنگ و خۆبەکوشـتدان و پیرۆزکردنی شەهادەت. شیعری قوباد، ڕاکردنێکی بەردەوامە لەم شۆڕشگێڕێتیە بۆ ئەوەی شۆڕشـێکی تر بەرپا بکات، کە شۆڕشـە سیاسـیەکان و حەماسـەی کوردایەتی، لە ئێمەدا چەپاندیان و خستیانە پەراوێزەوە.

هەر لێرەشـەوە، گرنگیی شـیعری قوباد بۆ من لەوەدایە، کە ئەوەی شـۆڕش لە ژیانی هەستەوەریی ئێمەدا چەپاندیی و سەرکوتی کرد، هێنایەوە ناو زمان و شعوری ئێمە، تا پاش ئەو هەموو توندوتیژی و ستایشی کوشتنە، زەخیرەیەکمان هەبێت بۆ بوونەوە بە مرۆڤ، نەک

چەقبەستوویی لە قاڵبی نێرییەتی و پیاوبوون و قارەمانبووندا..
ئەدەبیی ئێمە هەرگیز دابڕ نەبووە لە ئیرۆتیزم و ئیشتیاق و سوێبوونەوە بۆ جەستە و لەش. فۆلکلۆر و شیعری کلاسیکی و فۆرمە ئەدەبییەکانیتر و بەتایبەتیش گۆرانیی کوردی، پڕ پڕن لە ستاییشکردنی ڕووتیی و جوانیناسی ڕووتیی جەستە. جیاوازیی شیعری قوباد لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو ئەدەبیات و فۆلکلۆرەدا لەوەدایە، کە لەو نەریتە و لە زۆرینەی فۆرمەکانیدا، (تەماشا) زاڵە بەسەر (بینین)دا. تەماشا میکانیزمێکی جەستەیە بۆ وێناکردن و بە بابەتکردنی جەستە وەک شتێکی مادیی، کە لە ئەنجامی ئەمەوە، نیگای بینەر دەچێتە سەر بەشە ووروژێنەرەکانی لەش، نەک ناوەوەی و جەستە وەک بەشێک لە ئیدراک و بەرجەستەکەری بوونی مرۆیی.
لە تەماشاکردندا، ئێمە جەستە وەک چەندپارچەیەکی میکانیکی دەبینین، کە هەندێکیان ووروژێنەر و هۆکاری دروستبوونی ئالۆشن لە لەشی تەماشاکەردا. بۆیە تەماشا ئەو جۆری بینینەیە کە حەزە غەریزەییەکانی ئێمە بۆ ماوەیەکی کاتیی دەبزوێنن و لەگەڵ تەماشاکردنی لەشێکی تردا، ئەوانەی پێشوومان بیر دەباتەوە. ڕەنگە (نالی) ڕیزپەڕێک بێت لەم نێوانەدا. بەڵام شیعری قوباد، شیعری بینین و ئیدراکیی مرۆڤە بە جەستە وەک بەشێ لە مرۆڤبوونی مرۆڤ، نەک فۆرمی لەشەکان بە تەنیا. قوباد جەستە دەبینێ و لەش فەرامۆش دەکات، لەبەر ئەوە لەگەڵ شیعری قوبادا ئێمە لە جەستە بە پارچەپارچەیی نابینین، بەڵکو وەک یەکەیەکی پێکەوەبەستراو دەیبینین و دەرکیی دەکەین. لێرەشەوە، ئیرۆتیزم و خۆشەویستی بۆ ئەویتر، جێگەی حەزلێکردن و تەماعی داگیرکاریانە بۆ لەشی ئەویتر، دەگرێتەوە. بەم مانایەش، شیعری قوباد لە پەروەردەکردنی

هەستەکیانەی ئێمەدا کاریگەریی خۆی هەیە، نەک لە مەسرەفکردنیی سێکسیانەیدا بۆ دامرکاندنەوەی حەزە تێپەڕیوەکان..
ئەو ژنانەی شـیعری قوبادیان خۆشـدەوێ و کاریگەریی لەسەریان هەیـە، بیر لە خەوتن و چوونە جێگا لەگەڵ شـاعیرەکەیان ناکەنەوە تا لە وێنەی دۆنژواندا وێنای بکەن. خۆشەویستیی ژنانە بۆ شیعری قوباد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەسـتە قووڵـەی ئیدراککردنی ژن وەک مرۆڤێک. ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی ئێمە بە هەڵە لە قوباد تێبگەین و وەک مرۆڤێکی تینوو، وێنا بکرێ، نەک وەک عاشقێک..
قوبـاد، بـەر لە هەموو شـتێک عاشـقە، بە پلەی یەکەمیش عاشـقی ژن، بەڵام نەک تەنیا بە شـەوی تاریـک و لە ژێر لێفەوە، بەڵکو ئەو بە ڕۆژی ڕووناک، بە هەمان شـێوەی باووباپیرە نیاندەرتاڵییەکانی ستاییشی ژن دەکات وەک بەشێک لە ستاییکردنی ژیان..

٢٠١٢

قوربانییەکی سۆزەی بێوەفا:

فەرهاد پیربال

پێشـئەوەی لە کوردسـتان بچمە دەرەوە، ناویم لە برادەرەکانمەوە بیسـتبوو. وابزانـم شـێرزاد حەسـەن یەکێک بوو لەوانـەی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە ناساندنی پیربالدا بە نەوەی من. ئەگەرچی من ماوەیەکی زۆر ناوی فەرهاد و شـاعیری غەزەلنووسـی هەولێری: پیرپاڵ مەحموود کە زۆربەی کات لە گۆڤاری کارواندا شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە و زۆر جوانیش دەینووسین، تێکەڵ دەکرد. لە نێوان ئەم دوو پیربالەدا پەیوەندیی نەسـەبیم دروستکردبوو، بەڵام دوایی کە بیسـتم شـاعیرە پیربالەکەمان کۆچیی دوایی کـردووە و کاتێ لە هاتنەوەشـمدا بـە خزمەت پیربالی باوکی فەرهاد گەیشـتم، بۆم دەرکەوت ساڵەهایە من بەهەڵە لە نەسەبی فەرهاد تێگەیشتووم.

بەڕاسـت نەسـەب و تەباری فەرهاد پیربال لە چییـەوە پەیدابووە، کە ئاوا بەناو ڕەوتی سـاڵەکاندا درێژبۆتەوە و بۆتە دیاردەیەک لە

کۆمەڵــگای ئێمەدا بە جۆرێ کە گرتە ڤیدیۆییەکانی بەناو گەنجان و نەوەی نوێدا بڵاوببنەوە و کەم دانیشتن هەبێ باسی ئەم فەرهادەی تیــا نەکریــت و کەم بەرنامە و کۆڕ هەبێت ئەو تیایدا دانیشــتوان و گوێگــران و بینــەران نەکات بە دوو لەتی تەواوە: لەتێکیان قســەی پێدەڵێن و لەتێکیان ستایشی دەکەن!

ئەم دیاردەیە پێش هەموو شتێک ڕەگێکی عاشقانەی هەیە بۆ زمان. مەبەســتم لە زمان تەنیا وشــە و ڕســتەکان نین، فەرهاد دەگمەنە نووسەرێکی کوردە کە توانیویەتی پانتایی زمان لە چوارچێوە فراوان و ئاماژەیی و تەنانەت ناخودئاگایانەکەی خۆیدا بەکار بهێنێ و تەنیا لەناو دەســتووری زمانی نووســین و ڕســتەکاندا قەتیس نەخوات. فەرهــاد لەمڕووەوە عاشــقی فۆرمــە جیاوازەکانــی خودەربڕین و عاشــقی قەدەری ئەفســانەیی خۆیەتی: هیچ فەرهادێک نیە، لە تاقی بێســتوونێکدا، شیرینێک بەرجەستە نەکات و خۆی نەکاتە قوربانیی و دواجــار بــۆ ئەوانیتر و مێژوو نەبێتە نموونــە. لەمڕووەوە فەرهاد لــە دیدی منــەوە، هێندەی هەمــوو کابینەکانــی حکومەتی هەرێمی کوردســتان خزمەتی بەم کولتووورە و بەشــاری هەولێر کردووە و ئیتر شوناســی ئەمشــارە، بەم قۆناغەیدا دەناســرێتەوە کە فەرهاد پیربــاڵ تیایــدا ژیاوە. ئەم قســەیە بۆیە دەکەم، چونکــە تازە نە من پێویستم بەوەیە مەدحی بکەم و نە ئەویش لەو تەمەنە بایۆلۆژییەدا ماوە، کە تووشی غرووری بکات..

یەکەمجــار لە تاران، لەســەر شــەقامی ئینقلاب (شــۆڕش) بینیم و هەردووکمان برســی و هەردووکمان کــەم پارە و هەردووکمان لە جیهانــی نۆســتالیژیانەی خۆماندا: بە جەســتە لە تــاران و بەدڵ لە کوردســتان! بەڵام هەردووکیشمان عەوداڵ بەدوای کتێبی نایاب و شــیعری مەزندا. من ڕۆمانی (سوور و ڕەش) بالزاک لە جانتاکەمدا

و ئەویش (فەرووغی فەرووغزاد). هەردووکیشمان هەتا ئێستاش لە نێوان واقیبگەرایی بالزاکیانە و خەیاڵگەرایانەی فەرووغدا ماینەوە. ئەو کاتەش پیربال دەستپێشخەر بوو: کات دەمەونێوەڕۆ و دەمەی نانخواردن، ئەویش لە من شارەزاتر. پێشنیاری چوونە خواردنگەیەکی کرد و گوتی داوەتت دەکەم. من شەرمێکم تیابوو، ئەویش بۆ ئەوەی شەرمەکەم بشکێنێ، گوتی با پێشبرکێی خواردن بکەین. نیو کیلۆ قیمە و هەشت هێلکەیان بۆ تێکەڵکردین. فەرهاد بردییەوە..

ئەوە یەکەمجاری نەبوو میوانداریم بکات: لە پاریسیش هەر ئەو میوانداریی کردم و ماوەیەک لە ژوورەکەیدا مامەوە و بەفرخەرەکەیم بۆ پاک پاک کردەوە. ئەو کاتە فەرهاد لە عەشقەوە هاتبۆوە و بەدەستی خاڵی. شەوانە لە کافتریا دەمایەوە و بەڕۆژیش دەیخوێند. پاریس بۆ ئەو نیشتیمانێکی تر بوو. هەر لە پاریسیشەوە ئەو نیشتیمانی خۆی خۆشویست و یەکەمین هەست و هووشارییە نیشتیمانویستییەکانی خۆی لەوێوە هەڵڕشتنە زمانەوە: دیوانی (ئیکزیل)، یەکێ لە کۆمەڵە شیعرییە پووختەکانی..

من هەرگیز ئەو سەفەرەی پاریسم بیر ناچێتەوە، چونکە هەر کە گەیشتمە وێستگەی سەرەکیی شەمەندەفەر، لە کاتی تەلەفۆنکردندا، پارە و کارتەکانیان، کە لەسەر سندوقی تەلەفۆنەکە دامنابوون و لەگەڵ فەرهاد قسەم دەکرد بۆ ئەوەی ناونیشانیماڵەکەیم بداتێ، لێدزیم..

فەرهاد لە مرۆڤە سەخیی و دەستبڵاوەکانی ئەو دەمی ناو ژیانی هەمووومان بوو. ئەو بە ڕۆحێکی دایکانەوە، کە سۆزی ئەوی بۆ کوردستان تێدا بوو، یەک کرۆنی پێبوایە بە تەلەفۆن هەواڵی دەپرسین و دەیویست لە سەلامەتی هەمووومان دڵنیابێتەوە. من

چەندیـن جار لــە تەنیاییەکانی دانمارکمدا، بــە زرەی تەلەفۆنەکانی فەرهــاد، ماڵ و دڵم ئــاوەدان بۆتەوە و ئەوەندەم ئومێد ڕژاوەتەوە، دڵ کە توانیومە بەردەوام بم..

فەرهاد یەکێکە لە نمونە کەســایەتیەکانی ناو ڕۆشــنبیریی ئێمە، کە بەبــڕوای من، هەمیشــە لە هەوڵی بەرجەســتەکردنی ســۆژەیەکی پارچەپارچــە و خودێکــی هەلاهــەلادا بــووە. کــەس وەک ئــەو، شــێوەژیانی کــۆن و بەهــا تەقلیدیەکانی تووڕهەڵنەدا و کەســیش وەکو ئەو مۆدێرنیزمی ئەدەبی و ئێســتاتیکی لە ڕۆشــنبیری ئێمەدا بەرجەستە نەکرد. ئەمەش زۆر گێچەڵی بۆ ناوەتەوە و هەرئەمەشە وایکردووە کۆمەڵگا لەســەر کەسایەتی و ڕەفتارەکانی فەرهاد ببێت بــە دوو کەرتــەوە. کەرتی وەک مرۆڤێکی زیــادەڕۆ و کەرتێ وەک نمونەیەکــی یاخی تەماشــای دەکەن. من بۆخــۆم فەرهاد بەمجۆرە دەبینم: مرۆڤێک، ســۆژەیەکی مۆدێرن کە دەیەوێت خۆی بێت. ئەو بەرجەســتەکەری ئەو جۆرەیە لە کەسایەتی کە دەیەوێ شێوەژیان و ئەدەبەکەی، کەســایەتی و نووســینەکانی، دەرکەوتە کۆمەڵایەتی و بەرهەمــە کولتووریەکانی یەکســان و نزیکبخاتەوە. ئەو دەیەوێ لــە کۆمەڵگایەکــدا ماســک و ڕووپۆشــەکانی تووڕهەڵــدات کە پڕە لــە ماســکپۆش و ڕووبەند لەســەری مەجازی.. ئــەو هێندەی ڕقی ئێمــە لەبەرامبەر خۆیدا دەجووڵێنێ ئەوەنــدەش زیاتر ڕقی ئێمە لە خۆمان و ترســەکانمان بێدار دەکاتەوە، کە حەز دەکەین وەک ئەو بیــن و ناتوانین و ناوێریــن. فەرهاد ئاوێنەی ناخودئاگا و نەســتی ســۆژەی کوردیی مۆدێرنە، کە لە نێوان ترســی لە یاساکانی باوک و بەخودبوونــدا، لــە نێــوان ترســی لــە کۆنترۆڵــی کۆمەڵایەتی و مەیلــی بۆ بوونە خودی خۆیدا ئەمــەی دوایی هەڵبژاردووەو خۆی لە پێناودا بەکوشــت دەدات، لانیکەم خۆبەکوشــتدانی کولتووری و

کۆمەڵایەتی.

پیربالّ، بەردەوام قوربانیی لە پێناوی بەرجەستەبوونی سوژەیەکی بیوەفــا، پێنــەزان، ســپڵە و ترســنۆکدا دەدات، کــە بوێــری بوونە خودی لێســەنراوەتەوە. ئەم نووســەرەمان ئاوێنەی پیشاندانەوەی بــێ ئەخلاقیی ڕۆشــنبیر نیە لــە کۆمەڵگای ئێمــەدا، هێندەی ئەوەی ئاوێنــەی نومایشــکردنی خودێکــی بێکەســایەتی و ئاوێتەبــوو و ملکەچــی ئەو لینکەیە کە دەیبەســتێ بە فەرمانە کۆمەڵایەتیەکانەوە. فەرهاد چەندە بەرجەســتەکەری بیشەرمیی کەسایەتیەکی نوێیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەوەندەش زیاتر ئاشکراکەری شەرم و ترسێکی هەمیشــەیی تاکەکەســەکانە لە قەیدوبەنــدە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئایینیەکانــی ئــەم کۆمەڵگایەی کــە دەیەوێ دیموکراســی بێت و تاکەکەســی دیموکراتــی ناوێت، دەیــەوێ وەک کۆمەڵگایەکی ئازاد خــۆی بنوێنــێ و مرۆڤی ئازادبووی ناوێت. فەرهــاد ئەم لینکەی تا ئەندازەیــەک پچڕانــدووە و بە بوێرییەکی بێوێنەوە، پەردە لەســەر مەیلە شاراوەکانی مرۆڤی کورد هەڵدەداتەوە، سەری چەپێنراوەکان و ســەرکوتکراوەکان هەڵدەداتــەوەو داوەتمــان دەکات بــۆ ئەوەی خودی خۆمان بین. بەڵام ئێمە دەمانەوێ لەسەر درۆکردن بەردەوام بین و بە پاســاوی ئەخلاقیانەی هەمە پەسەند و کۆمەڵگا ڕازییکەر، پیربالّ دەردەهاوێژینە دەرەوە و یەع و یەقی دەکەینەوە تا پێیبڵێین: ئێمــە وەک تۆ نیــن، نامانــەوێ وەک ئەو بین، بەڵام حــەز ئەکەین بتوانین وەک ئەو بین. بەمجۆرەش، ئەو لەناخی هەمووماندایە، ئەو لــە هەمووومــان ئەخلاقیتر و بوێرتر و خاوێنتــر و ڕوونترە، چونکە هەوڵــدەدات ڕێنومایمان بکات بۆ ئــەوەی خودی خۆمان بین. ئەو شــۆڕش بەرپا دەکات، کــە زەمینە و قارەمانی ئەم شۆڕشــە جگە

لــە خودی خۆمــان، کە هەراجکراوینــە ناو بازاڕەکانــی کۆمەڵگا و کولتووره توندڕەوەیەکەیەوە، هیچتر نیە.
لــە نێوان پیربالّی هەشــتاکان و پیربالّی پاریس و پیربالّی ئێســتادا هیــچ ناکۆکێک نابینم: ئەو لە ســەفەرێکی بەردەوامــدا بەردەوام لە پەڕینــەوەدا بــووە لە داهێنانێکــەوە بۆ داهێنانێکی تــر، بەجۆرێ لە ئێســتادا فەرهاد وەکخۆی، وەک فیگەرێکی دیار، وەک جەستەیەکی ناسراو، بۆتە کەسایەتیەکی مەجازی، کە هەمیشە مانایەک لە خۆی زیاتر، ئاماژەیەک لەو دیو خۆیەوە دەبەخشێت. ئەو لە کەسایەتیەکی پۆســتمۆدێرن دەچێت، بەبێ کولتووری پۆستمۆدێرن، بەبێ ئەوەی لە ترافیکی ئەخلاقی باو، نەریتی باو، یاســای باو، کەســایەتی باو، بوەستێ..
باو کوشــندە و بکوژی پیربالّە، بۆیە لەو شــوێنەی باو بالادەســتە، فەرهاد خەباتێکی گەورە دەکات بۆ ئازادیی و ئازادکردنی ســوژەی کوردی. ئەو لەودیو دروشمەکانی ئەم کۆمەڵگا و سیستەمە سیاسیە نەریتپەرستەکەیەوە، عەودالّی ئازادیی ڕاستەقینەیە بۆ تاکەکەس. ئەو هەڵوێست نانوێنێ، ئەوەندەی هەلویست دروستدەکات و دەمانخاتە بــەردەم هەڵوێســتی جیدی لەبەرامبــەر خود و مەیلــە تێرنەبوو و نەبڕاوەکانیــدا بۆ ژیان. ئەو هەمووماني دووچاری فەنتازم کردووە بۆ ئەوەی بەردەوام بمانەوێ لەگەڵ ئەو بەشەی ژیاندا بچینە جێگاوە و پێکــەوە بخەوین، کە حــەزی پێدەکەین، بەلام ناوێرین. بۆیە تەنیا دەســتپەڕ و خەیالّی پێوە لێدەدەین. فەرهاد لەوێوە بانگمان دەکات، کــە جگە لە جیماعکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ ژیان و هەنووکە، هیچ شتێکی تر نەماوەتەوە. نە ترس، نە ملکەچی و نە باو. بەتەنیا خودی خۆمان. بە تەنیا چێژ و نوێبوونەوەی مەیل و ئارەزوو. فەرهاد بەم مانایە مەترسیدارە، چونکە بەردەوام ئەو بەشەی بوونی کەسایەتی

خۆمانمـان بیر دەخاتـەوە، کە چەپاندوومانە و ترسـەکانی ئێمە لە باوک و یاساکانمان بیر دەخەنەوە. من ستایشی دەکەم..
جارێک لە ڕێگادا بەرەو ماڵی خۆیان، کە هەموومان لە سەیارەکەیدا بووین: مـن و تـەرزە و تنـۆک و ڕۆدان، داوام لێکـرد بوەسـتێ و لـە دووکانێـک عەترێکـم کڕی بۆخـۆم، بەڵام ئەو کە هێشـتا لە سـەیارەکەیدا بـوو، زۆر بـە گەرمییەوە گوتی: پێویسـتی نەدەکرد ڕێبەگیـان، بـەڵام چونکە هی تۆیـە، لیت وەردەگرم. من بەخشـیم، بەڵام کاتێ گەیشتینەوە ماڵ، عەترەکەی بە شەرمەوە و هاوکات بە بزەیـەک کە لەودیویەوە پڕمەی پێکەنینێـک هەبوو، بۆ هێنامەوە و تەرزە پێیگوتبوو، من بۆخۆمم کڕیوە و ئەوە بۆ تۆ نیە. لەو سـاوە هـەر کات مـن بۆنی (سـیگار) دەکرم، ئەو دیمـەن و پێکەنینەم بیر دێتەوە..
فەرهاد دواجار بیرخەرەوەی پێکەنینە لە کولتوورێکدا کە ستایشـی مۆرە و خێسە و جوێن دەکات. پێکەنین لە تووڕەیی باشترە، چونکە توندوتیژیـی لێناکەوێتەوە. بەمجۆرەش، فەرهادم وەکو پیرەمێردی شـاعیر بیر دەکەوێتەوە، کە لە تاریکاییدا مۆمی حیکمەت و پەندی پێشینانی زیندوو کردەوە. ئەو بەشێکی شاکیر فەتاح و ڕووخسارێکی نەجمەدین مەلا و لایەکی حوزنی موکریانی و تێدایە، هەروەکو چۆن لە کوڕێژگەیەکی ناو ڕشـتەی مرواری سـەجادیش ئەچێ، کاتێ کە هەمووام ماتەم گرتوونی، ئەم دەداتە قاقای پێکەنین. فەرهاد یەکێکە لە جیدیترین نووسەرەکانی ئێمە، کە پێویستە پەیکەرێکی بۆ بکەین، چونکـە توانیی بەردەوامیی بە ڕۆحیی ئەدەبیی و ئێسـتاتیکی ئێمە بدات و چێژی ئەدەبی سـەدەی بیستەم ببەستێ بەم سەدەیەشەوە، کە تیایدا ئەدەب بۆتە قوربانیی تەکنەلۆژیا و پارە و قازانج..

٢٠١٢

فەیلەسووفێک بەوێنەی مانگ..

دکتۆر محەمەد کەمال

مـن ناتوانم وەک هاوڕێ کۆنەکانی باسـی بکەم، چونکە ئەوکاتەی ئەو خۆی بە فەلسەفەوە سەرقاڵکردووە، ئێمەومانان منالی لاکۆڵان بووین، هەرچەنـدە لە بواری فەلسـەفەدا بەبەردەوامیی ڕێژەیەکی نەگـۆڕ لە منالیی پێویسـتە. منالی و فەلسـەفە جیابوونەوەیان نیە، ئەویش منداڵێکی مەزنە.

لە قۆناغی تاراوگەدا ناسـیم، لە گۆڤاری (مامۆسـتای کورد)، کاتێ وتارەکانـی لـەوێ بڵاو دەکردنەوە. سـاڵی ١٩٥٥ لـە بنەماڵەیەکی ناودار و نیشتمیانپەروەر لەدایک دەبێت، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت ڕۆژگار دەیخاتـە بـەردەم چ زنجیـرە تاقیکردنەوەیـەک. بەڵام ئەو لە تاقیکردنەوەکان ناترسـێت، چونکە مرۆڤێکە نازانێت شـڵەژان و پەلەپەل چییە. لە منداڵییەوە دوو خەسـڵەت لە کەسایەتیدا هەبووە، مرۆڤێکی شەرمن و لەسەر خۆ و شەیدای فەلسەفە.

پـاش تەواوکردنی خوێنـدن لە ئامادەیـی بازرگانیی سـلێمانی، لە

گوندێکی نزیک هەڵەبجە (ئاوەکەڵە)، دەبێتە مامۆستا. کاتێ کوردستان جێدەهێڵێت، هیچ نیشتیمانێک نایگرێتەوە خۆی، بێجگە لە ژن و فەلسەفە! لە پاکستان بە هەردوکیان دەگات، لە ژیانی هاوسەریی دوو منداڵ و لە فەلسەفەش چەندین کتێبی نایاب دەخاتەوە. ئێستا لە تاراوگەیە. هەرچەندە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، سەرەتای تاراوگەبوونی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین پرسیار: (ڕاستەقینە چییە؟) و بۆ یەکەمین کتێب کە لە هەرزەکاریدا دەیخوێنێتەوە: (دەروازەیەک بۆ فەلسەفە). ئەو لەو پرسیارە و لەو کتێبەوە دەبێت بە داوی بیرکردنەوەوە. نمونەی ئایدیالی سەردەکەمە، چەپیانە دەبێت، بەڵام ئەو بوونخوازانە بیر دەکاتەوە، تەنانەت دوای سەفەرێکی دووروودرێژیش بەناو فەلسەفەدا، بوونخوازیی هەر تێدا دەمێنێت. هەرچەندە کاتێ بیر لە یاخیبوون و خێرایی و مکووڕبوونی دوو لە بوونخوازە بەناوبانگەکانی وەک کیاکەگۆردی باوکی بوونخوازان و سارتەری دەروەستخواز دەکەمەوە، لە هێمنیی دکتۆر حەمەکەمال تێناگەم و هەستدەکەم ئەم هێمنیە جەوهەریی بنەڕەتیی بیرکردنەوەی بێت، نەک ئاراستە و قوتابخانە فەلسەفییەکان..

هیچ فەیلەسووفێکم نەبینیوە هێندەی محەمەد کەمال هێمنیی و فەلسەفە ئاشت بکاتەوە. ئەو لە سرووشتی فەلسەفیی خۆیدا، بەوێنەی ئیحسان نووری پاشایە لە کایەی سیاسیدا. هیچ کەس هێندەی یەکەمیان نازانێت هێمنی بۆ بیرکردنەوە و هیچکەسیش هێندەی دووەمین نەیزانیوە عەشق لە سیاسەتدا مانای چی. ئیحسان نوری پاشا بە درێژایی یەک تەمەن تاقانە سیاسیەکی عاشق بوو، کە ئەم عەشقەی لە ژیان، خەبات و ئاوارەیی و مەرگیشیدا ڕەنگیدایەوە. هیچ یەکێ لەم وێستگا و قۆناغانەی ژیانی ئەم مرۆیە نیە، کە تیایدا

جێدەستی عەشق نەبینرێتەوە، تەنانەت مردنەکەشی: (بەیانیەک کاتێ دەچێت بۆ کولێرە کڕین، ماتۆڕێکی ساواک لێیدەدات).

لە کاتێکدا محەمەد کەمال کەسایەتییەکی ئەوەندە لەسەرخۆی هەیە، کە هیچ شوێنێکی فەلسەفە و بەرهەمەکانی نیە، هێمنی باڵی بەسەردا نەکێشا بێت. خوێندنەوەی ئەم مرۆڤە، پرۆسە و ئەزموونێکی نەک هەر زانیاریی و دانایی بەخشە، بەڵکو ئاسوودەبەخشیش. بۆیە بڕیارمدا بەرگیی یەکەمی کتێبی کەسایەتیەکانی ژیانم، بەبێ محەمەد کەمال تێپەڕ نەبێت.
هێمنیی، بۆ مامۆستاکەمان، چ هۆکاری بیرکردنەوە و چ پرۆسەی بیرکردنەوە و چ بەرهەمی بیرکردنەوەیە. هێمنیی، وەکئەوەی دەیناسین دۆخێکی سایکۆلۆژیی، جەستەیی و هەستەکیانەی ڕۆح لەبەرە. مرۆڤ و ئاژەڵەکانیش هێمنی لە ژیانیی خۆیاندا بەرجەستە دەکەن، چونکە هێمنی جگە لە ڕەهەندە ناخەکیی و دەروونییەکەی، ڕەنگدانەوەی جەستەییشی هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی هێمنی زمانێکیشە کە بە ڕستەکانی خۆی دێتە گۆ، هێمنیی، دەربڕینە لە ئاست و شوێنێکی قووڵ لە بوونیی ئێمەدا. بەم مانایاش هێمنی، سەرچاوەیەکی لە فەلسەفەی ڕەواقیی و ئەپیکوریدا هەیە، چونکە پەیوەستە بە ئاسوودەیی مرۆییەوە.
هێمنی دۆخێکی ژیانەکییە، کاتێ بوونەوەر هەست بەو دۆخە دەکات و لە بەهاکەی بۆ ئامانجی ژیان تێدەگات، کە ئاسوودەییە. هێمنی بەشێکە لە دەروەستیی مرۆییانەی ئێمە لە ئاست ژیان و بوونماندا لەگەڵ ئەوانیتر، چونکە بەبێ هێمنی ئێمە یان لە دۆخی بێ پەیوەندیداین، یان لە دۆخی گرژیی و شەڕدا. لەبەر ئەوە هێمنی پێویستییەکی بیرکردنەوە بە گشتیی و بیرکردنەوەی فەلسەفییە

بەتایبەتی.
محەمەد کەمال، یەکێکە لەو مرۆڤە بیرکەرەوانەی، کە ڕووتیکەینەوە لە هەموو سیفات و پێکهاتەکانی کەسایەتیی و هەر شتێک کە لەژیانیدا بەدەستی هێناوە، دواجار هێمنی لێدەمێنێتەوە، ئەو بیرکەرەوەیە لە دۆخیی سرووشتیی بیرکردنەوەدا: هێمنییەکی دەریایی، هێمنی ئێوارەیەکی گەردوونی، هێمنی وەک ڕستەیەک بۆ دروستکردنەوەی گەردوون لە سەرەتاوە.
بەم مانایە، ئەم پیاوە لە دنیای کوردیدا فەیلەسووفێکی دەگمەن و ناوازەیە، ئەو بیرکەرەوەیەکی ڕاستەقینەیە کە خۆی لە فەیلەسووفە پسپۆڕەکان، یان فەیلەسووفانی ئەکادیمی جیا دەکاتەوە، ئەو فەیلەسووفێکی ئەکادیمیی ڕاستەقینەیە.
فەیلەسووفێکی ئەکادیمی کەسێکە پسپۆڕییەکی ئەکادیمی هەیە لە بواری فەلسەفەدا و ڕەنگە بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ لە بواری فەلسەدا کار بکات و مووچە وەربگرێت و سەرپەرشتیی توێژینەوە و تاقیکردنەوەی قوتابیەکانی بکات. هەرچەندە زۆرینەی فەیلەسووفە ئەکادیمیەکان هەڵگری ناونیشانی فەیلەسووفن، بەڵام ئەوان بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لە مانای فەلسەفە لە ناوەڕۆکە ڕۆژانەیی و باوەکەی، هەر خۆیان بە فەیلەسووفی ئەکادیمی ناونووس دەکەن. بەتایبەتیش کاتێک خۆیان لەبەردەم کەسانێکدا دەبیننەوە، کە لەبواری فەلسەفەدا کار دەکەن، بەبێ ئەوەی پسپۆڕیی فەلسەفەیان هەبێت.

حەمە کەمال بەم مانایە فەیلەسووف نیە. بەم مانایەش پسپۆڕیی فەلسەفە نیە. ئەو فەیلەسووفێکی ڕاستەقینە و ئەکادیمییەکی فەیلەسووفە، بەبێ ئەوەی فەیلەسووفبوونەکەی بکاتە قوربانیی ئەکادیمیبوونەکەی و بەبێ ئەوەی ئەکادیمیبوونەکەی وەک

گورزێک لەوانە بوەشێنێ کە لە پلەی ئەکادیمیی ئەودا نین، یان هەر ئەکادیمیی نین. هەر بۆیەشە من ئەو بە فەیلەسووفێکی ڕاستەقینە، یان فەیلەسووفێکی ڕاستەقینەی ئەکادیمی ناو دەبەم. ئەگەرچی ئەو هەرگیز ئەم ناونانەی پێخۆش نیە، چونکە خۆی بە فەیلەسووف نازانێت..

ئەم پیاوە وەک فەیلەسووف کێیە؟ کەسێ کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە فەیلەسووفە کێیە؟

فەیلەسووفێکی وەها کەسێکە بیری ئێمە بەرەو تێگەیشتن لە بیرکەرەوە مەزنەکان ئاراستە و ڕابەرایەتیی دەکات. بیرمەند و فەیلەسووفە گەورەکانی وەک ئەفلاتوون، ئەریستۆتالیس، دیکارت. هیوم، کانت، نیتشە، هایدەگەر و سارتەر و زۆری تریش، کە ئارگیۆمەنت و تیۆرییەکانیان بۆخۆیان و لە خۆیاندا پێگەی تایبەتیان هەیە و بیروباوەڕەکانیشیان بۆتە بەشێک لە کەسایەتی و ناخی فەیلەسووفەکەمان.

مامۆستا حەمە کەمال بەو مانایە فەیلەسووفێکی ڕاستەقینەیە، چونکە فەلسەفە مەسرەف ناکات لە پێناوی شتێکی تردا، بەڵکو فەلسەفیانە بیر دەکاتەوە و فەلسەفیانەش دەژی. ئەو فەیلەسووفێکی ڕاستەقینەیە، چونکە ترس و ڕێز و خۆشەویستیی هەیە لە ئاست ئەو دەق و تیۆریی و کتێبانەی لە گەشتەکەیدا پێیان ئاشنا بووە و سنوور بۆ حەز و مەیل و ئارەزووەکانی دادەنێن و لە بیرکردنەوەشدا ئازادی دەکەن. لە هەڵوێستەکانیدا سامێک لە فەلسەفە دەبینیتەوە، لە زمانیدا ترس لە ڕێکخستنی ڕستەکان و لە کتێبەکانیدا، سەدان کتێبی تر. ئێمە چاوەڕوانیمان لە فەیلەسووفی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە دانا بێت، بیرکەرەوە بێت، بیرتێژ بێت، لە یەک کاتدا زانیارییەکی زۆری هەبێت و لە هەمان کاتیشدا خاوەن سرووت و پەیامی خۆی

بەبێ ئەوەی بیرکردنەوە وەک گرییەک، یان ئالۆزییەک بخاتە ڕوو. مـن کە بەرهەمەکانی ئەم مامۆسـتایە دەخوێنمـەوە، بەخۆم دەڵێم: ئای چەندە ئاسانە تێگەیشتن!

جگـە لەمانەش، زۆرێنەمـان ئەو چاوەڕوانییەمان لە فەیلەسـووفی ڕاسـتەقینە هەیە، کـە خاوەنی کەسـایەتییەکی تایبـەت بێت، وەک خاوەنی توانایی بۆ تێگەیشـتن لە کەسـانیتر و خۆدانان لە شوێنی ئەوان و بیرکردنەوە لەگەڵیاندا. هەروەها فەیلەسـووفی ڕاسـتەقینە کەسێکی پاکژ و زاهید و دەستگیرۆییکەرە و حەز دەکات یارمەتیی ئەوانیتر بدات بۆ گەیشـتن بە ئاماجەکانیان لە تێگەیشتن و داناییدا، ئەگـەر ڕێگاکانی عەودالبـوون بەدوای داناییدا تـەی بکەن. وێڕای ئەمانە فەیلەسـووفی ڕاسـتەقینە کەسـێکە لـە ڕووی ئەخلاقییەوە، خاوەن ڕەفتاری بەرز، وریا و هەمیشـە عاشقی دانایی. لە ڕاستیدا ئەم کەسە لە خۆیدا ئارام و ئاسوودە، هاوبەش نیە لە دروستکردنی کێشـەکانی جیهانـدا و بیردەکاتـەوە لەو ژیانـەی دەژی و دەژیی بەوجۆرەی بیر دەکاتەوە، بەڵام (مەحوی) گوتەنی: ئەو خەمی خۆی و غەمی هەموو عالەم دەخوات..

ئـەم چاوەڕوانیـە بەرزانە لە فەیلەسـووف، زۆر پێشـتر لە کتێبی (کۆمار، بەشـی شەشـەم)دا، خراونەتە ڕوو: زیـرەک، ئازا، فێرکار، دڵفراوان، هاوڕێی باش، خۆشەویسـت، ئارام و بە سەبر، دادوەر و خاوەنی چەشە و یادوەرییەکی باش. هەرچەندە ئەم قسانە زیاتر لە دوو هەزار سـاڵە نووسراون، بەڵام وەک سەرمەشقێکیان لێهاتووە بۆ ناسـینەوەی فەیلەسـووف و هیچ بەهای خۆیـان نەدۆڕاندووە، ئەگەرچی زەحمەتە هەمووکەس بتوانێ وەدییان بهێنێ..

لێرەدا دەمەوێ ئەوەش ڕوونبکەمەوە، کە هیچ دژوازییەکی پێویست لە نێوان فەیلەسـوفی ئەکادیمیی و فەیلەسـووفی ڕاسـتەقینەدا نیە.

ئـەم جیاکردنەوەیە پێمان ناڵێت، کە فەیلەســووفی ئەکادێمی خراپە، یان ســاختەیە و فەیلەســووفێکی بەدکار و درۆزنە. فەیلەســووفی ئەکادیمی بەشێکی گرنگە لە پانتایی و دیمەنی ئەکادیمی و دەتوانێ ئــەو بابەتانە چارەســەر بکات، کــە گرنگییەکی تایبەتیــان هەیە بۆ خێزان و کۆمەڵگا و تاکە مرۆڤ.
فەیلەســووفە ئەکادیمیەکان لــە بواری تیۆریــی و بەڵگەهێنانەوە و شــرۆڤەکردن، پێناسەکردن، ڕێکخستن و ڕاڤەکردنی بابەتیی گراندا پرۆڤــە دەکــەن و ئەمــەش بڕێک حەز و توانا و کارێکی زۆریشــی دەوێت تا بتوانن لە کایەی فەلســەفەی ئەکادیمیدا جێگیریی بکەن و بەهۆیەوە پلەی زانســیی خۆیان و بەشەکەیان و بوارەکەیان ببەنە پێش..
وەلێ فەیلەسووفی ڕاستەقینە، هەرچەندە پێویستە ڕەهەند و ڕێنمایی و ڕیســا پســپۆڕییەکان بزانێــت و بە کارامەییەوە ســودیان لێوەر بگرێت، بەڵام وێرای ئەوانەش پێویســتە چەندین خەسڵەتیی خودیی خۆڕســک و ڕۆشــنبیریی تێدا بێت، کە هەرگیز لە ڕێگەی خوێندنی ئەکادیمیی و پسپۆڕییەوە بەدەست نایەن.
هەرچەندە ئەو فەیلەسووفە ئەکادیمییانەی من بینیومن و ناسیومن، فەلسەفەیان خۆشدەوێ و لە چەند بوارێکیشدا تیایدا شارەزان، بەڵام دەکرا ببنە هەر شــتێکی تر لە جیاتیی بوونە فەیلەســووف. هەندێک لەوانە دەیانتوانی ببنە پسپۆڕیی فیزیا، یان دادوەر، مۆزیکار، وتاربێژ، یان کەشــتی دروستکەر، یاخود پزیشــک. حەمە کەمال، یەکێک لەو دەگمەنانەیە، کە ناتوانم بزانم جگە لە فەیلەسووف، دەکرا ببوایەتە چ شتێکتر. بەڕاستیی ئەو فەیلەسووفێکی ڕاستەقینەیە، چ ئەو کاتەی لە ناوەوە تەعبیر لە بیروڕای فەیلەسووفەکانیتر دەکات و چ ئەوکاتەش ناخی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بەشــێوازێکی فەلسەفیانە دەردەبڕێ.

ئەو لە مانگ دەچێت، هەم دەتوانی تەماشـــای بکەیت و هەم لە بەر ڕووناکاییەکەیدا شتەکانیتر ببینیت.

شێرکۆ بێکەس:

هەستەوەرێکی جیهانگەرا

کاتێـک ڕۆژنامەیەکی ئێرانـی داوایان کردبوو، وتارێکیان لەسـەر بیکەس بۆ بنووسـم، هێشـتا ئێمە لەپرسەی ئەم شـاعیرەدابووین. بەڵام من ئەم داوایەم بە بەڵگەی سـەرلەنوێ ژیانەوەی شاعیرێکی مەزن لێکدایەوە، کە ئیتر بەتەنیا هی کوردەکان نیە..

ئەوەی ئێرانییەکان و دۆسـتانی فارس زمان دەتوانن لە شـێرکۆوە فێری ببن شیعرنووسـین نیە، بەڵکو مرۆڤدۆسـتی و هاوسێویستی و خۆشەویسـتیە بۆ زمان و مرۆڤایەتی و نیشـتیمان. شـێرکۆ لەم ڕووەوە دیاردەیەکـی ناوازەیە لە شـیعری جیهان و دەنگێکی بەرزە بەرەو ڕووی ناعەدالەتی و سەرمایەداری و فۆرمە ئایدیۆلۆژییەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ، کە پێدەچێت هەمان ئەو دەنگە خەفەکراوەی میراتی کۆلۆنیالیزم بێت بەمجۆرە ئیسـتاتیکی و مرۆڤدۆستانەیە لە ژێر خۆڵەمێشی مێژووەوە گەشاوەتەوە.

هەرچەندە هەمیشـە مایەیەکی نەتەوەخوازانە لە شـیعری شێرکۆدا

ئامادەیی هەیە، بەڵام شێرکۆ هەرگیز نەبووە بەداوی ناسیۆنالیزمێکی کوێرانـــەوە، هێندەی ئەوەی ئەو مرۆڤدۆســتانە و ئەویترویســتانە بـــاس لە ئازارەکانـــی مـــرۆڤ دەکات و لەم پێناوەشـــدا مرۆڤاندنی سرووشت، گیانداران، ڕووەک و خشۆکەکان وەک بەشێک لە پڕۆژە مرۆڤدۆستیەکەی ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە.

شیعری شێرکۆ لە ماڵێک، یان وڵاتێک دەچێت لەو کاتەدا کە لۆکاڵی و کوردیانـــە و دیارگەرایانەیە، لە هەمان کاتیشـــدا ماڵێکە بەبێ هیچ دەرگایەک، سنوورێک، یان دیوارێک گشت مرۆڤایەتی لێوەی دەچێتە ژوورەوە و خۆراکی ڕۆحی بۆ ئەزموون و ئازارەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت. هەمیشە بۆ شێرکۆ قوورس و زەحمەت بوو لە ڕۆژگارێکدا بنووســێت کە پڕە لە ڕەگەزپەرســتی و لوتبەرزیی ناسیۆنالیستانە و کەچی ناسیۆنالیســتێکی لوتبەرز نەبێت کە شـــانازی بە مێژووی شکۆدار و زنجیرەی پاشایەتیی و میرنشینە کوردییەکانەوە بکات بۆ سەلماندنی هەنووکەی خۆی، (کارێک کە ناسیۆنالیستە پەڕگیرەکان دەیکەن)، بەڵکو ئەو هەمیشە لە شیعرەکانیدا ساتەوەختی هەنووکەی تێکۆشـــان و ڕەنجی مرۆڤایەتی و نەتەوەکەی دەکردە عەشقێک بۆ مانـــەوە و ســـەلماندنی بوونی مرۆیی، وەک بوونێک لە تێکۆشـــاندا نەک بوونێکی زەلیلانە.

کاتێک دەڕوانیتە پانۆرامای شـــیعری شـــێرکۆ بەباشی هەستدەکەی پێویست ناکات کورد بیت بۆ ئەوەی ئەم شاعیرەت خۆشبوێ، چونکە ئـــەو لە هـــەزاران شـــوناس و ڕوانگە لە بەرهەمەکانیـــدا، تەنیا یەک ڕوانگەی کوردیانە و تایبەتە و ئیتر وەک ماسیە ڕەشە بچکۆلەیەکی ئـــازاد هەموو بیرکردنەوە و خەیاڵی خـــۆی بەناو دەهلیزی خەیاڵدا

لەبەردەم مرۆڤایەتیی پەخشدەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە شێرکۆ داهاتوویەکی زۆر گەشاوەتری هەیە وەک لەو ماوە کورتەی ژیا و ئامادەیی فیزیکیانەی ئەو لە کوردستان و شاری سلێمانی، سنووری بۆ جیهانبوونەکەی دادەنا.

شێرکۆ، بەبێ ئەوەی فەیلەسووف بێت ئاراستەیەکی دیکەی بۆ ئەویترویستی و هاوسێیەتی و هاوڕێیەتی و ئەویترناسی دیاریکرد. ئەو هەرگیز میراتێکی ڕقهەڵگرتن لە نەتەوە سەردەستەکانی بۆ جێنەهێشتین، بەڵام بەردەوام فێریکردین پێویستە محاکەمەی تاوانباران بکەین، نەک تەنیا لەسەر مرۆڤکوشتن و ئینکاریکردنی بوونی مرۆییانەی کوردەکان، بەڵکو لەسەر ژینگەپیسکردن، قەلاچۆکردنی زیڕۆح و ژینگەی مرۆڤایەتی. ئەو لە پێش و هاوکات بە فەیلەسووفانی وەک لیڤیناس و دێریدا و پاوڵ ڕیکیۆر، هەستەوەرێکی قاڕەیی (کۆنتینانتاڵ) بوو، کە بە شیعر مەسەلەگەلێکی هێناوەتە پێش، کە بونیادی فەلسەفی ئەم فەیلەسووفانە پێکدەهێنێ و سنوورەکانی نێوان عیرفانی شەرقی و ئەقڵانیەتی خۆرئاوایی لێکتر نزیکدەخاتەوە. ئەو لە یەک کاتدا توانی لە شیعر، چ لە فۆرمە تەقلیدی و چ لە فۆرمە مۆدێرن و کراوەکانیدا، هەمان کات ئامراز و ئامانجێک بدۆزێتەوە کە مرۆڤایەتی لە سەرەتای هووشیاری و هەستکردنیەوە بە بوونی خۆی، عەودالی بووە.
شیعری شێرکۆ پێش هەموو شتێک شیعری مانایە و ناوەڕۆکەکەی مرۆڤانە و شۆرشگێرانە و ئازادیخوازانەیە. کۆکردنەوەی ئامراز و ئامانج، دروستکردنی هارمۆنی و هاوسەنگی لە ئاستی مانا و ئێستاتیکادا، ئاشتکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆک، تەواوکردنی ڕووخساری دەرەکیی زمان بە شەپۆلە مۆزیکیەکانی ناوەوەی، لە

هونەرە هەرە بەرزەکانی شێرکۆ بێکەسن.
ئەو لە ڕووی عاتیفی و خەیاڵ و ئاراستەی فیکرییەوە، لە شیعری کوردیدا تێکەڵێکە لە (نالی) و (مەحوی)، لە ئەزموونی تاراوگەیی و پەرتبوونی زمانیدا، پتر نالیانە و لە ئەزموونی ڕۆحیی و مەعنەویدا، لە مۆسیقای زمان و لە هەڵەکەسەمای وشەکانیدا ڕەگێکی قووڵی (مەحوی)انەی تێدایە. ئەم شێوازە شیعریە، درێژە پێدەری هەمان مۆسیقاسازییە لە زماندا کە لەلای (مەولانای ڕومی) و (حافزی شیرازی) و تەنانەت (بێدڵ)ی دەهلەوی دەبینرێتەوە و وشە لە چوارچێوەی بەیت و ڕستەدا کاژ دائەماڵێ و نوێبوونەوەی خەیاڵ بەرهەمەکەیەتی و ئومێد لە ئاسۆیدا دەدرەوشێتەوە.
ئەم شێوازە شیعریە و درێژبوونەوەکەی لە شیعری مۆدێرنی شێرکۆبێکەسدا، نیشانەی نزیکایەتی ئەزموونی ئێستاتیکی و مەعنەوی و ڕۆحیی و کۆژانی مێژوویی و لەمێژینەی ئەم میللەتانەیە پێکەوە، کە دەکرێت لەسەر بنەماکانیەوە خۆشەویستیی مرۆیی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان دابمەزرێت بە شێوازێکی جیاوازتر لەوەی لە خۆرهەڵاتی ناوینی ئێستادا بەدی دەکرێ. لە ڕووی ئێستاتیکیشەوە، شێرکۆ قوتابییەکی (گۆران)ە بەڵام ئێستاتیکای گۆران لە ئاراستەیەکی سرووشتیەوە، لە ڕەهەندێکی پاسیڤەوە دەگۆڕێ بۆ ئێستاتیکایەکی بەرگریکەرانە. ئەو وەک گۆران هەستئامێزی لەگەڵ دنیای دەوروبەریدا ناکات، بەڵکو یەکسەر دنیای دەوروبەر، خشۆک، گەڵا، باران، دار، بەرد و خۆڵ و با و زریان، کات و شوێن بە گشتی دەهێنێتە قسە و مرۆیانەی دەکات.
بەلای شێرکۆوە، سرووشت بابەت یان ئۆبژەیەکی دابڕاو لە بکەری هەستەوەر نیە، بەڵکو تەواوکەری سۆژەی هەستەوەرە و پێکەوە لە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی زیندوودان.

لە ڕوانگەی ناوەڕۆکی هاوچەرخانەی شـیعرییەوە، چ بە ئاراستەی ئاسـۆیی و چ بە ئاراستەی ستوونی و شاقوولی، هەروەک چۆن لە ڕواڵەت و بابەتدا، لە ئاسـتی جیهانی و ناوچەییدا، شێرکۆ تێکەڵێکە لە نیرۆدا، لۆرکای مەزن، شـاملوو، مەحمـوود دەرویش و ماغوت و چەندانیتـر.. بەبـێ ئـەوەی تایبەتمەندی خۆی ونبـکات. ئەمەش وادەکات بەرهەمەکانـی شـێرکۆ هەوێنـی چەندیـن لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیـی و ئێسـتاتیکی و فەلسـەفیی بەراوردکاریانـەی لەخۆیاندا هەڵگرتبێـت.. شـێرکۆ لە شـیعر و زمانی کوردیـدا، وەک قاڵییەکی ڕەنگاوڕەنگی دەسـتچنی کچانی کرماشـان و سـنە و سلەیمانی و دیاربەکر و قامیشلوو، بە ڕەنگ و تایەبەتمەندی خۆیەوە دەمێنێتەوە و دەناسرێتەوە تەنانەت ئەگەر ناوەکەشی نادیار بێت.

من دڵنیام نەوەی دوارۆژ لە ئێران و دەوروبەردا، کە کەمتر گیرۆدەی چوارچێوە ئایدیۆلۆژییەکانە و پتر بەدوای شوناسی سۆبژەکتیڤانەی خۆیدا ویڵـە و بە دیدێکی جیهانویسـتانە و گەردوونگەرایانەوە بۆ مرۆڤبوونی خۆی دەڕوانێت، پتر بەلای شـێرکۆدا دێن، تا نەوەکانی پێشـووتر کـە چاویلکـە ئایدۆلـۆژی و حوکمە پێشـوەخت و دیدە نەژادگەراکانیان نەیاندەهێشـت بابەت و ناواخنی شـیعری شێرکۆ ببینن، کە لە مرۆڤایەتی و کوردەکان و کوردستان زیاتر نیە.

بـۆ ئەوانـەی لە بـەر هۆکاری زمان لە شـیعری شـێرکۆ تێناگەن، پێشـنیاریان پێدەکەم گوێ لە دەنگ و ڕیتمی مۆسـیقایی ئەو بگرن، لەوێدا هەسـت بە بەرزیی ئێسـتاتیکیانەی ئەم مرۆڤە دەکەن، کە لە ساتەوەختێکی هەسـتیاردا کۆچی دوایی کرد و چۆوە لای هاوڕێ شـاعیرەکانی خۆی.. ئەو شـاعیرانەی نابێت تەنیـا لە یەک وڵات و

قەبرســتان بنێژرێن، بەڵکو پێویستە گۆڕستانێکی گریمانەکراو، یان ســیمبوولیی هاوبەشیان لە گشــت وڵاتان و لەلای گشت میللەتانی ئازادیخواز هەبێت.

جەمال غەمبار:

غەمێک بە کۆڵی بارانەوە،

تک.تک

ئەو لە قۆناغی شەشی ئامادەیی بوو کە ناسیم و زانیم لە هەمان گەڕەکدا دەژین، کە بەبێ ئەو یادکردنەوەی بێتامە. مزگەوتی گەڕەکەکەی ئێمە کەوتبووە دەرەوەی شەقامی بازنەیی لە تووی مەلیک. ئێمە لەو بەشەی شار بوین کە دەبوو زۆرجاران بۆ سواربوونی پاسەکان تا کارگە بەردەکەی «عیرفان» بەپێ بڕۆیشتینایە و لەوێشەوە بەپێ بهاتینایەتەوە ماڵەوە، دوائەوەی لە شەقامی بازنەیی و ڕێک لە ئاستی تانکیە ئاوەکەی تووی مەلیک بپەڕینایەتەوە بۆ سەر جادە قووڕەکە..

ئێمە هێشتا لەبەشی قووڕایی شار بووین، کە بێ زەبروزەنگیش نەبوو. زستانان غەمبارم دەدی وەک باڵندەیەکی سەربڕاو کە هێشتا گیانی دەرنەچووبێت، لە کۆڵانەکەی ماڵی خۆیانەوە بەرەو وێستگەی پاسەکان، بە باڵەفرە و لەنجەولار دەڕۆیشت تا خۆی لە گۆلاوی قووڕ و چلپاوەکان بپارێزێت. ئەو، ئەم سەربڕاوی و باڵەفرتێیەی

دواجـار خسـته ناو شـیعرەکانییەوە. شـیعری ئەو لـە باڵندەیەکی سـەربڕاو دەچێت کە پێش گیانکێشـان، لەدەسـتی چەقۆبەدەست، واقیع، ڕزگاری بووبێت و بێ ئامانج و ئاراسـتە، لەسـەر ئەو خاکە خۆی بگەوزێنێ.

پاوڵ سیلان، شاعیری گەورەی فەرەنسا، شیعرێکی بۆ جینۆسایدی یەهوودییەکان هەیە بەناوی (فۆگ)، کە تیایدا وەسفی گایەک دەکات بـەر لەبردنـی بۆ قەسسـابخانە بۆنـی خوێـن دەکات و دەکەوێتە سمکۆڵ و خۆگەوزاندن، وەکئەوەی لەخاک بپرسێت: چۆنە ئەوەندە تینووی مژینی خوێنە!

من زۆرجاران بەو شـیعرەی سیلاندا، کەسـایەتی شیعریی جەمال غەمبارم بیر دەکەوێتەوە. غەمبار بەرجەستەکەری غەمە لە شیعری کوردیدا و ئەمەش وایکردووە، شـیعری غەمبار شـیعرێکی پاسیڤ بێت و شـیعرێک بێت ئەوەندەی هووشیاریی غەم بەرجەستە بکات، ئەوەندە شیعرێک نەبێت کە بیەوێ لە دیدەگای غەم بپەڕێتەوە.

نـەوەی مـن، کاتێ لـە گۆڤارەکاندا شـیعرێکی تـازەی غەمبارمان دەخوێنـدەوە، ئەمـە وەک ڕووداوێـک وابـوو، کـە چاوەڕوانیـی ڕووداوەکانی پاشتری تێدا دروست دەکردین. ئێمە زوو تێگەیشتین کە شـیعری غەمبار ئاسـانیش خـۆی نادات بەدەسـتەوە و زمانی غەمبار ئەوسـا، تەمومژاویتر بوو لەچاو شـیعر و قەسیدەکانی ئەم ڕۆژگارەیـدا. ئەمـەش هەم پەیوەندیـی بە بارودۆخە ڕەشـەکەوە هەبـوو، کە داوای لیدەکردیت بوونی خۆت لە سـێبەر و تاریماییدا بسەلمێنیت، نەک بە ڕۆژی ڕووناک. دەبوو زمان هەمیشە تارماییەک، پەردەیـەک لە تەمومژ بـەدەوری خۆیدا بگێڕیت، بۆ ئەوەی گیرۆدە نەکرێ بە یەک مانایی و ڕاستەوخۆگەراییەوە.

لەلایەکـی تریشـەوە پەیوەندیـی هەبوو بـە شـارەزایی غەمبار لە

ئەدەبیی کلاسیکی کوردی و زمانە بەرزەکەی، لەگەڵ شارەزایی و خویندنەوەی بۆ ئەدەبیی جیهانیی لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە. ئەو هەمیشە بە چاوەڕوانییەوە دەینووسی لەبەردەم نمونە بەرزەکانیدا..

هێشتا نەچووبووە تاقیکردنەوەکانیی پۆلی شەشەمی ئامادییەوە، کە ناسیم. لە مزگەوتەکەی گەڕەکی خۆمان، لە تووی مەلیک، کە ئێستا کەوتۆتە سەرووی گوندی ئەڵمانی و خوار شاری یارییەوە. مجێوری مزگەوتەکە ڕێگەی بە ئێمە نەدەدا بچین بۆ ئەوی، بەڵام کاتێ غەمبار واسیتەی بۆ کردین، ئیتر کێشەمان نەما. چەندجارێک پێکەوە پیاسەمان کرد، دانیشتین و کتێبم لێوەرگرت و بردمی بۆ بازاڕ و کەسانیتری پێناساندم و دڵی دامەوە. ئەودەم ئێمە مناڵە وردکەبووین، بە غەمباریان دەگوت: ئەم منداڵە وردکانە چین شوێن خۆتیان دەخەیت! بەڵام ئەو هەمیشە کەسێک بوو لە نێوان شاریبوون و ئازاری گوندا مایەوە، ئەو بەشێکی لەسەر جادەی قیر و بەشێکی لە قووڕدا بوو. ئەو لە ئێمە تێدەگەیشت. بۆخۆیشی، هەرچەندە شاریانە دەژیا، بەڵام بە ئەسڵ خەڵکی گوند بوو، بەڵام بیرم نیە کامیان..

نازانم پێش وەرگیرانیی بوو لە کۆلێژی یاسای بەغدا، یان لەو کاتەدا بوو کە غەمبار عاشق بوو. ئەمە کەمێک لە ئێمەی دابڕی، بەڵام چاوێکی هەر لێمان بوو. وردە وردە و تا دەهات لە لەگەڵ شیعر و عەشق و دیلاندا دەماننناسییەوە. ئەو بەبێ دیلان نەدەژیا: زۆرجار تەڕیی حەوشەکەیان و بۆنی شیعر و دەنگی دیلان لە ماڵی ئەواندا تێکەڵ دەبوون و من غەمبارم بەوانەدا دەناسییەوە. دایکێکی هەبوو، میهرەبانتر لەگەڵای درەخت، باوکیشی لە قەندی میاندواو شیرینتر، هەردووکیشیان لە کار و بیدەنگیدا: پاشا و لە لووتکەدا

بوون. جەمال لە بالآدا سەر باوکی و لە حوزن و میهرەبانیدا سەر دایکی داوەتەوە..

بۆخۆیشـی جۆگەلەیەک بوو ئێمەی دەبەسـت بە شار و شیعرەوە. ئیتـر گەورەبوونیـش هات، تـا متمانەمان بە خۆمـان زیاتر بێت و بوێرین لەگەڵ غەمبار پیاسـە بکەین! ئەوە شانازیی بوو، بەتایبەتی کە ئیتر تێگەیشـتبووین ئەو سیاسەتیش دەکات. ئەگەرچی هەرگیز نەمزانـی چۆن و لەگەڵ کێ، بـەڵام چەپایەتییەکی تێدا بوو، جۆرێ لـە ماتەریالباوەڕی نا شۆڕشـگێڕانە. من وا هەسـتدەکەم هەسـتە شـیعرییەکەی و بڕوای غەمبار بە وشە و خەیاڵ و ڕێکخستنەوەی جیهـان لە زمانی شـیعردا، هەموو باوەڕبوونێکیان (بە تێگەیشـتنە خۆرهەڵاتییەکە)، لە شـۆڕش لێسـەندبۆوە. ئەو زیاتر پیاوی سوڵح و چاکسازیە، نەک شۆڕش.. ئەگەر وا نەبوایە من بە دیوارنووسین دەستمپێدەکرد، نەک بە شیعرنووسین.

لـە یەکـێ لـە پیاسـەکانی ئێوارانـدا بـوو، کاتی گەڕانـەوە ماڵ، کە ئەمنـەکان بەرەوڕوومان هاتن و چواردەوریان گرتین! مەگەر هەر زمانی غەمبار و شـێوازە ئەدەبیەکەی بیتوانیبا لە تەڵەیەکی گەورە ڕزگارمان بکات. ئەدەب هەمیشە ڕزگارکەر بووە و دەبێت..

غەمبار هەمیشە بە ڕێگاوە بوو، بەتایبەتی لە ماوەی عاشقایەتییەکەیدا هیـچ حەجمینی نەبوو: لەماڵی خۆیانەوە بـۆ ماڵی یار، لەوێش دڵی جێدەهێشـت و ئێواران دەهاتەوە بـۆ لای کتێبەکانی و دیلان. وەک ئەوەی عەشـق وزەیەکی بۆ سـەفەر پێبەخشـیبوو، کە چیرۆک و بەسـەرهاتی ئۆدیسیۆسـی بیـر دەهێنایتـەوە. ئەو هەمیشـە وەک ڕۆحێکـی ئۆدیۆسیۆسـی شـیعر مایەوە. هەمیشـە لەسـەفەردا و هەمیشـە عەوداڵ، بەڵام هەمیشـە پێرفێکـت و دوور لە پەڕپووتیی شاعیرانە. هەمیشە ڕێکپۆش، کراس و پانتۆڵ ئوتوو کراو، هەمیشە

بۆنخۆش و ڕیش تاشـراو، ئەگەرچی سەردەمەکە داریوشیانە بوو:
بەبێ ڕیش و سمێڵ مانات نەبوو.
بێ ڕیشـیی ئەوەندە کاریگەریی کردبووە سـەر دەروونیی ئێمە و هەسـتی دواکەوتـن لە سـەردەمەکە وای لێکردبوویـن، کە هەموو ڕۆژێ بـە دزیـی لـەو مزگەوتەدا کـە غەمبار لـەلای مجێورەکەی واسیتەی بۆ کردبووین، بچین سەعیی تیا بکەین، لە ئاودەستەکانیدا بە لەتە تیغێک و لەبەردەم تەلزمی ئاوێنەدا، ڕیش و لاجانگمان داغان دەکرد.. غەمبار، لەو سـەردەمە داریووشـیانەیەدا، تەنیا غەمبارانە شـاعیربوو، دەنا ژیانێکی باشتر لە قەیس و مەجنوون دەژیا. ئەوە تەنیا پاشتر بوو کە شیعر ژیانی زەوتکرد و بوو بە غەمیی ژیانی.
غەمبار بۆ من لەوکاتەدا پتر لەوەی کەسێکی واقیعیی بێت، ڕەمزێک بـوو. ڕەمزی زمانێکـی ڕەوانبێژانە، کەسـایەتیەکی ئێسـتاتیکی و لەهەمان کاتیشـدا بەرگریی و نیشتیمانپەروەری، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییەکی بێئەندازە جوان و ڕێزدارانەی لەگەڵ نەوەی ئەدەبیی پێشـخۆیدا هەبوو. هەرچەندە خۆی مۆدێرنیست بوو، بەڵام نەریتی ڕەت نەدەکـردەوە. ئـەو هەڵگـری ناکۆکیـی بوو لە خۆیـدا، بەڵام بە شـێوازێکی ئاشـتیانە لەگەڵ ناکـۆک و دژەکانـدا دەژیا. بەهرە زۆرەکانی، فرەییان بە کەسـایەتی ئەو بەخشیبوو: شیعر و زمان و ڕەوانبێژییەکی دەوڵەمەند، دەنگ و شێوازێکی شایستەی خوێندنەوە، کە نەوەی ئەم سەردەمەشـی خسـتۆتە ژێـر کاریگەریی خۆیەوە، خوێندەواریـی و تەواوکردنی خوێندن و لەپـاش هەموو ئەمانەش: خۆشنووسـیی. ئەوم دەبینی لە چاپخانە و ئۆفیسـی سـەرکەوتن، چەندین کاتژمێر لەگەڵ نووسینەوەی کتێبەکان بە پێوە دەوەستا.
غەمبـار، «شـاز» بـوو، بـە زمانـی شـاری و لادێـی و ژن و منداڵـی دەزانـی و خۆشەویسـت بوو. مـن وشـەکانی: «دڵەکەم»،

«ڕۆحەکەم»، «کەسەکەم»، «ئازیزم»، «سوپاس»، «شایانی نیە» و لە هەمووشـیان خۆشتر: «حەوبرا»، لەوەوە فێربووم، کە پاشان لەمەی دواییاندا لاساییشم دەکردەوە.
ئـەو بۆ نـەوەی ئێمـە، ڕەمزێکـی ئەخلاقییش بوو، کەسـایەتیەکی داوێنپاک، بەدوور لە فیتنەگێڕی و دەروەسـت بە نیشتیمانەوە. من لە سلێمانیدا دووکەس گیانی نیشتیمانپەروەرییان تیدا جۆشدامەوە، یەکەمیان بەهۆی مۆسیقا و دووەمیان بە هۆی شیعرەوە، یەکەمیان مامۆسـتا دلێر ئیبراهیـم و بنەماڵەکەیان، لـە گەڕەکی مەجی بەگی کۆتایـی حەفتـاکان و دووەمیان جەمال غەمبـار لە گەڕەکی تووی مەلیکی هەشتاکان. یەکەمیان بە مۆسیقا و هاندانم بۆ خوێندنەوەی (داغسـتانی مـن)، کـە پێموایە ئـەو کتێبە بـۆ هەر کەسـێ بیەوێ نیشتیمانی خۆشبوێ بەسوودە و دووەمیان بە شیعر و بەتایبەتیش شـیعری نالی، کە غەمبار یەکێ بوو لەوانەی زوو سـەرنجی بەلای چامەکەی نالی و سالمدا ڕاکێشام و من پاشتر تێگەیشتم کە غوربەتی شاعیران لە نیشتیمانەوە دەستپێدەکات و بەناو تەمەن و تاراوگەدا شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو شیعر و وشەکان و نەمریی..
لە شـیعری غەمبـاردا کۆی چەپاندنی سـتەمکارانەی هەشـتاکانی بەعس بەرجەسـتەبووە. شـیعری ئەو، زمان و شەتاوی وشەکانی، حوزن و قەهر و نۆسـتالیژیای هەشتاکان بەیان دەکات. غەمبار، لە هەشـتاکاندا سـزای ڕۆحیی درا و لە تاراوگە و پاش هاتنەوەی بۆ نیشـتمان هاواری لێهەستا. ئەو بەیانکەری چەپێنراوێکی ڕۆحیە کە لـەو دەیەی قەهرەدا نەدەکرا بەیان بکـرێ. غەمبار بەمکارەی، بەم خۆهەڵگرتنـەی توانیی زەمەنی سـتەم و زەمەنی نائومێدیی پێکەوە ببەستێتەوە. لێرەشەوە، شیعری ئەو بەیانکەری کەمێ بەدرەنگەوەی ستەمکاریی هەشتاکان و کەمێ بە شەرمەوەی نائومێدیی هەنووکەیە،

کە لە دوای ڕاپەڕینەوە درێژبۆتەوە بۆ ئێستا..
ئـەو ئێوارەیـەی لـە مونەزەمـەی بەناو شـەهید عوسـمانەوە، بە ئارپیجی و دۆشـکە پەیکـەری کاوەی ئاسـنگەریان دایە بە ڕێژنە، جەمـال غەمبار لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا بوو. سـەردانی هەڵەبجە و کەرکووکـی دەکرد و لە سـلێمانیدا فیگەرێکی دیار بوو. لە دوای سـاڵی هەشـتاو پێنج، سـاڵی قەدەخەی چوونەدەر، نەمبینییەوە تا گەڕانـەوەم لە دووهەزاردا، کە ئیتر ئەو لە ئاسـتانەی جێهێشـتنی نیشـتماندا بوو. لـە دیدارێکی کورتدا زانیم غەمبـار ئاگاداری کۆی چالاکییەکانم بووە و ئەمەش دڵخۆشـیی کردم.ماڵئاواییمان لێککرد و تا ساڵی، وابزانم ٢٠١١نەمبینیەوە، کە ئەو دەم هاتبۆوە بۆ ئەوەی لـە هەولێر کۆڕ بگێرێت و شـیعری کاپتنەکـەی بخوێنێتەوە. داوای لێکردم من پێشکەشـی بکەم. وێڕای ئەو وشـانەی کە پێویست بوو لەبەردەمی ئەودا بگوترێن، ئەم دێڕەشم گوت:
غەمبـار تاوانبـارە بـەوەی نەوەی ئێمەی پەلکێشـی ناو شـیعر و ئەدەبیات کرد..

عەتا نەهایی..

بیری عەتا دەکەم،
عەتا نەهایی،
کە نازانم بۆچی ئەو
نەبووە سەرۆک کۆمار،
تا لەوە زیاتر زمان،
هەست بە بێڕێزی نەکات
لە زاری هەرکەسدا..

هیچکەس بە قەد ڕۆماننووسیک،
هێندەی شاعیرێک،
هێندەی حەیرانبێژێک و
تەنانەت بەقەد پاقلەفرۆشێکیش
کە هاوار دەکات:

پاقلەی کوڵاو،
زمان و ڕۆح ئاشتناکاتەوە..

هیچ کەس هێندەی سیاسیەکیش
کە نازانێت بخوێنێتەوە،
ئافات نیە بۆ وڵات،
بەڵا نییە بۆ سەردەم..

ئەو، سێمبوولی خۆشەویستی
لە وڵاتێکدا
(بۆنی دەم دەکرێ
نەکا گوترابێ: خۆشمدەوێی)!
پۆل پۆل گەنجانی دێهات و
شارەدێ
لەدەوری ئەم کانییە دەنیشنەوە
تنۆک، تنۆک
ئەو پلووسکی ڕۆحە
دادەبارێتە مرۆڤبوونمانەوە
وەکئەوەی کوردبوون
هەرچەندە ئازاربەخش،
پێویستییەک بێت بۆ مانەوە
وەکئەوەی ئەم تابلۆی برینە
ڕەنگێکی بوێ لەسەر کێشی
(هەڵاڵە)
وەکئەوەی ئەم مەرگە

دواپین دیمەنی فیلمێک بێ
لە دەرهێنانی پەڕێک گوڵ
بەناوی
(تەها کەریمی)..

عەتا نەهایی!
زمانت بخەمە سەرسەرم
وەک ئەوەی دۆستیت تاجە و
دەستت پڕ لە میهرەبانیی
بۆ گەنجانی وڵات،
چ پەڕجوویێکە (بانە)
ئەو شارە تەنیایەی نێوان
(سلێمان بەگ) و (ئاربەبا)
ئەم پێخەمبەرەی پێبەخشین
کە لە دەستەکانییەوە
شەربەت و
لە زمانییەوە شیرینیی
تک.. تک
وەک حەرفی قەدەخەکراو
ئازار، ئازار
دێنە خوار
منیش لێرەوە،
بڵند.. بڵند
هەڵدەکشێم
تۆقەن، تۆقەن

باڵا،
مەڵۆ، مەڵۆ
کۆدەبمەوە
تا لە گشتێکدا فرەیی
کۆکەمەوە و
بمەوێ پڕ بە جیهان هاوار بکەم:
بژی ئازادی..

٢٠١٣

له بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر:

■ ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی هزری و فەلسەفی:

- دیاردەگەرایی تاراوگە، چاپی یەکەم: دەزگای باران، سوید ١٩٩٥. چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٢
- سۆفیستەکان، چ١ ستۆکهۆڵم ١٩٩٨، چ٢ دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چ ٣ دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی زنجیرەی کتێبە فەلسەفییەکان: ٢٠٠٩
- دنیای شتەبچووکەکان، دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چاپی دووەم، ڕەنج ٢٠٠٥
- کتێبی نالی، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠١
- نەتەوە و حەکایەت، بەرگی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆک ٢٠٠٢، چاپی دووەم دەزگای موکریانی، هەولێر: ٢٠٠٨، هەورەها یانەی قەڵەم: ٢٠٠٩
- قەفەسی ئاسنین، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٣

- هاوکاتی و هاوشوناسی، دەزگای سپیریز، دهۆک ٢٠٠٤
- لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، دەزگای سپیریز، دهۆک ٢٠٠٤، چاپی دووەم، کتێبخانەی سۆران، هەولێر ٢٠٠٤، چ ٣: یەکێتی ژنان، سلێمانی ٢٠١٠
- نووسین و بەرپرسیاری (لێکۆڵینەوە)، چ یەکەم: ٢٠٠٦، چاپی دووەم بە دەستکارییەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦
- فەنتازیای خواردن: دەزگای چاپ و پەخشی خەندان، چ یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٦
- زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع (وتار و گفتوگۆ لەسەر زانکۆ و پەروەردە)، چاپی یەکەم: دەزگای گەنجان: سلێمانی ٢٠٠٧
- ترسان لە فەلسەفە. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٩
- دیسکارت و ئەقڵانییەت. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، زنجیرەی کتێبە فەلسەفییەکان، هەولێر ٢٠٠٩.
- پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسیی فەلسەفی: دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، زنجیرەی کتێبە فەلسەفییەکان، ژ. ١٥، هەولێر ٢٠١٠
- کتێبی ستایشەکان. (وتاری فەلسەفی). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١
- مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، دەزگای زەریاب، هەولێر ٢٠١١
- پێشسوکراتییەکان، بەرگی یەکەم، فەلسەفەی یۆنانی دێرین، دەزگای زەریاب، هەولێر: ٢٠١٢

■ گفتوگۆ:

- مرۆڤ وەک بەخشندە. چاپی یەکەم (بەرگی یەکەم) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦

- ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات: لە چەند تەوەرێکی جیاوازدا. کتێبی گۆڤاری سڤیل، ژمارە (٢)، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر ٢٠١٠
- کۆمەڵگای شلەقاو، ئامادەکردنی لەتیف حسین، دەزگای والا، سلێمانی ٢٠١٠
- زمان، فەلسەفە و شوناس. ئامادەکردنی مەحموود شێرزاد. هەفتەنامەی کاکێشان، کوردستانی نوێ، ٢٠١١، سلێمانی.

■ بەرهەمی ئەدەبی:

- گۆرانییەک بۆ گوندە سووتاوەکان (شیعر)، کۆپنهاگن ١٩٨٩
- کۆپنهاگن! (شیعر)، کانونفرهنگ ایران، دانمارک ١٩٩٤
- زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال (شیعر) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٠
- من و مارەکان (چیرۆک) مەڵبەندی لاوانی میدیا، سلێمانی ١٩٩٩
- خودایە بۆ نەتکردم بە قۆخفرۆش؟ سلێمانی، چاپخانەی سەردەم ٢٠١١

■ وەرگێڕان:

- ئەفسانەی خۆشەویستی (سەمەد بیهرەنگی) ئەفسانەچیرۆک، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی ١٩٨٣
- دەنگی پێی ئاو (سهراب سپهری) چ١، ١٩٨٩، چ٢ کۆپنهاگن ١٩٩٠
- درآمدی بر شعر معاصر کردی، (شیعری هاوچەرخی کوردی بە فارسی)، کۆپنهاگن، ١٩٩٠
- پیدرۆپارامۆ (ڕۆمان)، خوان ڕۆڵفۆ (بەهاوکاری ئازاد بەرزنجی) دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، چ ٢، سلێمانی ٢٠٠٩
- دەروازەکانی کۆمەڵناسی (منوچهر محسنی)، بەهاوکاری کۆمەڵێ وەرگێڕ، دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٢، چ ٢ و چ ٣
- ئەلبوومی کیژی جنۆکان (چیرۆکی منداڵان لە دانمارکییەوە)، دەزگای

سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
- خۆبەکۆیلەکـردن (ئەتیـن دۆلابۆتی) بە هاوکاری لەگـەڵ مراد حەکیم.
دەزگای موکریانی، هەولێر ٢٠٠٥.
- ژیان کورتە (ڕۆمان)، یۆستین گۆردەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
موکریانی، هەولێر ٢٠٠٥، چ ٢ دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٩.

Person and experience

Some Persons in my life

Rebwar H. Amin Siwayli

kurdistan 2013

Person and experience

Some Persons in my life

Rebwar H. Amin Siwayli

لەدەرەوەی پێشداوەرییە هاوکاتیەکان لەسەر
کەسایەتیەکان، ئەم کتێبە دەیەوێت ئەزموونی
نوسەرەکەی بکاتە پێوەری قسەکردن لەسەریان بەبێ
گوێدانە ڕق و خۆشەویستی زەمانە لەبارەیانەوە.
ئەمە فۆرمێکی گێڕانەوەی بوێرانەیە بۆ ئەوەی هەرگیز
کەسایەتیەک کورتنەکەینەوە لەو پەیوەندییانەی
بە دەسەڵات و پێشداوەرییەکانیەوە دەبەستێتەوە و
بچووکی نەکەینەوە لە هەڵە و کەموکورییەکانیدا.
لەسەر کێ نووسین لەم کتێبەدا هێندەی چۆن
لەسەرنووسین گرنگە و ئەمەش شێوازێکی گێڕانەوەی
سۆبژەکتیڤانەیە تا هەرگیز کەسایەتیەکان لەیەک
ڕوانگەوە نەبینین..

Zeryab Publisher . دەزگای زەریاب

بە هاوکاری گۆڤاری سڤیل